# دیوان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (٨) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ زایینی - ڕێبەندانی ٢٧٢١ی کوردی

زمان و ڕێنووس یەکێکە لە باسوخواسە بەردەوامەکانی نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی.
کەم کۆڕ و کۆبوونەوە هەن، بەشێکی بریتی نەبێ لەقسەکردن لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی زمان و ڕێنووس، کە سەرەنجام ناشگەینە هیچ.
هەرهەموو قسە و گفتوگۆکانمان خولانەوەیە بەدەوری ڕاوبۆچوون و تێگەیشتنی تایبەتی خۆمانەوە.
دواجار هەست دەکەین هیچ دەرەتانێک نییە بۆ دەربازبوون، بەناچاری گفتوگۆکان بە ناکاملی بەجێدێلین و سەردەکێشین بۆ بابەتی دیکە.
بەڵام ئەوەی بەلای منەوە جێگەی هەڵوەستە و قسە لەسەرکردنی زیاترە ئەوەیە، ئایا مەسەلەی زمان بەشێوەیێکی گشتی و ڕێنووس بەتایبەتی، هیچ پەیوەندییێکی ئۆرگانییان بە مەسەلەی زمانی یەکگرتووەوە هەیە؟
لەکاتێکدا لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم بابەتی زمانی یەکگرتووە، یەکێک بووە لەباسە گەرم و پڕ بایەخەکانی ئەدیب و نووسەرانی کورد. لەمبارەیەوە دەیان وتار و کتێب نووسران، کەچی هەمدیسان ئەو باسەش بەئاکام نەگەیشت و بە کراوەیی و بێ ئەنجام مایەوە.
ئەگەرچی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لەساڵی ١٩٧١ لە دووتوێی نامیلکەییێکدا (سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی کوردی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەبارەی زمانی یەکگرتووەوە، وەکوو زمانی قسەکردن، کێشەییێک نییە، بەڵکوو کێشەکە لەزمانی (ئەدەبی)یەکە دایە.
مەبەستمان لەهێنانە بەرباسی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە ئەگەر سەرەنجام، هەموو ئەو گفتوگۆ و نووسینانەش کە لەم بارەیەوە دەکرێن و دەنووسرێن هیچ ئەنجامێکیان نەبێت، دواجار دەبنە کەرستەییێکی باش بۆ ئەو ڕۆژانەی وەکوو مەسەلەیەکی جدی لێی دەڕوانرێ و دەسەڵاتێک پەیدا دەبێ، بەهەر شێوەییێک بێت کۆتایی بەو پاشاگەردانییە بێنێ.
هەرلێرەوە وەکوو گۆڤاری دیوان دەمانەوێ ئەوە بڵێین، کە بۆ ژمارەی داهاتوو، ئەگەر گونجا ئاوڕییێک لەو بابەتە بدینەوە و لەڕێگەی چەند باس و گفتوگۆییێکی کراوەدا دەرگا بەڕووی ئەو مەسەلەیەدا ئاوالا بکەین.
چاوەڕوانی بەشداری و سەرنج و بابەتەکانتانین....

**سەرنووسەر**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**



کاری هونەرمەند: **قەرەنی جەمیل**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانسازی

govaridiwan@gmail.com

دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**
٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١

چاپخانە: هێڤی

# لەم ژمارەیەدا


*** دۆسییە:**

١. بۆ جەمیل ڕەنجبەر؟ / سەرنووسەر ........ ل٤
٢. شەهید جەمیل ڕەنجبەر .. لەزاری مامۆستا (سەعادەت)ی هاوسەرییەوە/ محەمەد گۆران ........ ل٥
٣. هەواڵی شەهید جەمیل ڕەنجبەرم، چۆن بیست؟! / سەدیق گۆران ........ ل١٠
٤. شەهید جەمیل ڕەنجبەر هاوڕێییەکی نێزیکم بــوو / عەبدوڵڵا پەشێو ........ ل١٥
٥. پێیگوتم .. بەرە و شاخ دەڕۆم و تۆش ئاگات لەخۆت بێت / فەرید زامدار ........ ل١٦
٦. جەمیل ڕەنجبەر .. هەڵکەوتەی نێو ئەدەب و خەبات و شۆڕشگێریی / هیوا سەرهەنگ ........ ل١٧
٧. یاد و کەسایەتیی شەهید جەمیل ڕەنجبەر / خالید هەرکی ........ ل١٩
٨. من و شەهید جەمیل ڕەنجبەر / زێرەک کەمال ........ ل٢٣
٩. جەمیل ڕەنجبەر .. ٤٨ ڕۆژ لەبەردەم لێکۆڵینەوەدا ........ ل٢٤
١٠. لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێنا ........ ل٢٩
١١. کۆچی زاوایەکی نامۆ / جەوهەر کرمانج ........ ل٣١
١٢. چەپکێک گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد جەمیل ڕەنجبەری شەهید ........ ل٣٣

*** مێژوویی:**

١. بزاڤی هەقە لە هەرێمی کوردستان / پ.ی.د. بەهادین ئەحمەد ........ ل٤٦
٢. سۆسیالیستی لەبزاڤی هەقەدا / پ. ی. د. قارەمان نادر ........ ٥٣
٣. هــەقــە لەنێوان تەریقەت و شەریعەتدا / ستار محەمەدئەمین ........ ل٦٦
٤. بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە؟ هەقەکان کێ بوون؟ بە کێ دەگوترێ هەقە؟ ........ ل٧٠

*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**

١. ڕەسەنایەتیی دەق لەچیرۆکدا / عەبدولخالق یەعقووبی ........ ل٧٤
٢. ورد و درشتی پلۆت / گۆران سەباح ........ ل٧٨

*** دەق:**

١. بەخت / نووسینی فێردینارد فۆن شیراخ- وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا ........ ل٨٢
٢. جمکی هەتاو / نەوزاد ڕەفعەت ........ ل٨٦
٣. ئەمن و تۆ / کاکەزیاد لادێیی ........ ل٨٧
٤. لەدایکبوون و مردنی عائیشە / شیعری عەبدولوەهاب بەیاتی- و. موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی ........ ل٨٨
٥. بارانی ئەم سەدەیە .. خۆشەویستی هەوێن ناکا / کۆسرەت ئەحمەد ........ ل٩٠

*** ڕۆشنبیریی گشتی:**

١. باندورا ئایینێ ئیسلامێ ل سەر ژنا کورد / سەلمان نهێلی ........ ل٩٢

*** دیدار:**

١- دیدار (قەرەنی جەمیل) / دیداری نازم دڵبەند ........ ل٩٨

*** هونەری:**

١. زەرورەتی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان لەدیدی هونەرمەندان ........ ل١٠٦
٢. هەڵوەستەیەک لەهەمبەر فێستیڤاڵە کلتوورییەکان / حەمەسوار عەزیز ........ ل١١٠
٣. ئامانج و زەرورەتی فێستیڤاڵ / شکۆ عومەر کاکەڕەش ........ ل١١١

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. نووسینەوەی مێژووی هەولێر، یان دووبارەکردنەوە / خەسرەو پیربالّ قەساب ........ ل١١٤
٢. ڕۆمانی (سەپتۆلۆگین-Septologin) یان پیاوێکی تر/ ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵەیی ........ ل١١٨
٣. ئیساغۆجی ........ ل١٢٠

*** لەبری بیرەوەری:**

١. شەو لەکێوان (٢) / د. ئەرسەلان بایز ........ ل١٢٢
٢. کاکە زیاد لادێی .. پیاوە سپییەکەی هەولێر / سابیر ڕەشید ........ ل١٢٨
٣. چیرۆکی ئەو شیعرەی ئەکرەم خامۆش (کۆچ و یادی) / سالار کۆشار ........ ل١٣٢

*** وێستگەی دیوان:**

١. یەک پرسیار ........ ل١٣٦
٢. پەیڤێک دەربارەی ناوی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) / حەمەکەریم هەورامی ........ ل١٣٧
٣. مامۆستای گەورەم .. کۆچی دواییت زامێکە و ساڕێژ نابێ / کامەران حاجی ئەلیاس ........ ل١٣٩
٤. بۆچی نازناوم (ئاوارە)یە؟ / موحسین ئاوارە ........ ل١٤٠

*** باخچەی دیوان:**

١. ماڵاوا .. حەمید ڕەشاش ........ ل١٤٣

*** لاپەڕە ١٤٤:**

١- گەڕانەوە بۆ خۆشەویستی / سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل١٤٤

# دۆسیە

# شەهید جەمیل ڕەنجبەر

## ١٩٤٨ – ١٩٨٠/١١/١٨



خۆشەویستم سعادەت گیان

ئەگەر ڕۆژێک نەگەڕامەوە لاتان

تۆ یادم کەرەوە و بە کیژۆڵەکانم (هەرەوەن، هەریار، بوێر) بڵێ:

باوکتان هەروا نەڕۆیشت.

باوکتان شۆڕشێک بوو بۆ سەربەرزی نەتەوەیەک

گیانی خۆی کردە قوربانی.

گەر ڕۆژێکیش هات لای ئەوانیش ببمە بیرەوەریەکی لەیادکراو

ئێوە (کیژۆڵەکانم) هەردەم یادم کەنەوە و

وشەکانم و شعرەکانم بەدەنگ بڵێنەوە .

باوکتان جەمیل ڕەنجبەر

نازەنین ٩-١٩٨٠

دوادیداری جەمیل ڕەنجبەر لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی



# بۆ جەمیل ڕەنجبەر ؟

(گەر ڕۆژێکیش هات، لای ئەوانیش ببمە بیرەوەریەکی لەیادکراو،
ئێوە (کێژۆڵەکانم) هەردەم یادمکەنەوە و
وشەکانم و شیعرەکانم بەدەنگ بڵێنەوە)

لەو وەختەوە کە ئەو پەڕەگرافەی شەهید ڕەنجبەرم لەواڵەکەی (فەیسبووک) خوێندەوە، هەمیشە بیرم لای ئەوە بوو، لەیەکێ لەژمارەکانی گۆڤاری (دیوان)دا دۆسیەییێکی بۆ تەرخان بکەین.

هەر لەژمارە یێکەوە مشوری ئەو دۆسیەیەم دەخوارد، کاتێک ناوی جەمیل ڕەنجبەرم هێنا، ستار حەمەدەمین یەکسەر باسی دەستنووسێکی (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیری کرد کە ساڵی ٢٠٠٥ کاتێک خەریکی ئامادەکاری بەرنامەییێکی تایبەت بووە لەسەر شەهید جەمیل ڕەنجبەر، پەشێوی هاوڕێی ڕەنجبەر لەبری ئەوەی ڕاستەخۆ قسە بکات ئەوەی بۆ نووسیوە.

دەمودەست دەستنووسەکەم لێوەرگرت و لای خۆم هەڵمگرت، بۆ ئەوەی لەڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆ بڵاوی بکەینەوە.

کاتێکیش بە نەوزاد عەلی ئەحمەدم گوت دۆسیەی ئەم ژمارەیە، شەهید جەمیل ڕەنجبەرە، بێ یەک و دوو ئەرکی ئامادەکردنی ئەو نامیلکەیەی گرتە ئەستۆ، ئەو نامیلکە بچووکەی تایبەت بە شەهید ڕەنجبەر بەناوی (چەپکێک گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری شەهید) لە ١٩٨٠/١٢/٢٨ چاپکراوە، کە بریتییە لەسەرجەم ئەو وتار و پەیڤانەی لەچلەکەیدا خوێندراونەتەوە.

ناوی ڕەنجبەر لەیادەوەری مندا جگە لەشاعیرێکی شۆڕشگێڕ، پرسیارێکی بێ وەڵامیش بوو، بێ وەڵام لەو ڕووەوەی سیحری ئەو ناوبانگییەی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، لەیەک کاتدا شاعیر، سیاسی، خاوەن فیکری مارکسی لینینی، پێشمەرگە و دواجاریش شەهیدی پێشمەرگە. کە لەو پێناوەدا بەشێکی ژیانی گەنجێتیشی لەکوچەی زیندان بەسەربرد.

پرسیارێک، کەدەکرێ بەوردی لێی بکۆڵدرێتەوە، ئایا دەرکەوتن و بەناوبانگییەکەی هی شاعیریەتییەکەی بوو، یان سیاسییەکەی، یان فیکرەکەی.

بەڵام ئەگەر ئاوڕێک لەو ڕۆژانەی ئەو تێیدا ژیاوە بدەینەوە، دەردەکەوێ کە ئەوسەردەم، سەردەمی خەباتی فیکر و ئەدەبێک بووە هەڵگری فیکری مارکسی لینینی بێت، بەشێوەیەک لەوسەردەمەدا ئەگەر کاسانێک لەوبەرەیەدا نەبووبن، بە پێشکەوتووخواز دانەدەنران، بۆیە ڕەنگە ئەوە یەکێ لەهۆکارەکانی دەرکەوتنی بووبێت و وایکردبێت ئێستەش هەر بەنەمری بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرلەوەی کەسێکی سیاسی بووبێت، شاعیر بووە، شاعیرێکی ڕۆمانسی سیاسی شۆڕشگێڕ، کە ئەو سەردەمیش ئەو جۆرە شاعیریەتە باوی بوو.

پابلۆ نیرۆدا یەکێ بوو لەو جۆرە شاعیرە ناودارانەی ئەوێ ڕۆژێ، کە هەم شاعیر بوو، هەم سیاسی و هەم مارکسی، کە لەو پێناوەدا چەرمەسەری زۆری بەسەرداهات.

لەهەر شوێنێک، هەر کاتێک، لای هەرکەسێک، ناوی جەمیل ڕەنجبەر دێت، جگە لەستایش و پیاهەڵدان و خستنەڕووی جوانییەکانی گوێبیستی شتێکی دیکە نابیت.

هەموو ئەو هاڕێیانەی لەنزیکەوە لەگەڵ شەهید ڕەنجبەر ژیاون و بیرەوەرەییەکانیان دەگێڕنەوە، یان دەنووسنەوە، بەداخەوەو هەر هەموویان باسی دوادیداریان لەدوای ئازادبوونی لەزیندان دەکەن، کە ئیدی مەرگ جارێکی دی نەیهێشتووە چاویان پێی بکەوێتەوە، چونکە ئەو دوای ئازادبوونی لەزیندان هەرتەنیا ساڵێک و چوار مانگ و یەک ڕۆژ ژیا.

تۆبڵێی بەخت یاوەری بووبێت، ئەو هەر لەو سەردەمی پڕ لەنەهامەتی و زوڵم و ستەمی ڕژێمێکی وەک بەعس سەری نابێتەوە.

بەڕاستی، ئەو کەم ژیا، بۆیە کەڵ ژیا؟

**سەرنووسەر**





## شەهید جەمیل ڕەنجبەر

# لەزاری مامۆستا (سەعادەت)ی هاوسەرییەوە



**محەمەد گۆران**

جەمیل ڕەنجبەر، ساڵی (١٩٤٨) لەگوندی (گۆمەگرۆو)ی سەر بەقوشتەپە لەدایکبووە. (حاجی ساڵح عەزیز – گۆران)ی باوکی لەساڵی (١٩٥٧)ەوە بەهۆی ململانێی لەگەڵ ئاغای ناوچەکەیەوە، بەناچاری گوندەکەی بەجێهێشتووە و لەشاری هەولێر لەگەڕەکی (بەلاشاوە)ی ڕۆخ ئیسکان جێگیر دەبێت.


جەمیل ڕەنجبەر ساڵی ١٩٥٨ دەچێتە قوتابخانەی سۆرانی سەرەتایی، پاشان بۆ دواناوەندی جمهووری و دواتر ساڵی ١٩٧٠ خانەی مامۆستایان تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧٠ وەکوو مامۆستا لەقەزای مێرگەسۆر دادەمەزرێ و پاشان نەقلی گوندی (باتاس)ی سەر بەناحیەی هەریر دەبێ. ساڵی ١٩٧٣ ژن دێنێ و سێ کیژی دەبێت، بەناوەکانی (هەرەوەز و هەریار و بوێر). ساڵی ١٩٧٤ وەکوو زۆربەی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بەرەو شاخ دەڕوات و دواتر دەگەڕێتەوە و دەست بەکاری مامۆستایەتی دەکاتەوە.

سەرەتا پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانەوە دەکات و هەر زوو وەک لێپرسراوێکی هەڵکەوتوو دێتە پێشەوە. لەساڵی ١٩٦٧ەوە بەکاری ڕێکخراوەیی پارتی دەست پێدەکات. دەورێکی باڵای هەبووە لەدامەزراندنی یەکێتیی لاوان لەو سەردەمدا. لەساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ بەدواوە کەوتۆتە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی زانستی، ئەم دیراسەکردنە دەیکاتە عاشقێکی سەرسەختی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و زۆر کاری تێدەکات، هەربۆیە لەڕیزی پێشەوە بووە کە کۆمەڵەی مارکسی لەساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە.

لەساڵی (١٩٧٤)دا ڕەنجبەر شانبەشانی هاوڕێکانی دیکەی کۆمەڵە، ڕێگەی شاخی هەڵبژاردووە و لەدەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان کاری کردووە. لەکاتێکدا ئەو لەکاری خەباتی نهێنی خۆی هەر بەردەوام بووە لەڕیزەکانی کۆمەڵەدا. لەدوای ساڵی ١٩٧٥دا، دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و لەپاڵ کاری مامۆستایەتی و کاری ئەدەبی خۆیدا، خەریکی کاری نهێنی دەبێ لەڕیزی ڕێکخستنی کۆمەڵەدا. لەساڵی ١٩٧٦ حکومەتی بەعس بۆ ماوەی سێ مانگ شوون بزری دەکات. دیسانەوە لەمایسی١٩٧٧دا لەگەڵ دەیان لەهاوڕێیانی کۆمەڵە دەگیرێن و لەتەمموزی ١٩٧٧دا بۆ ماوەی پێنج ساڵ و مانگێک حوکم دەدرێ.

لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٧٩دا بەر عافواتی ئەوکات دەکەوێ و ئازاد دەبێ. لەدوای ماوەیەکی کورت لەئازادبوونی و لەساڵی ١٩٧٩دا لەسەرکردایەتییەوە داوای لێ دەکرێ بچێتە شاخ. ئەویش داواکە قبووڵ دەکا و لەمانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ. لەسەرەتای ژیانی پێشمەرگایەتیدا بۆ ماوەیەک لەڕاگەیاندن کار دەکات، پاشان لەبەهاری ساڵی ١٩٨٠دا وەکوو کارگێڕی لقی یەکێتی لەپارێزگای هەولێر بەرەو ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و کۆیە کەوتۆتە ڕێ، دواتر وەکوو لێپرسراوی لق جێگەی عەزیز بەگ دەگرێتەوە.

هەر لەهاوینی ١٩٨٠دا دەبێتە لێپرسراوی کۆمەڵە لەبەشی شاخ لەپارێزگای هەولێر. لەمانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٠ بۆ هەندێ کاروباری پێویست دەگەڕێتەوە ناوچەکانی سەرکردایەتی لەتووژەڵە و ناوزەنگ، بەڵام لەڕێگای گەڕانەوەیدا، لەڕۆژی ١٨-١١-١٩٨٠دا دەمەو عەسرێک، لەگوندی جەلکان بەرەو گوندی



**پیاوی وەکوو جەمیل تاک بوو، سێ کچمان بوو و دەیگوت: بریا حەفت کچم هەبووایە**

پیرانەڕەش لەگەڵ بەشێک لەهێزێکی سەرکردایەتی دەکەونە ڕێ، بەدەم ڕێگایەکی ڕووتەن، دوو کۆپتەری بەعس لەناکاو لێیان پەیدا دەبن و بەشەست تیر ئەم پۆلە پێشمەرگەیە بۆردومان دەکەن و لەئەنجامدا جەمیل ڕەنجبەر لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی دیکە شەهید دەبن.

مامۆستا (سەعادەت محەمەد ساڵح) ماوەی هاوسەرگیریان لەگەڵ شەهید جەمیل ڕەنجبەر، نزیکەی هەشت ساڵ بووە، ئەو ماوەیەش وەکوو خۆی گوتی: «بەغەریبی و دەربەدەری» ماوەی چارەگە سەدەیەکە لەهەندەران (هۆڵەندا) گیرساوەتەوە، بەڵام ئێستاش هەر بەیادەوەرییەکانی ڕابردوو دەژی.



ڕچەڵەکی بابوباپیرانی «خۆشناوی سپیگرە»ن بەڵام مامۆستا سەعادەت لەهەولێر لەدایکبووە و ئەودەمەشی کە لەساڵی ١٩٧٣ شووی بەجەمیل ڕەنجبەر کرد، هەر لەگەڵ ماڵی باوکی تا ماوەیەک پێکەوە دەژیان، بەڵام چونکە ئەو لەناوشار و لەقوتابخانەی (ڕووناکی) و شەهید جەمیل ڕەنجبەریش لەدەڤەری مێرگەسۆر مامۆستابووە، بۆیە ئەویش ڕاژەی خزمەتی دەگوازێتەوە ئەو دەڤەرە.

بەر لەوەی دەست بەگفتوگۆ و پرسیارەکان بکەین، وەکوو ژنێکی خاوەن ئەزموون و دونیادیدە، جڵەوی قسەی گرتە دەست و گوتی: «ئەرێ دەرێی شکلتم دیتییە؟ کاکە خزمی خزم! دیارە. فەرموون، پرسیارەکانت بکە».

### حیکایەتەکانی بەندیخانەی ئەبوغرێب

### مەنجەڵی کفتە و کتێبی ماوسیتۆنگ!

ئەو دووجار گیرا، جاری یەکەم نزیک بەچوارمانگ و جاری دووەم نزیک بەچوارساڵ بوو. من مانگ هەبووە چوارجار چوویمە سجن، هەموو جارەکیش وەکوو حەمباڵ شتم لەخۆم بار کردییە و بردیتم، ئەویش شتەکانی لەوێ دابەش دەکرد، جا ئەوە مواجەهەی نییە و ئەوە فەقیرە و ئەوە ئەوەیە!. هەر جارەکیش کە دەچووم، ئەو شعرانەی دەینووسین دەیدایە من و دەبووایە بیهێنمەوە. هەمووجار شعرەکانی لەناو دەستی (هەرەوەز)ی کچم کە منداڵ بوو و لەباوەشم بوو دەنا. هەرەوەز سێ ساڵان بوو، بەڵام منداڵێکی زیرەک بوو.

ڕۆژەک گیراین و شعرەکانیان بینی، هەرەوەزیان برد و منیش بەدوایدا غارم دا.

بەهەرەوەزیان گوت: ئەو کاغەزانەمان بدێ؟

منیش گۆتم: ئەوە بابی مەقامی بۆ نووسییە! ئەوجا هەرەوەز کراوە و زۆرزان بوو،

گۆتم: هەرەوەز ئەو مەقامانە بڵێ کە بابت فێرتی کردییە.

ئەفسەرەکە گۆتی: ئەوە ناخوات، ئێستا داوای موتەرجیم دەکەین و حسابی ئێوە جودا دەبی!

باشبوو هەر چاوەڕێیان کرد و موتەرجیم نەهات، ئەمەیان بەڕەڵا کرد.

بەس جەمیل بەخۆی ئاگای لێبوو کە ئێمەیان برد، بەڵام ئەو هەمیشە مەعنەویاتی فول بوو و بەهیچ نەدەشڵەژا.

جارەکی دیکە بەمنی گوت: کتێبی ماوسیتۆنگم بۆ بهێنە. منیش پاش ئەوەی کتێبەکەم پەیداکرد، داکم گوتی: کچێ ئاوا نەکەی، دواتر دەگیرێی. ناچار هەر دەشبوو ببەم. داکم کفتەی لێنا، کتێبەکەمان جوان تەغلیف کرد و لەبنەوەی مەنجەڵمان دانا. بێنە بەرچاوت لەسجنی حکومەت و بەعس، وەرە مەنجەڵی کفتەی ببە ژووری!

پێش چوونە ژوورەوەم لەسجن، قەپاغی مەنجەڵیان هەڵگرت و داریان تێی وەردا، باشبوو هەستیان نەکرد و هیچیان نەدیتەوە، گۆتیان: هەڵگرە و برۆ!

ئەوجا مەنجەڵم بردە ژووری و گوتم: بەقوربان جارەکی دیکە ئەو کتابانە بەمن مەهێنە، پاشان ئەمنیش دەگرن و دەمهێننە ئێرە، ئەدی ئەوکات





ئەو منداڵانە کێ بەخێویان بکات.

**هاورێ نزیکەکانی جەمیل ڕەنجبەر**

**شەهید جەعفەر، شەهید ئارام و لیدیای هاوسەری**

لەگەڵ عەبدوڵا پەشێوی شاعیر هاورێی یەکتربوون، بەڵام ئەوە پێش ئەوەی من شووی پێبکەم ئەوان هاورێ بوون، دواتر پەشێو چووە ڕووسیا و نەهاتەوە. (شەهید جەعفەر) زۆر هاورێی بوو، هەر لەگەڵمان بوو و تەنها ئەگەر بۆ نووستن چووباوە، هاورێکانی گەلێ زۆربوون. ئێمە لەگەڵ ماڵی داکم دەژیاین، داکیشم زۆرزۆر کراوە بوو، دادەنیشت بەمەنجەڵ دۆڵمە و کفتە و خواردنی بۆ لێدەنان، ئەوانیش زۆربوون کەس بەکەس نەبوو، دادەنیشتن و نانیان دەخوارد و خەریکی قسە و کۆبوونەوەی خۆیان بوون. لەدوای ئاشبەتاڵەکەش چووینە سەرێ و لەگەڵ (شەهید ئارام) جیران بووین و دیوارێکمان بەین بوو. لەچۆمان (دەربەندی ڕایەت) خاڵە شەهاب و شێخ دارۆ و شەهید ئارام و شێخ نیهاد هەموو پێکەوە بووین. شەهید ئارام چۆنی بڵێی ئاوا باشبوو، هەمووجار دەهاتە لای من و دەیگوت: وەرە پێمبڵێ، گەنجی ئەو گوندە چ عەیبێکیان هەیە؟ دەمگوت هیچ عەیبیان نییە. ئەو دەیگوت: هەر شتەکت بینی بەمن بڵێ.

لەگەڵ لیدیای ژنەکەی شەهید ئارام، هەر پێکەوە نانمان دەخوارد. کاتەک کۆبوونەوەیان دەبوو، لەبەر کەمین و چاودێری کردن، شەهید ئارام بەمنی دەگوت: ئەتو و لیدیا بڕۆن لەو چۆڵەوانی و ناو چیایە بگەڕێن و پیاسە بکەن. من و لیدیاش دەڕۆیشتین و ئەگەر شتەک جێی گومان بووایە هاوارێکمان دەکرد، یاخود یەکێکمان دەچوو و خەبەرمان دەدانێ، ئەوان لەژۆرێ کۆبوونەوەی خۆیان دەکرد.

**کەسایەتی جەمیل ڕەنجبەر**

**وەک باوکی سێ کچ، باوکێکی چۆن بوو؟**

پیاوی وەکوو جەمیل تاک بوو، لەگەڵ گەوران، گەورە بوو، لەگەڵ گچکان، گچکە بوو، سوعبەتچی و قسەخۆش و دەم بەپێکەنین بوو. حەزی لەخوێندنەوە بوو، زۆری حەز لەخواردنی خۆشبوو، وەکی دەچووەمە سجن، خۆشترین خواردنم بۆ دەکرد و لەپشتی خۆم هەڵدەدا چونکە بەدەست پێم هەڵنەدەستا.

سێ کچمان بوو و دەیگوت: بریا حەفت کچم هەبووایە. ناوی هەرسێ کچەکەش مەبەست و بۆنەی تایبەت بەخۆی هەبوو. ساڵی ١٩٧٤ کاتەک کچە گەورەکەم (هەرەوەز) بوو، ئاشبەتاڵ و کۆچی بەکۆمەڵ بوو، جا بۆیە ناوی لێنا (هەرەوەز)، واتا زبارە و هەموو پێکەوە ڕۆیشتین. ئەو کاتەی کە شەهید جەعفەر شەهیدکرا، ناوی کچی دووەمی لێنا (هەریار) مەبەستی شەهید جەعفەر بوو، واتا پاش شەهید بوونیشت ئەتو هەریار و هەر برادەر و هەر ڕەفیقمی. ئەو

> **“ تەرمی جەمیل ڕەنجبەرمان لەگۆڕستانی سەید مەعرووف لەباداوە ناشت، بەڵام دایرەی ئەمن هەر لەدوامان بوون و دەیانگوت: دەبێ تەرمەکەی دەربهێنن ”**





کاتەی دادگایش کرا، تازە کچی سێیەممان ببوو، نامەمان بۆ هات و گوتیان: حوکم دراوە و وەرنە مواجەهەی، منیش چووم، ئەوکات بەخۆی ناوی لێنا (بوێر) واتا نەچوومە ژووری سێدارە و بەحکومەتی وێرام.

**شەهیدبوونی جەمیل ڕەنجبەر**

**ڕژێم دەیوست تەرمەکەی لەگۆڕ دەربهێنن!**

سالّی ١٩٨٠ بەلێبووردنی گشتی بەربوو، تەنها سێ مانگ لەماڵەوە بوو، ئەو ماوەیەش بەردەوام دەیگوت: «من چیدی ناتوانم لێرە بژیم و سەبر و تەحەموولم تەواوبوو، هەرکوو دەچمە دەرێ، پیاوانی ئەمن موراقەبەم دەکەن» دەیگوت: من نەهاتوومەتەوە لێرە دانیشم، بۆ کوردایەتی دەچم و لەوێ ئیشی خۆمان جێبەجێ دەکەین، بەڵکوو کوردستان ئازاد دەبێت و ئەوانە نامێنن. ئیدی ڕۆیشت!

ڕۆژەکی ژنی کەریم سالّحی هاتە مالّی شەهید جەعفەری، بەخۆی و بەقانیعەی هاتنە مالّمان و گۆتیان: هەواڵ هەیە جەمیل لەڕانیە بریندارە، داکم عەبای بەخۆ دادا و چووە دوکانی حاجی سالّحی خەزوورم لەشێخەڵا و گۆتی: دەڵێن جەمیل بریندارە، بەڵام قانیعە لەبن گوێی دایکم خوێندبوویان و دەیانزانی. هەستاین هەموومان چووینە ڕانیە، پێ بەپێ ڕۆیشتین هەتا چووینە پیرانەڕەش، لەوێندەرێ ئینجا گوتیان: شەهید بووە!

هاتینەوە هەولێر و تەرمەکەمان لەگەڵ خۆمان نەهێناوە، لەهەولێر دوای هەولّێکی زۆر ئینجا ڕێگەیان پێداین تەرمەکەی بهێنینەوە.

**لەگەڵ لیدیای ژنەکەی شەهید ئارام، زۆر هاوڕێ بووین، پێش کۆبوونەوە، شەهید ئارام دەیگوت: ئەتو و لیدیا بڕۆن لەو ناوە بگەڕێن، ئەگەر شتەک جێی گومان بوو، خەبەرمان بدەنێ**

هەر لەکۆیە تاکو هەولێر خەڵک لەگەڵ تەرمەکەی هاتن، تەرمەکەمان لەگۆڕستانی سەید مەعرووف لەباداوە ناشت، بەڵام کێشەکە بەوەندە کۆتایی نەهات، سێ چوار سالّیش تێپەڕ ببوو، دایرەی ئەمن لەدوامان بوون و دەیانگوت: تەرمەکەی دەردەهێنین.

موفەوەز مستەفا ڕابەر هەبوو لەبنکەی خانەقا، ئەویان ڕاسپاردبوو بچێ تەرمەکەی بهێنێتە دەرەوە. مستەفا ڕابەر دەچێتە دوکان و بەحاجی سالّح دەلّێ دەبێ ئەو تەرمە دەربهێندرێ! ناچار ڕۆژەکی، خزم و کەس، هەموومان چووین و کێلەکانمان لادا و چیمەنتۆکەمان شکاند و گۆڕەکەمان کردەوە خۆڵ و لەگەڵ زەوی کردمانە یەک. دوای ئەوە کاتەک دەچووینە سەر گۆڕەکەی دەبووایە بچینە ئەولاتر و لەدوورەوە سەیری گۆڕەکە بکەین تاکو فرسەت دەبوو ئینجا هەندێک لەوێ دەوەستاین، چونکە هەر لەژێر چاوەدێریدا بووین.

**چاپکردنی دیوانی جەمیل ڕەنجبەر**

**کێشەی دیوانەکەی، گەیشتە مام جەلال و هێرۆخان**



لەدوای ڕاپەڕین بەچەند مانگێک، یەکێتی ڕاستەوخۆ داوای لەئێمە کرد، شیعرەکان ببەین و ئەوانیش بۆمانی چاپ دەکەن. هەموو شعرەکان گوشەک دەبوو، چەندین ساڵ بوو لەژێر زەوی شاردبوومەوە. هەڵسایین شیعرەکانمان بردە شەقڵاوە و تەسلیممان کردن. بەرپرسەک ناوی ناهێنم، ئەو لەمنی وەرگرت و گۆتی: ئەو شیعرانە لەسەر ڕۆحم دادەنێم. ئەمە گەڕاینەوە و چاوەڕێی چاپکردنی بووین، مانگەک دوو مانگ، ساڵەک، هەر هیچ خەبەر نەبوو، ئەوان بەخۆیشیان داوایان کردبوو، نەوەک ئێمە بڵێین دەبێ بۆمان چاپ بکەن. جا ناچار کەوتینە سۆراغ کردنی شیعرەکان، جاری یەکەم گۆتیان: ڕەوانەی ئێران دەکرێ، دوایی گۆتیان: لەفەڕەنسا چاپ دەکرێ و چاپی ئەوێ جوانترە، دواتر باشبوو خێرەومەندەک هەر لەخۆیان، گۆتی: لەنێوان خۆیان بزریان کردییە و چاپیشی ناکەن!

ناچارمام خەبەرم دایە مام جەلالی و گۆتم: ئەوە ساڵەک زیاترە شعرەکانیان بزر کردییە، ئەوەبوو هێرۆخان بەئیشەکەی هەڵسا و ئینجا لەدوای زیاتر لەساڵەک شعرەکانیان هێناوە و گوتیان: لەلای فلانەکەس بووە و لەناو جانتای دانابوو و دۆزیمانەوە. بەوجۆرە هەموو شیعرەکانی کە پێکهاتبوو، لەناملیکەی (ڕاز و سکاڵا) کە لەساڵی ١٩٦٩ چاپی کردبوو، لەگەڵ هەموو هۆنراوەکانی دیکەی کرایە دیوانەک بەناوی دیوانی جەمیل ڕەنجبەر.

**گیرسانەوە لەهەندەران و ٢٥ ساڵ ژیان لەغوربەتدا**

ساڵی ١٩٨٠ پێش شەهیدبوونی بەماوەکی کەم، خەبەری نارد و گۆتی: دەبێ بێنە هیران و نازەنین. منداڵەکان گچکە بوون، ڕۆژەک خۆمان پێچایەوە و چووین. منیش ئەوکاتە پێمگوت: هەندەک لەمەسئول و ژنەکانیان هەنە، واڕۆیشتوون و هەموو چوونەتە سوێد و ئەوروپا لەوێ دانیشتوونە، گوتم: چقەیدییە با ئێمەش وەکوو ئەوان بڕۆین و لەوێ بژین. جا ئەوکات بەناو، ناوی زۆر ژنەمەسئول و مەسئولم هێنا کە چووبوونە ئەوروپا. گۆتی: دەزانی چییە؟ نەئەتو دەبیە فلانە ژن، نەئەمنیش دەبمە فلانە کەس، ئەوانە ترسنۆک و جەبانن بۆیە ڕۆیشتوون! ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و بۆ بەیانی ئێمەی ڕەوانەی هەولێر کردەوە.

ئینجا پاش شەهیدبوونی و لەدوای ڕاپەڕین و شەڕی براکوژی، ساڵی ١٩٩٦ خۆم و منداڵەکان هاتینە دەرەوە و لێرە لەوڵاتی هۆڵەندا گیرساینەوە.

**پاش ٤٢ ساڵ لە شەهیدبوونی جەمیل ڕەنجبەر**

**هاوسەرەکەی دەیەوێ چ قسەیەک بکات و چ بڵێ؟**

چ قسەیەکت پێ بڵێم؟ هەموو بێوەفا دەرچوون و کەس ئێمە ناناسێ. گلەیمان لێیان هەیە. ئەوانەی ئێستا لەسەر حوکمن، بەخوێنی ئەو شەهیدانە هاتنە سەر تەخت، بۆیە دەبێ ئاوڕێک لەماڵە شەهیدان بدەنەوە و چاوێکیان لێیان بێت.

من لەدوای شەهیدکردنی جەمیل ڕەنجبەر، شەش جار نەشتەرگەری کراوم، شوێنەکم نەماوە نەشتەرگەری نەکرابێت. بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵەی سجنکردنی، لەو ڕێگا ناخۆش و دووورودرێژەی نێوان هەولێر و ئەبوغرێب، لەخۆبارکردنی ئەو هەموو شتە، ئەو هەموو خەمخواردن و فشارە دەروونییە، بەخێوکردنی سێ منداڵی بچووک، زۆر هیلاک بووم، پاشان هاتەوە و چۆوە شاخ، ئەوجا شەهیدبوونی، ئەم هەموو ناخۆشییە هەر بەگێڕانەوە خۆشە.

جەمیل ڕەنجبەر و منیش مامۆستا بووین، ئەوکات بەهەژدە دینار دادەمەزراین، هەموو مانگ وەکوو مووچە (١٠) دیناری دەدایە (سالیحە)ی هاوسەری خەیروڵا قودسی، چونکە منداڵی نەبوو، جا کە چووە سجن بەمنی دەگوت، هەموو مانگ ئەو پارەی بۆ ببە و کارەکەی من جێبەجێ بکە. نەوعی وەک جەمیل ڕۆیشتن و ئەو نەوعانەی ئێستا ماون، گەیشتنە های هایی و ماڵە شەهیدیان لەبیر کرد.

> **جەمیل ڕەنجبەر هەموو مانگ وەک مووچە (١٠) دیناری دەدایە (سالیحە)ی هاوسەری خەیروڵا قودسی، نەوعی وەکوو جەمیل ڕۆیشتن و ئەوانەی ئێستا ماون، گەیشتنە های هایی و ماڵە شەهیدیان لەبیر کرد**

> **“کتێبی ماوسیتۆنگم لەبنەوەی مەنجەڵی کفتە دانا و بۆ جەمیل ڕەنجبەرم بردە سجن”**




# هەواڵی شەهید جەمیل ڕەنجبەرم، چۆن بیست؟!

## جەمیل ڕەنجبەر، بە تەنیا برایەک نەبوو

سەدیق گۆران

ڕەنجبەر شەش ساڵان بەتەمەن لەمن گەورەتر بوو، لەسەردەمی منداڵی و گەنجایەتیدا کاریگەریەکی زۆری لەسەر ڕێرەوی بیرکردنەوەمدا هەبوو، بۆیە زۆر جاران هەر وەکو مامۆستایەکی لێهاتوو ڕێنمایی دەکردم و زۆر شتی بۆ ڕوون دەکردمەوە. بزە و تریقەی پێکەنینی، چالاکییەکانی، هەڵسووکەوتی ڕۆژانەی، گفتوگۆ و قسە خۆشەکانی، خویندن و نووسین و پیاسە و خواردن و نووستنی، ڕۆژانی سەردانی بەندیخانە، سەردانیم لەکاتی پێشمەرگایەتی لەگوندی نازەنین، هەمووی لەناو هەست و نەستما، لەناخمدا جێگیرن، هەمیشە وەکو شریتێک لەناو مێشکما دێنەوە بەرچاوم، وەکوو ئەوەی جەمیل جارێکی دیکە ببێتەوە میوانم، یان بەجەمیل شاد ببمەوە و ناوناوە دەستلەملانێی دەبم و بەدیداری شاد دەبم و ئەملا و ئەولای چەندجار تێرتێر ماچ دەکەم، تێرتێر بۆنی دەکەم. جەمیل زیندووە، جەمیل نەمردووە.

جەمیل ڕەنجبەر تەنیا برام نەبوو، بەڵکوو هاوبیر و هاوڕێم بوو، پشتوپەنا و قەڵای هەولێرم بوو. بۆیە بەشەهیدبوونی قەڵا و پشتیوانەکەم ڕۆیی، چونکە من نزیکترین کەسی ئەو بووم. زۆر شت هەیە لای من باسی کردووە کە ڕەنگە بۆ هیچ کەسێکی دیکەی باس نەکردبێ. ئەو متمانەیەی کە بەمنی هەبووە ڕەنگە بەکەم کەسی هەبووبێ. هەروەها ڕەنجبەر بەتەنیا برا و پشتیوانی من نەبوو، بەڵکوو برا و قەڵا و پشتیوانی هەموو چەوساوە و هاوبیران و ڕۆشنبیران و چەوساوەیەکی کوردستان بوو. ڕاستە گەلی کوردستان، هەژاران و ڕەنجدەران، قەڵایەک، یان شاعیرێکی شۆڕشگێڕیان لەدەستدا، بەڵام بنەماڵەکەشمان بەمنیشەوە برایەک و هاوڕێ و پشتیوانێکی گەورەمان لەدەستدا کە ئاسەواری تائێستاش لەسەرماندا ڕوون و ئاشکرایە.



شەهید جەمیل ڕەنجبەر

لەڕۆژگارە سەخت و دژوارەکانی سەختی خەباتی کۆمەڵەدا، لەحەفتاکاندا و بەتایبەتی لەدوای هەرەسی شۆڕشی کوردان، پەیوەندیەکی پتەومان پێکەوە هەبوو، لەماڵەوە، لەمامۆستایەتی، لەکۆمەڵی هونەر و وێژە، لەبەندیخانە، لەکۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکاندا.

لەدوای ئازادکردنی لەبەندیخانەی ئەبوغرێب، ڕۆژگارێکی تابڵێی پڕ ترس و تۆقینی بەعس بوو لەکاری ڕێکخستنی کۆمەڵەدا. کاک حاجی مەمۆ بەو سیفەتەی ئەندامی سەرکردایەتی ناوەخۆ دەبێ و لێپرسراوی کۆمیتەی شاری هەولێر بوو (ئەو کاتە تەنیا یەک کۆمیتەی هەولێر هەبوو کە سەرپەرشتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی دەکرد لەگەڵ چەند خەتێکی بچووک) بەندەش بەو سیفەتەی کە ئەندامی کۆمیتە بووم، حاجی

مەمۆ ڕاستەوخۆ لێپرسراوم بوو، پێی ڕاگەیاندم کە لەسەرکردایەتییەوە بانگەوازی ئەوە کراوە کە ئەو هەڤاڵانەی بەر عافواتەکە کەوتوون بەتایبەتی چەند کەسێک هەن دەبێ بێنە دەرەوە و خۆیان بگەیەننە سەرکردایەتی لەشاخ.

بەو حیسابەی کە نزیکترین کەسی ئەو بووم و ئەندامی کۆمیتەش بووم، بۆیە منیان هەڵبژارد کە ئەم داخوازییەی سەرکردایەتی بەڕەنجبەر ڕابگەیەنم. منیش ئەم قسەیەم لەپێش نادی فەرمانبەرانی هەولێر پێ ڕاگەیاند. ڕەنجبەر وەکوو ئەوەی جەژنی لەدایکبوونی بووبێ، خۆی بۆ سەفەری ئەزەلی ساز و ئامادەکرد. لەدوای چەند ڕۆژێک ماڵئاوایی لێکردین و بەرەو قەڵادزێ و ناوزەنگ و تووژەڵە بەڕێمان کرد. لەو کاتییەوە تەنیا یەکجار بینیم. لەهاوینی ساڵی ١٩٨٠ لەگوندی نازەنین سەردانم کرد، جەمیل و شەهید مامۆستا کاوەم بینی.

## چۆن زانیم جەمیل ڕەنجبەر شەهید بووە

هێندە نەبوو لەبەندیخانەی ئیستیخباراتی مەدەنی هەولێر ڕامکردبوو، هەتا گەیشتمە هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ڕێگایەکی پێچاوپێچی پڕ مەترسیم بڕیبوو. بەترس و خۆشاردنەوەی ئەم ماڵ و ئەوماڵ، لەهەولێرەوە گەیاندمیانە بەستی شرغە، ئەم گوند و ئەو گوند ڕۆیشتم، تا دواجار لەگوندی بالیسان پێشمەرگەی یەکێتیم دۆزیەوە، ئەوکاتە هەستێکی سەیرم هەبوو، وام دەزانی تازە لەدایکبوومە.

لەوێ شەهید مامۆستا کاوە و کۆمەڵێ برادەری دیکەم بینی.

مامۆستا کاوە، کە پیاوێکی ئەسمەری شارەزا و چاونەترس و قسە خۆشبوو، ڕابەر سیاسی هێزەکە بوو، پێیگوتم کە جەمیلی برات و سەید کەریم بەسەفەر چوونەتە سەرکردایەتی، بۆ ئەوەی دەنگوباس و ڕێنمایی و پێشنیاری تازە لەگەڵ خۆیاندا بێننەوە، ئاخر ئەودەمە بۆ پەیوەندی نێوان هێزەکان جیهازی بێتەلیان نەبوو، ئەو پەیوەندییەی هەبوو لەڕێگای نامە و پسوولەی پێچراوەوە بوو، کە وەکوو نوشتە گچکەیان دەکردەوە و بەتێپی دەپێچرا، دەبوایە لەڕێگەی تەتەرێکا یان مەفرەزەیەک بڕۆن لەگەڵ خۆیانی ببەن، ئەو کاتە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی لەزەڵێ و نێوزەنگ بوو، لەسەر سنووری ئێران..

ئەو ماوەیەی کە لەنێو ئەم هێزە بووم، هەستم بەگەرموگوڕیەکی بێوێنە کرد. لەوێ فێری هەڵسوکەوتی بەڕێگا ڕۆیشتن و دابەشبوون لەماڵی جووتیارەکان بۆ خواردن و شەو لەمزگەوتان خەوتن و نهێنی شەو و حەرەسیات و کەمین بووم. ئیدی گوند بەگوند جەولەمان کرد، لەدۆڵی بالیسان چووینە دۆڵی هیران و نازەنین، لاماندا لەگوندی نازەنین. هێزی پێشمەرگە بەگشتی زۆر دەچوونە ئەو گوندە، لەبەر ئەوەی شوێنەکەی لاچەپ و شاخاوی و سەختبوو، خەڵکەکەشی نیشتیمانپەروەر و نانەدەری پێشمەرگە بوون، بۆ مانەوە و پشووی پێشمەرگە لەگوندەکانی دیکە گونجاوتربوو، بۆیە بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەیەوە ببووە سەرەڕێی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی و حزبی سوسیالیست و شیوعی.

لەگوندی نازەنین مامۆستا کاوە کلاشینکۆفێکی دامێ، کە یەکەم جارم بوو چەکێک بکەمە شانم کە بەهی خۆمی بزانم. لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلولیش، وەختی مامۆستای شۆڕش بووم، چەکم نەبوو، چەند جارێک بەچەکی هاوڕێکانم، نیشانانێم کردبوو، دەنا گوللەم نەتەقاندبوو، ڕاستییەکەی ئەوکاتی من لەسەنگەری دواوە بووم ئەوەندە پێویستیم پێی نەبوو.

دواتر ئەوەم زانی، کە لەگوندی نازەنین نامەیەک بۆ مامۆستا کاوەی ڕابەر سیاسی هاتبوو، دەنگوباسی ئەوەی تێدابوو، لەکاتی گەڕانەوەی هێزەکەیان لەسەرکردایەتی، جەمیل ڕەنجبەر و چەند هاوڕێیەکی شەهید بووینە، بەڵام ئەوان ئەم زانیاریەیان لەمن شاردەوە. بەبیرمە، من بەشەهید مامۆستا کاوە و کاک فاروقی عەلی مەولوود و مامۆستا بەکر و برادەرانی دیکەم دەگوت، ئەگەر جەمیل ڕەنجبەر هاتەوە، پێی مەڵێن سدیقی برات لەبەندیخانە ڕایکردووە، بۆ نموونە، پرسیاری لێبکەن، ئەرێ سدیقی برات هیچ هەواڵێکی نییە؟ منیش لەگەرمەی ئەو قسانە، لەناکاوێک خۆمی پێ نیشانەدەدەم! دەمویست وەکوو سورپرایزێک بەیەک شادبوونەوەکەمان بەتامتر بکەم! بەڵام هەیهوو، وەکوو دەڵێن ئاش لەخەیاڵێ و ئاشەوان لەخەیاڵێکی دیکە



**فەرەیدون عەبدولقادر لەوتارێکدا بە ئامادەبوونی خۆم گوتی: لەنزیک گوندی پیرانەرەش، دوو کۆپتەری ڕژێمی بەعس، هەشت پێشمەرگەی قارەمانیان شەهید کردووە، یەکێکیان شاعیری شۆڕشگێڕ، شەهید جەمیل ڕەنجبەرە!**



جەمیل ڕەنجبەر و هاوڕێیەکی



بوو، ئای کە چەند بێئاگابووم! ئەوان خەبەری شەهیدبوونی ڕەنجبەریان هەبوو، لای منیش دونیا شامی شەریف بوو، بۆیە ئەو قسانەی من ئەوەندەی دیکە ئەوانی خەمبار دەکرد.

لەگوندی جەلیماینەوە. لەم ماوەیەدا کاتی زۆرم لەگەڵ کاک فاروقی عەلی مەولودی بەسەر دەبرد. کاتێ کاک فاروق زانی نیازی سەردانی مامۆستایانی قوتابخانەی گوندەکەم هەیە، ئەو پێشی من خۆی گەیاندبووە مامۆستایەکان، بەوانی ڕاگەیاندبوو کە جەمیل ڕەنجبەری برای مامۆستا سدیق شەهید بووە، ئەگەر هاتە لاتان باسی ئەو بابەتەی لەگەڵدا مەکەن. چونکە دیاربوو بۆ ڕۆژی دواتر قەراریان دابوو لەگوندی سکتان یەکبگرنەوە و ئەم خەبەرەم لەوێ پێ ڕابگەیەنن.

بیرمە پێش ئەوەی بگەینە گوندی سکتان لەنزیک جادەکەی، لەهەڵوەستەیەکدا، مامۆستا کاوە پێیگوتم: کەوا جەماعەت لەڕێگای گەڕانەوەیان تووشی شەڕ بووینە و جەمیل ڕەنجبەریش تۆزێک بریندار بووە! منیش دەسبەجێ دڵم داخورپا و پێمگوت، یان شەهید بووە! ئەو گوتی: نەخێر تەنیا کەمێک بریندارە. زۆر بیرم لەم قسەیە کردەوە، هێندێکجار لەدڵی خۆم دەمگوت: دەبێ شەهید بووبێ، چونکە وەها لەکوردەواری باوبوو، ئەو کەسەی یەکێک لەخانەوادەکەی شەهید بووایە، یا مردبایە، سەرەتا دەیانگوت نەخۆشە یان بریندارە، بۆ ئەوەی بەقۆناغ خەبەرەکەی بدەنێ و کابرا تووشی شۆک نەبێ، هێندێک جارانیش، قەناعەتی خۆمم دەهێنا و دەمگوت: مەرج نییە شەهید بووبێ.

> **منیش ئەم قسەیەم لەپێش نادی فەرمانبەرانی هەولێر پێ ڕاگەیاند. ڕەنجبەر وەکوو ئەوەی جەژنی لەدایکبوونی بووبێ، خۆی بۆ سەفەری ئەزەلی ساز و ئامادەکرد**

لەدوای ئەو قسەیە لەکاتژمێرێک زۆرتری نەبرد گەیشتینە گوندی سکتان، دیتم هێزێکی گەورەی یەکێتی لەوێن. دەسبەجێ مامۆستا کاوە، فەرەیدون عەبدولقادر و شەهید سەید کەریم و هێندێک کادیری دیکەی بەمن ناساند. ئەو هێزەی ئەوان بەزۆرتر لە (٣٠٠) پێشمەرگە دەخەمڵێندرا. فەرەیدون عەبدولقادر ئەوکاتی ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوو، هەروەها شەهید سەید کەریم ئامر هەرێمی هەشت بوو، لێپرسراوی سەربازی دیکەشیان لەگەڵ دابوو، بەڵام بەبیرم نەماوە.

زۆر چاوم لەملا و لەولا گێڕا، لەدڵی خۆم دەمگوت: ئەگەر برینەکەی سووک بێ، دەبێ لەگەڵیان بێ، ئەگەرنا، دەبێ لەگوندێک بەجێمابێ تا چاک دەبێتەوە، کەچی جەمیل ڕەنجبەرم نەدیت! ئەوانیش هێندە بواری پرسیاریانکردنیان نەدام، یەکسەر ئێمەیان لەشوێنێکی گوندەکە کۆکردەوە، پاش کەمێک بێدەنگی، فەرەیدوون عەبدولقادر وتارێکی پێشکەش کرد. سەرەتا باسی ئەوەی کرد، چۆن بڕیاریان داوە لەسەرکردایەتی بێنە ناوچەکانی خوارەوە، بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییەی شەڕی عیراق-ئێران بقۆزنەوە و تەوژمێک بەچالاکییەکانی پێشمەرگە بدەن، بەڵام بەداخەوە لەڕێگادا بەهۆی دوو هەلیکۆپتەری سمتییەوە پۆلێک پێشمەرگە شەهید بوون.

فەرەیدون عەبدولقادر درێژەی پێدا و گوتی: لەنزیک گوندی پیرانەڕەش، دوو کۆپتەری چەپەڵی جەنگیی ڕژێمی بەعس، کە بۆ ڕاوی پێشمەرگە بەسەر ناوچەکەدا دەسووڕانەوە، بەرەنگاری بەشێکی ئەو هێزەی ئێمە بوون، لەئاکامدا هەشت پێشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون، بەداخەوە یەکێکیان کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، شاعیری شۆڕشگێر، شەهید جەمیل ڕەنجبەرە، لێرەوە سەرەخۆشی لەبراکەی و لەکەسوکاری و لەخۆمان دەکەین، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکیان.



جەمیل ڕەنجبەر و دوو لە هاوڕێکانی



ئەم خەبەرە ئەوەندە جەرگبڕبوو، دڵی هەڵقرچاندم، بەرگەگرتنی ئاسان نەبوو، هەردوو چاوەکانم وەکوو کانی تەقینەوە، نەمدەزانی چی بکەم، وەرە تۆ تازە لەزیندانی بەعس ڕاتکردبێ، پاشی ئەو هەموو ئازار و مەترسییە، هەتا گەیشتبیە ناو هێزەکانی پێشمەرگە، هەستت بەتازە ژیانەوە کردبێ، سورپرایزی بەیەک شادبوونەوەت ئامادە کردبێ، کەچی ئەو خەبەرە ناخ هەژێنەت بدەنێ؟ ئیدی هەرگیز چاوم بەجەمیل ڕەنجبەر نەکەوتەوە. پرسیارم لەخۆم دەکرد، ئەرێ ئەو بەدبەختیە چییە بەرۆکی گرتووم؟!

بەبیرمە ڕەحمەتی حاکم قاسم لەتەنیشتم بوو، زۆر دڵنەوایی کردم، پێشمەرگە و کادیرەکان یەکە بەیەکە، سەرەخۆشیان لێکردم. بەڕاستی دڵنەوایی ئەوان قورسایی خەم و خەفەتی سەردڵیان سووکتر کردم. بەم شێوەیە، ئەم کارەساتە جەرگبڕە، لەگەڵ گیران و ڕاکردنەکەم، بووە خاڵێکی وەرچەرخان لەژیانم، کە کاریگەریەکی درێژخایەنی لەسەر ژیانی پێشمەرگایەتی و دوای ئەویش بەجێهێشت، تا ئەمڕۆش شوێنەواری وەکوو نەخشی سەر بەرد لەناو دەروونمدا دیارە.

خۆی نێوانی ڕاکردنم لەبەندیخانە و ڕۆژی شەهیدبوونی جەمیل ڕەنجبەر نۆ ڕۆژی بەین بوو! منیش دەوروبەری حەوت تا هەشت شەو و ڕۆژان ئەو گوند و ئەم گوندم کردبوو هەتا پێشمەرگەی یەکێتیم لەبالیسان دیتەوە. لەوە دەچێ ئەو کاتەی من گەیشتبوومە ناو هێزی پێشمەرگە لەبالیسان، شەهید ڕەنجبەر لەماخۆ بزنانەوە بەڕێوە بووبێ بەرەو پیرانەڕەش، ئەو گوندەی کە لێی شەهید بوو. خۆی مەودای ڕێگای پیادە بۆ گەیشتنەوەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر و هاوڕێکانی لەگەڵ هێزەکەی ئێمە هەر ماوەی یەک، یان دوو ڕۆژی بەین دەبوو، ئەگەر بەبێ وەستان بڕۆشتبای، بەڵێ بەم شێوەیە لەبەدبەختی خۆم ئەو یەک دوو ڕۆژە بۆ هەتا هەتایە درێژبووەوە، مەگەر لەناو خاک بەیەکدی شادبینەوە.

وەکوو گوتم: لەگوندی نازەنین ئەو خەبەرەیان پێگەیشتبوو، ئەو خەبەرەی کە هەمووان دەیانزانی تەنیا من نەبێ. لەوە دەچێ ڕۆژی کۆبوونەوەکەی سکتانیش کە خەبەری شەهیدکردنی ڕەنجبەریان پێراگەیاندم، هەر دوو، یان سێ ڕۆژی دوای شەهید بوونی بووبێ.

لەکاتی پرسەکەیدا لەهەولێر، بەئالنگاری لەکاتی ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنیدا، خەڵکی شاری هەولێر بەرێپێوانێکی شایستە چوونە قەبرستانی (سەید مارف) لەتەنیشت (شەهید یاسین)ی برامان دەنێژرێ، شەهید یاسینیش لەڕێگەی خەباتی کورد و کوردستاندا لەساڵی ١٩٦٨ دا شەهید بوو. لەم بارودۆخە سەختەی کە بەعس بەهەموو لایەکەوە چاودێری ئاپۆرەی خەڵکیان دەکرد، لاوانی شار بێباکانە هوتافیان دەکێشا لەدژی ڕژێم، ڕێوڕەسمەکە شێوەی خۆپیشاندانی وەرگرتبوو، بەجۆرێک کە ترسی خستبووە دڵی دوژمنانەوە.

بەڕاستی ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی خەڵکی شارەکەمان و خەڵکی کوردستان قەت لەبیر ناکرێ، دەتوانین بڵێین ئەو ئامادەییەی ئەوان نیشانیان داوە وەفاداریەکە بۆ خوێنی شەهیدان، خەم و پەژارەی ئێمەشی سووکتر کرد.

بەم جۆرە ئەستێرە گەشەی هەولێر و قەڵا ئاوا بوو، شاری هەولێر پشتیوانێکی سەوداسەری چەوساوانی کوردستانی لەدەستدا. ئێستاش هەموو ساڵێ کە دەبێتە هەژدەی یازدە، یادی شەهید بوونی دێتەوە، برینەکانم دەکولێنەوە سەرتاپای



هەڤاڵ کویستانی، شەهیدان: جەمیل رەنجبەر، فەرهاد (بورهان مستەفا مەعروف)، فوئاد، مامۆستا ئەنوەر و کاک ئازاد. زەلی سالی ١٩٨٠



بەدەنم دەهەژێنی. بۆیە بۆ یادکردنەوەی جەمیلی هاوڕێ و برا، ئەوەندەی لەکوردستان بووبم، ئەگەر بەتەنیا بووبێ، یان لەگەڵ کەسوکار و کۆمەڵێ هاوڕێ، سەردانی گلکۆی بێنازیم کردووە.

جەمیل ڕەنجبەر بەدانپیانانی هەمووان، ڕۆشنبیرێکی بەمانای وشە لێهاتوو بوو، باوەڕی بەڕێچکەی مارکسی هەبوو، نووسەر و شاعیرێکی شۆڕشگێڕی چینی هەژاران بوو. هەمیشە پێی وابوو: نابێ بیروباوەڕی مارکسی بەوشک و برینگی لێکبدرێتەوە، بەڵکوو دەبێ بەگوێرەی واقع هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ، دەیگوت: تیۆری خۆڵەمێشییە، بەڵام درەختی ژیانی واقیعی هەمیشە سەوزە. هەروەها باوەڕی بەلێکگرێدانی واقیعی هەبوو لەنێوان هەردوو خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی، کە لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا ناتەبا نەبێ.

برای ئازیز، بەئارامی بخەوە بۆ خۆت لووتکەی پاکیت مسۆگەر کرد، کە دەتوانم بڵێم زۆر کەس هەیە ئێرەیی بەبەرزیی شەهید بوونەکەت دەبا. هەزار سڵاو لەگیانی پاکت شەهید جەمیل ڕەنجبەر، لەگەڵ تێکڕای شەهیدان.

ئەمجارەش بەم چەند دێرە، دەردە دڵی خۆم بۆ شەهید جەمیل دەردەبڕم:

ملی پێنووس کەچە لەئاست
پەسنی ڕێگا و خاکی بەرپێت

چی دەربڕم، زمان لاڵە
لەبەرامبەر کاروانی ڕێت

ئاکار و بیرۆکەی پاکت،
بوونەتە سەرچاوەی جوانی

کاتێ دەمویست دایانڕێژم،
هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی

ئەی هاوڕێکەی شەیدای ڕاستی،
بۆچی ئاوا زوو ڕۆیشتی

دەمێکە سۆراغت دەکەم، نازانم
بەکوێ گەیشتی

کە شەهید بووی، جەرگت بڕیم،
دنیام لەبەرچاوی لێڵ بوو

وادیارە شەستیری کۆپتەر
بەدوای جەستەی تۆدا وێڵ بوو

کە خوێنت تێکەڵی خاک بوو
وڵات بووە وشکەساڵی

جوانی و پاکی ڕێبازەکەت،
هەڵکرووزا پەڕ و باڵی

لە غوربەتا دەتلێمەوە، ئیدی
پشت بەکێ ببەستم

هاوڕێی جێی متمانە کەمن،
لایان باسکەم هەست و نەستم

کێ ببێتە فریادڕەسم، نوقمی
دەریای قووڵی خەمم

لەناو دونیای بێ بەزەیی،
ڕەشپۆشی چەندین ماتەمم

بیرمە گوتت کە دێمەوە دەبمە
لێزمەی پەڵەی باران

کێڵگەی جوتیاران ئاودەدەم،
برسی ناهێڵم لەشاران

دەزانم گەر هاتیەوە وەک
منارەی چۆلی دەوەستی

دەبیە قەڵای دادپەروەری
چەکوشێ دەگریتە دەستی

بگەڕێوە، شیعری ڕێگا
بنووسەوە، دونیا تەمە

ئەم سەدەیە بێئامانە خراتر
لەسەدەی بیستەمە




سدیق گۆران لەسەر گۆڕی شەهید جەمیل ڕەنجبەری برای




## شەهید جەمیل ڕەنجبەر

# هاوڕێیەکی نێزیکم بوو

لەمیانی بەرنامەیەکی تایبەت بە شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەبوایە دیدارێک لەگەڵ عەبدوڵا پەشێو بکرێت، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەو دیدارە بکات، بۆیە بەڵێنی پێداین کە لەڕێگەی نامەیەکی نووسراوی تایبەت، سەبارەت بە پەیوەندی هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ شەهید ڕەنجبەر بۆمان بنێرێت.

ئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە:

ساڵی (١٩٦٤) یەکترمان ناسی، پەیوەندیمان، لەسەرەتادا، بەهۆی کاری حیزبایەتییەوە بوو، بەڵام زۆری نەبرد چوارچێوەی حیزبایەتی بەزاند، کوردایەتی و خەونی ئازادی و شیعرو خوێندنەوە و نووسین، لە ساڵانێکی دژواردا، زێتر و زێتر لێکیان نێزیک دەخستینەوە.



شەهید جەمیل ڕەنجبەر هاوڕێیەکی نێزیکم بوو.
ساڵی ١٩٦٤ یەکترمان ناسی، پەیوەندیمان، لەسەرەتادا، بەهۆی کاری حیزبایەتییەوە بوو. بەڵام زۆری نەبرد چوارچێوەی حیزبایەتی بەزاند. کوردایەتی و خەونی ئازادی و شیعر و خوێندنەوە و نووسین، لە ساڵانێکی دژواردا، زێتر و زێتر لێکیان نێزیک دەخستینەوە.
لە ١٩٦٩ وە، من بە یەکجاری دەسبەرداری حیزبایەتی بووم خۆم بۆ کاری ئەدەبی تەرخان کرد، شەهید ڕەنجبەریشی بیری لە چوارچێوەیەکی تازە دەکردەوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر کاری سیاسی.
ئەگەرچی لەڕووی فیکرییەوە، لەگەڵ هاوبیرانی پێشوومدا، لەوانەش لەگەڵ شەهید ڕەنجبەردا، جۆرە لێکترازانێک پەیدا بوو.. ئەوان سەر بە بیری مارکسیستی بوون و منیش خۆم بەسەر بیری نەتەوەییدا ساخ کردبۆوە - بەڵام، لەگەڵ ئەو لێکترازانەشدا، تا ئەو ڕۆژەی کوردستانم بەجێهێشت، لەگەڵ شەهید جەمیلدا هەر وەک هاوڕێ و برا ماینەوە. زوو زوو یەکترمان دەدی، تەنانەت پێش ئەوەی وڵات جێبێڵم، سەفەرێکی خۆشیشمان بۆ بەغدا پێکەوە کرد.
شەهید جەمیل ڕەنجبەر دنیایەک بوو لە پاکی، مێرخاسی، ڕەوشتبەرزی، جوامێری، وەفا، جوانپەرستی و باوەڕی بێسنوور بە سەرکەوتنی بەهایە جوانەکان.
هەولێر عەبدوڵڵا پەشێو
٢٠٠٥/١١/١٧

لە (١٩٦٩)وە، من بە یەکجاری دەسبەرداری حیزبایەتی بووم، خۆم بۆ کاری ئەدەبی تەرخان کرد، شەهید ڕەنجبەریش بیری لەچوارچێوەیەکی تازە دەکردەوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر کاری سیاسی.

ئەگەرچی لەڕووی فیکرییەوە، لەگەڵ هاوبیرانی پێشوومدا، لەوانەش لەگەڵ شەهید ڕەنجبەردا، جۆرە لێکترازانێک پەیدا ببوو.. ئەوان سەر بە بیری مارکسیستی بوون و منیش خۆم بەسەر بیری نەتەوەییدا ساخ کردبۆوە - بەڵام، لەگەڵ ئەو لێکترازانەشدا، تا ئەو ڕۆژەی کوردستانم بەجێهێشت، لەگەڵ شەهید جەمیلدا هەر وەک هاوڕێ و برا ماینەوە. زوو زوو یەکترمان دەدی، تەنانەت پێش ئەوەی وڵات جێبێڵم، سەفەرێکی خۆشیشمان بۆ بەغدا پێکەوە کرد.

شەهید جەمیل ڕەنجبەر دنیایەک بوو لە پاکی، مێرخاسی، ڕەوشتبەرزی، جوامێری، وەفا، جوانپەرستی و باوەڕی بێسنوور بە سەرکەوتنی بەهایە جوانەکان.

**عەبدوڵڵا پەشێو**

**هەولێر - ٢٠٠٥/١١/١٧**



## پێیگوتم ..

# بەرەو شاخ دەڕۆم و تۆش ئاگات لەخۆت بیت

فەرید زامدار

لە ساڵی ١٩٦٧ خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم لەناوەندی جمهوری هەولێر، شەهید جەمیل ڕەنجبەر پۆلی سێی ناوەندی بوو، هەردووکمان وەرزشوان بووین و هەڵبژاردەی تۆپی پێ و سەبەتەی ئەو ناوەندییە بووین، ئاشنایەتیمان پەیدا کرد و بووین بە برادەر.

ئەو، ئەوکات سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، منیش ئەندامی شانە بووم، وردە وردە دۆستایەتیمان پەرەی سەند و بووین بە دووبرادەری نزیک من



فەرید زامدار و جەمیل ڕەنجبەر

لەسەرەتاکانی شیعر نووسیندا بووم و هەر شعرێکی نوێم بنووسیبا پێشانی ئەوم دەدا. هەر لەڕێی ئەو دۆستایەتیەوە بوو لەساڵی ١٩٦٩ منی لەیەکەمین خانەی ڕۆشەنبیریی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی ڕێکخست و لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی فەریکە ڕۆشەنبیری ئەو سەردەمە.

بووم بە ئەندامی یەکەمین خانەی ڕۆشەنبیریی ئەو ڕێکخراوە. جەمیل کاریگەرییەکی زۆری لەبیرکردنەوە نوێیەکانی گەنجایەتی مندا هەبوو. هەرئەویش بوو ساڵی ١٩٧١ یەکەمین شیعری منی لەحەفتەنامەی هاوکاری لەڕێگەی شاسوار جەلال (شەهید ئارام) بڵاوکردەوە. هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ شەهید ئارام یەکترمان ناسی، ئەو لەحەفتەنامەی هاوکاری بەرپرسی لاپەڕەی سیاسی بوو. گەنجێکی مارکسی - لینینی چەپڕەو بوو ئەندامی کارای کومەڵە بوو. یەکتر ناسینەکەمان لەشاری بەغدا بوو لەگەڵ شەهید جەعفەر عەبدولواحید کە سەرپەرشتیاری خانەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە بوو لەشاری هەولێر، لەگەڵ شەهید جەمیل منیان بەو ناساند وەکوو ئەندامی کۆمەڵە.

شەهید جەمیل گەنجێکی جوان و قۆز بوو. هەمیشە دەم بە پێکەنین و زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو. شاعیرێکی دەتوانم بڵێم لەمەدرەسەی ڕۆمانسییەتی شۆڕشگێڕی بوو کە ئەو دەمانە ئەو جۆرە شیعرانە باوی بوو. قسەکەر و موناقەشەزانێکی لێهاتوو بوو. ڕۆشبیرییەکی فرەلایەنی هەبوو.

لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولمان کرد. کە شۆڕش شکستی هێنا لەساڵی ١٩٧٥ ئەو خۆی و ماڵ و منداڵەکانی لەحاجی ئۆمەران لەژێر خێمەکی کۆچەرییانە دابوون، سەردانیم کرد و پێی گوتم بیروڕای جیاواز زۆرن، لەوانە درێژەدان بە شۆڕشی چەکداریی، یان خەباتی سیاسیی. دوای گفتوگۆیەکی زۆر پێی گوتم عەفو هەیە و بگەڕێوە هەولێر و پاش ماوەیەکی دی لەوێ یەکتر دەبینین و درێژە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەدەین. ساڵی ١٩٧٦ یەکترمان دیتەوە و جارجارەش شەهید جەعفەر عەبدلواحید لەچایخانەی عوسمان دەهاتە لامان، چونکە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لەهەولێر. شەهید جەمیل لێپرسراوی ڕاستەوخۆی من بوو.

هێندەی نەبرد شەهید جەمیل دەستگیرکرا، منیش بۆ ماوەیەک خۆم شاردەوە. ئەوەندەی پێنەچوو ئازادکرا و یەکدیمان دیتەوە، هەندێ ڕێنمایی پێدام و پێیڕاگەیاندم کە سەردانی شەهید حەسەن کوێستانی بکەم کە سەرپەرشتیاری کۆمیتەی ڕاپەڕینی هەولێر بوو. من ئەوکاتە فەرمانبەری ئیداری سەرۆکایەتی کشتوکاڵی هەولێر بووم، زوو زوو ئیفاد دەکرام بۆ ناوچەکانی سەرەوە سەردانی گەلاڵەم دەکرد، کوێستانیش فەرمانبەر بوو لەشارەوانی گەلاڵە، ڕاسپاردەکانی شەهید (جەمیل)م پێڕاگەیاند. شەهید حەسەن کوێستانی زۆر پێی دڵخۆش بوو کە پێشتریش لەشۆرشی ئەیلول برادەر بووین پێیگوتم: دەچیتە لای نزیکترین برادەری خۆت کاک ئازاد جوندیانی لەهەولێر و لەوێ لەکۆمیتەی ڕاپەڕین دەستبەکاربە. ئەوەندەی نەبرد شەهید جەمیل بۆ جاری دووەم دەستگیرکرایەوە تاساڵی ١٩٧٩ بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا و گەڕایەوە هەولێر. دوای چەند مانگێک پێیگوتم: بەرەو شاخ دەڕۆم و تۆش ئاگات لەخۆت بیت. بەڵام کاتێ منیش بەرەو شاخ و پێشمەرگایەتی چوومە دەرەوە، بەداخەوە جارێکی دی نەمدیتەوە و جەمیل ڕەنجبەر شەهید ببوو.



# جەمیل ڕەنجبەر ..

# هەڵکەوتەی نێو ئەدەب و خەبات و شۆڕشگێڕیی



**هیوا سەرهەنگ**

خامەی دروست کاتێک دەکەوێتە نووسین و ناساندنی تەواوی مرۆڤێک کە پڕاوپڕ بێت لەڕووناکبیریی و ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ناسک و بە ویژدان و چالاک لەپێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کشت و کەنار و بەتایبەت کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە و هەژار و زوڵملێکراو، مرۆڤێک خاوەن دۆزێکی ڕەوا بێت و تەواو خۆدی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبێت و هەر لەو پێناوەشدا گیانی بەخشیبێت و شەهید بووبێت، ئەوا ئەو پێنووسە هەرگیز درێخی ناکات لەپیاهەڵدان و ستایش و گوتنی ڕاستییەکان، بە وشە گوڵبارانی قۆناغەکانی کاروانی خەباتی ئەو کەسایەتییە دەکات، باس و ناو و کەسایەتی و خەباتگێڕی نەمر شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)ی ڕابەر و نووسەر و شاعیر و خاوەن ئایدیای سۆشیالیستی زانستی و بە کردەوە پشت و پەنای چینە چەوساوە و هەژارەکان. شانازی دەکەم یەکێک لەو تێکۆشەرە مەزنانەی بزاڤی خەباتی نەتەوایەتی و پیشەیی کە هەر لەگەڵ یەکترناسینماندا بووە هاوڕێ و دۆست و کەسێکی نزیک و متمانە پێکراوم. ساڵی ١٩٦٤ لەڕێی ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەهەولێر چەند خوێندکارێکم ناسی، یەک لەوانە جەمیل ڕەنجبەر بوو.

خوێندکارێکی پڕ زانیاری، ئەدەب دۆست، هۆکاری نزیکبوونەوەکەشم لێکچوونەکانمان بوو لەبوارە جیاجیاکانی ژیان و ئایدیا و باسە ئەدەبییەکاندا، بەزۆری لەگازینۆی سەلاحەدین کە ئەوکات لەجێی ساختمانی پارێزگەی ئێستا بوو. ئەوێ سەکۆی کۆبوونەوەی زۆر لەئەدیبان و ڕووناکبیران بوو.

دانیشتنەکانمان هەمیشە ئەم هاورێ و دۆستە ڕووناکبیر و شاعیرانەی دەگرتەوە: (جەوهەر کرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش، مەجید عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا پەشێو) جێی خۆیەتی ئاماژە بەکەسایەتی ئەودەمی شەهید جەمیل ڕەنجبەر بدەم، هەر لەسەرەتای ناسینمەوە دەمدیت: گەنجێکی بزێو، چالاک، زیرەک، ڕووناکبیر، ڕەوشت بەرز، هەمیشە قسە لەڕوو بوو، زۆر جارانیش تەنیا دوو بەدوو بووینە و هەر دەمێکیش شیعرێکی نوێ بنووسیایە بۆی دەخوێندمەوە و دوو بەدوو هەڤپەیڤینمان لەسەر دەکرد و دەیگوت: ڕای تۆم بەلاوە گەنگە. ئەم کەسایەتییە بەهێزەی شەهید وایکردبوو هەمووان خۆشمان بوێت و ڕاوبۆچوونەکانی بەهەند وەربگرین، هەربۆیە دەکرێت بگوترێت یەکێک لەڕابەرە سیاسییەکانی نێو ڕێکخستنەکان بوو، چ ئەودەمانەی لەیەکێتی قوتابیانی کوردستاندا لە نزیکەوە پێکەوە کارمان دەکرد، یان پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی، یاخود لەبازنە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، کە دواجار بووە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

## قۆناغەکانی کاروانی خەباتی شەهید جەمیل

ڕەنجبەر پڕ چالاکی دیار بوو، لەدوای ناوەراستی شێستەکانەوە کە بە شێوازێکی دی بیری چەپ گەشەی سەند و ڕێبازی ماویزم ببووە وێردی سەر زمان و خولیای لاوان، شەهید جەمیل ڕەنجبەریش یەک بوو لەو لاوانە و پێکەوە هەردووکمان وەکوو زۆر لەو لاو و خوێندەوارانەی ئەو سەردەمە کە خولیای گەشەکردن و پێشکەوتن و ڕێبازی نوێی شۆرشگێڕی بوون خۆمان لەنێو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی (مەکتەبی سیاسی) بینییەوە، پاش ئەوەی دەماندیت دەرئەنجامی سیاسەتی دروستی ئەو دەمە توانییان چەندین دەستکەوتی گرنگ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنن لەوانە: دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، ناساندنی فەرمی جەژنی نەورۆز



وەکوو جەژنێکی نەتەوایەتی کورد و بە پارێزگاکردنی دهۆک، دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد تاد، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بواری ئازادی چالاکی نەتەوایەتی بەرفراوان بوو ساڵی ١٩٦٩بەئامادەبوونی هەریەک لەبەندە و شەهید جەمیل ڕەنجبەر و سەعدوڵڵا پەرۆش و جەوهەر کرمانج و بە ئامادەبوونی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا لێپرسراوی لقی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) و شێخ لەتیف بەرزنجی، ئاگادارمان کردن کە وەکوو یەکیتی قوتابیان بە نیازین سەردانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردە بکەین و داوایان لێبکەین ئەو قوتابخانانەی ناوەکانیان عەرەبین پێویستە بکرێنەوە بە کوردی، ئەوانیش پشتگیریان کردین و دواجار توانیمان لەم هەنگاوەماندا سەرکەوتوو بین و زۆربەی ناوەکانمان گۆڕییەوە بۆ ناوی کوردی و هەر لەگەڵ شەهید جەمیلی نەمر و هاورێکانی ترماندا هەڵمەتی دووەمیشمان دەستپێکرد بۆ بە کوردی کردنی ناوی دوکانەکانی ناو بازاڕی هەولێر. شەهید جەمیل ڕەنجبەر کەم ژیاو کەڵ ژیا، مامۆستا بوو، هەموو سیفاتەکانی ڕابەرایەتی کردنی تێدا بوو ، ئەو هەمیشە دەیگوت پێویستە خەڵکانی بوێر و ڕووناکبیر و شۆڕشگێر سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاری نەتەواتەتی و شۆرش بکەن، بروای بە سیستەمی فیودالیزمی نەبوو زانیارییەکی زۆری لابوو لەسەر چاخی ناوەراستی ئەوروپییەکان نێوانی سەدەکانی نۆ تا پازدهەم بۆیە دەیویست نەوەیەک پێ بگات نەوەی شۆرش و داهێنان و پێشکەوتن بن و بڕوای زۆریشی بە هەڵکەوتووانی چینی هەژار وچەوساوەکان هەبوو بۆ گرتنە دەستی جڵەوی شۆرش و گۆڕانکارییەکان هەرگیز گۆرانکارییەکی بەدی نەدەکرد لەسیستەم، یان ڕێکخستنێکی دواکەوتووی شکستخواردووی بۆگەندا بۆیە بە پەرۆشەوە ڕۆڵی دەبینی لە گۆشکردنی کۆمەڵانی خەڵکدا، خۆنەویست و بێ بەرژەوەند بوو مرۆڤێکی سادە بوو چینی چەوساوە خولیای گێژەنی سەر و ڕێباز و شیعرەکانی بوو ئەو چەپ بوو خاوەنی ئەدەبێکی ڕیالیستی سۆشیالیست بوو، ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خودی خۆی و باوەر و ئایدیاکانیدا .. مرۆڤێکی بێ باک لە کشت و کەناری نەخوازراو و گوێێ بە هەرەشەکانی نەیارانی نەدەدا، ساڵی ١٩٦٨ یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی (ڕاز و سکاڵا) بە چاپ گەیاند و ئەمەش زۆرتر ڕەنجبەری شاعیری ناساند و بووە ژمارەیەکی بەرچاو لە دنیای شیعر و ئەدەبدا، شیعرەکانی چاوگی کڵپە و وریاکردنەوە و ڕێ ڕۆشنی بوون. وشەکانی ئاگر بوون و لەچاو و دەنگی خەڵکی چەوساوە و خەباتی نەتەوایەتی دروستەوە دەرژانە سەر جەستەی ئەو دەمەی گەندەڵی و بێ خەمی و بێ باکی لە هەژاران، هیچ شتێک ڕێگری لە چالاکی ئەم مرۆڤە مەزنە پێنەکراو تا دوای هەرەسی شۆڕش لە ١٩٧٥یش زۆر بێ پەرواو بێ ترس خەڵکی بۆ ئەو ڕێبازە گۆش دەکرد، کە چەپێکی ڕاستگۆیانەی ئەو دەمە بوو، هەر بۆیە دوو جار لە سەردەمانی ڕژێمی بەعسدا زیندانی دەکرێت،لە ساڵی ١٩٧٦ سێ مانگ دەگیرێ و پاشان ئازاد دەکرێ و لە ١٩٧٧ جارێکی تر دەگیرێتەوە و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر بە پێنج ساڵ و مانگێک حوکم دەدرێ و دواجار بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و پاش ئازاد بوونی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە شاخەوە دەکات و دەچێتە ڕێزی خەباتی چەکدارییەوە و دەبێتە پێشمەرگەیەکی ڕابەر و کەم وێنە، بەڵام دڵسۆزی و بڕوا بوونە پتەوەکەی وای کرد مەرگ مەودای ژیانی کورتکاتەوە و خۆ بکاتە قوربانی ئەو ڕێبازەی هەڵی بژاردبوو .. لە ڕۆژی ١٨ / ١١ /١٩٨٠ لە هێرشێکی چەند کۆپتەرێکی ڕژێمی بەعسدا شەهید دەبێت و دەچێتە ڕیزی کاروانی شەهیدان و نەمرانەوە.

**هۆڵەندا / کانوونی دووەمی/ ٢٠٢٢**



**جەمیل ڕەنجبەر و هیوا سەرهەنگ**



# یاد و کەسایەتیی شەهید جەمیل ڕەنجبەر



**خالید هەرکی**

شەهید جەمیل ڕەنجبەر، هەم وەکوو مامۆستا، هەم وەکوو شاعیر و ئەدیب لەمەیدانی کوردایەتیدا، کەسایەتییەکی ناسراوی بواری ئەدەب و سیاسەت بوو.

یەکەم ناسینم بۆ ئەم کەلەپیاوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، بەڵام کرۆکی بابەتەکەم سەربوردەی هاوسەفەرێکی سەختە، ئەویش سەفەری زیندانی بوونمانە لەڕۆژی دەستگیربوونمان تا ئازادبوون و دواتریش شەهید بوونی.

بەهاری ساڵی ١٩٧٧، لەلایەن داروودەستەکەی بەعس، یەکەم هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەهەولێر دەستپێکرد، ئەم هەڵمەتە دەستگیرکردنی زیاتر لەشەست هەڤالی لەخۆگرت. بەندە و مامۆستا ڕەنجبەر یەکێک بووین لەدەستگیرکراوەکان.

شوێن فەرمانگەی ئاسایشی هەولێری سەردەمی بەعسە (دائیرەی ئەمنی هەولێر) زیاتر لەمانگێک بەسەر دەستگیرکردنەکەماندا تێپەڕی بوو، کەسمان لەئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونی بێبەش نەبووین، تەنانەت یەکێکمان لەژێر ئەشکەنجە گیانی پیرۆزی سپارد، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان، ئێمەیان لەئەمنی هەولێرەوە بۆ ئەمنی شیمالی گواستەوە کە دەکەوتە سەرشەقامی شەست مەتری هەولێر (دوای ڕاپەڕین ئەو بینایە کرایە بارەگای مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای شەڕەکانی ناوەخۆش بوو بەبارەگای لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان).

ژوورەکان لەهەڤاڵان پڕبوونەوە، بەیانییەکی زوو لەدەنگی زرەی کلیلی جەلادەکان گوێمان زرینگایەوە، دەنگیانداین کە هەڵسینە سەرپێ، یەکەیەکە دەست و چاویان بەستاینەوە، هەر بەکێبل و تێهەڵدان ڕیزیان کردین، بەرەو حەوشی دائیرەکەیان بردین، لەوێ بەڕیز سواری پشتی ئەو پیکابە سەربازییانەیان کردین کە بۆیان ئامادەکردبووین، بەتێهەڵدان و جنێو سەریان خستین، کە سەرکەوتم یەکێکیان لەدوای من هێنا و لەتەک منیان دانا، لەژێر پەڕۆ چلکنەکەی چاومەوە سەیری قاچەکانیم کرد، بەڵکوو بیناسمەوە، لەژێر لێوانەوە لەسەرەخۆ گوتم: ئەتوو کیی؟ گوتی: مامۆستا جەمیلم. گوتی: ئەی تۆ؟. گوتم: خالیدم. گوتی: هەرکی؟ گوتم بەڵێ.

لەپشتەوە سەروو نەقیزەیان لێداین و بێدەنگیان کردین. ماوەییێک خۆمان بێدەنگکرد، وەختایەک دیاربوو سەیارەکان ئامادە بوون و زۆربەی هەڤاڵەکانمانیان هێنابووە دەرەوە، من هیچ ئەزموونی ئەمجۆرە بەسەرهاتەم نەبوو، بەڵام مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر بەر لەچەند مانگێک لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دی دەستگیر کرابوون، لەوانە مامۆستای شەهید (حەمید کەریم شانە) بۆیە



"گوتی: ئەگەر بۆ ڕێگای موسڵیان بردین ئەوە بۆ پەتەکەیە (سێدارە) ئەگەر بۆ ڕێگای کەرکوک بوو، بۆ دادگا شەکلییەکەی سەورەیە لەهەیئەی خاسەی کەرکوک"

خۆمم پێنەگیرا بەهێواشی گوتم: مامۆستا پێتوایە بۆ کوێمان دەبەن، بۆ گولە بارانکردن؟ گوتی: کە بەڕێکەوتین ئەگەر بتوانی، بزانە بەرەو موسڵمان دەبەن، یان کەرکوک؟ گوتی: ئەگەر بۆ ڕێگای موسڵیان بردین ئەوە بۆ پەتەکەیە (سێدارە) ئەگەر بۆ ڕێگای کەرکوک بوو، بۆ دادگا شەکلییەکەی سەورەیە لەهەیئەی خاسەی کەرکوکە، دیسان سەروو نەقیزەمان خوارد، مامۆستا قاچێکی خستە سەر پێکانم بەمانای بێدەنگی. هەستم ڕاگرت، لەهاتووهاواری سەربازەکانەوە دیاربوو خەریکی جوولەکردن بوون، ئەوەندەی نەبرد سەیارەکان کەوتنەڕێ، هەرزوو گەیشتنە سەر شەست مەتری دوای کەمێک لەژێر پەڕۆکەوە سایلۆی هەولێرم کەوتە بەرچاو!

گوتم: مامۆستا لەڕێگای موسڵ ڕەتبووین. گوتی: لێماندا، مەرج نییە هەموومان بۆ پەتەکە بین، ئەوە بۆ کەرکوکە. دوای چەند خولەکێک لەلێخوڕین، هەر لەژێرەوە سەیرمکرد کە لەناو شارێکین ئەوەندەی پێ نەچوو سەیارەکان لەبەر دەرگایەکی بەپاسەوان وەستان، دەرگایەکی مەزنی پڕ لەپاسەوانی سەربازی بوو، پەیکەری کۆنە فڕۆکەیەکی لەبەر دەرگا دانرابوو، لێی چووینە ژوور، چەند پێچێکی دایێ لەبەردەم حەوشێکیان هێناینەخوار بەڕێز بردنیانە ژوورەوە.

بەو گەرمای مانگی تەمووزە لەناو حەوشەیێک بۆ ماوەیەکی زۆر ڕایانگرتین. هەموو جلەکانیان پێ داکەندین تەنها جلە سوکەکانیان پێ هێشتین، حەوشەکە سێ ژووری هەبوو، جەلادەکە ژوورێکی کردەوە. بەر لەکردنەوەش بێریەکەی داکەند دایە بەردەمی لەبەر بۆنی ناخۆشی ژوورەکە، تا دەرگاکەی داخست هەموو سەروگوێلاکی بەکێبل کوتاینەوە، بەوڕۆژی نیوەڕۆیە، لەبەر تاریکی هیچمان نەدەدی، پاڵێکیان پێوەناین بۆ ژوورەوە، بەڵام هیچ شوێنێک نەبوو، ناچار لەناو دەرگا بەپێوە وەستاین، دەرگاکەی داخست. هەردووکمان لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دیکە بەبێدەنگی نەماندەزانی ئەمە چییە؟ کوورەیە، گەرماوە، ئەو بۆنی ئارەقە کاسی کردین، چونکە ڕانەهاتبووین، خەریکبوو لەگەرمان و هەناسە تەنگی دەبووراینەوە.

وردەوردە بۆمان دەرکەوت هەمووی هەڤاڵ و کوردی خۆمانن لەسەر کوردایەتی لەو ژوورە ئاخێنراون، ئەمە تاقە ژوور نەبوو، سێ حەوشی لەمجۆرە، هەر حەوشەی سێ ژووری تێدابوو، من و مامۆستا جەمیل و چەند برادەرێکی دیکە بەر ژوورە مەزنەکە کەوتین کە ژورێکی سێ بەچوار دەبوو. بەیانی کە بۆ ئەژماردن دەریانکردین، منیش بەچاو ژماردم ٦٧ کەس بووین، وەستان و دانیشتن بەنۆرە بوو. دیسان هەردووکمان لەتەک یەک لەو ژوورە تەسک و تروسکە گەرمە، ماوەی نزیکەی یەک مانگ ماینەوە.

ئازایی و بوێری ئەو کەلە پیاوەم لەوێ بەدروستی بینی. هەڵوێست و جوامێری و خۆڕاگرییەکانی لەبەرانبەر جەلادەکانی بەعسدا، لەو ژوورە تاریکەدا و لەو ڕۆژگارە بێ خواردن و پڕ لەئەشکەنجەیەدا. لەماوەی ئەو مانگە بەقەد (١٠) ساڵ لەسەر دەستی شەهید جەمیل فێری ئەزموون و خۆڕاگری بووم، ئامۆژگارییەکانی ئەو چەندین کەسی لەمردن و دەستگیرکردن ڕزگارکرد، دیارە جەلادەکانیش هەستیان بەڕۆلی ئەودەکرد بەڵام ئازایانە هیچ بەڵگەیەکیان نەداتە دەست، ڕۆژێکیان هەرلەبەرچاومان لەکاتی ژماردنمان، بەبیانووی ئەوەی بەڕێکی لەسەرەی وەستان نەوەستاوە دەریانهێنا، تا نەیانخستە سەزەوی، دەستیان لەئەشکەنجەدانی هەڵنەگرت، بەڵام ئەم ئەشکەنجەدانە ورەی پێ بەرنادا. ئەو زیاتر سوور بوو لەئامۆژگاری و پێدانی زانیاری بەهەڤاڵانی، بەتایبەتی ئەوانەی متمانەی پێ بوون.

ڕۆژی دادگاییکردن، جەلادەکان هاتنەوە سەرمان، گوتیان: هەمووتان وەرنە حەوشەکە، یەکێکتان باسەری هەمووتان بتاشێ، مقەسێکی بەدەستەوە بوو، ئەمەش بۆ ئامادەکردن بۆ دادگایی، سەرتاشینەکەش وەکوو هەتککردنی خۆمان وابوو، سەریان هەڵپاچین، بەمشێوە ئەو ڕۆژە سەری هەموومانیان هەڵپاچی (ئەو دیمەنەم لەبەرچاو ون نابێ بەداخەوە، کە بەدەستی هەڤاڵێکی ڕووخاو سەرمان هەڵپاچرا) ڕۆژی دواتر بانگیان کردین لەژورێکدا لەناو قەفەزێکیان کردین گوایە دادگایی دەکرێین، بەبێ هیچ پارێزەرێک ناوەکانیان دەخوێندینەوە و حوکمەکانیان پێدەگوتین، ئەو ڕۆژە شەهید جەمیل بەپێنج ساڵ و چەندمانگێک حوکم درا بەندەش بە دە ساڵ.

هەندێک لەهەڤاڵانیشمان کە حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو، بریتی بوون لە (محەمەد زەنگەنە، مەولود هەمزە، عوسمانە گچکە) هەردوای خوێندنەوەی حوکمەکان ئێمەیان لەحوکمدراوانی سێدارە جیا کردەوە، ئەوان بۆ قەسابخانەکەی موسڵ، ئێمەشیان گواستەوە ناو هۆڵێکی مەزن. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، لەوێ شەهید جەمیل ڕۆڵێکی باشی بینی،



به بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و زۆر بەنهێنی دابەشی چەند گرووپێکی دوو کەسی و سێ کەسیی کردین، ئەویش خۆی و یەک، دوانێک لەهەڤاڵانی وای نیشانی جەلادەکان دەدا، کە باس لەگێڕانەوەی گاڵتەوگەپ دەکەن، ئێمەش لەدەوری بازنەمان گرتبوو پشتمان لەو بوو، گوێمان بۆی ڕاگرتبوو، ئێمەش لەنێو خۆماندا بەگاڵتە و پێکەنینی دەستکرد، واخۆمان نیشان دەدا، کە ئاگامان لەیەکدی نییە. شەهید جەمیل ڕەنجبەریش هەر جارە و بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەبەرنامەکانی یەکێتی بۆ باس دەکردین.

باسەکان، باسی گشتی بوون، بەڵام بۆ پێگەیاندنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری باش بوون، ناوی یەکێتیی و حزبەکان نەدەهێندرا، کاتێکیش پرسیارێکمان لەسەر بابەتەکان دەبوو، ڕوومان لەو نەدەکرد، بەڵام ئەو وەڵامەکانی دەدایەوە، بێ ئەوەی سەیرمان بکات، یان ڕوومان تێبکات، ئیدی لەو ماوەیەدا، بەرلەوەی بمانبەنە ئەبوغرێب، نزیکەی مانگێک لەو شوێنەی ناو سەربازگەی کەرکوکی سەر بەئیستیخباراتی سەربازی ماینەوە، ئەوە بۆ ئێمە خولێکی ڕۆشنبیری باش بوو، بەداخەوە جەلادەکان هەستی پێدەکەن، جارێکیان بەبەرچاوی ئێمەوە هێنایانەدەر و ئەشکەنجەیەکی زۆریاندا، ئەو هەڵوێستەی جەلادەکان بێتاقەتی دەکردین، بەڵام ئەو هەمیشە سورتر دەبوو لەسەر کارەکانی.

دوای ماوەییەک کۆیان کردینەوە. بەدەستوچاو بەستراوەیی سواری لۆرییەکی ڕەنگ سەوزیان کردین، پاسەوانە ئیستخباراتەکانیش لەدواوە و لەپێشمانەوە بوون، ئیدی زانیمان کە بەرەو زیندانی ئەبوغریب دەمانبەن، لەڕێگا کاروانەکە لەداقوق لەبنکەیەکی پۆلیس لایدا، وەختایێک هەندێک ژن و منداڵیان دەرهێنا و سەریانخستە نو سەیارەکانی پێشمان، هۆشمەندی برای شەهید ئازاد هەورامیمان لەگەڵدا بوو، سەیرێکی کردن گوتی: ئەمانە دایکم و خوشکمن، لەگەڵ ئەو خێزانە باردەکرێن!

بەرێکەوتینەوە، بەناو بەغدادا تێپەڕین، کاتێک گەیشتینە ئەبوغرێب لەبەر دەرگایەکی سەوزی مەزن وەستاین، منیش خۆم پێ نەگیرا پەڕۆکەکەمم نەختێک لابرد، گوتم: مامۆستا گەیشتینە ئەبوغرێب، ئەوە هاتین بەڵام دەبێ دەرچوونمان کەی بێ؟ بزەیەکی کرد!

گوتی: پرسی ئێمە سیاسییە، لەوانەیە حوکمەکەشمان تەواوکەین هەر ئازاد نەکرێین، بەڵام ڕەنگە بەیانی گۆڕانێکی سیاسی ڕووبدات ئازاد بکرێین؟! بۆیە هیچ نیگەرانییەکی ناوێ نیگەرانی بۆ هەڤاڵە حوکمدراوەکانی سێدارەیە.

ڕێگەیان بەکاروانەکەدا بچیتە ژوورەوە، ئێمەیان لەلۆرییەکان دابەزاند، هەر بەکێبل و سەرکوتانەوە بردنیانە ژوورێک ناویان ناوبوو پێشوازی (استقبال) بەڵام چ پێشوازییەک، حەفتەیەک لەوێ ماینەوە دواتر بەسەر هۆڵەکانیاندا دابەش کردین، هەریەکەمان بەر هۆڵێک کەوتین، ماوەی چەند مانگێک لەیەک دووربووین بەڵام هەندێکجار دەرگای هۆڵەکانیان لێدەکردینەوە، ئێمەش لەگۆڕەپانەکە یەکدیمان دەدیت، لەوێش هەر بەدوای مامۆستا ڕەنجبەردا بووین، بەنۆرە دوودوو لەگەڵی دەکەوتینە پیاسە، وەکوو دەرس گوتنەوە وابوو.

پرسیارکردن لەبارەی چەپەکان، لەسەر کاری ڕێکخراوەیی، کاری کۆمەڵایەتی، بابەتی هۆشیاریی گشتی، ڕۆژێکیان گوتم: مامۆستا من ئەوەندەی سەرنج دەدەم، جارێک لەپرسیارێکمان گیرناخۆی، هەموویان بەشیکاری مێژوویی، دەستەواژەکانمان بۆ ڕوون دەکەیتەوە، ئەم هەموو زانیاریانەت چۆن لایە؟ بەخوا من ناوت دەنێم قاموسی گەڕۆک! گوتی: دەبێ هەریەکەمان شتێ بزانێ، بەوەی دیکەی بدات. دەبێ سوود لەم کاتانەی زیندان وەرگرین، بۆ ئەوەی کاتێک لەم زیندانە چووینە دەرەوە، کەسێکی دیکە بین، بەڵام دەبێ وشیاربین، کرێگرتە و سیخوڕەکانیان، لێرە لەهەموو شوێنێک زیاترن، هەستمان پێ نەکەن.



**“ ڕۆژێکیان هەر لەبەرچاومان لەکاتی ژماردنمان، بەبیانووی ئەوەی بەڕێکی لەسەرەی نەوەستاوە، دەریانهێنا و ئەشکەنجەیاندا ”**



بەهۆی پڕبوونی زیندانەکان، هەندێکیان لێ گواستینەوە بۆ بەشی حوکمە سوکەکان، کە مامۆستا جەمیلی بەرکەوت، چەند مانگێکی کەم لەوێش راینەوە، دوای ئەوە زیندانەکان قەڵەبالغتر بوون. ناچار بەشێکی حوکمە تایبەتییەکان بۆ ئێمە تەرخانکرا، هەندێک لە زیندانییەکان لەسەر سیخوڕی دەرەکی و مادە هۆشبەرەکان و ماسۆنییەکان گیرابوون.

جاریکی دیکە ئێمەیان لەحوکمە گرانەکان و شەهید و چەند هەڤاڵێکی دیکەمان لەحوکمە سوکەکان، لەبەشی حوکمە تایبەتییەکان کۆکردینەوە، کە ژمارەی ئەوانەی لەسەر پرسی کورد گیرابوون لەم بەشەدا دوو هەزار کەس دەبوون، لەو کۆکردنەوەیە دیسان بەندە ئەو بەختەی دەبێ لەگەڵ شەهید جەمیل دەکەوینەوە یەک هۆل، بەناوی ق٢، دواتریش دەبینە (سفرداش) ئەمە دەستەواژەیەکی زیندانە بەو کەسانە دەگوترێ کە بەیەکەوە نانوشیو دەخۆن.

ئەم بەیەکەوەبوونە، ماوەی ساڵ و نیوێکی خایەند، ئەم ماوەیەشمان لەگەڵ شەهید ڕینجبەر هەر بە وانەوتنەوە بردەسەر، بەڕاستی کە دەڵێن زیندان قوتابخانەیە، بۆ ئێمە قوتابخانەیەکی فرە بەسوود بوو. لەهۆڵەکەی خۆمان ڕۆژانە دەمانتوانی بچینە ناو ئەو گۆرەپانە بچووکەی کە هەموو هۆڵەکان هەیانبوو، بەیانیان دوای ژماردنمان و نانخواردن دەکەوتینە سەر بەزمی خۆمان، لەژوورەکەشدا بەنۆرە هەر ڕۆژەی یەکێک دەبووە ئێشکگری ژوور. ساڵ و نیوێک بەیەکەوە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دیکەدا، بەو جۆشوخرۆشەوە، دوور لەخەم و پەشیمانی کاتەکانی زیندانمان بەسەردەبرد.

**“ شەهید بۆ هەموو ڕووداوەکان پێشبینیی خۆی هەبوو، کە دەقاودەق دەهاتنەجێ ”**

شەهید جەمیل ڕەنجبەر، نەک هەر بۆ ئێمە، بەڵکوو بۆ زۆربەی ئەوانەش کە لەو هۆڵەدا بوون سەرچاوەی ورە و خۆپێگەیاندن بوو.

لەسەروبەندی هێنانەخواری (ئەحمەد حەسەن بەکر) لەسەر دەسەڵات و هاتنی سەدام بۆ سەر لوتکەی دەسەڵات، ڕۆژێکیان من خەریکی ئامادەکردنی خواردنی ئێوارە بووم، لەدواوە دەستێک کەوتە سەرشانم، کە سەیرم کرد (مامۆستا جەمیل)ە بەئاماژە گوتی: وەرە، ئێواران لەگۆڕەپانی هۆڵەکە تەلەفزیۆنێکیان بۆ دادەنایین، کاتێک بەدوایدا چووم، گوتی: ئەوە لەکورتەی دەنگوباسدا، سەدام قسەیەکی کردووە، من دڵم خەبەر دەدات، گوتم چی گوتووە مامۆستا؟ گوتی: گوێبگرە، ئێستا بەدرێژی هەواڵەکە باس دەکا، هەواڵەکە دەڵێ: سەدام بەهۆی گرتنەدەستی دەسەڵات، بڕیاری داوە دەرفەتێک بەوانە بدات کە هەڵەیەکیان کردووە، تابەخۆیاندا بچنەوە. منیش گوتم: جائەمە چییە؟! گوتی: چۆن لێبوردن دەردەکا! ئەو بۆهەموو ڕووداوەکان پێشبینیی خۆی هەبوو، کە دەقاودەق دەهاتنەجێ. ئەوەبوو هەردوای چەند ڕۆژێک بڕیاری لێبوردن بۆ زیندانیان دەرچوو، ئێمە و زیاتر لەچوار هەزار زیندانی حوکمدراوی کورد ئازادکراین.

دوای دەرچوونمان لەزیندان، چەند جارێکی دیکە بەکورتی چاوم پێدەکەوت، بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکان هەندێک سەرە هەواڵی بەگشتی دەگوتن کە دواتر دەبوونە ڕووداوی گرنگ. ڕۆژێکیان دوارۆژەکانی ساڵی ١٩٧٩ بوو، لەمەسیفەوە دەچوومە هەولێر، لەتەرمینالەکەی مەسیف کە دەکەوتە تەنیشت بارەگای قایمقامیەتی قەزای هەولێر، لەتەکسی دابەزیم لەشۆستەکە پەڕیمەوە لەبەر دەرگای سەرتاشخانەی هادی، پاسێکی (مەسلەحە)ی ناوشارم بینی بەرەو ڕووم دەهات، منیش هەر بەسودفە سەرم هەڵبڕی بینیم یەکێک لەپەنجەرەکەوە زۆر بەگەرمی ئاماژەم بۆ دەکا، کە لێی وردبوومەوە بینیم شەهید جەمیل ڕەنجبەرە. من سڵاوم لێی وەرگرتەوە، ئەو بەئاماژە گوتی بووەستە دێمەخوار. منیش پشتم دایە دیوارەکە و بۆی وەستام، پاسەکە لەبەردەمی نەخۆشخانەی کۆماری بەشی فریاکەوتن وەستا. مامۆستا جەمیلی لێدابەزی، بۆ لای من هات، منیش زۆر بەدڵخۆشی پێشوازیم لێیکرد. دوای چاکووچۆنی گوتی: مژدەیەکی خۆش! گوتم: چیبووە مامۆستا؟ هەردەبێ هەواڵی برادەران بێ؟.

گوتی: ئەوە سەرکردایەتی بڕیاریدا هەموو ئەوانەی لەزیندان ئازادکراون، دووبارە پەیوەندی بکەنەوە، تۆش لەئامادەباشیدابە، هەڤاڵێک دێتە لات. گوتم: جا هەرخۆت بمبینە، بۆ بەکەسێکی دیکەم دەناسێنی؟ گوتی: ترست نەبێ، ئەو کەسە لای تۆش جێی متمانەیە، ئەو باشت دەناسێ، تۆش بەهەمان شێوە! گوتم ئەی خۆت!؟ گوتی: خۆم ئەمە دوادیدارمان دەبێ، من و چەند هەڤاڵێک دەبێ بچینە دەرەوە، ئێوە لەشار وریای خۆتان بن، ئێمەش پەنا بەخوا و جەماوەر و ئێوە، هەم ئاگامان لەیەک دەبێ، هەم بتوانین لەئەرکەکانمان بەردەوام و سەرکەوتوو بین.

ئەمە دوا بینین و دوادیدارمان بوو، ئیدی جارێکی دی نەمدیتەوە.



# من و شەهید جەمیل ڕەنجبەر



زیرەک کەمال

ئێوارەیەکی پایزی ساڵی (١٩٨٠) لەسەر سەکۆی دیوەخانی باوکم (کەمال بەگی وەری) دانیشتبووین، هەر لەوێدا باوکم چەند مەترێک لەمن دوورتر دانیشتبوو لەناکاو پۆلێک پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەدەروازەی قەبرستانی گوند کە پێی دەگوترا چاکی گەورە بەدیارکەوتن و یەکسەر ڕویان لەدیوەخان کرد، باوکیشم لەگەڵ کەیفی بەگی کاکم بەو پەڕی گەرم و گوڕیەوە بەخێرهاتنیان کردن و بەڕێزەوە و بە فەرموو فەرموو بەرەو ژووری دیوەخان بردیانن، دواتر لەو پۆلە پێشمەرگەیە کە یەکێکیان شەهیدی نەمر جەمیل ڕەنجبەر بوو، دووانەکەی دیکەش مامۆستا بەکر موستەفا و شێخ سولەیمان بالیسانی بوون، ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بۆماوەی سێ ڕۆژ لەماڵی ئێمە مانەوە، شەوانە لەگەڵ باوکم دەکەوتنە گفتوگۆ و باسی ڕەوشی سیاسی و چەندین پرس و بابەتی دیکەیان دەکرد، هەروەها دواتر هەموویان بوونە هاوڕێ و برادەری گیانی بە گیانی کەمال بەگی باوکم و هەردوو برام کەیفی بەگ و ئیسماعیل بەگ، ئەوەبوو باوکم و شەهید جەمیل ڕەنجبەر پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت لەنێوانیان دروستبوو بۆیەش هەرکاتێ پێشمەرگەی یەکێتی بهاتبانە گوندەکەی ئێمە باوکم هەواڵی دیارنەبوونی شەهید جەمیل ڕەنجبەری لێدەپرسین و دواتریش پێی دەگووتن: بە مامۆستا جەمیل بڵێن بۆ دیار نییە و بیری دەکەم.

ئەوکات من تەمەنم ١٤ ساڵ بوو، واتە لەهەرەتی لاوێتی دابووم، لەو سەروبەندەش وابوو کە کادیرەکانی یەکێتی بەتایبەتی کادیرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هاوڕێیەتی و برادەرایەتیان لەگەڵ خەڵکانی لەتەمەنی مندا دەکرد و بیروباوەڕ و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەیان بۆ باس دەکردن، بۆیەش مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر بەردەوام قسەی بۆ دەکردم و لەهەوڵی ئەوە دابوو بمخاتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی کۆمەڵە و فیکری مارکسی چونکە شەهید جەمیل ڕەنجبەر جگە لەو جارە چەندین جاریدی هاتە ماڵی ئێمە و دواتریش لەگەڵ کەیفی بەگی کاکم و کاکە ئیسماعیلی برام بووبوونە هاوڕێی گیانی بە گیانی.

دوای ئەوە هەرجارێک مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر دەهاتە ماڵمان نامیلکەیەک، گۆڤارێک یاخود ئەدەبیاتێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەدامێ و بەردەوامیش هانی دەدام کە خەریکی خوێندن و خوێندنەوەبم، دوای ئەوە ئەگەرچی تازە گەنج بووم بەباشی لەدونیای سیاسەت تێنەدەگەیشتم بەڵام خۆشەویستی مامۆستایان جەمیل ڕەنجبەر و مامۆستا بەکر موستەفا و مامۆستا کاوە و شێخ سلێمان و شەهید شاخەوان و هاوڕێ کاوە وایان لێکردم کە بکەومە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی یەکێتی بەگشتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەتایبەتی، دەتوانم بڵێم تاڕادیەکی زۆر بووم بە کۆمەڵە.

ڕۆژێکیان لەگەڵ مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر دوو قوڵی پیاسەیەکمان کرد بۆسەر قەبرستانی گوند و منیش ڕاشکاوانە پێمگوت: دەمەوێ لەگەڵ ئێوەدا ببم بە پێشمەرگە، بەڵام مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر یەکسەر پێیگوتم: تۆ جارێ ماوتە و پێویستە خەریکی خوێندنەکەت بی، چونکە هەم بەری ساڵ دوورودرێژە و هەم شۆڕشی کوردستانیش درێژخایەن دەبێت، دڵنیابە بەشی تۆش دەکات بۆیە جارێ بیر لەپێشمەرگایەتی مەکەوە، بەڵکوو ئەوەی ئێستا لەسەرشانی تۆیە تەواوکردنی خوێندنە، ئەگەر هەر حەزیش دەکەی تێکەڵاوی سیاسەت و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردبێت لەڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کاربکە.

ماوەیەک مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر دیارنەما و هیچ سۆراغێکمان نەدەزانی، بەداخەوە دواتر لەدەنگی شۆڕشی عێراق کە ئێزگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو هەواڵی شەهیدبوونی مامۆستا جەمیل ڕەنجبەرمان بیست، ئەوەبوو من و باوکم و براکانم و سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەمان بۆی گریاین و لەماڵی ئێمە بوو بە پرسە.

دیارە مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر شایەنی ئەوەیە زۆری لەسەر بنووسرێ و بگووترێ چونکە ئەو خەباتگێر بوو، پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیر و نوسەربوو، خزمەتێکی گەورەی بە کورد و کوردستان کرد، بۆ مێژووش دەڵێم مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر و مامۆستا بەکر موستەفا و شێخ سلێمان و مامۆستا کاوە و ژمارەیەک کادیری دی کۆمەڵە کاریگەریەکی زۆریان لەسەر من هەبوو، ئەوان ڕوانین و جیهانبینی منیان بۆ ژیان گۆڕی بۆیەش تا ماوم قەرزارباریانم، سڵاو لە گیانی پاکی ماموسا جەمیل ڕەنجبەر و سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی کورد و کوردستان.

> **"ئەوان ڕوانین و جیهانبینی منیان بۆ ژیان گۆڕی، بۆیە تا ماوم قەرزباریانم"**



# جەمیل ڕەنجبەر ...
# ٤٨ ڕۆژ لەبەردەم لێکۆڵینەوەدا

گۆڕەپانێکی چیمەنتۆڕێژ، زۆر ئەفەندیلۆکە هاتووچۆیان بوو، هەندێکیان پۆزاوی دەمانچە لەژێر چاکەتی سەرێکیان جوولەی دیار بوو. لەپڕ کراسەکەمیان لەبەر دادڕی هەویە و پارەکەیان لێ دەرکرد و چاویان پێ بەستمەوە. دوو شەپی بەلەزەتیشیان پیاکێشام و ناویان پرسیم:

– ناوت جەمیلە؟

بەڵێ ناوم جەمیلە.

وتی: ئەوە تۆ چوار دینار و نیوت لای ئێمەیە، ئەگەر بە ساغی دەرچوویت دەتدەینەوە.

قەفێکیتری کەلەبچەی دەستمیان توندتر کرد و یاساوڵەکەی ئاسایش چەند جوێنێکی دا و بردمیە ژورێکی وا هەر زیڕەی خەڵک دەهات لەبەر شەق و تێهەڵدان، هەروەها مێزە ئاسنینە گەورەکانیان بەسەر عەردی ژوورا دەخشاند و قڕە قڕ و گرمەگرمی تەمێکی ترسناکی داڕشتبووە شوێنەکە.

یەکێ هات ناوی پرسیم و دیار بوو لەوانەبوو کە پێی سپێردرابوو لەمن و چەند کەسێکیتر بکۆڵێتەوە.

وتی: ناوت چییە؟

+ ناوم جەمیل ڕەنجبەرە.

**“ وتی: ئەوە تۆ چوار دینار و نیوت لای ئێمەیە، ئەگەر بە ساغی دەرچوویت دەتدەینەوە ”**

_ بۆ گیراوی؟

+ خۆتان دەزانن.

_ وەرن ئەو سەگبابە بۆ ئەوێ ببەن.

بردمیانە دەرەوە ناو هاتوچووی بازاڕی ئیشکەرانی دەزگای ئاسایش خۆی بوو. دەستمیان کردەوە و ئینجا هەر دەستێکمیان بە کەلەبچە بەلایەکی شیشی پەنجەرەکەوە کرد و بە جۆرێ بستێ مابوو پێم بگاتە سەر عەردەکە.

یەکەم: ئەو کوڕانە گەوادن. قەد نابنەوە پیاو.

دووەم: ئیستا هەموومان دەیگێین.

سێیەم: (بەدەم تێپەڕینەوە) با سۆندە و فەلاقەکە بهێنم، ئینجا من خۆم چاری دەکەم.

منیش بێ ئەوەی بەچاو کەس ببینم، سەرم زۆر توند بەستراوەتەوە چاوە بەستراوەکانم وەختە شەق بەرن. باڵە هەڵواسراوەکانم خوێنی تیا سەرناکەوێت و وەکوو تۆقەبازنێکی دڕندە چەقیوەتە ناو زەنگەی دەستم. ئەمەو لەماوەی شەو و ڕۆژێکا سەدەها زللەی شۆڤێنیو مرۆڤ نەویستانەم پێدەکەوت، لێوە وشک بووەکانیشم بەئاستەم هەناسەی پێش مردنی لێ دەردەچێت و کە بەمجۆرە لەهۆش خۆ دەچووم ئینجا جاربەجار پەنجەی ڕق دڵۆپەی ئاوی مانونەمانی دەهاویشتە سەر لێوە وشکەکانم. ئەوەی ساغ مابێت لە لەش تەنها دێنەمۆی ئاگاییم بوو. دەمزانی خەریکی چین و بۆ وام لێدەکەن.

لەپڕ تەقوهۆڕی قۆندەرە هات و کاشیە چیمەنتۆیە هەرچی بوو (عەرد) لەبەر کۆمەڵێ پێی زریکەکەرا مۆزیقای مرۆڤ کوشتنیان پێک هێنابوو. دیاربوو (سید ساعد) گەورەیەک بوو هەموو شتی بەدەست بوو:

وتی: ناوت چییە؟

+ پێم نەکرا وەڵامی بدەمەوە

وتی: بیکەنەوە، جارێ با نەمرێت.

(شلپ کەوتمە عەرد) و هەرچەند هەڵگێڕ و وەرگێڕیان کردم تا درەنگ قۆڵ و بازووم نەکەوتەوە کار، ڕایان کێشام بەخشەخش، تا بەرپێی هاتووچۆکەران چۆڵ کەم. تا دەیەم ڕۆژ حاڵم ئەمە بوو، لەهرۆژی دەیەمدا بردمیانە ژوورێ و چاویان کردمەوە.

دوو ئەفسەری ئاسایش، بە گوێرەی قسەکانیان دیار بوو،

یەکێکیتریش کە سێیەمیان بوو، کە بە (سید المساعد) بانگ کرا، کە تێگەیشتەی ئەوان بوو لەپشت مێزێکی ئاسنا دانیشتبوو دەمانچەیەکی گەورەی بە ڕووتی بەسواری بەدەستی سوار کردبوو. دەسکە خاکەنازێک و سۆندەیەکی قیرۆپاچ و گوریسێکی نایلۆنی ئەستوور لەگۆشەیەک دانرابوو. لەنێو خۆیان جگەرەی بیانیان دەدایە یەکتری بەدەم گاڵتەوە سێیەمیان تەلەفۆنی دەکرد:

هەلاو.. بەسەری تۆ ئەگەر دەعوەتێکی زۆر گەورە نەکەیت و ئەوەی پێشم وتی نەبێت (فلان) بەرنابێت، چوونکە خۆی قسەی لەسەر خۆی کردووە...!

ئێ، دەزانم خزمی ژنەکەتە، ئەوەش دەزانم ئەوە سێزدە ڕۆژە کابرا گیراوە، تۆش سێزدە ڕۆژ (بێ گانی) نا، نا، ئینشاڵڵا تا تۆ ئەم نیعمەتەت لەکیس نەچێت بەری دەدەین، بەڵام جارێ هەراسانمان لێ هەڵمەگرن (تەلەفۆن دانرا)

مساعد: بەخێر بێیت..

+ اهلا

– ناوت جەمیل ساڵح نازناوت «ڕەنجبەر» ە.. ها... وایە.

+ بەڵێ.

– ئەگەر مرۆڤ کارێکی خراپ بکات پێویستە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت (نقه نایەت) جا گرنگ ئەوە نییە مرۆڤ هەڵە نەکات، گرنگ ئەوەیە کە هەڵەی کرد ئەگەر ڕاستی نەکردەوە پێویستی بەسزادانە.

+ مەبەستتان لەکام هەڵەیە، کام ڕاستکردنەوەیە و کام سزادان.

بۆچی...

– چاک دەزانین، وێنەی (م)ی نیشاندام، ئەم کوڕە دەناسیت..

+ نا، نایناسم.

– چۆن ئەوە (م. هـ)ە لێپرسراوتانە لەڕێکخراوی (ک.م.ک. هـ هـ) دا.

+ نەخێر، شتی وانازانم.

–نەک هەر «م. هـ»...«م.ز» و «ن.ر» ش دانیان پیاناوە کە تۆ ئەندامێکی کۆنی ئەو ڕێکخراوەیت، بەڵکوو لەدامەزرێنەرانی ساڵی حەفتا و دواتری و ئێستایش ئەندامێکی سەرکردایەتی و لێپسراوی ڕۆشنبیریت لەهەرێما.

+ نەخێر وانییە. ئێوە بۆشتم بۆ دروست دەکەن.

–ڕاوەستە.. دە گوێ لەم شریتەی «م. هـ» بگرە:



ڕەنجبەر بەر لەشەهیدبوونی بە ماوەیەکی کەم

+ شریتەکە: جەمیل ڕەنجبەر کوڕێکی سوور و سپی جوانکیلەیە، مامۆستایە لەمێرگەسوور منالێکی هەیە ناوی (هەرەوەز) ە زۆر قسەی




خۆشە فێربووە بە ئینگلیزی قسەمان لەگەڵ دەکات و زۆرجار هاتوچووی ماڵیانم کردووە و کۆبوونەوەم لەگەڵ کردووە. ژنەکەیشی خوێندەوار و مامۆستایە.

– باشە ئەوە وەسفی خۆی، قابیلیەتی چۆنە.

+ شریتەکە (م. هـ): کوڕێکی زمان لووس و زۆرزانە زۆر قووڵ بۆتەوە لەبیری (م.ل)یتی و خۆیی و جەعفەر و عەلی لەهەولێر لەگەڵ کاکە حەمە لەدوای ساڵی ١٩٧٩ دەستیان بەدروستکردنی ڕێکخستن و تێگەیاندنی خەڵک کردووە، بەتایبەتی جەمیل ڕەنجبەر سومعەیەکی سیاسی و ئەدەبی گەورەی هەیە لەناو هەموو خەڵکەکە و بەتایبەت لەلایەن سەرکردایەتی جووڵانەوەکە.

– باشە لەڕێکخستن چی دەکرد



لەگەڵتانا؟

+ م. هـ : لەم دواییە زۆر لە کادرە (م.ل)ەکانی ڕێکخراوەکە خۆیان کێشایەوە بۆ ئەوەی بۆ دوارۆژ بەکەڵک بێن بەتایبەتی ئەوانەی لەڕێکخستنا خاوەن تاقیمانە و بڕواقایم و قاڵبوون، جا یەکێ لەوانە جەمیل ڕەنجبەرە، دەیەوێت هەندێ خۆی بکێشێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشا لێپرسراوی فعلی لیژنەی ڕۆشنبیرییە لەهەرێمی ئێمەدا و نیازوابوو ببێتە ئەندامی ڕۆشنبیریی سەرکردایەتی گشتی.

– باشە لیژنەی ڕۆشنبیری کێی لەگەڵە؟

+ م. هـ : لەسەرەتاوە پێک هاتبوو لە (ع. ص) و (ن.ر) و (م. هـ) خۆم لەسەرویانەوە جەمیل ڕەنجبەر، ئەوە بوو زۆر لێکۆڵینەوەمان نووسیەوە چوونکە جەمیل دەستی ئەدەبی بەهێزە هەمووی هەر ئەو بڵاوکراوەکانی دەنوسییەوە.

– باشە ڕێکخستنی تری نییە؟

+ م. هـ : هەندێ کەسی لایە بەڵام ناوەکانی نازانین، چونکە لەم دواییە نهێنی خۆی لێمان دەشارێتەوە. هەتا نازانین باری جووڵانەوەکانی لەچدایە، وەک وابێ دان بە ئێمەدا نەنێت کە هەرێمین و نیازی ڕەنگە (تکتل) ی هەبێت.

– لێرەدا تەسجیلەکەیان کوژاندەوە.

کابرا وتی: خۆ تێگەیشتی و چاک گوێت لێ بوو.

+ بەڵام هیچی وانییە.

– دەتۆ بڕۆ دیوی تری ژوورەکە و لەکونی کلیلەکەوە سەیرکە ئێستا (م. هـ) دەهێنن چۆن باست دەکات. هێنایان، بێئەوەی بزانێت من گوێم گرتووە.

+ م. هـ : سڵاو...

– دانیشتوانی ئاسایش: سڵاو کاک (م)، تەندروستیت چۆن بوو. دانیشە. ئێی.. ئەوە بەریشت دەدەین و ناردوومانە کتێبەکانیشت لەماڵ بۆبێت، خۆ بیجامە و شتەکانت پێگەیشت؟

+ م. هـ : بەڵێ، زۆر سوپاستان دەکەم، وامەزانی ئاسایش وەکوو فاشی دەجووڵێنەوە، بەڵام لەگەڵ منا وانین.

– باشە، ئەوە جەمیل دەڵێ: قسەکانی مەولود وانییە و ناشیناسم.

+ م. هـ : لەگۆڕەپانی دادگای هەولێر بەهۆی (ع.ص) یەکترمان ناسی و هەر لەوێش بڕیاری دروستکردنی لیژنەی ڕۆشنبیریمان دا، ئەوە بوو (ع) ڕایکرد و تەنها ئێمە ماینەوە. جەمیل زۆر ڕەق و توند بوو لەگەڵ ئەوانەی خاو و خلیسک بوون بۆ نموونە لەم دواییەدا بڕوای وابوو (ن.ر) دەرکەین، دەیوت بە کەڵکی کاری شۆڕشگێڕانە نایەت. ئەگەر بەقسەی منیش بڕوا ناکەن ئەوە لە (ن.ر) و (م. زەنگەنە) بپرسن.

– دەتوانی بەرەوڕوویان ببیت..!

+ ناوەڵڵا ناخۆشە (بردیانە دەرەوە)

کابرایەکی دانپیانەر کە حزمەتی یاساوڵ بکات و هەموو شتێکیان پێ بڵێت هەڵبەت لەگەڵی نەرم دەبن تا قسەکانی لێوەرگرن و تا تەمایان پێی هەیە.

– ئەفسەرە یاساوڵەکە وتی:

– ها ئێستا خۆیشت دیتت بڕوات نەکرد.

+ نەخێر نایناسم و هەرچی دەڵێت درۆیە.

– باشە ئەگەر ئیفادەی (ن.ر)ت بۆ بخوێنینەوە، وای تیا هەبوو چی دەڵێیت؟

ئیفادەی (ن.ر): زۆرجار هاتووچۆی ماڵی جەمیل ڕەنجبەرم کردووە بەتایبەتی لەبەر زۆر ئیش و خوێندنەوە و باسکردن کە هەر لەماڵیان دەماینەوە، جارێ لەجاران دۆڵمەشمان خواردوە و لەگەڵ کچەکەی بە ئینگلیزی قسەمان کردووە و (هەرەوەز) گۆرانی بۆ وتووین جاربەجار ژنەکەیشی لەگەڵمان دادەنیشت، بەڵام بۆ کۆبوونەوە نەبوو. یەکێ لەجارەکان باسی قۆناغی دەرەبەگیمان کرد و باسی ئەوەی کرد کە ئایین کۆڵەکەی یاسای ئەم قۆناغەیە و زۆر هێرشی بردە سەر... هەوڵی دەدا منی پێ ئیقناع بکات و لەم دوادواییەش منی بەدڵ نەبوو. دووریان خستمەوە لەلیژنەی ڕۆشنبیری.

ئەم ئیفادەیە ئەوەندەی کە باسی منی تێدابوو بەم جۆرە خوێندرایەوە. ئینجا هەر وتم: وا نییە.

بردمیان بەستمیانەوە و ڕووتیان کردمەوە. جارناجاریش لەژێر پێیان دەدام تا شل و کوت دەبووم. لەنێوان دوو کەس بە چاو بەستراوەیی بەڵام دەنگەکانیانم دەناسییەوە یەکەمیان عوسمان بوو دووەمیان (ن.ر) دەمبیست کە عوسمان دەیگوت: دایکتان دەگێم تۆڵەتان هەر لێدەکەمەوە، خۆ ڕۆژمان هەر لێ دادێت. پتر لێیان دەدا.

دەمبیست (ن.ر) دەیوت بژی حزبی بەعسی عەرەبی، بە خوای هیچم نەکردووە، هەرچی بوو خۆم پێم وتن. بەخوا هێشتا ئاسایش (ئەمن) قەرزارمە زۆرم بۆ وتووە هەر لێیان دەدا. بابە لەمەودوا

**“ حکوم دراین و دوای چەند ڕۆژێک نێردراینە بەندیخانەی (ثقیلە) لە ئەبوغریب دوای چەند مانگێک زۆربەی حوکمە کەمەکانیان ناردە بەندیخانەی (خفیفە) ”**

لەحەوشی ئاسایش خێوەتێ هەڵدەدەم و تابڕوام پێ بکەن کە (ن.ر) حەقی لەهیچ، ئەملا و ئەولا نییە.

منیش لەداخی هەر دوو قسەکانی (عوسمان) و (ن.ڕ) چەند داهێزرابووم یەکجار دڵم دەگوشراو خۆم پێ نەگیرا.

وتم: عوسە.. ئەو قسانە زیادن، پترت لێدەدەن.

کوڕ نووره گو، مەبەستم (ن.ر) بوو، ئەم میچکە میچکە و مەرابیە چییە ملی زۆر کەست شکاندووە و دەشتەوێ ڕزگارت بیت. شەرم لەخۆت بکە ئێستە ببیە ئەوانیش بڕوات هەر پێ ناکەن. یاساولی ئاسایشەکان. دایان گرتم بەشەق و تێهەڵدان وتیان: ئەوە قسەیان فێر دەکەیت، سەگی سەگباب چ کارت بە ناو کرێکاری پیس و چەپەڵەوە هەیە؟ تۆی مامۆستا و باوەشێ دینار وەردەگریت. چۆن بێزت هات تۆی ئەفەندی تێکەڵی ڕێکخستنی کرێکاران ببیت! دە عافییەتت بێت، دە بیخۆ.

لێرەوە هەموو شتێ ناڵێم کە لەگەڵیان کردم و چیان پێوتم. تەنیا ئەوەندە دەڵێم: مردنم سەد قات لا خۆشتر بوو.

تا بەیانی ئێوارەکەی هاتمەوە سەرخۆ بەهەمان شێوەی تایبەتی بردمیانەوە ژووری مساعد و ئەفسەرانی ئاسایش وتیان: ها چیت وت؟ دان پیانانێیت، دەنا دەتکوژین.

+ دان بە چیدا بنێم! خۆ هیچی وانییە، جارێ هەرچی ڕێکخستنە هەر لەمن دوورە. بەڵام ئەوەی بەڵابێت بەسەرمەوە ئارەزووە ئەدەبییەکەیە و وەک ئەدیبێک دەورێکی بیرگۆڕینەوەی زۆرم بینیوە لەگەڵ ئەوانەی بیانناسم، یا نەیانناسم، چونکە زانیوومە کە ماوەی دیموکراتییەت و جیاوازی ڕا و هەڵگری بیر هەیە لە دەوڵەتێکی وەک عێراقدا، بۆیە ڕەنگە زۆر قسە لەوانە، ڕێی بچێتی بەڵام چۆن؟

جارێ با چەند شتێکتان پێ بڵێم:

١- (ع.ص) کاتی خۆی برادەرێکی کۆنە پارتیم بووە. زۆرجار پیاسەشمان بەیەکەوە کردووە و چاکیش دەیناسم. بەڵام ماوەی زۆرە نەمدیوە.

٢- هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ (ج.ع) و کاکە حەمەم و ئەوانیتر کە ناویان دەڵێین نییە، تەنها پێش شەڕی ئاشبەتاڵەکە ئەوان لەکۆڕە ئەدەبییەکانا زۆر مناقشەیان دەکرد و بەمجۆرە مەرحەبای پەیدا کرد.

٣ – (م. هـ) ڕەنگە ئەو من بناسێت، ئەم دەم و چاوە لەبەر ئارەزووە ئەدەبییەکەم ڕەنگە بەیەکەوەش دانیشتبین و وتووێژی ئەدەبیمان کردبێت و خۆشتان دەزانن ئەدەب زۆرجار دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسیش.

٤- (ن.ر) ڕاستە لە منالییەوە بەیەکەوە قوتابی بووین و تا ئێستایش برادەرێتیمان هەر هەبووە، پیاسەشمان بەیەکەوە کردووە، ڕەنگە خۆیشی حەزی لە ئەدەب بێ، دەڵێی بپرسن ئەگەر بەڕێکەوت نەبووبێ، کەی ئێمە بەتایبەت دانیشتووین؟

٥ – (م. زەنگەنە) لەکوێ و من لەکوێ؟! دە وەڵڵا بڕوا ناکەم دیبێتم، دەبێت شتێکتان پێ بڵێم: من توانا ئەدەبییەکەم وایکردووە لەزۆر مەجالا دەربکەوم، خەڵک زۆر دەمناسن. ڕەنگە زۆر کەسیش لەلای خۆیەوە بەراوردی کردبێت کەمن کۆنەپەرەست نیم و جۆرئەت شکێنم و جۆرئەتیشم هەیە لەقسەکردن. بڕواشم بە (م.ل) یّتی هەیە. بەلای کاک (م. هـ) و (ن.ر) و هەتا خەڵکی تریش. هەتا ئێوەش لاتان وایە من شتێک هەر هەمە و دەبێ لەڕێکخستنێک بم. نا خۆ تاوان نییە خەڵک بێ لایەن بێت و لەهیچ ڕێکخستنێکدا نەبێت، ئەی گەر وانەبێت دیموکراتییەت لەکوێیە؟!

لەلایەکی تریش ڕەنگە ئەم دانپێنانەرانە خۆیان شتێک بووبن و من نەمزانیبێت و هەوڵیان دابێت برادەرێتیم لەگەڵ دروست بکەن. یان بەهێزی بکەن بەڵکە ڕێکم دەخەن، چوونکە سیاسەتی کادرانی ڕێکخستن شێوەی چوونە ناو خەڵکیان زۆرە.


مساعد وتی: ئەی پەیوەندیت بەم ناوە چییە؟ (هووشمەند و ح.ن عەزیز و ئەرسەلان، ج. تاڵەبانی، عەلیکۆ. ن. عومەر. م، س. نەوشیر). وتم: هووشمەند بەر لەساڵانی ١٩٧٠ و لەساڵی ١٩٧٤ لەبەر ئەوەی جێگەی ژیانی ناخۆش بوو، لەچۆمان لەبەر ئەوەی هەر منی ناسیوە چەند جارێک لەلامان ماوەتەوە.

مساعد: لەگەڵ کێی تریش ئەژیایت؟

وتم: تەنها برادەرایەتێکمان لەگەڵ ئەرسەلان هەبوو، بەس بۆ ماوەیەکی کەم.

مساعد: چیتان دەوت؟

وتم: کەس نەیدەتوانی ئەم واقعیە تاڵە بشارێتەوە کە جووڵانەوەکە پەیوەندی بە ئیمپریالیزم هەبوو. چەک و سەربازی ئێران و ئەمەریکی بەئاشکرا هەست پێدەکرا. ڕەنگە باسی ئەم مەسەلە سیاسییە پڕمەترسییەشمان کردبێت، وەک نان و ئاو خواردن، نەک وەکوو ڕێکخستن. خۆ ئەگەر وەک ڕێکخستنیش بێت بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش هەرچی لەپێش ١٩٧٥ کرابێت



> ڕەنگە ئەم دانپێنانەرانە خۆیان شتێک بووبن و من نەمزانیبێت و هەوڵیان دابێت برادەرێتیم لەگەڵ دروست بکەن.



بوردراون، بۆیە لەوە ناترسم بەڵام ئەو ڕاستییەش هەر دەڵێم ئەوساتیش پەیوەندیمان پەیوەندی ڕێکخستن نەبووە.

مساعد: ئەی دوایە.

وتم: بەمدوایە حەمید تەسلیمی حکومەت بووە و پەیوەندیشم لەگەڵ ئەرسەلان نەما و لەگەڵ ماڵەوە چووینە ئۆردوگاکانی ئێران، وەک مامۆستایەکی کەمدەست چاوەڕێی کاتمان دەکرد ئەو ناوانەی تریش ناوت هێنان پەیوەندیەکم پێیانەوە نییە و ناشیان ناسم. تەنها (ج.ت) ناویم بیستووە.

مساعد: ئێ، تۆ ئەگەر بیروڕات (م.ل) بێت بۆ شیوعی نەبوویت؟

وتم: توانای ڕێکخستنم نییە و نەبووە.

مساعد: تۆ (م.ل) بیت و کۆمۆنیست نەبیت لەگەڵ جەماعەتی جەلال تاڵەبانی نەبیت کە (ک.م.ل)ـین دەبێ ڕێکخستنێکی تربیت.

وتم: نەخێر.

مساعد: بۆ نەبوویتە حزبی بەعس؟

وتم: حزبێکی عەرەبییە و منیش کوردم.

مساعد: زۆر کورد بووینە بەعسی.. تۆ لەوان پتری؟

وتم: درۆم پێ لەگەڵ خۆم ناکرێت.

دوای ئەوەی گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە من بڕوام بە (م.ل) هەیە و دیارە لەئەنجامی ئەم بڕوایەم ویستوومە یەکێتی بکرێت لە نێوان (م.ل)ەکان. وەک جەماعەتی (م. هـ) و هەستیشم بە ڕێکخستن کردووە وەک تەرەفێکی سیاسی پێیانم زانیوە و خەبەری میریشم نەداوە، ئەم بەوانە کردنەم بە مەیل و پەیوەندی دەژمێردرێت.

**"ڕووتیان کردمەوە. جارناجاریش لەژێر پێیان دەدام تا شل و کوت دەبووم"**

دوو شەو لەسەریەک تا درەنگ بانگیان دەکردم و پرسیاریان لێ دەکردم لەهەموو ڕوویەکەوە وەکوو:

١- بیروڕام بەرامبەر حزبەکانی ناوخۆ.

٢- حزبی بەعس و بیروڕاکانی.

٣- بەرامبەر (ئینتخابات)ی میری و ئەنجومەنی یاسادان و کار و ڕاپەڕاندن بە ناوی ئۆتۆنۆمی.

٤- پرسیار لەبارەی کەسانی کوردی عێراق.

٥- پرسیار لەبارەی باری وڵاتان و ناکۆکی وڵاتە سۆشیالیستەکان چین و ڕووسیا.

٦- لەبارەی مەسەلەی فەلەستین.

٧- ئەوانەی دژی بەعسن.

٨- خەلفیەی سیاسی، واتە ڕابردووی سیاسیم چی بووە.

٩- بیروڕام بەرامبەر (م. هـ) کە ئیعترافی لەسەرم کردووە پێش هەموویان.

١٠- بەم دوایە بۆ نەبوویمە هیچ حیزب و ڕێکخستنێک.

١١- ئەو مامۆستایانەی برادەرتن کێن.

١٢- براکانت ناویان چییە و کاریان چییە.

١٣- یەکگرتنی عەرەب.

١٤- حکومەت چی بکات خەڵک دوژمنایەتی ناکات.

کۆمەڵێ پرسیاری تر لەبارەی (م.ل) و ئایین و بیروڕاکانی حزبی بەعس و شێوەی ڕەفتاریان لەگەڵمانا.

چەند ڕۆژێکی پێنەچوو هەڵبەت تا ٢٧ ڕۆژ لەئاسایشی باکوور لەهەولێر بەمجۆرە ڕووداوانە کە هەرە کورتەکانییەتی ئینجا ئێمە لەگەڵ هەشت نۆ دە کەس کە هەندێکیانم دەناسی، بەیەکەوە بردمانیانە دادگای تایبەتی سەربازی کەرکوک. لەوێش بیست و دوو ڕۆژ ماینەوە و دراینە دادگا.

بەفەقەرەی برگەی ( **ادانه المتهم جميل صالح عزيز. مدرسه ميرگه سوور لميله و تعاونه الى ايه منظمه او جبهه تخريبيه معاديه لنظام الحكم. حكمت عليهه الحكمه خمس سنوات وشهر استنادا الى ماده ٢٠٤ من قانون العقوبات فى الجمهوريه العراقيه).**

وەک بیرم مابێت بەم جۆرەی سەرەوە حکوم دراین و دوای چەند ڕۆژێک نێردراینە بەندیخانەی (ثقیلە) لە ئەبوغریب دوای چەند مانگێک زۆربەی حوکمە کەمەکانیان ناردە بەندیخانەی (خفیفە) لە ئەبوغریب، واتە حوکمەکانمان خەفیفە لە ٣٠/١٠/١٩٧٨ نزیکەی بیست کەسێکمانیان بردە (موقف العام) لەوێ ماینەوە تا ڕۆژی ١٦/٨/١٩٧٩ واتە ئەم بڕیارەی کە پێی دەرچووین.

لەڕۆژی ١٤ی ٥نیسانی ١٩٧٧ گیرام

ڕۆژی ٣٠/٧/١٩٧٧ لەدادگا دراین.

لە ڕۆژی ١٩/٨/١٩٧٩ بەرەڵا کراین.

واتە ٤٨ ڕۆژ لەژێر لێکۆڵینەوە بووین و دوو ساڵ و سێ مانگ و چوار ڕۆژ لەبەندیخانە ماینەوە.


**سەرچاوە:**

دیوانی جەمیل ڕەنجبەر

ساڵی چاپ: ٢٠٠٧

ل٤٣٠-٤٤٣



# لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێنا

١
ئای بۆ وشەی زمانزانی دەروونی ڕۆژ
چۆن گ
گوللە بۆ سینگی دوژمن... وا دەتەقێ
ئای بۆ بیری پێشمەرگەی لات
لە قەد پاڵی هەموو کێوێک
لە سەر لاشە و خوێن دەچەقێ
ئای بۆ دایکی گەرووی ئازار
کە بە مەمکی بابە گوڕگوڕ...
لە ژێر گڕی سینگی تۆڵە
ڕۆڵەکانی گۆش دەکردن
زامە سارێژنەبووەکانی... پاپیرانی
بەفرچکی رزگاری (خۆی) ئۆش دەکردن
٢
بۆ تووڕەیی...
دەرگەم لەساڵی حەفتاویەک بە دڵ داخست
پێچکەی ناڵەی سیمفۆنی ژین
چاوی ساڵی نوێی هەڵێنا... بەزەبری مست
دوێنێ... پێرێ،
کۆمارێکمان لە دایک بوو بەرگتان نەکرد
کە لێیان داین...
لە پێناوی قامی دیلی، وەک پێویست بوو
دەنگتان نەکرد
٣
بە تووڕەیی...
پەردەی شانۆی زامی چاوم، هەڵدایەوە
قژی خۆریش...
بەهێمنی بۆسەر سینگی خۆشەویستم، رژایەوە
چونکە پێرێ...
ئارەقەی دیلیمان نەسڕی
هەر دۆشاومان بۆ بن گونی خۆمان دەکرێ
چونکە دوێنێ...
مافمان خورا... خۆمان کڕ کرد
هەر گیرفانی خۆمان پڕ کرد
٤
دەستی خەمی...
پێشڕەوی ناو بوورەکانی خوێن... بە تووڕەیی
پەتی مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆی، توند گرێدان.
گڕی ئاسۆ.
بۆ پێکانی شەوی شۆڕش والەرێدا
چونکە تاپار... تا ئەمڕۆکەش...
لەپردی پەیمانی چەورا، هاتین بەغار
هیچمان نەینا.
نە بۆ برسی، نە بۆ هەژار
٥
-آ-
شیعرەکانم، خوێن و گڕن
وەک دایکێکی، کۆرپە ونبوون
بۆ پەلاماری پەیامێ... هار و دڕن
دە گوێ بگرن، لەهۆنراوە، لەشیعری نوێ
خۆ گەر شیعرم بەرتیل بوایە، گوێتان دەگرت!
دەمی بیری گیان مردووتان...
وەک پارووێەک قووتی دەدا.
ئەگەر شیعرم تۆی شەڕ بوایە... گوێتان دەگرت
دەستی ڕەشی زامی دوورتان...
لە کێڵگەی برایەتی گەلا... زوو توێ دەدا
-ب-
ئەگەر شیعرم، قابیل بوایە بەژێردەستی
گوێتان دەگرت
خوێن و زامی گڕپە، دوێنێ...



بەبار داخی پێ دەخواردن
ئەگەر شیعرم دانسی شۆخی ئاهەنگ بوایە
گوێتان دەگرت
بلیتێکی گران بایی...
سەدان دینار، زۆر قوربانی پێ دەژماردن
-ج-
ئەگەر شیعرم سامان بوایە، گوێتان دەگرت
سایلۆی نیازی چاوی برسی
خێرا دان و پارە و خوێنیان، هەڵدەمژی
یا گەر شیعرم دیلی زۆرداریتان بوایە
لەپردی زەبری دیوەخان
بۆ بیستنی، هەر وشەیەک
چەندین بەندەتان دەکوژی
-د-
شیعرەکان...
گۆرانییەکی بیری نوێیە
پارووی دەمی زگی، برسیی کوردی پێیە
شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەک دایکێکی، کۆرپە ونبوو
بۆ پەلاماری پەیامێ... هارد دڕن
بۆیە ئەگەر...
بڵێین ئێمە...
بڵێین ئێمە، لەشیعرەکانت بێبەرین
لێتان ناگرم...
دەرەبەگن، بۆرجوازین
ترسەنۆکن، بەگشت جۆرە ژینێ رازین
دیارە دڵتان، چاوتان، بیرتان
هێشتا فێری هۆنراوەم نین

١٩٧١/١٢/٢٨

* بەبۆنەی یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی لەکەرکوک نووسراوە، کەچی لیژنەی میهرەجان ترسنۆکانە، ماوەی خوێندنەوەیان نەدا.

* یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی لە ژمارە (٢) نووسەری نوێی ساڵی ١٩٧٢ کە لقی هەولیری یەکیتی نووسەرانی کورد دەری دەکرد وتارێکی بەناوونیشانی (لکە زەیتون لەگێژاوی خویندا و چەند سەرنجیکی رەخنەیی) لەلاپەرە ٢٤-٤١ ئەو گۆڤارە بلاو کردۆتەوە



# کۆچی زاوایەکی نامۆ

پێشکەشە بە:
«جەمیل ڕەنجبەری شاعیر و شەهید»

**جەوهەر کرمانج ١٩٨٠**

کێ پێ ی وتی بەم وەرزە بەفرانبارەدا
رەشماڵی رەوەندیت بەرەو
مەنزڵێکی ئەوەندە دوورە پێچیەوە
کی پێ ی وتی..
لەم چەرخە ناهەموارەدا
وەک دێوانەیەکی نامۆ
پشت بکەیتە ئاوەدانی و
بۆهەمیشە نەیەیتەوە
خۆ.. تۆ وەکو هەڵۆیەکی هەواردیدە
لەسەر لوتکەی بەرز نەبا نەدەنیشتی
وەک کۆچەرێکی گەریدە
لەم وڵاتە سەر بەتەمە گەورە ببووی
ڕەنجبەرێکی چاوقایم بووی
چ ئاغایێ ..
ئەم هەوارەی پێ جێ هێشتی
بۆ رۆیشتی..؟
نەڕۆیشتبای
ئاخر تازە منداڵەکان
زمانی ئاگر فێر دەبن
تازە خەریکن لە گورزو
تۆبزی دوژمن تێردەبن
نەرۆیشتبای
ئاخر سبەی گەر بەزمانێکی ڕەوان
لە گەورەکانیان بپرسن:
- ئەرێ دایە
- ئەرێ بابە
مامۆستا گەورەکانمان کوان..؟
کوانێ ئەو مامۆستا جوانەی
هەموو رۆژێ بەخەندەوە
لە سەرەتای، گوتنەوەی وانە بەوانەی
پێ دەوتین:
+ منداڵینە..
مەتەڵێکتان بۆ دەبێژم
ئەوەی بزانێ هەڵبێنێ
دیارە شایستەی چەپڵەیی زۆر بەتینە
(وڵاتێکی گەورە هەیە
هەتا چاوبڕدەکات دەشت و
کانیاوی چاو بە گریانە
لە هەر چوار دەوری سنوری
دیوارێکی ئەستور هەیە
هەزار ساڵە..
کوڵنگ وبێڵی لێ دەدرێ
ناڕۆخێ و هەر ..
دیوارە کۆنەی جارانە
چیای بەرز بەرزی تیایە
رەزی تیایە
بەڵام ئەوەی داخی دڵی دانیشتوانە
وەتەی ئەم وڵاتە هەیە
بێ ئاڵایە..
بێ فەرمانڕەوا و سوڵتانە)
دەی بزانم..
چ کیژە رەند و ئازایێ
چ کوڕ خاسێ
ئەم وڵاتە زنجیر لەپێ یە دەناسێ..؟
- من مامۆستا





– مامۆستا مامۆستا..مامۆستا..
+ کچم (هەریاد)
دەی کچی خۆم زۆر ئاسانە
– مامۆستا ئەوەی تۆ فەرموت
هەبێ ونەبێ کوردستانە
+ کوردستانە
گەربپرسن..
دەبێ وەڵامی رەوانیان بدەینەوە
پێ یان بڵێین
مەپرسن مامۆستا بۆچی
بەجێ ی هێشتین
بۆکام هەوار بوو کۆچی
باهەوڵ دەین سبەی تۆڵەی بەکەینەوە



* * *
هەڵۆیەکی بەرزە فڕبووی
لەسەر لووتکەی بەرز نەبا نەدەنیشتی
لەم وڵاتە سەربەتەمە گەورە ببووی
چ ئاغایێ ئەم هەوارەی پێ جێ هێشتی
بۆ رۆیشتی..؟
تازە هەتاو گەرم دەبێ و
تەم تومانی خەو راو دەنێ
تازە کۆرپەی چەک پێ دەگرێ و
بەرەو بەهارێکی خەملیو هەنگاو دەنێ
کوڕە زاوا بووک رەبەنە
مەڕۆ با شل نەبێ چاوی،
دەلالی پانی بەخەنە
(هەواڵی ماینێ زاوای سوورە)
(دەلاڵێ زاوا رێگای دوورە)
(هەواڵێ کۆچی زاوای شینە)
(دەلالێ کوڕ ماڵی خەڵکینە)
(دەلالێ کوڕ هەر قوربانینە)
هەڵۆیەکی بەرزە فڕ بووی
لەسەر لوتکەی بەرز نەبا نەدنیشتی
لەم وڵاتە سەر بەتەمە گەورە ببووی
ڕەنجبەرێکی چاوقایم بووی
چ ئاغایێ ئەم هەوارەی پێ جێ هێشتی
بۆ رۆیشتی..؟
ئاخە سبەی
نۆبەتی رنینی رەزە
سبەینێ نورەی بڕینی
قۆناغێکی درێژترە
(هەرەوەزە)
توخوا مامۆستا وەرەوە
ئەمجارەیان..
وانەی مێژووی قارەمانیت
بەمنداڵە هەژارەکان بدەرەوە

**سەرچاوە: ژمارە (٥) گۆڤاری نووسەری کوردستان، ئابی ١٩٨٢)**

چەپکێك گوڵی سوور

بۆچلەی

شاعیرو پێشمەرگەی کورد

مامۆستا

# جەمیل رەنجبەری


شەهید

١٩٨٠/١٢/٢٨

# لە چلەی قەڵەمێکی شەهید



**نەوزاد عەلی ئەحمەد**



بۆ شەهید رەنجبەر
لە سەر جادەکانی شاردا،
ئاشقت بووم
کەچی تۆ گوڵە کێوی بووی
چیاکانت بە دوادا گەڕام
تۆ چۆڵەکەی بەر ماڵان بوویت و،
لە دڵی هەژارەکاندا لانەت دەکرد
ئێوارە بوو
تفەنگەکەی دەکردە شانی و
هێدی.... هێدی بەرەو خوار
هەنگاوی دەنا
گوللە لە سینەی پێشمەرگە درا
لە ناو پارچە خوێنە گوڵ پشکوت
لە بەرەی سێی (کۆمەڵە) درا
خۆشناو



چەپکێك گوڵی سوور
بۆچلەی
شاعیرو پێشمەرگەی کورد
مامۆستا
جەمیل رەنجبەری
شەهید
١٩٨٠/١٢/٢٨

تەنیا چل رۆژ بەسەر شەهیدکردنی شاعیر و نووسەری شەهید جەمیل ڕەنجبەر تێپەڕی بوو، هاوڕێیانی شەهید لەشاخدا کۆمەڵێک بەرهەمیان لەژێر ئەم ناونیشانەدا «چەپکێک گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری شەهید ١٩٨٠/١٢/٢٨» چاپ و بڵاوکردەوە، نامیلکەکە بریتییە لە(٦٩) لاپەڕە، لەقەبارەی کتێبی گیرفاندایە، وەک حاجی مەمۆ بۆی باسکردم، ڕەحمەتی: یاسین ڕەسول بابەتەکانی تایپکرد و ڕەحمەتی: ئەبوبەکر خۆشناو هەم دیزانیکرد و هەم ناونیشانی بابەتەکانی بەخەتە جوانەکەی نووسی و لەچاپخانەی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکرا، ئەم بابەتانە لەدووتوێی نامیلکەکەن:

– وشەیەک، بە ئیمزای «بنکەی نووسەری پێشمەرگە» بۆم ساغبۆوە ئەم نووسینە حاجی مەمۆ واتە «عەباس محەمەد حسێن» نووسیویەتی.

– نامەیەک لەکوردستانی ئێرانەوە بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر، نووسینی: ص. مهتدی. واتە «سولاحەددینی موهتەدی»

– یادنامەی شەهید، نووسینی: هەوراز، واتە «حاجی مەمۆ- عەباس محەمەد حسێن»

– کاک جەمیل، نووسینی: ە. کوێستانی، واتە «هەڤاڵ کوێستانی»

– هوزان و شورەش و شەهید جەمیل ڕەنجبەر، نووسینی: هیڤی، ڕەنگە ئەم ناوە «خەسرەو بادینی» بێت.

– جەمیل ڕەنجبەر تەنیا شاعیر نەبوو! نووسینی: شێخ عەلی، واتە «خولە کەشکۆڵ»

– چۆن رازەکانم بدرکێنم؟ نووسینی: ئەرسۆ، واتە «ئەرسەلان بایز»

– بۆ شەهید ڕەنجبەر، نووسینی: ف. ج، واتە «فازیل جاف»

– ئەڤینا خوین و ئاخێ، نووسینی: هشیار، واتە «هشیار عابد»

– مامۆستا جەمیل ڕەنجبەریش شەهید بوو، نووسینی: حاجی مەمۆ، واتە «عەباس محەمەد حسێن»

– بۆ شەهید ڕەنجبەر، نووسینی: خۆشناو، واتە «ئەبوبەکر خۆشناو» ئەم شیعرە لەسەر بەرگی دواوەی نامیلکەکە داندراوە.

چەند ناوێک لەنووسەرانی بابەتەکان بە هاوکاری حاجی مەمۆ ساغکراونەتەوە.

بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، لەباری ڕێنووس و خاڵبەندی و شێوازی داڕشتندا دەقاودەق نووسراونەتەوە، تەنیا سەر و بۆر بۆ چەند وشەیەک زیادکراوە، ئەویش بۆ باشتر گەیاندنی واتای وشەکانە، چونکە لەزۆربەی ئەدەبیاتی چاپکراوی شاخدا نیشانەی حەوت لەسەر (ۆ) و (ێ) دانەندراوە.

بۆ بەرز ڕاگرتنی گیانی پێشمەرگەیەکی شەهید، کە لەپێناوی نیشتمان و گەلەکەیدا شەهید بوو، هەروەها لەبواری نووسینیش، بەتایبەتیش شیعردا، قەڵەمێکی دیاری کایەی ئەدەبیمانە، جارێکی دی ئەم نامیلکەیە لێرەدا پێشکەش دەکەم، کە دڵنیام وەک بەڵگەیەکی دانسقە توێژەر و شارەزایانی بواری ئەدەب و ژیانی حزبایەتی سوودی لێ دەبینن.

**ستۆکهۆڵم**
**٢٠٢٢/١/١**

# چەپکێک گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری شەهید ١٩٨٠/١٢/٢٨

**وشەیەک**

ئەم چەند نووسینە لە دەرونی ئەو نوسەر و هاوڕێ یانەی شەهید هەڵقوڵاون، کە چەند ڕۆژەک بەر لەم چل دانە ڕۆژە، پێکەوە نەخشەی سەرهەڵدانی یەکێتی ی نوسەرانیان دەکێشا، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم نوسینانە بکەینە نامیلکەیەک و وەک چەپکە گوڵێکی سوری ڕێگای دوری خەبات و کوڵنەدانی ئەدیب و نوسەرە پێشمەرگەکان، لە چلەی شەهیدبونی شاعیر و پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری نەمر بکەینە بەرۆکی خاکوخۆڵی سەر لاشەی نێژراوی شەهید.

هەر لەم دەفتەرەدا بەڵێن بە گیانی پێشمەرگە و شاعیری پێشکەوتنخوازی نەمر دەدەین کە لە ڕۆژی سەرکەوتن چەندان سیمینار و ڤیستیفالی ئەدەبی لەژێر ناوی ئەوەوە سازبدەین و ڕۆژی شەهیدبونی بکەین بە ڕۆژی شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کوردی کۆڵنەدەر و هەموو ساڵێک یادی بکەینەوە

بەڵێن بە گیانی ئەم شەهیدە قارەمانە دەدەین، کەوا درێژە بە خەبات و کۆشش و گیانبازی خۆمان بدەین لەژێر سێبەری ئەو ڕێبازەی کە خۆی لەپێناویدا شەهید بوو، لەسەر هاتنە مەیدانی کۆڕی گەرمی یەکێتی ی نوسەرانی کوردستانی ناو کورەی شۆڕش و تێکۆشان سورتربین.

سڵاوی شۆڕش و پێشمەرگە و نوسەرە شۆڕشگێڕەکان بۆ گیانی پاکی باوکی هەرەوەز و هەریار و بوێر.

**«بنکەی نوسەری پێشمەرگە»**

# نامەیەک لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر

«مەلەک شان» دێ یەکە لە ناوچەی سنە، بە فارسی پێ ی دەڵێن «ملک شاه». «جەلالەدینی مەلەک شان» یا وەک فارسی دەنوسن «جەلال الدین ملک شاه»، شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کوردە کە بە فارسی شیعر دەڵێ و بە کوردستان هەڵدەڵێ.

جەلالەدین لە شیعرێکا ڕوو دەکاتە پێشمەرگە:

من بە شیعرەکەم شەڕ ئەکەم!<br>
هەر وشەیەک ئەکەمە گوللە و لە دڵی<br>
ڕەشی دوژمنی هەڵدەکەم!<br>
تۆ بە تفەنگەکەت بیکە!<br>
هەڤاڵ پێشمەرگە!

شەهید جەمیل ڕەنجبەر ئەو دوو ئینسانەی لە یەک شوێن، لە یەک لەش کۆکردبوەوە:

شاعیر و پێشمەرگە!<br>
بە هەردوک چەک شەڕی ئەکرد:<br>
شیعر و تفەنگ!<br>
با مێژونوسان بنوسن!

ئابەم چەشنە بوو کە شیعر لە دیوەخانی حاکم و میرەکان هاتەدەر، لە کۆشک و تەلاری سەوداکەر و سەرمایەدارەکانیش هاتەدەر، لە دانشگا و دایەرەی ڕوناکبیران و خوێندەوارانیش هاتەدەر، چوە ناو کارگە، بوو بە کوتەک کەوتە دەست کرێکار!

چوە ناو مەزرا، بوو بە داس کەوتە دەست فەلاح!

چوە ناو سەنگەر، بوبە تفەنگ کەوتە دەست پێشمەرگە!

با مێژونوسان بنوسن:

ئا بەم چەشنە بوو کە شاعیر خۆی بوو بە شیعر! وێژرا، نوسرا، لەبەرکرا.

ڕون و ڕەوان، گورج و گشت، گەرم و گوڕ، سوار و سور!

با مێژونوسان بنوسن:

ئا بەم چەشنە بوو کە دوو هونەر بۆ هەمیشە و هەتا هەتا لەیەک جیابونەوە:

یەکەم:<br>
هونەری بەرەنگاری و بەگژاچون!<br>
هونەری گەشە و گۆڕان!

دووهەم:<br>
هونەری دانەواندن و دامرکان!<br>
هونەری گەڕانەوە و کتمان!

جەمیل ڕەنجبەر نوێنەر و ڕابەرە، شەهید و شاهیدە بۆ هونەری یەکەم.

جا با هەموو هەرزەوێژانی شاری خامۆشان، زارشر و زمان درێژ، قالونچەی ناو قاموسی خیانەت، وتە و وشەی لیک و لوس کۆکەنەوە تا بیکەن بە ملوێنکە و ملکەچی پێ برازێننەوە!

* برایان! تکایە ئەم نوسراوەم لەباتی سەرەخۆشی لێ وەربگرن و بیدەن بە هەموو ڕەفیقان و بنەماڵەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر.

براتان

**ص. مهتدی**<br>
**١٣٥٩/٩/٩**

# یادنامەی شەهید



> **"کاک جەمیل لە ژیانی ناو خوێندکاراندا، لەگەڵ زیرەکی و گورج و گۆڵیەوە، تا بڵێ ی رەوشت بەرز و دەست پاک و راستگۆ و جوامێر و چاونەترس بوو"**

ناو: جەمیل صالح عزیز گۆران

لە ساڵی ١٩٤٧ لە پارێزگای (هەولێر) لە دایک بوە.

خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سۆرانی کوڕان و ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی کۆماری لە شاری هەولێر تەواو کردوە، دەرچوی قوتابخانەی ئامادەکردنی مامۆستایانی هەولێر بوو.

ئەم برادەرە نەمرە کوڕی خێزانێکی کوردپەروەر و خاوەن قوربانی و دڵسۆز و کاسبکاری شاری هەولێر بوو، لە سەرەتای شەستەکانەوە هاتۆتە کۆڕی خەبات کردنەوە، هەروەک ئەوەی فرچکی بە کوردایەتی یەوە گرتبێ، لەم مەیدانەدا سەری هەڵبڕیوە و لەناو باوەشی کۆشش و ماندوبون و شەونخونی و هەزار و یەک دەردەسەری پێ گەیشتوە و بۆتە شۆڕەسوارێکی چاونەترسی گۆڕەپانی خەباتکردن.

لە ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٢) ەوە لەگەڵ شەهیدی نەمر، برادەر و دۆست و هاوڕێ ی یەکتر بوین، زۆر چاکم دێتەوەبیر، هەردوکمان قوتابی قوتابخانەی ناوەندی کۆماری بوین، ئەم برایە یەکێک بوو لە خوێندکارە زیرەک و چالاکەکانی قوتابخانەکە، لەناو ریزەکانی یەکێتی ی قوتابیانی کوردستاندان، زۆر دیار و گورج و گۆڵ بوو، بەشداری هەموو جموجۆڵێکی خوێندکارانی دەکرد، لەروی وەرزشەوە یاریزانێکی چاکی تۆپێن بوو.

کاک جەمیل بە گورج و گۆڵی و زیرەکی خۆی بە زۆربەی قوتابیانی شارەکە ناساندبوو.. رۆژ لە دوای رۆژ کاتی خۆی زیاتر دەخستە رێ ی رێکخستنی قوتابیان و راپەراندنی کاروباری رێکخستنەوە، بەجۆرێک لەم تەمەنە بچوکەدا گەیشتبوە پلەی ئەندامانی لێپرسراوی یەکێتی ی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی سێیەمی خوێندنی ناوەندیەوەش لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتبوە جموجۆڵ.

دوای ئەوەی ناوبراو خوێندنی ناوەندی بە سەرکەوتویی تەواوکرد، چوە قوتابخانەی ئامادەکردنی ئامادەکردنی مامۆستایان و لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠)دا بە مامۆستای سەرەتایی دەرچوو. لەم قۆناغەی خوێندندا، کاک جەمیل لە جاران زیاتر هاتبوە کۆڕی تێکۆشانەوە، لەو ساڵانەدا لێپرسراوی لقی (ی. ق. ک)ی پارێزگای هەولێر بوو، ئەندامی سکرتاریەتی سەرکردایەتی ئەم یەکێتی یە بوو، لە چەندان کۆنفرانس و کۆنگرەی قوتابیان لە ناوەوەی وڵات بەشداری کردوە. هەروەها لەم ماوەیەدا ئەندامێکی پێشکەوتوی پارتی دیموکراتی کوردستان- مەکتەبی سیاسی- بوو، بە هەمان شێوە لەم ساڵانەدا دەنگوڕەنگی یەکێتی ی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی کاک جەمیل و چەندان لاوی تر لەناو ریزی لاوەکانی هەولێر دامەزراوە و گەشەی کردوە.

بەڵێ ئەم خێزانە کوردپەروەر و سەرفرازەی مامۆستا جەمیل (لە ساڵی ١٩٦٨یشدا) کوڕێکی تریان لە بەرگی پێشمەرگەی رێگای خەبات کردنی چەکدارانەوە بە کورد و کوردستان بەخشیوە، بۆیە شەهیدبونی ئەم مامۆستایە، شەهیدبونی ئەم پێشمەرگەیە، کوژانەوەی دووەم پشکۆی گەشی ئاگردانی ئەم خێزانە خۆڕاگر و نەبەزەیە، هەڵهاتنی دووەم ئەستێرەی بریقەداری ئەم دایک و باوکە قارەمانەیە لە ئاسمانی کوردستاندا.

کاک جەمیل لە ژیانی ناو خوێندکاراندا، لەگەڵ زیرەکی و گورج و گۆڵیەوە، تا بڵێ ی رەوشت بەرز و دەست پاک و راستگۆ و جوامێر و چاونەترس بوو، ئەم رۆژانەم قەد لەبیرناچێ کە شەهیدی نەمر لە سەختترین رۆژانی خەبات کردن و مەترسیترین زروفدا نکوڵی لە بەردەوام بونی لە خەباتکردن نەدەکرد و زۆربەی کۆبونەوەکانی رێکخستنی بەرە و دەشت و یاڵەکانی دەوروبەری شار بۆ کۆبونەوە کردن دەچوو، تا لەبەرچاوی دوژمنان بزر بێت، لەبیرمە لە رۆژانی یەکەمی ساڵی (١٩٦٧)دا، بەم رۆڵە نەمرەوە، چوار قوتابی بوین، رووومان لە چۆڵایی بوو، بەدەم رۆیشتنەوە خەریکی کۆبونەوە بوین، کە لە شار دور کەوتینەوە، دوو بەیاننامەی رێکخستنمان پێ بوو، لەسەر گردۆڵکەیەک لێ ی دانیشتین و کەوتینە خوێندنەوەیان، بەڵام لە پڕێکەوە سەیرمان کرد، ئۆتومبیلیکی جێب زۆر بە خێرایی روبەرومان دێ، کاک جەمیل لەناومان دەنگی هەڵبری و پێ ی گوتین، هەریەکەمان کتێبی سەعی کردنی خۆمان لەبەردەممان بکەینەوە و بەهیچ شێوەیەک خۆمان نەشێوێنین، خۆیشی بەپەلە بەیاننامەکانی خستە گلەکەی ژێر خۆیەوە و چوار مەشقی لەسەری دانیشت، کاتێک ئۆتۆمبیلەکە لێمان نزیک بوەوە، بۆمان دەرکەوت کە جاشەکانی هادی ئاغای خۆفرۆشن، جاشەکان لە ئۆتۆمبیلەکەیان هاتنە خوارەوە و لێمان نزیک بونەوە، ئێمەش هەموو لە شوێنی خۆمان راست بوینەوە و کتێبەکانمان لەسەر زەوی یەکە بەجێ هێشت، جاشەکان یەکسەر گوتیان، ئەوە لێرە چی دەکەن؟ چیتان لەژێر سەردایە؟ هاوڕێ ی نەمرمان وەڵامی دانەوە:- کاکە گیان ئێمە گشتمان قوتابی پۆلێکین و بەیانی تاقیکردنەوەمان هەیە و هاتوین لێرە، لەم دەشتەدا بەبێ دەنگی وانەکانمان بۆ یەکتری شەرح بکەین، ئەمجا سەرۆک جاشەکان فەرمانی دا هەمومان بپشکنن، بەڵام لەدوای ئەوەی هیچیان

دەست نەکەوت، سەرۆک جاشەکە ناوی هەر چوارمانی نوسی و هەڕەشەی ئەوەی لێ کردین، ئەگەر هەر شتێکی بۆ ساغ ببێتەوە لەسەرمان، یاخود لەو عەردوبانەدا توشی هەر بۆسەیەکی پێشمەرگە بین، ئەوە لەنێوچەوانی ئێمەیدا دەبینێ... دوای رۆیشتنی جاشەکان و دور کەوتنەوەیان، زۆربەمان رامان وابوو کە کۆبونەوەکە تەواو نەکەین و بەرەو ماڵەوە بگەڕێینەوە، بەڵام کاک جەمیل پێ ی داگرت لەسەرئەوەی دەبێ کۆبونەوەکەمان تەواوبکەین، ئاگاداری کردینەوە کە تێکۆشان بەبێ گرتن و تێهەڵدان و راونان و چاودێری و ناخۆشی نیە ئینجا هەمومان لەوە دڵنیابوین کە دەبێ کۆبونەوەکەمان درێژە پێ بدەین و ئەرکەکانی سەرشانمان بە چاکی دەست نیشان بکەین.

ئەم برادەرە جوامێرە دوای بوونی بە مامۆستا و بۆن کردنی موچەی مانگانە و کەوتنە ناو ژیانی فەرمانبەری میری، وەنەبێت ئیتر لێرەوە دەستی لە خەباتکردن هەڵگرتبێت، بەڵکو شۆڕشگێڕانەتر لە پێشوو کەوتەوە خەباتی سیاسی، لە خەبات و کۆشش و جولانەوە نەسلەمیەوە... زەبر و زەنگی دوژمنان نەبونەتە کۆسپ لەبەردەم رشت بونی لە تێکۆشاندا.

مامۆستای شەهید لەسەرەتای رۆژانی یەکەمی مامۆستایەتی یەوە، عاشقێکی هێجگار تینوی بیری پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕی هەڵقوڵاوی ناو ریزەکانی گەل بوو، لەم رۆژانەدا ئەم هاوڕێ یە نەمرە، زۆر بە گەرم و گوڕی روی کردبوە دراسەکردنی فەلسەفەی مارکسیزم- لینینیزم و وتار و نامیلکەکانی ئەبجەدیەتی ئەم تیۆرەی بە زوبانی زگماکی خۆمان بەناو برادەر و هاوڕێ کانی بڵاوەکردەوە، بۆیێ دەتوانم بێژم ئەم شەهیدە قارەمانە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و پێکەوەنانی بازنەکانی فەرهەنگی و خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن بە فەلسەفەی سۆشیالیستی زانستی یەکێک لەو چەند کەسە بە ژمارە کەمانەی شاری هەولێر بوو کە بە تەنگ ئەم ئاسۆیە نوێ یەی خەباتی فیکری یەوە بون لە کوردستاندا... ئەوەبوو لەگەڵ لەدایک بونی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا، هاوڕێ و برای نەمرمان لە لیستەی یەکەم هاوڕێ و هاوبیر و هاودەنگ و ریگای ئەم رێکخستنە شێوە نوێ یە سیاسی یە تازە چوزەرە دەرکردوەی کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بوو... هەر لەبەرئەوەش بوو، بورجوازی یە راستڕەوە بیرتەسکەکانی کورد کە هەموو کاتێک دوژمنی راستەوخۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم جۆرە بیر و رێکخستنە نوێ یەی چینی کرێکاری کورد بوون، ریگای ئەوەیان نەدەدا مامۆستا جەمیل لە ناوچەکانی نزیکی شارەوە بێت، بەڵکو هەر ساڵە و بە بیانویەکی پوچەوە بۆ شوێنێکی دورتریان هەڵدەدا، کەچی بە پێچەوانەوەی ئەوان کە وایان دەزانی بەم جۆرە ئوسلوبە نارەوایەیان، دەتوانن وا لە مامۆستا جەمیل و چەندان رۆڵەی تر بکەن کە واز لەم رێبازە فیکری یە نوێ یە بهێنن و ببنە دەسکەلای فیکری بورجوازیانەیان، مامۆستا جەمیل نەک هەر وازی نەهێنا و نەکەوتە پرتە و بۆڵەکردن بەوەی لە شار دورە، بەڵکو زۆر هۆشیارانە درێژەی بە خەباتی نهێنی خۆی دا و بگرە لەگەڵ دەست پێ کردنەوەی شەڕی ساڵی (٧٤)دا، کە لە راستیدا لەنێوان ریزەکانی گەلی کورد و رەگەزپەرستە فاشیەکانی بەغدا بوو، مامۆستای هێژا و نەمر شان بە شانی هاوڕێ یانی تری کۆمەڵە چوە ریزی شۆڕش و بە نهێنی یەوە خەریکی خەبات کردن و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵکی ناو شۆڕش و بڵاوکردنەوەی بیری کۆمەڵە بوو لەناو ئەم جەماوەرە راپەڕیوەدا.

مامۆستا جەمیل لە درێژایی ئەم ساڵەدا، وەک پێشمەرگەیەکی خاوەن بیر و باوەڕ، لە ناوچە رزگارکراوەکانی بەر دەسەلاتی ە. پ. ک، لە دەزگای راگەیاندنی رۆشنبیری و لاوان کاری دەکرد... لەم دەزگایەدا بە دەستپێشکەری و سەرپەرشتی ئەو چەندان بڵاوکراوە و چاپەمەنی لاوان بە چاپ گەیشت.

دیسانەوە مامۆستای بەرێز وەک هاوڕێ یەکی ملتزم بە بیر و رێبازی کۆمەڵە، دوابەدوای ئاشبەتاڵ کردن لە شۆڕش لە لایەن سەرکردایەتی خێڵەکی یەکەوە، یەکێک بوو لەو هاوڕێ یانەی کۆمەڵە کە ماڵ و منداڵەکانی رەوانەی ئەودیو کرد و خۆی وەک پێشمەرگەیەکی هۆشیار کردە هاوشانی ئەو پێشمەرگە و هاوڕێ یانەی کۆمەڵە کە بڕیاری درێژەپێدانی خەباتی چەکداریان دابوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی هەرەزۆری ئەو پێشمەرگە و لایەنانەی لەگەڵ کۆمەڵەدا نیازی دەست هەڵ نەگرتنیان هەبوو لە شۆڕشدا، لەبەر سێبەری هەڕەشەی چەتەکانی پاراستنی نۆکەرەکانی ساواک لە مەیدان کشانەوە و پاشەکشێ یان لە گفتوگۆکانیان کرد و کۆمەڵەش وەک رێکخراوێکی بەتەمەن ساوا و دەست کورت لە روی مادی یەوە لە ئاستی گرتنە ئەستۆی بە تەنیای درێژەپێدانی شۆڕش نەبوو، ئەم هیوایە لەناو لانکەوە خنکا و کۆمەڵە بڕیاری خەبات کردنی نهێنی لەناو شار و دێ یەکان دا، بۆئەوەی سەرلەنوێ کۆمەلانی خەڵک بۆ شۆڕشێکی نوێ ئامادە بکرێن.

"شان بە شانی هاوڕێ یانی تری کۆمەڵە چوە ریزی شۆڕش و بە نهێنی یەوە خەریکی خەبات کردن و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵکی ناو شۆڕش و بڵاوکردنەوەی بیری کۆمەڵە بوو"

ئەوەبوو هاورێیانی کۆمەڵە، هەموویان بۆ وڵات گەڕانەوە، دووبارە مامۆستا جەمیل دوای گەڕاندنەوەی بۆ سەرکارەکەی، بۆ دورترین دێی پارێزگای هەولێر گوێزرایەوە، بەڵام وەنەبێت دەست بەخۆداشۆربکاتەوە و پەیوەندی تەنزیم لەگەڵ هاوڕێ کانی بپرێت، بەڵکو بەسەدان کیلۆمەتری دەبڕی و لە کۆبونەوەکانی ئامادە دەبوو، ئەرکی سەرشانی خۆی بەرێک و پێکی جێ بە جێ دەکرد، تا ئەو رۆژەی لە ساڵی (١٩٧٦) دا بۆماوەی زیاتر لە ٣ مانگ لە لایەن فاشیستەکانەوە دەستگیرکرا، جەللادەکانی رژێمی شۆڤێنی عێراق هەموو جۆرە شێوەیەکی ئازار و جەزرەبەدانیان لەگەڵ دا بەکارهێنا، بەڵام لە ئەنجامی خۆڕاگرتن و کۆڵنەدان و دان بەخۆداگرتن و نەبەزیندا، دوژمنەکان نەیان توانی بەهیچ ناوێکەوە تاوانباری بکەن، بۆیە بەناچاری بەرەڵڵایان کرد و گەڕاندیانەوە سەر کارەکەی، تا لە نەکسەی مایسی ساڵی (١٩٧٧)دا



ئەم هاوڕێ یە نەمرە لەگەڵ دەیان هاوڕێ ی تری کۆمەڵە لە سنوری شاری هەولێردا گیرا و دووبارە خرایەوە بەر توندوتیژترین ئازاردان و فەلاقەکردنی جانەوەرانە، لە ئەنجامدا ئەم جارەیان لە دادگایەکی گاڵتەجاڕیدا شەش ساڵیان حوکم بەسەردا بڕی و لە عەفەواتی مانگی ئابی ساڵی (١٩٧٩)دا لەگەڵ بەندە سیاسی یەکان ئازاد کرا.

بەم ڕەنگە مامۆستا جەمیلی نەمر لەم ١٠ ساڵ و چەند مانگەی کۆتایی ژیانیدا، نمونەی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگە و هاوڕێ ی کۆمەڵە و خەبات کردن بوو.

لە خەباتی سیاسی نزیکەی ٢٠ ساڵـەدا، ئـەم شـەهیدە قارەمانە شان بە شانی ئەم هەموو کۆشش و هـەوڵدان و چـەرمەسـەری و گرتن و ڕاونـان و خۆشاردنەوە و پێشمەرگایەتی و ئـازاردانی زینـدانی بـەردەسـتـی بـەعسیە ڕاسترەوە فاشیستەکان، هەمیشە مەوزوعیانەتر لەسـەر ڕێچکەی خـەبات و کـۆڵ نـەدان بـە گورتر بـووە، دلێرانە هاتبوە مـەیدانی خەبات کردنەوە، بۆ بەڵگە دوای بەربونی لە زیندان پاش ماوەیەکی زۆر کـورت لـەسـەر داواکـردنـی ڕێکخستنی کـۆمـەڵە و پێویستی شـۆڕش بـەبێ یـەک و دووکـردن وەک پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە کە هەردەم لە تێکۆشان سل نەکاتەوە، داخوازییەکەی گرتە سـەرچاوان و هـاتـە ڕیـزی پێشـمـەرگـەی کوردستانەوە.

لەسـەرەتای ژیانی ناو شۆڕشی نـوێ دا، مامۆسـتـا جـەمـیـل لە دەزگـای ڕاگـەیـانـدن کـاری پێ سپێردرا و دوایی لەگەڵ هاوڕێ یە پێشمەرگەکانی لە هەرێمی ٨ دا، لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٨٠دا وەک کادیرێکی پێش کـەوتوی کۆمەڵە و کارگێڕی لقی چواری ی. ن. ک بەرەو ناوچەکانی دەشتی هەولێر کەوتە ڕێ.

بەڵێ بە درێژایی ئـەم ١٠ ساڵەی هاوڕێیەتی کۆمەڵە، ئـەم هـاوڕێ یە شەهیدە لـەناو هـاوڕێ کانیدا بـەرامـبـەر بـە ڕێـک خـسـتـن و لێپرسراوەکان نمونەی خوورەوشت

> **"تا دوارۆژەکانی ژیانی، شیعری لەلای زۆر خۆشەویست بوو، زنجیرەیەک هۆنراوە و کۆرپەی بەرهەمی باوەشی ساڵانی زیندان و پێشمەرگایەتی بۆ کورد و کوردستان بەجێ هێشتوە"**

بەرزی و گیانی هـاوڕێ یانەی پڕ لە قوربانی و گوێ ڕایەڵی کۆمەڵە بوو.

لەم ماوە کورتەی ژیانی پێشمەرگە و کادیر و لێپرسراویدا، ئەم هاوڕێ یە دیسانەوە جێگای پرس پێ کردن و ڕاوەرگرتن و شانازی پێوەکردن بوو، بە گیانی پڕ لە خۆماندوکردن و ماندونەبون و قوربانی یەوە، بە گیانی هاوکاری و بە پیرەوە چونی ئیش و ئازاری برا پێشمەرگەکانی بە دەست پێشکەری لە هەموو کار و شەرێکدا، ئەوپەڕی خۆشەویستی و ڕیزگرتن و شانازی پێ کردنی لە لایـەن پێشمەرگە و کـادیر و لێپرسراوەکانی تـری بـۆ خـۆی سازدابوو.

لـەم ڕۆژانـــەی نـاو پێشـمـەرگە و جـەمـاوەردا، هـاوڕێی نـەمر دوابەدوای هەموو دیدەنیەک چاکتر شوێنی خۆی لەناو دڵی جوتیارە هەژارەکاندا کردبووەوە، بە جۆرێک ناوی مامۆستا جەمیل ببوە وێردی سەر زمانی تێکرای جوتیارەکان، هـەموو جوتیارێکی پیر و گەنج (مامۆستا جەمیل)یان ناسی بوو... مامۆستا جەمیل خۆشەویستیان بوو... لەناو پێشمەرگە و هاوڕێ و کادیرەکانەوە وەک برا و هاوڕێ و دۆستێکی زۆر دێرین مامەڵەی لەگەڵ دەکـردن، بـە چـاوی بـرا و خزم و خۆشەویستی تایبەتی خۆی سـەیری هـەمـوو لایـەکـی دەکرد، دور بوو لە هەموو جۆرە ناز و فیزێکی لێپرسراوی خۆبەزل زانی و نازکردن بەسەر خەڵکدا.

ئـەم هـاوڕێ یە تێکۆشەرە لەگەڵ ئـەو هەموو دەردەسـەری و ژانی نـاو کـۆڕی خـەبـات کـردنـەوە، عاشقێکی زۆر بە جۆش و خرۆشی دونـیـای شیعر بـوو، عاشقێکی زۆر دڵتەڕ و ناسک و بەسۆزی ئەدەبیات و نوسینی کوردی بوو، لە سـەرەتـای تـەمەنی لاوێتیەوە بەهرەی شیعر و شیعر نوسینی هەبوو، وەک گەنجێکی هۆشیار و ئاسۆ فراوان بەشداری جولانەوەی کاروانی ئەدەبی نوێی کوردەواری کـردوە، لـەزۆربـەی ڕۆژنـامـە و گۆڤار و بڵاوکراوە و چاپەمەنی یە کوردی یەکاندا شیعر و وتاری

هەمـەرەنگەی بڵاوکـردۆتـەوە، لە ساڵی (١٩٦٩)دا یـەکـەم چەپکە هۆنراوەی لەژێر ناونیشانی (ڕاز و سکالا) چاپ کردوە.

ئـەدەب لـەلای مامۆستا جەمیل ڕەنگ دانەوەی بیر و هۆش بوو، لە شیعرەکانی ئەم دوایی یەی دا هەست و نەستی چینە ڕەش و ڕووتەکان سەرچاوەی شیعرەکانی بون، وشەکانی ئەم شاعیرە وەک گوللەی تفەنگی دەست پێشمەرگە بـۆ خـزمـەتـی گـەل و لـە دژی دوژمنە فاشیستەکانی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلەکەمان بوو.

هـەر لە سـەرەتـای دامـەزراندنی یەکێتی ی نوسـەرانی کـوردەوە ئـەم شاعیرە شەهیدە ئەندامێکی زۆر گـورج و گـۆڵ و خـاوەن بـەرهـەمـی ئـەدەبی بـوە، چەندان کۆڕ و کۆبونەوەی فراوانی ئەدەبی لە شـاری هـەولێر بۆ جـەماوەر سازداوە.

مامۆستا جەمیل تا دوارۆژەکانی ژیـانـی، شـیـعـری لـەلای زۆر خۆشـەویست بـوو، زنجیرەیەک هـۆنـراوە و کـۆرپـەی بـەرهـەمـی بـاوەشـی سـاڵانـی زیـنـدان و پـێشـمـەرگـایـەتـی بـۆ کـورد و کوردستان بەجێ هێشتوە.

وەک مـن لـەبیرم بێ، مامۆستا جـەمیل لـە سـاڵی (١٩٧٣) ژنی هێناوە و لەپاش شەهیدبونی چەند گوڵێکی وەنەوشە و جگەرگۆشەی هـەرەوەز و هەریار و بوێری بۆ هەڵمژینی ئاو و هـەوای ئازادی و سەربەخۆیی بە کورد و کوردستان سپاردوە.

بـەڵـێ ئـەم جـارەش دوژمـنـە دەوڵـەمـەنـدەکان توانیان شەرابی سـەرکـەوتـنی کـاتی یـان بـەسـەر خـوێـنـی سـوری جوامێرێکی تـری هـیـوای هـەژارەکـان نۆش بکـەن، ئـەمجارەش فاشیستەکان قورقوشم و گوللـەیان کردە گـەروی قارەمانێکی تری کورد... ئەم جارەش دوژمنەکان بۆیان کرا ڕەشپۆشی و پرسە و خامۆشی و بۆ باوکی بخەنەوە ناو ئاگردانی خێزانێکی کوردپەروەرەوە، بەڵام با چاک بزانن هـەتا کوردێکی

ئازادیخواز و پێشمەرگە و چەک بەدەستێک مابێت ئەوان خۆشی بەردەوام بە خۆیانەوە نابینن.

شەهیدبونی ئەم ئەدیبە شۆڕشگێڕە، کە یەکێک بوو لەو چەند دانە ئەدیب و نوسەرانەی کەوا بۆ جاری دووەمە بەئاشکرا لە ریزی شۆڕشدا لەپاڵ برا کرێکار و جوتیارە هەژار و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکاندا تفەنگی مەردایەتی لە شان دەکەن.

ئەم پێشمەرگە شاعیرە نەمرە، بۆ ئەوە بەتەنیا شاعیر و ئەدیب نەبوو کە کونجی قەناعەتی تایبەتی خۆی بگرێ و لە سێبەری خۆشی دابنیشی و بە خەڵاتی موچەی میری بحەسیتەوە و خەڵکی رەش و روتیش لەبەردەمیدا شەت و پەت بکرێن، بەڵکو بۆ ئەوە شاعیر و ئەدیب و رۆشنبیر بوو کە وەک هەموو پێشمەرگەیەکی راستەقینە بە نهێنی و ئاشکرا بەشداری بەرگری لە خاک و میللەتەکەی بکات، شەهیدبونی ئەم شاعیرە پێشمەرگەیە بۆ ئەوەبوو کە وەک هەموو پێشمەرگەیەکی تری گەل لەناو سەنگەری شەڕی مان و نەماندا بێت.

رژانی خوێنی بێ گەردی ئەم شاعیرە، تێکەڵ بونی خوێنی شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کورد بە خوێنی برا پێشمەرگە کرێکار و جوتیارە هەژارەکانی بەرگریکەر لە کوردستان، لە مێژوی خەباتی گەل و کۆمەڵدا خوێنی شەهیدان ئارام و ئیبراهیم عەزۆ و مامۆستا عەزیز و چەندان رۆشنبیری شۆڕشگێڕی ترمان بەبیر دێنێتەوە کە هەردەم ئەدیب و نوسەر و شاعیرە شۆڕشگێرەکانی هەڵگری بیری پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ، بە پێچەوانەی بۆچون و بیرکردنەوەی ژیان خۆشی و بەختەوەری تایبەتی و بورجوازیانە، لە پێشەوەی ریزەکانی خەباتی چەکدارانە و شۆڕشی نوێی گەلی کورددا دەبن.

ئەم شەهیدە قارەمانانە شان بە شانی قەڵەمە نەترس و خۆڕاگر و بەرگریکەرەکەیان لە چەوساوەی کورد، خۆشیان بەخوێنی سوریان بونە مەشخەڵ بۆ رەش و روتەکان سوتان، بەم قوربانیە گەورەیە ئەم شەهیدانە، دیاردەیەکی نوێ یان لە کاروانی قوربانی دانی ریزەکانی گەلەکەمان تۆمارکرد، لە سەنگەری دیفاع کردن لە لەناوبردنی گەلی کورد و وێران نەکردنی کوردستان ئەم هەقیقەتەی مێژوی گەلانی سەرکەوتوو دووپاتیان کردۆتەوە کە هەردەم دەبێ ئەدیب و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕە راستەقینەکانی بەرەی گەل بە خوێنی پاکیان بەشداری هەڵهێنانی ئاسۆی سەرکەوتن و ئازادی و بەختەوەری بۆ چینە زۆرلێکراو و زەحمەتکێشەکاندا بکەن.

ئیتر هەزاران سڵاوی ریز و نەوازش و سەرفرازی بۆ شەهیدی شاعیر و پێشمەرگە مامۆستا جەمیل رەنجبەر و ئارامی سەرکردە و رۆژنامەنوس و مامۆستا عەزیزی ئەدیب و رۆشنبیری شۆڕشگێڕ و تێکڕای خۆشەویست و دۆستانی نەمری و وشەی کوردی رەسەن.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی تێکرای شەهیدانی کاروانی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی چینی کرێکار و زەحمەتکێشەکانی کوردستان و گەلانی زۆرلێکراو.

**هەوراز**

**تۆژەڵە**

## ناميلكەی شەهيد

> **“ئەم شەهیدانە، دیاردەیەکی نوێ یان لە کاروانی قوربانی دانی ریزەکانی گەلەکەمان تۆمارکرد”**

# کاک جەمیل

> **زۆرجار ئەو شیعرانەی بۆ دەخوێندمەوە کە لە بەندیخانە نوسیبونی، هەر کە شیعرێکی نوێشی دەنوسی، خێرا بۆی دەخوێندمەوە**

١

دەمێک بوو، دەمزانی هاوڕێمە، بەڵام هێشتا نەمدیبوو، لەبەرئەوەی شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و راستگۆ بوو، لەبەرئەوەی هاوڕێم بوو... خۆشم دەویست.

٢

بۆ یەکەم جار لە سەنگەری خەباتا یەکترمان ناسی، کە ناسیم، گەلێ شاد بووم، چونکە زانیم لە خۆشەویستیەکەمدا بەهەڵەدا نەچووم.

٣

چەند مانگێک بەیەکەوە ژیاین، زۆرجار ئەو شیعرانەی بۆ دەخوێندمەوە کە لە بەندیخانە نوسیبونی، هەر کە شیعرێکی نوێشی دەنوسی، خێرا بۆی دەخوێندمەوە.
گەرچی لەمن خاوەنی تەمەن و تاقی کردنەوەیەکی شیعری پتر بوو، بەڵام حەزی بە سرنج و رەخنەی دروستکەرانە ئەکرد.

٤

ئەو رۆژەی بڕیاری، چونە ناوچەی دەشتی هەولێر درا، هەموو لەشی خۆشی لێ دەتکا، هەر ئەو رۆژە کەوتە کۆکردنەوەی بەیان و بڵاوکراوەی یەکێتی و کۆمەڵە، بیانبا و لەناو خەڵکی زەحمەتکێشی ئەوێدا بڵاویان کاتەوە.

٥

هەر کە پێشمەرگەیەکی ئەوێ دەهات هەواڵیم دەپرسی، هەواڵی ناوچەکەی بۆ دەناردم، بیرمە لە دوانامەیدا نوسیبوی بەختەوەرم، چونکە دەتوانم ئەوەندەی لە توانامدایە خۆم ماندو کەم ... چونکە خەڵکی خۆشیان دەوێم و خۆشم دەوێن.

٦

١٨-١١-١٩٨٠ بوو، هەموی سێ چوار رۆژ بوو لای ئێمە گەڕابونەوە لە ناوچەی پیرانانەوە بەرەو دەشتی هەولێر دەکشان.
لەپڕ دوو فرۆکەی فاشیستەکان، بڵاوەیان پێ کردن، کە فرۆکەکان بۆردومانیان تەواو کرد و گەڕانەوە، هاوڕێ کانی رایان کردە شوێنەکە و چەند بانگیان کرد، ئەو وەڵامی نەدانەوە، تومەس خەریکی ئەوەبوو بەردێکی تری نیشتمانەکەی بە خوێنی گەشی سور دەکرد و لەگەڵ (٧) هاوڕێی تریان سواری ئەسپی گەشتێکی ئەبەدی ببون.

**هـ . کوێستانی**

# هوزان و شورەش و شەهید جەمیل ڕەنجبەر



ئێڤارەکا درەنگ ڕۆژێ خو لپشت چیا ڤەشارت... ڕەنگە ژ بەر سەرمایێ یان ژ بەر پێشمەرگا دا هێرشا بکەن.. لسەر گرەکێ پان و لناڤ بەینا چیایێت بلندێت کوردستانێ پێشمەرگەکێ روی گەش... یێ پێچای برەخت و فیشەکا کلاشینکوف بملیڤە وەکی پەزکیڤی بو.. دگەل هندەک پێشمەرگا هاتە دەستێ مە و خاترا خو خاست و گوت:- «ڤێ جارێ بزڤرم دێ بدرێژا هی پێکڤە روینین و بەحسێ هوزان و تورێ کوردی کەین» و دەستێ من و هەڤالا هەژاند و سەرنشیف چو.. هەکە مروڤی (وێنەیەک) بو گرتبا دا دیار بت کو سەرێ وی بسەر چیا دکەت... و ئەسمان لبەراهیکێ سور ببو هەچکو دخوینێ وەرکری و هندەک هەورێت سپی لناڤ خوینا ئەسمانی بەلاڤبون ئەوجارا دیماهیکێ بو هوزانڤانێ کوردی شۆڕشگێر من دیتی...

شەڤەکی ژ شەڤێت کوردستانێ.. شەڤەکی نەوەکی چو شەڤا.. بایێ لکوردستانێ دگەریا دبو بەفر.. بەفرێ دڤیا بکەڤینە هناڤێت مە.. و خو دناڤ ئاگرێ سینگێ مەدا ڤەشێریت و بحەلێیت.. ئەم هەمی هەڤال لدورێت ئاگرەکی کوم ببوین و مە دەستێت خو دپەرخاندن ژ بەر سەرما شەڤێ .. بێ دەنگیەکێ خو د دور دەڤ و لیڤێت مە ئالاندبو و نەدڤیا ئەم باخڤین و ئاخڤین نەبون .. هەمی ئاخڤتنا خو ڤەشارتبو .. چونکو دەمێ ئێڤارێ هندەک خەریبێیت مەزن دکەڤتە د سینگێ مروڤیدا و ئەشقەکا مەزن مروڤ نەشێت هەلگیریت، لدورێت ئاگری هەڤالا هزرێت خو دکرن ... هەر ئێک دگەل هزرێت خو چویو کاروانەکێ دویر .. بەلێ هەچکو هەمیا هزرا کوردستانێ و گەنجێت بو بویئە قوربان دکرن .. ژ بەر هندێ خەمەکی هەمی هەڤال هەلگرتن و دانانە بن چەنگێ خو و فری .. ئەم هەمی د خەریب بوین ... ئەم هەمی ئاشق بوین .. ئاشقێت چیا و دول و نهالا ... ئاشقێت ئازادیا کوردستانێ ...

* * *

ئەو شەڤ وەکی چو شەڤا نەبو ... تاکو لویرینا گورگا بێ دەنگ ببو .. بخافلەتی هەڤالەک گەهشتە مە و بیهنا وی گەهشتبو سەر دفنا وی و گوت:-

- رابن.. ماهوین نوزانن چ یابوی، دەڤێت مە هەمیا بەشبون .. خوین د لەشێمەدا هشک بو و ئەم هەمی بوینە پرسیار ... لێ گەلەک خو لمە نەگرت کو باخڤین ... :-

- هوزانڤان جەمیل ڕەنجبەر و هندەک هەڤالێت دی هاتنە شەهید کرن

* چەوا شەهید بون؟

- هەلیکوپتەرێت دوژمنی هاتنە هنداڤ و...

نەشیا ئاخافتنا خو بدیماهی بینیت ... رونیشت و دەستێت خو بسەرێ خوڤەنان ... لێ هەچکو شەرم کری ئینا راست رابو و گوت:-

- ئەڤروکە جەمیل .. سبەهی ئەم و بەری مە بهزارا شەهیدێت چوین بەلێ ما دێ هێلین کو دوژمن کوردستانێ بهێلتە داگیرکری؟

* * *

جەمیل رێنجبەر ... هەڤالێ خەباتێ ... ئاشقێ کوردستانێ ... ڤیانا تە بۆ وەلاتێ مە ... بو کوردستانا بریندار و بن دەست بسەر هەمی ڤیانا کەتبو ...موی لسنیلێت تە تەهاتبون دەمێ تە خەبات کری ... سمبیلێت تە سپی بون درێکا خەباتێ و د بەندیخاناڤە و چەک ژ ملێ تە ڤەنەبو و تە چەک دانەدانا ...

تە هوزانێت خو ڤدوو لیلیا دنڤیسی .. لیلیا قەلەمی و لیلیا تڤەنگێ ژ بەر هندێ هوزانێت تە وەکی کانیکێت کوردستانێ بون ... وەکی قەبقەبا کەوا بون ... هەمی ڤیان و خۆشەویستی بون ...

هەڤال جەمیل ... تەدگوت:- «دێ کارەکێ کەم دەنگ لکوردستانێ ڤەدەت .. ».

تە دڤیا چاڤێت بچویکێت خویێت ساڤا ببیبی ... لێ بو داخەک و ما د دلێ تەدا ... شوینا ساڤایێت تە بێن و خو د سینگێ تە وەرکەن و بێهنەکە خوها تە ڤە مالی لسەر چیایێت کوردستانێ ... فیشەکێت دوژمنی هاتن و لسەر ئاخا کوردستانێ هناڤێت تە یێبت تژی ڤیان کون کون کرن ... دەمێ تە چاڤێت خو دانانە سەر ئێک تە بەرەکی کوردستانێ ببەر سینگێ خو ڤە شداندبو و تڤەنگا تە د دەستێ تە دابو و تە هزر دکر هەڤالانە و زارۆکێن تە نە هاتین تە ببینن ... تە کوردستان نەهێلا تاکو تە هەمی ڤیان و هوزان و خوینا خو بورێتی ...

تە دڤیا تو دیوانا هوزانێت خو چاپکەی ... تە دگوت:-

«خەلک باش هوزانیت من نانیاسن چونکو ئەزێ ساخم ... بەلێ هەکەر ئەز مرم خەلک دێ شنوی قەدرێ من زانیت ..»

بەلێ هەڤال .. تە راست گوت .. ما دا خەلک ژ کیرێ هوزانێت تە نیاسیت ... کی داس بوتە بەلاڤ کەت ... تو یان د بەندیخانێ ڤە بوی یان پێشمەرگە بوی ... د هەردوو قوناغا ژیدا هوزانێت تە قەدەغە بون و نەدهاتنە بەلاڤکرن .. لێ هۆزانێت تە دێ هەر گەهنە هەمی کوردا .. خوینا تە هەرا گەشە و هوزان و شورەش ژێ دبارن .. زاروکێت تە .. زاروکێت کوردستانێ تە .. زاروکێت هەمی شورشا کوردینە .. هوزانێت تە .. هوزانێت هەمی میلەتینە .. هوزانێت سەربلندن

هەڤال جەمیل ... سویند بتە و هەڤالێت تەو تڤەنگێت وە و هزر و بیرێت وە و هوزانێت تە و خوینا وە رێتیە سەرئاخا کوردستانێ دێ کوردستان ئازاد بیت .. کوردستان دێ بو کوردێت شورشگێر بیت.

**هیڤی**



## بۆ شەهید ڕەنجبەر

دەفتەرێکی یادنامەی بچوکی لە گیرفاندا بوو.. هەڵبەستەکانیشی خەونی پەرش و بڵاوی تەمەنێکی دژوار و پایزانە بوو... دەفتەری یادنامەکەی شەهید جەمیل گەشتی ڕەنگاورەنگی کوێستان و گەرمیانی پێشمەرگەیەکی شەیدای جیهانی بەرین و بێ گەردی کوردایەتی بوو ... گەشتی ئاڵ و سوری ناو هەرێمی هەوراز و دۆڵ و شیو

نامیلکەی شەهید

# جەمیل ڕەنجبەر تەنیا شاعیر نەبوو!

راستە کەم نوسەر و شاعیر و رۆشنبیری ئەمرۆی کوردستان هەیە، ناوی شەهید جەمیل ڕەنجبەر بە شاعیر و نوسەر بەرگوێ نەکەوتبێ و هەموو هۆنراوەکانی نەخوێندبێتەوە .. بەڵام ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کێ هەبوو دیدەنی نەکردبێ، یاخو لەسەرخۆ باسی جەمیل ڕەنجبەری بە چرپە بەگوێ دا نەدرابێ، زۆر لە پێشمەرگەکان ئاواتەخوازی ئەوەبون، بزانن ئایا ڕەنجبەر کێ یە و خەڵکی کام گوند و شارە؟ من یەکێ بوم لەوانەی کە لەمەوبەر ئەم شاعیرەم نەدەناسی ... بەراستی ئەوەی لەگەڵ ئەم هاوڕێ یە شەهیدەم ئاشنایی نەبوبێ، تەنیا بە نازناوەکەی بۆی ساغ دەبێتەوە کە شاعیری شەهید، شەهیدی رێگای شەرەف و سەربەرزی، مرۆڤێکی رەنج کێش و کرێکار بوە، دۆستی راست و نزیکی هەژارەکان بوو، داخم ناچێ کە وەختێکی کەم لەگەڵ ئەم رۆڵە نەبەردە ژیام ... ژیانی چی؟ بەدوای مردنا دەگەڕاین لەپێناوی دۆزینەوەی سەرچاوەی سەرچاوەی ژیان، نەوەک بۆخۆمان، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکە چەوساوە مافخوراوەکانی کورد لە گوند و شارا .. پێکەوە لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانمانەوە، کەژ و کێو و دەشت و دۆڵی ناوچەکانی پارێزگای هەولێرمان دەکێلا، پێشمەرگە بوین، بانگی راستیمان بۆ جوتیاران ئەدا ..

هاوڕێ جەمیل ڕەنجبەر هەمیشە هەوڵی ئەوەی بوو کە گرێ کوێرەی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری بکاتەوە، سەری گڵۆڵە ئاڵۆزکاوەکەی دۆزی بوەوە و دەیویست چەوساوەکان بە پوختی و بەدەستی خۆیان هەلی بکەنەوە .. بەڵام ئەوە بوو بینینی ئەم ئاواتەی بردە ژێر گڵەوە، مەرگ مەودای نەدا شیرینی سەرکەوتن تام بکات، مەرگی بەردەستی فاشیستەکان توانی دڵی گەورەی پڕ جۆش و خرۆشی شۆڕشگێرانەی ڕەنجبەر لە لێدان بخات و وشە و بەژن و باڵای قەشەنگی ئەو لاوەمان لەبەر چاو وون بکات بەڵام ناتوانێ بیروباوەڕ و خواست و ئارەزووی شەهید لە دڵ و مێشکمان دا دەربهێنی، بەڵکو بە پێچەوانەوە خوێنی سوری جەمیل ڕەنجبەر و شەهیدانی تر کە دەبێتە نەوت و ئیسپرتۆ و بەنزین، ماشێن و دەزگای خەباتمان زیاتر دەخاتە گەڕ و تین و تاوی کاروانەکەمان بە گوڕتر دەکات و لە ئاوات و حەساوگەی دوارۆژ نزیک ترمان دەکاتەوە.

هاوڕێ جەمیل ڕەنجبەر لەگەڵ ئەوەی دا کە شاعیرێکی بیرپاک و شۆڕشگێر و خاوەن خامەی نوسین بوو، مامۆستای قوتابخانەش بوە بەر لە هاتنە ریزی پێشمەرگەی کوردستان و دەرسی رووناکی و ژیانی دوارۆژی سەرکەوتنی بۆ منداڵەکان داوەتەوە، مامۆستایەکی بێ باک و چاونەترس بووە، دوژمنی چەوساندنەوە بوە.

مامۆستای نەمر دوای بەربونی لە بەندیخانەی فاشیستەکان، بە پیر بیر و باوەڕە شۆڕشگێڕەکەیەوە هاتە ریزی پێشمەرگە، چونکە ئەو بیروباوەڕە خۆراکی ژیان و سەرکەوتنی شۆڕشکی نوێ یە.. لە ریزی شۆڕشدا هەمیشە لە هەموو کاروبارێکی خەبات لە پێشەوە بوە، وەک کادیرێکی عەسکەری و سیاسی شان بە شانی برا پێشمەرگەکانی خەباتی دەکرد، لە مەرگ و مردن و دوژمن تا رۆژی شەهیدبونی قەت سڵی نەکردوە تا ئەو رۆژە .. لە رێکەوتی ١٩٨٠/١١/١٨ ملوانکەی سوری شەهیدی لە مل کرد و ماڵ ئاوایی لێ کردین و کەلێنێکی گەورەی خستە دڵ و دەرونمانەوە.

**پ. م**
**شێخ عەلی**

**“ دۆستی راست و نزیکی هەژارەکان بوو ”**

و نشێو و بنارەکان بوو ... هەر یادە و سۆزێک .. هەر لەنگەر و هەڵوێستێک.

بۆیە دەفتەری یادنامەکەی شەهید جەمیل فەرهەنگی پێشمەرگەیەک بوو کە لە مانای سۆز و کوردایەتی و عیشق و سوتان لە پێناوی حەقیقەتدا لەناخەوە گڕی گرتبوو لە شایی خوێناویدا سۆزەکانی لەنجەی بۆ دەکرد..

کە باسی جەمیل ڕەنجبەر دەکرێ لە ئاستی گەورەیی و نەمری مرۆڤێ رادەوەستین کە سەلماندنی ژیان هێڵێکی دژواری نێوان هەڵبژاردن و کردار و هەڵوێستا.

ئێوارانێکی سەرەتای زستانێکی سەهۆڵبەندانی ئەم کوردستانە بوو دەفتەرەکەی دەرهێنا و بەرێکەوت یادنامەی رۆژێ لە رۆژانی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆی بۆ خوێندینەوە ... پاشان پێکەنی و دەفتەرە سورە بچکۆڵانەکەی لە باخەڵ نا و ووتی:- پێویستە دەفتەرێکی نوێ بکڕم ... رۆژانی داهاتومان پڕن لە روداو و سەرکەوتنی جۆراوجۆر ... زۆر جێگای سەخت و هەڵوێستی گەورە و ماندویەتی و عارەقی رێگای دور چاوەڕوانمان دەکات.


پاشان لەبەردەم رکە هەورازێکدا وەستا و پێش ئەوەی یەکەم هەنگاوی لە هەورازەکە گیر بکا ووتی:-

بڕینی هەوراز لە پێشمەرگایەتیدا مەرجێکی هەرە گرنگە ... بۆئەوەی بتوانی هەورازێکی ئاوا سەخت ببڕی و کەمتر ماندوبیت پێویستە حیسابی هەنگاوەکانت بکەی هەڵەشە نەبیت و پەلە نەکەی ... لەسەر یەک نەزم هەنگاو بنێیت، بەراستی تێکرای ژیان بڕینی هەورازێکی سەختە، دوربینی و دەست نیشانکردنی ئامانج و سلنەکردنەوەی دەوێ.

ئەو ئێوارەیەی کاک جەمیل بەرەو دەشتی هەولێر ملی رێگای سەفەری گیانبازی و عەشقی گرتەبەر بە نیازی ئەوەی لاپەڕەکانی دەفتەرە نوێ یەکەی بە هەڵوێستی کوردانە و خەونی گەرم گەرمی شاعیرانەی پڕ بکاتەوە ... بڕیاری هەڵبژاردنی هەڵوێست لەو ئێوارەیەدا کەوتە قەوارەی راستەقینەی کرداری مەزن و نەمرەوە ... خەونی راستەقینەی جەمیل ڕەنجبەری شاعیر و پێشمەرگەی کوردپەروەر پژایە سەر خاکی بێ گەردی کوردستان، وەکو خەزانی دڵدارێکی کۆچەر غەم و خولیاکانی بۆ نەوەکانی کوردستان بە جێ هێشت.

**ف. ج**
**تۆژەڵە**

# چۆن رازەکانم بدرکێنم؟



لە یادمە ... هەمیشە لە یادیشم ناچێتەوە، کات ژمێر (١١)ەی پێش نیوەڕۆ بوو ... کاتێ تفەنگەکەت کردە شان و زەردەخەنەی لێوەکانت بۆ دواجار ماڵ ئاوایی لێ کردین .. سەفەری ڕێگای هات و نەهاتت گرتەبەر، خۆت هاوێشتە بەر بلێسەی چرای چەکەکەت و ویستت ئەلقە ڕیزی دەرگای سەختی تاریکستان تێک بشکێنی و بۆ برسیەکان والآی بکەیتەوە .. سەفەرت کرد و، لە سنوری پایەتەختی شاری ئازارەکان چویتە ئەودیو و وون بووی.. بەڵام من هەر چاوم لێت بوو چۆن هەنگاوەکانت هەڵئەنا، بە پەیژەی بڕوا بەسەر چیا و هەورازەکانا هەڵئەزنای .. چاوم لێت بوو چۆن شاخ و دۆڵ و پێ دەشتەکانی کێوەڕەش، دەست لەسەر سنگ، کپ و بێ دەنگ، بەڕێز باوەشیان بۆ تەرمە خوێناوی یەکەت گرتبوەوە، لە دورەوە چاوم لێت بوو لە ئەنجامی ئەگەرێکی ڕەوتی کاروانەکە یەخەگیری دوو پەلە هەوری ڕەشی چڵکن بون و بە توندی بەیەکا هەڵشاخان بە لێزمە بارانی گوللەیان بەسەر گیان و جەستەیا باراندن و پەساپۆرتی شەهیدکردنیان دایتە دەستت.

چاوم لێت بوو سەرت کردبوە سەر بەردێک و بۆ دواجار چاوەکانت هەڵهێناو دەستت کردە ناو قەدی تفەنگەکەت، لێوەکانت بزواند و ووتت:- ئۆخەی دەزگیرانە شیرینەکەم .. گەرچی بەیەکجاری لە یەک جیا دەبینەوە و نەمان توانی هەتا ڕۆژی سەرکەوتن دەست لە قەد و باڵای یەک هەڵنەگرین، ئەوا ئەمڕۆ بە ساروخی فاشستەکان من پێکرام و مردن لە یەکمان جودا دەکاتەوە ... بەڵام تۆ گەواهی هاوڕێ کانم و کاروان بە، تەنیا عەشقی سەرفرازی گەل و دۆڵ و کێوی کردم، تۆ گەواهی منداڵەکان (هەرەوەز و هەریار و بوێر) بە کەوا باوکیان لەپێناوی عەشقی پاکی ئەم خاکەدا خوێنی ڕژا.

هۆ هاوڕێ کەم ...! کاتێ گوێم لە دوا هەنیسک و دەنگت بوو، خوێن لە مابەینی دیواری دەمارەکانی جەستەما ووشک بوو... چەند سەعاتێک بۆ تەمەنی جوانەمەرگی و، تازە پێشمەرگەیی گریام ... بەڵام کاتێ هاتمەوە هۆش خۆم لە جیهانێکی پڕ جەنجاڵ دۆزیەوە، لەناو گۆمی فرمێسکی چاوی خۆما ئەتلامەوە ... ویستم چەند هەنگاوێک هەڵنێم، بەڵام سەری قال بووم لەناو کاروانی وێلم دا پەکیان خستم ... بەسەر دەما کەوتم، بەگوڕ گریام ... بۆ خۆم ... بۆ تۆ .. بۆ دوارۆژی خونچە تازە پشکوتوەکانی گەل و نیشتمانەکەم گریام، چونکە سەدان ساڵە سەرگەردانی (ڕۆژێکی گیراوین) کە بەرچاومان روناک ناکاتەوە، هەموو ئاوارە و غەریبی دەستی تەمێکی سەر شەقامین و هەرچەند دەڕۆین و نای گەینێ ... ماف و خەرمانی ڕەنج و ئازاری گۆڕستانی شەهیدانیش گلافەیەک گڕی سورە و بەدوامان دێ و لێ ی رادەکەین ...

هۆ شاعیرە جەنگاوەرە شەهیدەکە .. گەرچی ڕۆیشتی و ماڵ ئاواییت لێ کردین، بەڵام ئێمە گیانی زیندوت لەناو فرمێسکی قەتیس ماوی هەتیو و بێ باوکە ڕەش و روتەکانی ئەم وڵاتە چوار پارچە کراو و یەخسیرە بەدی ئەکەین ...

ئێمە شەهید جەمیل لەناو زەنگولی ئارەقەی نێو چەوانی کرێکارانی ناو کارگە و جوتیارانی ناو کێڵگەی لادێ یە راگوێزراوەکان بەدی ئەکەین ... ئێمە گیانت لەناو گۆمی خوێنی سوری خۆتا بەدی ئەکەین کە چۆن بە فیشەکی فڕۆکەکانی داگیرکەران پێکرا و لە پێناوی چەوساوەکان شەهید کرا ...

هەزار ساڵە ئەکوژرێین و غەریبی ماڵی خۆمانین، هەزار ساڵە بۆ بزەیەکی هیوا لەژێر پۆستاڵی بزمار ڕێژی سەربازی داگیرکەران ئەتلێینەوە .. ئەتلێینەوە و دەستیشیان ناوەتە بین و قاقامان.

هەزار ساڵە بۆ بزەیەکی هیوا لەژێر پۆستاڵی بزمار ڕێژی سەربازی داگیرکەران ئەتلێینەوە .. ئەتلێینەوە و دەستیشیان ناوەتە بین و قاقامان

ناهێڵن باسی تەمەنی بەباچوی کورد بکەین ... ناهێڵن باسی منداڵە برسیە بێ باوکەکان بکەین کە چۆن لەپاڵ کۆشک و تەلاری گەورە پیاوانی کورد، کەلاوەکان شەوی ساردی زستان بەرێ دەکەن، چونکە لەم کوردستانەی ئێمەدا ماڵی ڕەشو روتەڵەیەک نەماوە باج و سەرانەی سەربەستی نەدابێت ... شەقام و کۆڵان و دەشت و پەنابەرد نەماوە خوێنی دەیان ڕۆڵەی لێ نەڕژابێ ... کەچی هێشتا هەر دێوانەی ئەشکەوت و لوتکەی شاخ و زورگ و تەلانین ... کەچی هێشتا هەر چاوەڕوانی بەهار و، لە وەرزی گەڵارێزانین.

هۆ هاوڕێ کەم ...! لەوەتەی هەین عەودالی بستێ زەوین تا ئاڵای کوردی تیا هەڵکەین... لەوەتەی هەین بێ ناونیشان و شوناسنامەین... تا ئەمڕۆش ڕێگا هەر تاریکستانە، دەرگاکان بە قفڵی کەللەسەری خۆیان داخراون... ئێمەش لە عەشقی هەتاوی سور سەرەتاتکێ لەگەڵ تیشکا دەکەین... هەموو ڕۆژیش دەمانەوێ بوخچەی غەم و پەژارەی چەوساوەکان لول بدەین و بیکەینە گوڵی ڕۆژەکانی رابوردو .. دەمانەوێ لە تاقی کردنەوەی ڕۆژگاردا دەرس لە سەربڕینی خۆمان فێربین... تا جارێکی تر بە هەمان پرسەی ژیانماندا نەچینەوە، بەڵام وادیارە تارمایی دێو و دڕنج هێشتا بەری ئاسۆی داهاتنی ڕۆژی سوری بەرنەداوە، وادیارە هێشتا بەرچاوی یاساوڵەکانی بەر دەرگای شارە بریندار و دیلەکەمان هەر تاریکە.

خۆ ئەگەر بێتو کەللەسەری هەموو منداڵەکانی کوردیش کۆکەینەوە ... ئێسک و پروسک و ئێسقانی شەهیدەکان کۆکەینەوە ئەتوانین بیکەینە پەرژینی سنور و هەرگیز دوژمن زەفەرمان پێ نابات .. ئەگەر گڕی تفەنگی دەستی هەموو پێشمەرگەکانی ڕۆژگاری کورد کۆکەینەوە ... ئەتوانین گڕ بەردەینە هەموو ئەهریمەنێکی دژ بە کورد و وڵاتیان لێ پاک کەینەوە ... بەڵام هەیهو هەیهو .. هێشتا منداڵی

## ناميلكەی شەهيد

ناو بێشکەی بیری زۆربەمان نەکەوتۆتە گاگۆڵکێ سەربەخۆیی شاری خۆمان ... نەگەیشتۆتە پلەی گڤە گڤی یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچە و شەکانەوەی ئاڵای خۆمان .. سەدان ساڵە هەر ئەکەین و ئەچینەوە بۆ ناو شار و ئەگەڕێنەوە بۆ ناو شاخ، تێ نەگەیشتوین و تێ ناگەین بۆچی ئەکەین، نازانین خەڵکی کام دێ یان کام شارین.

لەوەتەی هەین برینەکانمان هەر تەڕن و قەتماغەیان بە خۆیانەوە نەدیوە، هەموو ڕۆژیش بەدەیان جار دەکولێنەوە.
هۆ شاعیرە شەهیدەکە...! ئەگەر ئەم جارەش بۆ شارەکان... بۆ پیاسەی سەرشەقام و بازاڕەکان، چی بە دیاری بۆ هەرەوەز ببەمەوە؟ چەپکە گوڵێکی سوری شین بوی بەر کەف و کوڵی لافاوی خوێنی باوکی پێشمەرگە و شاعیری شەهیدیان بۆ ببەمەوە، یان مەرگی خۆمیان بۆ بکەم بە دیاری و بیخەمە سەر لەپی دەستم و پێشکەشیان بکەم.
چۆن بتوانم بەبێ باوکیان سەر بە دەرگای ئەو یەخسیرانەدا بگەم ... چۆن بتوانم بچمە لایان و ئەوانیش هەر چاوەڕوانی باوکیان بن.

**ئەرسۆ**
**١٩٨٠/١٢/١٥ تۆژەڵە**

# ئەڤینا خوین و ئاخێ

ڤیانەکا بهیز دلی منی گرتی.. ڤیانەکا خورت دلی د هەژینیت .. ڤیانەکا ب ئیش و زک تژی ب روهندک و هیستریت کەسەرا ... ڤینانەکە نە خو دەرتیخیت و نە دهیلیت بهنا خو ڤەدم ... ئەڤینەکە ئەڤینداری دشارهینیت ...
مرن ڤی ئەڤینیی دکەلینیت..
د ئارهینیت..
ترس و دل قوتکی دئیننە مروڤی
مرن ... مرن
( ژیانامە بمرنی بەردەوام دبیت)
( راستە مری ژ زندیا پترن) ...
(لی هەر زندینە ژیانی دروست دکەن.. چنکو ژین دروست کرنا ژیانی یە ... و یی ژیانی دروست بکەن ... دی هەر ژین .. روهندکن ژیانا خوش و بەختیار جیدکەن .. جەنگە ژیانا ب ئاشتی دروست دکەت ... جەنگ ژی دەهبەیەکە و خوینا شەهیدا ڤەدخوت ... )
جەنگ بی ئەمانە ... شەڕ بی هەڤالە ...
شەڕ بی نیاسە و ئەمی د شەڕیدا دژین ...

* * *

چما مرن هند ب ساناهی ل ناف مەدا دهیت و دچیت ... هەڤالیت خوشتڤی .. ئەزیزیت مروڤی .. هیڤیا ناف چاڤیت وان د ڤەمرینیت و دچیت ...
روژ بو روژێ لیستین شەهیدا زێدە دبن ... روژ بو روژێ ناڤیت وان پرتر دبن ...
رمانا چیاییت مێژوی ب سەردا تهیت

دەستا بلند دکین ..
چاڤا د نەڤینین ...
هەوارا دکین ڤیژا ڤە د دین دانە ئینە ژ بیرکردن ... لێ هەر وەکی هژمارا دمینن ...
لێ چەوا هندەک کەل بیێت هەین نائینە ڤەشارتن ب چ رمان و .. نائینە کراندن ب چ باوباروڤا ... هەر وەسا هندەک مری .. هندەک شەهید بیێت هەین نە رۆژگار ... نە بریڤە چونا مێژویی ... وان هندا ناکەن ... وان ناڤە شیریت.

* * *

شەهید خوینە دریژیتە سەر ئاخە .. خوین بی داویە ... ئاخ ژی بی بنە .. نە ئاخ خوینی دگەهینیتە دیماهیکەکی ... و نە خوین دگەهیتە بنی ئاخی ... هەکەر خوین و ئاخ گەهشتنە ئیک .. ئیدی چ جارا جودا نابن ..
شەهید کومەکا هیڤی یایە .. هیڤیەکا د دلی د بو ژ کوژیت و مەزن دبیت و د گەشیت.. روهن دبیت و د تەیسیت .. وان هەستیا وی کوما گوشتی دکەتە پارچەکا روناهی ی و ل شەڤیت تاری .. شەڤیت دویر و دریژ. ریکا کاروانی بەر ب ژور کەفتی یی خەباتی روهن دکەت ...

* * *

شەهید جەمیل کەلەکە ژ خەباتامە .. شەهید جەمیل .. خوینەکا گەشە و ئاشقی ئاخا کوردستانی و رزگاریا وی .. شەهید جەمیل هیڤی یەکا مەزنە ... بشکورینەکا بهاری یە بۆ گول و نێرگزا .. شەهید جەمیل .. شورشگیرە ..
پیشمەرگەیە ..
هوزانڤان و ماموستایە...
ئەی هەڤالی پیشمەرگە ..
ئەی هەڤالی شەهید ..
شەڤ د تارینە و رێگا دویرە ...
بەفرە و باروڤە .. ئەسمان تژی هەورە ... و ستێرێت ڤەشارتین ..
ل بچویکا هیی هەکو مە ستێرەک ... دیتبا د رژیا .. مە ب دزیکیڤە د گوتە ئیک و دوو .. ئەڤە مروڤەک مر ... وەسا ئەم فێر کربوین .. لێ ئەی هەڤالی مروڤەک ... دلی وی ژ قوتانی را دوەستیت... هەکۆ دلەکی مەزن ژ لیدانی بکەڤیت .. دبیتە ستیرەک ب ئەسمانی ڤە و هندی مەزن بونا خو ... روناهیی بەلاڤ دکەت ...

* * *

چ بنڤیسم ... باوەر کە ئەز زوریی ل خو دکەم .. نەدیرە پەیڤیت ئەڤینیی گرەویت گرتین و رازی نابن کو ببنە دیرەک ... بچنە سەر کاغەزیت گرییی ... روهندکا ژی خو قایم گرتە و ناخازن ژ چاڤا خو شور بکەن و ب سەر رێیت چرمسی بینە خواری.. هەمی د نەرازینە کو ب پەیڤ و روهندکا بیراهیا تە بکەین .. هەمی دبنە هیز و هەمی دبنە کەرب و د دلی مەدا خو دکەنە قورمک و هیدی هیدی دیەقن و دبنە ئاگر و دبنە خەبات .. دبنە هیڤی و مزگینی و گول و لاڤلاڤک و لسەر دەستی برسی و ژارا ... لسەر دەستی کارکەر و رینجبەرا ... لسەر دەستی جوتکار و بەلەنگازا .. و دبنە نان و دهینە خوارن.

* * *

ما خەباتا تە نە ژبو وی بو کو برسیا تیر بکەی.

**هشیار**
**١٢/١٧ - توژەڵە**

“
روژ بو روژێ
لیستین
شەهیدا
زێدە دبن ...
روژ بو روژێ
ناڤیت وان
پرتر دبن ...
”



# مامۆستا جەمیل ڕەنجبەریش شەهید بوو

ئێوارە بوو بەدەم هەورازێکەوە سەر دەکەوتم، وشە بەیەک بەستراوەکانی بیرم، بەرەو ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم یاڵەی تەکانی پێ ئەدام.
نازانم ئەو ڕۆژە بۆ ئەوەندە خامۆش و دیدەکز بوم، چۆلەکەی سوری ڕێگای خەبات کردن، بەرەو ناو ناوهێنانی سێ شەهیدی کۆمەڵەی دەبردم، کەچی لە چەقی ڕێگادا، لە پشوو وەرگرتنی ناو قەدی هەورازا، توشی پێشمەرگەیەکی ڕێگای کۆڵنەدان بوم، بە دەنگێکی کپ و پچڕ پچڕ هەواڵی کارەساتێکی گەورەی بە گوێ دا چرپاندم.
یەکسەر تەزویەک زۆر بەپەلە بە هەموو گیانم دا تێ پەڕی و ڕێگای سەرکەوتنی هەورازم، بە بەرەو لێژی گۆڕی.
ئێوارە بوو بۆ هەواڵ پرسین بەرەو بنکەی (ناوەندی) چوم، سەیرم کرد هەتا هاژەی ئاو و ڕەشەباکەش زۆر توڕەیە، هاوڕێ یەکان هەمویان بە سەیرکردنی یەکتری و چرپە چرپ کردن قسەی دڵیان بۆ یەکتری ئەگۆڕیەوە، پەردەی بێ دەنگیم دڕی و پێم گوتن ... چی یە؟ چی ڕوی داوە؟ پێ یان گوتم ... چاوەڕوان بە هاوڕێ یەکی بریندا‌ری بەپەلەمان ئێستا دەگاتە جێ ...
هێشتا هەر ئێوارە بوو، قاسیدێ وەک کۆترێکی پەڕ و باڵ کەچرا و گەیشتە جێ، دەنگی هەڵبڕی و گوتی ... ئەی هاوڕێ یانی ڕێگای خەبات کردن و کۆڵنەدان گوێ بگرن، سەرقافڵەی چەپکێک شەهیدی تر، کۆمەڵێک پێشمەرگەی لە خوێن گەوزاو، مامۆستا جەمیل ناوێکە، لەم تاوەدا لێدانی دڵەی پڕ یادگار و بیرەوەریم لەگەڵ مامۆستا جەمیل ڕەنجبەرا وەک کانی یەکی بێ گەردی بناری چیای ئاوەگرد هاتە جۆش و خرۆش.
دەقی ڕوداوەکە
دەگێڕنەوە لە ڕێکەوتی ١٨ی ئەم مانگەدا دەمەوعەسر، کۆمەڵێک پێشمەرگەی جوامێری کورد، دەستەیەک شۆڕەسواری ڕێی شەری مان و نەمان، ٣٥ پێشمەرگەی دلێری گەل لە دێی جەلکانەوە بەرەو دێی پیرانەڕەش بەرامبەر چیای کێوەڕەش بەرێ کەوتبون، ئەم جوامێرانە هەموو زۆر ورەبەرز و کۆڵنەدەرانە بۆ ناوچەکانی خۆیان دەگەڕانەوە، لەنێوان ئەم دوو دێ یەی سەرەوە لە بواری ئەم دەشتە پان و بەرینەدا، لە ناکاو دوو فڕۆکەی مەرگ چێن، کە خۆیان وەک دوو پەڵە هەوری ڕەش و چلکن بەری ئاسمانیان لەم پێشمەرگانە گرت، زۆر نامەردانە دەستیان لێ وەشاندن، بە شەستیر و ساروخ و چەکی بەردەستیان گوللە بارانیان کردن، وەک دوو قەلەڕەشکە بانگی مەرگیان بەسەردا خوێندن ...
دوا بە دوای هەڵڕشتنی هەموو ڕق و کینەیەکی دڵیان بەرەو مۆڵگەکانیان ئاسمانی سەر چەندان لاشەی برژا و پێکراوی ناو گۆمی خوێناوی یان بەجێ هێشت، دیاری سەرکەوتنی ئەم چەند دەقیقەیان بۆ ئاغاکانیان بردەوە.
ئینجا پێشمەرگە نەپێکراوەکان سەریان هەڵبڕی و سەیریان کرد، حەوت هاوڕێ یان بەرگی خوێناوی یان پۆشیووە، زۆربەیان گیانیان وەک چۆلەکەیەکی پاک و دڵسۆز هەڵفریون، پێشمەرگەکان لاشەی شەهید و بریندارەکانیان بەسەرکردەوە، لە ئەنجام دا یەکەم شەهیدی ئەم پۆلە ڕوو لە نەمرە، مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر بوو، پێشەوای کاروانی ئەم حەوت شەهیدە مامۆستایەکی تری ڕێگای کۆڵنەدان و خەبات کردن بوو..
مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری نەمر، دێتەوە بیرم، پێش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چەندمان راو تەگبیر پێکەوە کرد، چەندمان پیاسە و هاتوچۆی ناو بیری یەکتری کرد، چەندان شەو وەک مۆم بۆ هاوڕێ کانت هەڵدەبوی ...
مامۆستای شەهید چەند قارەمان و چاونەترس بوی، لەگەڵ گەڕانەوەت بە چەندان پریسکەی پڕ لە پڕۆژە و ناملکە و پلانی نوێت بەرەو لوتکە و بناری شاخەکانی هندرێن و سەفین و ئاوەگرد و کێوەڕەش، بەرەو چۆم و دەشتەکان، بۆناو جوتیار و برا پێشمەرگەکانت هەڵگرتبوو ..
مامۆستای نەمر چەند بە پەلە و خێرا بوی، بۆئەوەی بە زویی بگەیتەوە ریزی هاوڕێ یە پێشمەرگەکانت، بەڵام داخی گرانم پێش ئەوەی بگەیتەوە باوەشی هاتوچۆکردنی ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر، بناری کۆسرەت و دەشتی کۆیە، مەرگی سەربەرزی و نەمری دەستی لە مل کردی.
مامۆستای قارەمان .. پێش ئەوەی راسپاردەکان، گفتەکان، تەگبیرەکان، وشە ناوەڕۆک نوێ کان شان بە شانی برا پێشمەرگەکان بخەیتە مەیدانی عەمەلیەوە گیانی پاکت بە کورد و کوردستان بەخشی.
بەڵێ مامۆستا جەمیل، ئەگەرچی ئەمجارەش، دوژمنە دەوڵەمەندەکان، دوژمنە فاشیستەکان، بۆیان کرا هاوڕێ یەکی تری وەک تۆمان لێ شەهید بکەن، بەڵام دڵنیام دوژمنان بۆیان ناکرێ ناوی هاوڕێ شەهیدەکانمان لە دڵدا دەربهێنن ..

**حاجی مەمۆ**


## بۆ شەهید ڕەنجبەر

**لەسەر جادەکانی شاردا،**
**ئاشقت بووم**
**کەچی تۆ گوڵەکێوی بووی**
**چیاکانت بەدوادا گەڕام**
**تۆ چۆلەکەی ماڵان بوویت و،**
**لە دڵی هەژارەکان دا لانەت دەکرد**
**ئێوارە بوو**
**تفەنگەکەی دەکردە شانی و**
**هێدی.. هێدی بەرەو خوار**
**هەنگاوی دەنا**
**گوللە لە سینەی پێشمەرگە چزا**
**لەناو پایزا خونچەگوڵ پشکوت**
**لە یەخەی سپی (کۆمەڵە) درا**


**خۆشناو**

# تەوەرێکی تایبەت

## لەبارەی بزاڤی هەقە لە کوردستان



# بزاڤی هەقە لە هەرێمی کوردستان






پ.ی.د.بەهادین ئەحمەد

**پێشەکی :**

بەدرێژایی مێژوو لەهەرێمی کوردستاندا گەلێک بزاڤی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریانهەڵداوە، کە هەریەکەیان پەیوەندیداربووە بە هەلومەرج و بارودۆخی ئەو سەردەمەی کە تێیدا سەریهەڵداوە و دروستبووە، بەڵام تێکڕای ئەو بزووتنەوانە، کە یەکێکیان بزاڤی (هەقە)یە زۆر بەکەمی لەسەریان نووسراوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی تایبەتی و سەربەخۆیان لەسەر ئەنجامدراوە.

لەڕاستیدا نووسینی مێژوویی بەگشتی و نووسین بەتایبەت لەسەر ئەم بزاڤە کارێکی قورس و زۆر زەحمەتە، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی بارودۆخ و گۆرانکارییەکان، وێڕای داخراوی بزاڤەکە لەڕووی کۆمەڵایەتی و بوونی تەمومژ و گومان و قسەوباسی هەمەجۆر لەسەریان. ئەمە جگە لەکەمی کتێب و سەرچاوەی زانستی و زانیاری ورد و تەواو و باوەڕپێکراو.

هەروەها ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستی بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو و پەڕتووک و سەرچاوەی دیکەی هەمەجۆر و شەنوکەوکردن و بژارە و بەراوردکردن و ساغکردنەوە و تۆمارکردنی زانیارییەکان هەیە، بۆ دەستکەوتنی زانیاری گرنگ و بەسوود.

> لەسنووری کۆمەڵی هەقەنشیندا، لەڕێگەی کۆکردنەوەی ئابوونەی مانگانەوە، هەوڵی دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە دراوە

لەم دەستپێکە کورتەدا دەتوانم بزاڤی حەقە، بەم شێوەیە بەخوێنەرانی کورد بناسێنم، کە بزاڤێکی ئایینیی کۆمەڵایەتی کەم وێنە بووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا. لەدەوروبەری سلێمانی و کۆیە، لەدەستپێکی سەدەی بیستەمدا لەپێناوی یەکسانی و دادگەری و هاوبەشی، لەسەر بنجی ڕێبازی تەسەوفی نەقشبەندی لەسەردەمی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)ی ڕێبەریان سەریهەڵداوە. بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشیان باوەڕیان بەفەلسەفەی ناتوندوتیژی و لێبووردەیی (تۆلیرانس) هەبووە.

**چەمک و پێناسەی هەقە**

وشەی (الحق) یەکێکە لەناو و سیفەتەکانی خوای پەروەردگار و لەزمانی کوردیشدا هەق (حەق) هەروەکوو لەفەرهەنگە کوردییەکاندا بەواتای (ڕەوا، کرێ، بەش، ڕاست و دروست، کۆڵین و دانەوە) هاتووە.

لەقورئانی پیرۆزدا (١٩٤) جار ئەم وشەیە بەواتای جیا جیا هاتووە، وەکوو: خوای گەورە، موسوڵمانان، ڕێبازی ئیسلام، قورئان، ڕاستی و ماف و ...هتد

بەڵگەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێت:

١- (تلک بأن الله هو الحق) (الحق) لێرەدا مەبەست (الله) جل جلاله .

٢- (ألم يأن للذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكر الله وما نزل من الحق) (الحق) مەبەست (قورئان)ە.

٣- ( ذلک بأن الذين كفروا اتبعوا الباطل وأن الذين آمنوا اتبعوا الحق من ڕبهم) (الحق) لێرەدا مەبەست ڕێبازی ئیسلام و موسوڵمانانە .

٤-( فلما أنجاهم إذا هم يبغون في الأرض بغير الحق) (الحق) لێرەدا بەواتای (ماف و ڕاستی و درووستییە)

٥- ( لە دعوة الحق) لێرەدا (الحق) بەواتای بانگەواز بۆ ڕێبازی ئیسلام دێت .

سەبارەت بە پەیوەندی ڕێبازی حەقە بەئیسلامەوە لەوەوە هاتووە، کە شوێنکەوتووانی ئەم ڕێبازە بۆ هەر شتێک وشەی (حەق)یان بەکارهێناوە (واتە: کارەکە ڕاست و ڕەوانە) و پێیان وابووە ڕێبازەکەیان لەئایینی ئیسلام وەرگیراوە، کە ڕێبازێکی حەق و ڕاستە، بەڵام (د.حوسێن خەلیقی) پێی وایە: (ئەم زاراوەیە (حەقە) لەسەرەتادا لای ئەوانە دەرکەوتووە و بەکارهاتووە، کە لەحاڵەتی زیکری نهێنی و خۆتەرخانکردن بۆ بەندایەتی خوا، لەخەیاڵێکی قووڵ دابوون. ئەمانە، کەوتوونەتە حاڵەتێکی بێهۆشی و بێئاگایی لەخۆیان و لەدەوروبەریان)

لەبەرانبەردا (محەمەدی مەلا کەریم) دەنووسێت: (من وای بۆ دەچم ناونانی کۆمەڵەکە بە (هەقە) لەشێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە بووبێت. ناونانەکەشی پەیوەندییەکی بە پاشماوەی

(ئەهلی هـەق)ەوە هەبێت، کەئێستا لەگەڵ لای کوردستانی ئێراق و ئێراندا هەن. لەهەموو ئەمەش زۆرتر، وشەی (هەقە) تێکرا بەسەر زمانی پێشەوایانی تەسەوفەوە بووە)

هـەروەهـا مستـەفا عـەسکـەریش پێیوایە، کە وشەی (هەقە) لەزۆری بەکارهێنانی وشەکەوە لەلایەن (هـەقـەکـان)ەوە هـاتـووە، کە دەڵێن: «هـەر قسەیەکی ڕاستیان بیستبێ و هەر کردەوەیەکی بەجێیان دیبێ، وتوویانە (هەقە) و ئیتر وردە وردە ناوی (هەقە)یان بەبەردا براوە.

دیارە ڕێبازی هەقە بەشێکە لەڕێبازی نەقشبەندی، کە ئەوانیش پەیڕەوی (تەسەوف) دەکەن و چەمکی (هەق) لەبیروباوەڕی تەسەوفدا پانتایەکی بەرفراوانی هەیە (ئەگەر لای خەڵکی ئاسایی هەق چەند مانایەکی هەبێت، ئەوا لای سۆفی، هەموو هەقیقەتەکان لەئەنجامدا دەچنـەوە سـەریـەک هەقیقەت، کە ئەویش بەمانای خوای پەروەردگار دێت).

**پێناسەی بزاڤی هەقە :**

سەبارەت بە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ بزاڤی هەقە تەنیا پێناسەیەکمان نییە، لەلایەن نووسەر و مێژوونووس و توێژەرانەوە، پێناسەی هەمەجۆر بۆ ئەم کۆمەڵەیە کراوە کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

مستەفا عەسکەری پێناسەی بزاڤی هەقە بەم شێوەیە دەکات و دەڵێت: «وەچـەیـەکـی ڕێـبـازی سۆفییە، کە ئـەگـەڕێـتـەوە سـەر تـەریقـەتـی نـەقشبـەندی، کە بـەهـۆی مـەولانـا خالیدی نەقشبەندییەوە لەکوردستاندا بڵاوبۆوە»

هـاوڕێ مـەحمـوودیش بـەم جـۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: «بزاڤی هەقە یەکێکە لەوەچەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و بزووتنەوە ئایینی و نیشتمانییەکانی سـەرەتـای سـەدەی نۆزدەیەم لەکوردستان و خاوەنی تێڕوانینی تـایـبـەت بـەخـۆیـانن و تـائـێسـتـاش لـەفـۆرمـێکی جیـاواز لەڕابردوویاندا شوێنەوار و تەکیە و خانەقایان لەکوردستاندا ماوە،

د.ڕەشـاد میرانیش دەڵێت: «ڕێبازی هـەقـە لـەئـەنجـامـی پـەرەسـەنـدن و گـەشـەکـردنـی بـاوەڕ و نـاوەڕۆکی تەریقەتی نەقشبەندییە و دیاردەیەکی فـیـکـری ڕۆحـیـیـە بـەگـشـتـی و، کۆمەڵایەتییە»، بەڵام مامۆستا شاکر فەتاح ڕایەکی دی هەیە و دەڵێت: «حـەقـەکـان ڕێـڕەوی نەقشبەندیان گۆڕی و خستیانە شێوەی ڕێڕەوی حەقە، کە تڵپەی ڕێڕەوی نەقشبەندییە. ئەگەر هیچی نەڵێین ئەوە دەڵێین، کە بووەتە هۆی بێکار و فرمانی و گێژ و وێژی و نەزانی. لەبەرئەوە پێویستە بەهـەموو هێزێکمانەوە کۆشش و خەبات بکەین ئەمانەی بوون بە حەقە بیانخەینەوە سـەر ئایینە پاکەکەی ئیسلام.

**ڕێبازی هەقە: بنچینە و پەیدابوونی و زنجیرەی تەریقەت و سنووری نیشتەجێبوونی جوگرافیان**

دوای دەرکەوتنی ناووبانگی (شێخ مـەولانـا خـالـیدی نـەقشبـەندی) و هـەژموونی تەریقەتی نەقشبەندی لـەکـوردسـتـانـدا، بنـچـیـنـەی سۆفیگەرییانەی هەقە بەوەرگرتنی تەریقەتەکە لەلایەن (شێخ ئەحمەدی سـەردار)ی سـەرگـەڵـوویـیـەوە لە (مەولانا خالد) دەستپێیکرد، هەرچەندە لەسەرەتادا (شێخ ئەحمەدی سەردار) خەلیفەی تەریقەتی قادری و موریدی (شێخ مارفی نۆدێ) بووە لەشاری سلێمانی، کـە ڕێـبـەری تەریقەتی قـادری بـووە لـەکوردستان. دوای ئەوەی (مەولانا خالید) تەریقەتی دا بە (شێخ ئەحمەدی سەردار) لێرەوە لـەدەوروبـەری سـاڵانـی (١٨١١-١٨١٥ز)دا بنچینە و ئەسڵی تەریقەتی نەقشبەندی لەناوچەی سورداشی نزیک شاری سلێمانی دەستپێدەکات.


پاش ئەویش شێخ قادری کوڕی، نـاسـراو بـە (شـێـخ قـادرە سـوور) تـەریقـەتـی خـەڵکی داوە، ئەمیش شێخ مـوحـەمـمـەدی ئـیـلـەڵڵای کـردووە بەجێگری خۆی. لـەدوای ئـەویش حـاجی شێخ مسـتـەفای کوڕی حاجی شێخ ڕەزا تا کۆچی دوایـی کـردنـی لـەسـاڵـی (١٩١٥ز)دا تەریقەتی داداوە، لەسەر وەسێتی خۆی شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێری تەریقەتی خەڵکی داوە و بووەتە جێگری ناوبراو تا لەساڵی (١٩١٩ز)دا کۆچی دوایی کردووە.

لـەسـەر وەسـیـەتـی ئـەم زاتـەش تـەریـقـەتـەکـە دراوە بـەشـێخ عەبدولکەریمی شـەدەڵە لەساڵی (١٩٢٠ز)دا لەناوچەی سەرگەڵووی سورداش بووەتە شێخی ئیرشاد و تەریقەتی خەڵکی ناوچەکەی داوە .

لەسەردەمی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)دا بزووتنەوەیەکی ئایینی-کـۆمـەڵایـەتـی بـەنـاوی (هـەقـە) سـەرهـەڵـدەدات، کە خـودی شێخی ناوبراو (واتە: شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) ڕێبەری دەکات و بەردەوام لەفراوانبووندا بووە و لەماوەیەکی کەمدا خەڵکانێکی زۆر لەناوچەی سووورداش و مەرگە و ڕانیە و کۆیە و ئاغجەلەر و شـوان و کـەرکوک تـەریقـەتیان لـەسـەردەستی ئـەودا وەرگرتووە.

**زنـجـیـرەی تـەریـقـەت پـێـدان و ئیرشادکردن :**

تـەریقـەتـی نـەقشبـەندیش وەکـوو سـەرجـەم تـەریـقـەت و ڕێـبـازە ئایینییەکانی دی، لـەدوای ئـەوەی (شێخ پەیوەندی ڕوحانی دەگرێت



و دەچێتە ناخی کەسایەتییەوە و تێدەکۆشێت وەکوو ئەو بێت، ئیدی ئەم خاڵە دەبێتە پەیوەندی ناسراویان و زنجیرەی تەریقەت و ئیرشادکردن دێتە ئاراوە)

زنجیرەی تەریقەتی هەقەکان لە (شێخ مەولانا خالیدی نەقشەبەندی)یەوە دەستپێدەکات، تا (٧) خەلیفە بەردەوام بێت و لە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)دا کۆتایی دێت، کە شەجەرە




و زنجیرەی ڕیزبەندی یەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

١- شێخ ئەحمەدی سەردار .

٢- شێخ قادری کوڕی ناسراو بە (شێخ قادری سوور) .

٣- شێخ ڕەزای عەسکەر .

٤- شێخ محەممەد ئیلەڵڵا.

٥- حاجی شێخ مستەفای کوڕی حاجی شێخ ڕەزای عەسکەر .

٦- شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێری.

٧- شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە.

## سنووری جوگرافی بزاڤی هەقە:

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنوورێکی جوگرافی جێگیر بۆ شوێنکەوتووانی بزاڤی هەقە، بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکاری دانیشتوان (دیمۆگرافی) و سیاسەتی ڕاگواستن و کارەساتی ناڵەباری ئەنفالی ساڵی (١٩٨٨ز)ی ڕژێمی خوێنڕێژی بەعس دژ بەسەرجەم خەڵکی کوردستان لەنێویاندا حەقەکان. پاشان دروستکردنی بەنداوی دوکان، کە بووە هۆی ژێرئاوکەوتنی ژمارەیەک گوندی حەقەنشینی ناوچەکە و ڕاگواستنیان بۆ ناوچەکانی دی کوردستان وەکوو: بەکرەجۆ، چوارقوڕنە، ژاراوە، سەنگەسەر و بازیان.

ناتوانرێت کارێکی واقورس بەئاسانی ئەنجامبدرێت، بەڵام بەگشتی دەکرێت ناوچەکانی سنووری بازنەی حەقەنشین بەم شێوەیە دیاری بکرێت: هەروەکوو لەئینسایکلۆپیدیای گشتیدا هاتووە: «تەنها لەناوچەی سوورداشی نزیک شاری سلێمانی و چەند گوندێکی کەرکوکدا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا سنوورەکە زۆر لەمە فراوانترە کە (جگە لەچەقی هەردوو پارێزگای کەرکوک و هەولێر، لەشارۆچکەی تۆپزاوا، بەنیسڵاوە، قەزای کۆیە و دێهاتەکانی و ناحیەی تەق تەقیش هەن).

هەروەها لەناوچەکانی (تۆربە، گەڵنێری، سارتکە، کەلکەسماق، شوان، شێخ بزێنی، قەڵاسێوکە، ئاغجەلەر، سورداش، خەلەکان، خەرابە، قازی بەگیان، کڵێسە، ساتوقەڵا، بازیان، خورخورە، یاخیان، کوێرەکانی، شارستێن، بنگرد، قەڵادزە، سەنگەسەر، ڕانیە، بەستەسێن، بەکرەجۆ، ژاراوە، مەلاهۆمەر، خۆشناو، چوارقوڕنە و... هتد هەن)

هەروەها هەقەکان لەناوچەکانی (دۆڵی جافایەتی، ناوچەی ئاغجەلەر، عەسکەر، مەرگە، دەشتی کۆیە، گەرمیان و کەرکوک هەن).

مامۆستا شاکر فەتاح لەیاداشتەکانیدا بەناوونیشانی (ئاوێنەی ژینم) کاتێک لەساڵی (١٩٤٢ز)دا قائیمقامی قەزای ڕانیە و لەساڵی (١٩٤٦ز)دا قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بووە. لەبارەی حەقەکانی ناوچەکەوە دەنووسێت: (حەقەکان بەهەموو لایەکی کوردستانی ئێراقدا بەتایبەتی بەناو بەشی (سۆران)دا بڵاوبوونەتەوە و لەناوچەی ڕانیەدا دوو سێ گوندێکیان هەبووە، کە ئاغاکانی پشدەر چاویان بڕیبووە داگیرکردنی ئەو گوندانە).

لەژمارە (٧)ی ڕۆژنامەی (چەمچەماڵ) یشدا دەنووسێت: (حەقەکانی چەمچەماڵ لەنزیکەی (٣٥) گونددا دانیشتوون)

## بزاڤی هەقە و جووڵانەوەکانی دژ بە داگیرکاری ئینگلیز لەباشووری کوردستان:

پەیوەندی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە ڕێبەری هەقە لەگەڵ بزووتنەوە چاکسازیخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بەسەرکردایەتیی شێخ مەحموودی حەفید پەیوەندییەکی پتەو و دۆستانە بووەو، هەروەکوو بەفەرمانی جەنابی شێخ عەبدولکەریم و شێخ عەبدوڵڵای برا گەورەی لەشەڕی (کۆتەڵ) ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکار و خزمانی و عەشیرەتەکانی ناوچەی ئاغجەلەر بەفەرماندەی شێخ عەبدوڵڵای برای و کاکە ڕەزای کوڕی حاجی شێخ عەلی عەسکەری لەشاخی (گەورەدێ) پشتیوانی سوپای شێخ مەحموودی نەمر بوون. لەمانگی ٣ی ١٩٢٣دا کاتێک ڕێگریان لەبەرەو پێشچوونی سوپای ئینگلیز کرد لەناوچەکەدا. لەو شەڕەدا چەند کەسێک لەهەقەکان برینداربوون، دواتر فڕۆکەکانی سوپای ئینگلیز بۆردومانی گوندی (شەدەڵە) و دەوروبەیان کرد، بەم هۆیەوە خەڵکی گوندەکە بەتایبەتی ژن و منداڵەکان ناچار بە بەجێهێشتنی ماڵ و سامانی خۆیان کران و پەنایان

بردە بەر ئەشکەوتەکانی (بۆڵە ترێ) لەپشتی شەدەڵە لەچیای (دابان) پاشان چوونە مێرگەپان. لەولاشەوە چەکدارەکانی هەقە، هەروەکوو شێخ فەرمانی پێدابوون، تا شەڕ کۆتایی نەهات سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵنەکرد.

بەهۆی داواکاری بەردەوامی کیانی سەربەخۆیی لەلایەن هەقەکانەوە و بەشداریان لەخۆپیشاندان و پێکدادانە سەربازییەکاندا لەناوچەکە، ئینگلیز هەقەکانیان بەمایەی مەترسی بۆسەر خۆیان دەزانی، لەهەل و دەرفتێک دەگەڕان بۆ تۆڵەسەندنەوە لێیان و کۆنترۆڵکردنی کار و چالاکییەکانیان.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار بزووتنەوەی هەقە تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند، بەهۆی هەڵوێستی شۆڕشگێری کوردانەیانەوە، بەتایبەتی دوای ڕووداوی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٠ز)ی بەردەرکی سەرای سلێمانی و کوژران و دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەخۆپیشاندەران لەلایەن هێزەکانی سوپای ئینگلیزەوە. ئەو هێزانە بەردەوام چاودێری وردی کۆڕ و کۆبوونەوەی گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد، بەتایبەتی حەقەکان، کە گرووپێکی ئایینی-کۆمەڵایەتی ڕێکخراوبوون، کە ناوە ناوە خۆشیان لەسیاسەت دەدا و پشتگیری (شێخ مەحموودی مەلیک) و جکومەتەکەیان دەکرد و دژی ئینگلیز بوون. خودی (شێخ

**ئینگلیز هەقەکانیان بەمایەی مەترسی بۆسەر خۆیان دەزانی، لەهەل و دەرفتێک دەگەڕان بۆ تۆڵە سەندنەوە لێیان و کۆنترۆڵکردنی کار و چالاکییەکانیان**

عەبدولکەریمی شەدەڵە)ی ڕێبەریان پەیوەندی دۆستانە و بەهێزی لەگەڵ (شێخ مەحموود)دا هەبوو، بۆیە ئینگلیز لەهەلێک دەگەڕا بۆ دەستگیرکردنی ڕێبەرەکەیان و سەرکووتکردنی گرووپەکەیان، ئەوەبوو دەسەڵاتدارانی ئیگلیز بەپاساو و بیانووی ئەوەی ئەمانە دەستی دوژمنیان لەپشتە و بیری سۆسیالیستی لەناوچەکە بڵاودەکەنەوە، لەساڵی (١٩٣٤ز) دا (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)ی ڕێبەریان و چەند کەسێکی دیکەیان لێ دەستگیرکردن، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی حەقە بەدەستبەسەری ڕەوانەی شاری کەرکوک کران، چەند کەسێکیشیان بۆ حەویجە دوورخستنەوە. کاتێک موریدەکانی شێخ بەمەیان زانی، ژمارەیەکیان لەحاڵەتی ئاسایی دەردەچن و جلوبەرگیان دادەکەنن و دەیسووتێنن و گونیە لەبەردەکەن، هەر یەکەیان دارێک دەگرن بەدەستیانەوە کە پێیان دەوت (دارەقوڵە) ڕوودەکەنە کەرکوک و بەدروشم و هوتافکێشان لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک داوای دەستبەجێ ئازادکردنی شێخەکەیان و هاوڕێکانی دەکەن. دواتر میری ناچاربوو پاش ماوەیەک هەموویان ئازاد بکات و ئەوانیش گەڕانەوە شوێن و حاڵی خۆیان.

**لقەکانی بزاڤی هەقە**

(مامەڕەزایی، حەمەسووری، حەمەئاغاییەکان)

ڕێبازی تەسەوف لە (شێخ مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یەوە دەستپێدەکات. یەکەمین کەس کە تەریقەتی لەکوردستان لێی وەرگرتووە و بۆتە خەلیفەی (شێخ ئەحمەدی سەردار) بووە لەناوچەی سەرگەڵووی شاربازێڕ. زنجیرەی ئەم تەریقەتە بەردەوام بووە تا دەگاتە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) کە ڕێڕەوی بزووتنەوەی حەقە لەمەوە دەستپێدەکات. ئەو لەتەمەنی (٢٩-٣٠) ساڵی پێشەوایەتی تەریقەتی نەقشبەندی بە بەرگێکی نوێ، بەناوی

**«دەتوانین ساڵی (١٩٢٠ز) کە ساڵی دەرکەوتنی (شێخ عەبدولکەریم)ە وەکوو دوا شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و سەرەتای مێژووی دامەزراندنی حەقە دیاری بکەین»**


(حەقە) وەردەگرێت.

لەمبارەیەوە نووسەری بیانی و ڕۆژهەڵاتناسی بەڕەگەز دانیمارکی (مارتن ڤان برۆنسەن) دانەری کتێبی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت) سەبارەت بە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) و ڕێبازەکەی نووسویەتی: (شێخ عەبدولکەریمی سەرگەڵوو هەرچەندە بەنەقشی (نەقشبەندی) دادەنرێت، وەلێ هێندە لەتەریقەتەکەی دوورکەوتۆتەوە، دەتوانرێت بەڕێچکەیەکی نوێ ناوببرێت)

بەڕای توێژەر هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەسەردەمی ئەم شێخەدا شوێنکەوتووانی ڕێبازی نەقشبەندی لەناوچەی سەرگەڵو و دەوروبەری وەکوو سۆفی و موریدەکانی (حەقە) ناوبراون، نەک بەسۆفی! لەبەر ئەوەی سۆفی و موریدەکانی شێخ بەردەوام وشەی (هەقە)یان دووبارە دەکردەوە.

دەتوانین ساڵی (١٩٢٠ز) کە ساڵی دەرکەوتنی (شێخ عەبدولکەریم)ە وەکوو دوا شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و سەرەتای مێژووی دامەزراندنی حەقە دیاری بکەین.

کاتێک مورید و مەنسوبەکانی شێخ لەبەری کۆیە و ناوچەی میرزاڕۆستەم و کەلکەسماق زیادیان کرد، داوایان لەشێخ کرد تەکیەیەکیان بۆ بکاتەوە، بۆیە شێخیش بەداواکەیان ڕازی بوو لەساڵی (١٩٢٢ز)دا بڕیاریدا لەگوندی (کەلکەسماق) تەکیەیەکی نوێ بکاتەوە و چەند زەوی و موڵک و ئاوێکی بۆ کڕین و خستیە خزمەتی تەکیەکە



حەمەسووری کڵاو قوت لە دوا مانگەکانی تەمەنیدا

(مامەڕەزا)ی برای کردە خەلیفەی ئەو تەکیەیە، بەهاوکاری خەڵکەکەی مزگەوتێکیان لەو گوندە دروستکرد، بەم شێوەیە خانەقای (کەلکەسماق) وەکوو بنکەیەکی دی گرنگی ئاییینی و جەماوەری بزووتنەوەکە، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەکۆکردنەوەی مورید و هەواداران لەدەوری ڕێبازی (حەقە)دا. تا ئێستەش جەماوەری هەقە سەردانی ئەم خانەقایە دەکەن، ئێستە کورەزاکەی (واتە: شێخ هاوڕێ کاکەحەمەی کوڕی مامە ڕەزا) سەرپەرشتی دەکات.

ڕێبازی حەقەی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی لەسەردەمی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)دا بووژانەوە و گەشەکردنی زۆر و بێ وێنەی بەخۆوە بینی، مورید و هەواداری زۆری لەناوچەکانی (سورداش و میرزا ڕۆستەم و کۆیە و شوان و ئاغجەلەر و کەرکوک و سلێمانی و

> **_(شێخ عەبدول کەریمی شەدەڵە) لەدوای خۆی و لەکاتی نەخۆشی و سەرەمەگیدا مۆڵەتی شێخایەتی و ئیرشادی تەریقەتەکەی بەکەس نەداوە و کەسی لەجێگەی خۆی دانەناوە_**

تەنانەت پشدەر و ناوچەی مەرگە) لەدەوری خۆی کۆکردەوە و دەستی بەسەر ئەو ناوچانەدا گرت.

ئەو گۆڕانکاریانەی لەڕێبازی نەقشبەندیدا لەکۆتایی شێخایەتی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) دا ڕوویدا، ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی بیروڕای جیاواز. ڕاستەوخۆ لەدوایی کۆچی دوایی ئەودا لەساڵی (١٩٤٢) ئەو جیاوازی و گۆڕانکاریانە زەقتر دەرکەوتن، لق و باڵی جیاوازی لێدەرکەوت لەشێوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمەڵایەتی یەکسانی خواز، لەبەرگ و فۆڕمێکی کاڵی ئاییینیدا.

(شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) لەدوای خۆی و لەکاتی نەخۆشی و سەرەمەگیدا مۆڵەتی شێخایەتی و ئیرشادی تەریقەتەکەی بەکەس نەداوە و کەسی لەجێگەی خۆی دانەناوە، لەکاتی نەخۆشی و پێش مردنی گوتوویەتی: «کەس ئیزن نییە و کەس مەئزون نییە بۆ پێدانی تەریقەت و شێخایەتی» بەڵام پاش کۆچی دوایی شێخ، مامەڕەزای برای لەماوەی دوو ساڵدا توانی کۆمەڵی هەقەکان لەڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە بەشێوەیەکی نوێتر ڕێکبخات و چوارچێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراویان بۆ دابنێت، بەڵام ئەو ناکۆکی و ناتەباییەی، کە لەنێوان (مامەڕەزا)ی ڕێبەری لقی ناسراو بە (مامەڕەزاییەکان) و (حەمەسووری کڵاوقووت)ی ڕێبەر لقی ناسراو بە (حەمەسوورییەکان)دا ڕوویدا، بووە هۆی نارەزایی و جێی قسە و باس و دژایەتی خەڵکی.

بەهۆی ئەم ناکۆکییەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەحەقەکان دوای (حەمەسوور)ی ڕێبەریان کەوتن و گوندی (شەدەڵە)یان جێهێشت و ڕوویان کردە گوندی (کڵاوقوت) لەناوچەی (شوان)ی گەرمیان و لەوێ نیشتەجێبوون و دەستیان کرد بە کاری جووتیاری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

هەندێکی دی لە(حەقەکان) لەدێهاتی (قۆمەرغان و قەرانگۆی)ناوچەی (سووورداش)ی نزیک بەشاری سلێمانی مانەوە، دواتر ڕوویان کردە ناوچەی (یاروەلی) لەگەرمیان و لەوێ نیشتەجێبوون و پەیوەندیان بەلقی (حەمەسوورییەکان)ەوە کرد

ڕێڕەوێکی دی کە لەدوای کۆچی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) دەرکەوت، ڕێڕەوی (حەمە ئاغاییەکان) بوو، کە (حەمە ئاغای پشدەر) دیارترینیان بوو. ئەوانیش گوندی (شەدەڵە)یان بە یەکجاری بەجێهێشت و بەرەو ناوچەی خۆیان، کە گوندی (کانی توو)ە لەبەری (مەرگە) گەڕانەوە، لەپاش مردنی (حەمەئاغا) ئەم ڕێڕەوە کۆتایی هات و نەما لقێکی دیکەی (حەقە) کە ئەویش لەدوای کۆچی شێخ عەبدولکەریم دەرکەوت، لقەکەی حەقەی (شێخ عەبدوڵڵای شێخ مستەفای عەسکەر) بوو لە گوندی (عەسکەر)ی ناوچەی (ئاغجەلەر) کە باوکی شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری بوو. ئەم لقە زیاتر لقێکی دەرەبەگی بوو، داوای گەڕانەوەی (حەقە)ی دەکرد بۆ سەر ڕێبازی ڕەسەن و ڕاستەقینەی (نەقشبەندی)

## بنەماکانی بزاڤی هەقە و جیهانبینی بیری هەقە:

دوای دەرکەوتنی ڕێبازی (حەقە) وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی، جەماوەری ئەم بزووتنەوەیە بەمەبەستی تۆکمەکردنی ڕیزەکانی، لەلایەن ڕێبەر و شێخەکانییەوە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی گرنگی بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و چاکسازیکردن لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی (حەقەکان)دا دانا. بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەواری و داخوازی ئەو سەردەمە، کە بزووتنەوەکەی پێدا تێپەڕیوە، گۆڕانکاری و بەرنامەڕێژی کردووە. بەتایبەتی هەردوو بەرنامەی (مامەڕەزا و حەمەسووری کڵاوقووت) وەکوو ڕێبەری هەردوو لقە سەرەکییەکەی بزووتنەوەی حەقە (مامەڕەزاییەکان و حەمەسوورییەکان).

## بنەما و بەرنامەی بزووتنەوەی (حەقە):

### ١- هەقپەروەری :

وەکوو یەکەم کۆکەرەوەی ئەندامانی هەقە، لەسەر هەریەک لەئەندامانی پێویست کردبوو لایەنی هەق بگرن و لەناهەقی و ستەم دوور بکەونەوە. با ئەم لایەنگری و دوورکەوتنەوەیەش لەبەرژەوەندییاندا نەبێت، چونکە ڕێبازی حەقە خوا بەیەکەمین هەق دادەنێت و دەبێت هەموو حەقیقەتەکانی دی وەکوو (دادوەری، ڕاستگۆیی، هاوبەشی، یەکسانی و برایەتی و...هتد) ملکەچی ئەم حەقیقەتە گەورەیەبن و لەسایەیدا ناهەقی نەکرێت .

ڕێبازی هەقە، هەقیقەت بەتەنیشت هەریەک لە (شەریعەت، تەریقەت و مەعریفەت) بەپایەیەکی گرنگی خواناسی دەزانێت و پێویستە ئەندامانی حەقە باوەڕیان پێی هەبێت و پەیڕەوی بکەن .

### ٢- برایەتی (خوشک و برایی):

مەبەست لەم بنەمایە، تەبایی و پێکەوەییە. هەموو ئەندامانی کۆمەڵی هەقە خۆیان بەخوشک و برای یەکتر داناوە و، پێیان وابووە مافی یەکسانبوون لەنێوانیاندا هەیە. خۆشەویستییەکی خوشک و برایانە، هەموویانی پێکەوە بەستووەتەوە و خۆیان بەیەک خێزانی گەورە داناوە، زۆرجار پێکەوە دانیشتوون و نانیان خواردووە. تەنانەت هەندێجار لەیەک حەوشە و خانوودا، وەک کۆمەڵگەیەکی بچووک پێکەوە ژیاون، وەکوو حەمەسوورییەکانی گوندی کڵاوقووتی ناوچەی شوانی گەرمیان .

### ٣- نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی:

کۆمەڵی حەقە هەوڵیداوە لەڕێگەی کۆکردنەوەی مەلا، شێخ، ئاغا، دەرەبەگ، جووتیار، مسکێن. جیاوازی چینایەتی نەهێڵێت، هەوڵی سڕینەوەی مۆرکی دەرەبەگایەتی داوە، کە لەو سەردەمەدا باڵی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا کێشابوو، بۆیە بەبەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمەدا و لەچاو کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی، لەمڕووەوە باری کۆمەڵی حەقە باشتربووە، زۆربەیان لەئاستی ژیاندا بوونە و چینی سەرووتریان نەبووە، هەندێک لەئاغا و شێخ و دەرەبەگەکان کەبوون بە حەقە، وازیان لەموڵک و سەروەت و سامانیان هێنا.

### ٤- دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و پێدانی ئابوونە:

لەسنووری کۆمەڵی هەقەنشیندا، لەڕێگەی کۆکردنەوەی ئابوونەی مانگانەوە، هەوڵی دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە دراوە، لەڕێی برا دڵسۆزەکانی (حەقە)وە، کە پێیان وتراوە (برا سەیارەکان) ئەو ئابوونەیە بەشێوەی مانگانە لەئەندام و موریدانی حەقە کۆکراوەتەوە و بۆ کاروباری تەکیە و خانەقاکانی حەقە و پێداویستی ئەو شوێنانە و ئەندامانی کۆمەڵەکەیان خەرجکراوە.

بەشێوەیەک هەر کەسێک بەپێی توانا و ویستی خۆی، پارە، یان بەشێک لەبەرهەم و بەرووبومی کێڵگەکەی پێشکەشیان کردووە. ئەگەر کەسێک کارەسات و ڕووداوێکی بەسەرهاتبێت لەو پارە و پیتاک و ئابوونە کۆکراوەیە هاوکاری دەکرا.

### ٥- پرس و ڕاوێژکردن :

لەکاتی پێویستی و ڕوودانی هەر ڕووداو و پێشهاتێک، برا و خوشکانی کۆمەڵی حەقە بەبێ جیاوازی، پێکەوە کۆبوونەتەوە و پرس و ڕاوێژیان کردووە، تا سەرەنجام گەیشتوونەتە ئەنجامێکی دیاریکراو بۆ ڕێگە چارەی کێشە و بابەتەکە، دواتر وەکو بڕیار کاریان پێ کردووە و پێوەی پەیوەست بوون. زۆرجار پیاوانی ڕیش سپی و بەتەمەن (پیاوماقوڵ)ی حەقە ئەم ڕۆڵەیان پێدراوە و پرس و ڕایان زیاتر پێکراوە و بانگهێشتی کۆبوونەوەکان کراون .


### ٦- نهێنی پارێزی:

کۆمەڵی حەقە، کۆمەڵێکی داخراوبوون لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، زۆر تێکەڵاوی کەسانی دیکە نەبوونە و نەشیانهێشتووە کەسانی دەرەوەی خۆیان تێکەڵاویان بن و زانیاریان لەسەر کۆبکەنەوە. نهێنی پارێزبوون و کار و بەرنامەی خۆیان بۆ هیچ کەس و لایەن و حکومەت و دەسەڵاتێک نەدرکاندووە، تەنانەت ئەگەر دەستگیر و دەستبەسەریش کرابێتن.

**کۆمەڵی حەقە، کۆمەڵێکی داخراوبوون، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر تێکەڵاوی کەسانی دیکە نەبوونە و نەشیان هێشتووە کەسانی دەرەوەی خۆیان تێکەڵاویان بن و زانیاریان لەسەر کۆبکەنەوە**

### ٧- سەربەستی ئافرەت:

ئافرەت لەنێو ڕیزی حەقەکاندا ڕێزێکی تایبەتی لێگیراوە و پێگە و پایەیەکی بەرز و تایبەتی هەبووە، لەسەرجەم مەراسیم و کۆڕ و کۆبوونەوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری کردووە، بە ئەوپەڕی سەربەستییەوە و بەشێوەیەکی ئازادانە هاوسەری خۆی هەڵبژاردووە، لەبەشوودانیدا شیربایی وەرنەگیراوە. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ژیانی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردەواری هەنگاوێکی گەورە و بوێرانەبووە. بەبەراورد لەگەڵ دەوروبەریان، پیاوانی حەقە زۆر بەکەمی فرەژنیان کردووە، ژنیان ڕەدوو نەکەوتوون و پیاویشیان کەسیان ڕەدووی خۆیان نەخستووە، بۆیە کەمترین گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتییان هەبووە.



ئەمە وای کردووە، کە خانەقای (شەدەڵە) لەناوچەی (سەرگەڵوو)ی سوورداش ببێتە لانکەی پاراستن و بەرگریکردن لەچەندین ژن و داڵدەدانیان و هاوکات چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان.

### ٨- هزری ناتوندوتیژی (ڕۆشنبیری ئاشتی)

هەرچەندە هزری ناتوندوتیژی بۆ (غاندی) ڕێبەری هندۆسەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام حەقەکانیش وەکوو کلتوورێک باوەڕیان بەهزری ناتوندوتیژی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەبووە و پەیڕەویان کردووە. بەشێوەیەک لەمێژووی ئەم کۆمەڵ و بزووتنەوەیەدا کوشتن و شەڕکردن زۆر بەکەمی تۆمارکراوە و مەگەر چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت، ئەویش بەهۆی داکۆکیکردن لەمافی گشتی و یارمەتیدانی بزووتنەوە کوردییەکان. بەشێوەیەکی ئاشتیانە ژیاون، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنایان بۆ چەک هەڵگرتن نەبردووە، بەڵکوو بەشێوازی دانوستان و گفتوگۆی ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەر کردووە.

### ٩- کاروباری ڕێکخستن :

هەقەکان لەو گوندانەی تێیدا نیشتەجێبوون، تەکیەی تایبەت بەخۆیان دادەمەزراند و کاروباری خۆیان تێدا ڕێکخست، کە لەشێوەی بارەگایەکی ڕێکخستندا بوو.

لەسەر ئاستی گونددا، ئەو کەسەی سەرپەرشتی تەکیەی دەکرد پێی دەگوترا (سەرتەکیە) کە سەرپەشتی کۆکردنەوەی ئابوونەی ڕێکخستنی هەقەکانی گوندەکە و بەڕێوەبردنی تەکیەکەی دەکرد، ڕۆڵی (بەرپرس و کادێر)ی یەکەمی هەقەی لەو گوندە دەبینی، بەزاراوەی ئەمڕۆ ئەم سەرتەکیەیە ئەڵقەی ڕێکخستنی نێوان خانەقا و هەقەکانی گوندەکە بووە، ژمارەی تەکیەکانی هەقە لەشار و گوندەکاندا دەگەیشتە (٦٢) تەکیە، لەوانە تەکیەی سلێمانی، کەرکوک، ئاغجەلەر/عەسکەر، سەرمۆرد، سورداش، کڵاوقووت، کەلکەسماق، قۆمەرغان، سێدەر، شەدەڵە، هەنجیرە/بنگرد، بوگد/کۆیە، قزلو/تەقتەق و...هتد .

جگەرە نەکێشان و چا نەخواردنەوە، لەلایەن (حەمەسوورییەکان)ەوە باو بووە و پەیڕەویان کردووە.

وەچە و منداڵ نەخستنەوە، کە دیسان (حەمەسوورییەکان)ی گوندی (کڵاوقووت)ی ناوچەی (شوان) ی چەمچەماڵ پەیڕەویان کردووە. بەبیانووی ئەوەی منداڵ و وەچە فیتنە و بەڵا و کێشەیە، گوایە ئەم بنەمایەیان لەقورئانی پیرۆزەوە وەرگرتووە؟! هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: (إنما اموالكم وأولادكم فتنه..) هەرچەندە ئایەتە پیرۆزەکە باسی ماڵ و منداڵ پێکەوە دەکات و ماڵیشی پێش منداڵ خستووە.

### سەرچاوەکان :

قورئانی پیرۆز .
یەکەم/ کتێب بەزمانی عەرەبی :
١- الحمصی، محمد حسن ، مفردات القران الكريم ، دار الرشيد، دمشق،١٩٩٨.
٢- العانی، د.عبدالقهار داود ، الصوفيه، مركز البحوث والدراسات الإسلاميه، بغداد، ٢٠٠٨.
دووەم / کتێب بەزمانی کوردی:
١- برۆنسەن، مارتن ڤان ، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، بەرگی دووەم، و.لەئەڵمانییەوە: د.کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢- تەوەککولی، محمد ڕەئووف مێژووی تەسەوف لەکوردستان، وەرگێرانی یوسف زاهیر هەورامی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥.
٣- حەمەتۆفیق، ڕێبوار، کۆمەڵی هەقە (لەشێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە تا حەمەسووری کڵاو قووت ١٩٢٠-١٩٨٦)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠.
٤- خەلیقی، حوسێنی، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی حەوادیس، بەغداد، ١٩٩٢.
٥- زوهدی، ڕەئوف محمد، بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە، چاپخانەی حەوادیس، بەغداد، ١٩٨٥.
٦- سەجادی، عەلائەدین، ڕشتەی مرواری، چاپی دووەم، سنە ئێران، ٢٠٠٨.
٧- ساڵەح، یاسین سابیر، ئینسکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٨- سوڵتانی، د.محەمەد عەلی، بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.
٩- عەسکەری، مستەفا، ئاوڕدانەوەیەک لەبزووتنەوەی هەقە،چاپخانەی عەلا، بەغداد،١٩٨٣.
١٠- فەتاح ،شاکر، ئاوێنەی ژینم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
١١- فەتاح، شاکر، کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، حەقەکان، چاپخانەی حەوادیس، بەغداد، ١٩٨٣.
١٢- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٩.
١٣- موکریانی، هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی سێیەم، انتشارات سروش، تاران، ١٣٨١ی کۆچی هەتاوی.
١٤- مەحمود، هاوڕێ، بزووتنەوەی هەقە و ڕەنگدانەوەی لەڕاگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٥- میران، د.ڕەشاد، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لەکوردستاندا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.
سێیەم / وتارو بابەت لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان: (بەکوردی و عەرەبی)
١- ساڵەح، حاکم، بزووتنەوەی هەقە لەدەمکەلی کەلکەسماقەوە، گۆڤاری هاموون، ژمارە (٥٤) ٢٧٠٦کوردی.
٢- سوڵتانی، د.محەمەد عەلی، بزاڤی حەقە لەکەرکوک، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (١١) زستانی ٢٠٠٢.
٣- عبدالله، ڕفیق مجید، حرکه الحقه والحمسوريه بين الإسلام والباگنيه، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک - مرۆڤایەتی و ئەکادیمی، هژمارا تایبەت (١)، بەربەندا (٢)، گولان ١٩٩٩، دهوک.
٤- مەحمود، عەبدوڵلا عەبدولکەریم، تێڕوانینێک بۆ ڕابردووی هەشتا ساڵەی گروپی هەقە، گۆڤاری تایم، ژمارە (١١) ١٩٩٩.

# سۆسیالیستی لەبزاڤی هەقەدا



پ. ی. د. قارەمان نادر محەمەد

## پێشەکی

سۆسیالیزم چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی لەخۆیدا گرتبوو، ڕێگەی ئەوەی پێدەدا، لەناوەندە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا بڵاوببێتەوە. لەوانەش ناوەندی کوردی. بەتایبەتیش ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی لەنێو گوتار و دروشمی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهانی، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕووسیادا هەبوون. وەکوو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی، مافی چارەنوس ... هتد. ئەم دروشمانە بەئاسانی دەیانتوانی لەزەمینە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوانەی لەژێر جەوروستەمی هێزە نەریتییەکان دەیانناڵاند، جێگەی خۆیان بکەنەوە. زەمینەی کوردیش یەکێک بووە لەو شوێنانەی بەئاسانی دروشمەکانی تێدا جێ دەبۆوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی – ئابووری نەریتییانە، کە زۆرینەی تێدا ژێردەستەی کەمینەیەکی هەژموونگەرا بوو. ئەمە سەرباری ئەو ڕەوشە سیاسی و کارگێڕییە ناجۆریەی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کوردەکان خۆیان تێدا بینیەوە و ژێردەستەییان هەر کۆمەڵایەتی و ئابووری نەمایەوە، بەڵکوو سیاسیشی هاتەسەر. خراپی ڕەوشی گشتی، شەپۆلی پێشوازیکردنی لەناسیۆنالیزمی لەدووتوێی ئەو بنەما سەرەکییانەی، فراوان کرد. تائەوکاتەی هزرە ئایدۆلۆژییەکە، لەسنووری چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە دەنوێنرا، نەک کۆی سیستەمە فەلسەفییەکەی. بۆیە چەشنێک لەئومێدی دەستەجەمعی، لەنێو کۆمەڵگەی کوردی دروست دەکرد.

ئەم ئومێد و چاوەڕوانییە لەگەڵ هەندێک بزاوتی ئایینی بەسروشت کۆمەڵایەتی نێوخۆیی، یەکانگیر دەبۆوە. ئەو بزووتنەوانەی لەدوای تەشەنەکردنی خێرای تەریقەتی نەقشبەندی لەکوردستان سەریانهەڵدا. بزووتنەوەی سیاسی – کۆمەڵایەتی بوون، بە پاشخانێکی ئایینیانە. لەوانەش بزووتنەوەی هەقە. ئەم لێکچوونەی ئایدۆلۆژیاکە و پێگە ئایینیەکە بواری ئەوەی دەرەخساند کاریگەری بەسەر یەکتر دا دروست بکەن، بەتایبەت لەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەیدا هەردووکیان هاوڕابوون؛ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرنامەی باشترکردنی بژێوی ژیانی کۆمەڵگەیەکی نەریتییانەی پڕ بە گرفتی ئابووری- کۆمەڵایەتی. هەرواش ڕوویدا. هەندێک لەشێخەکان زرینگانەوەی چەمک و دەستەواژە کۆمەڵایەتییەکانی سۆسیالیزم سەرنجی بردن و هەوڵیانداوە لەچوارچێوەی بەرنامە ئایینیە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، بەو فۆڕمەی لەگەڵ باوەڕەکەیان گونجاو بووە، دایبڕێژنەوە.

دۆزینەوەی کاریگەریی و کارتێکردنەکان، هەروەها ڕیشە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو کایە، کرۆکی ئەم توەژینەوەیەی ئێمەی پێکهێناوە. هەوڵمانداوە، بە بەکارهێنانی میتۆدێکی بەراوردکاریی، ئەم ڕەگەزانەی بدۆزینەوە.

### سەرهەڵدانی بیری سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لەڕووسیا ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی بەخێرایی بە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبووەوە،




وڵاتی تازە دامەزراوی عێراقیش لەو تەوژمە بێبەش نەبوو. ئەمەش لەڕێگەی گەیشتنی گۆڤار و ڕۆژنامە و پەرتووکە بیانییەکانەوە کە بانگەشەیان بۆ ئەم بیرە دەکرد، هەروەها لەڕێگەی پەیوەندی نێوان وڵاتانی دراوسێوە بەتایبەتی ئێران، کە هاوسۆز بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی تازە دامەزراو، کە بانگەشەی بۆ پیادەکردنی سۆسیالیستی لەجیهاندا دەکرد. جگە لەوانەش، کۆلۆنیالیزمی بەریتانی ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بیری سۆسیالیستی لەنێو کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و کوردستانی باشور بەتایبەتی. بڵاوکراوەکان سیاسەتی داپڵۆسینی بەریتانییەکانیان بۆ گەلانی ناوچەکە ئاشکرا دەکرد. (عومەر، ٢٠٠٨، ٩، الخرسان، ٢٠٠١، ١٤)

دەرکەوتنی بیری چەپ لەعێراقدا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کاتێک ژمارەیەک ڕۆشنبیری چەپ کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژیە دەکرد، بەڵام هیچ شوێن و پێگە و بازنەیەکی دیاریکراویان نەبوو یەکیان بخات، تا دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی کە لە ١٩٣٤/٣/٣١ بە سەرۆکایەتی (فهد) لەشاری بەغدا دامەزرا. حزبی شیوعی بووە مینبەری کۆکردنەوەی ئایدۆلۆژیای چەپەکان لەباشور و ناوەڕاستی عێراقدا (بطاطو، ٢٠٠٥، ٦٤-٦٥)

ئەم تەشەنەکردنەی سۆسیالیزم هاوکات بووە لەگەڵ پەرەسەندنی هزری ناسیۆنالیستی لەنێو دەستەبژێری کوردییەوە. دەستە بژێرێک، کە ئامادەی پێشوازیکردنی هەر ئایدۆلۆژیەکی دی هەبووە، کە هاوکار بێت بۆ بەرەوپێشبردنی خەیاڵ و فەنتازیا ناسیۆنالستیانەکەیان. لەوانەش سۆسیالیزم. هەرئەمەش وایکرد لەزوویەکەوە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیش لەباشوری کوردستان مافەکانی خۆی لەژێر چەتری ئەو ئایدۆلۆژیایەدا دەبینی و بەخێرایی کەوتە ژێر کاریگەری هەڵمەتەکانی ئازادی گەلانەوە کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە بانگەشەی بۆ دەکرا. چەندین ڕێکخراو بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی دروست بوون، لەدیارترین و یەکەمین ئەو ڕێکخراوە ناسیۆنالیستیانەش (کۆمەڵەی دارکەر) بوو، کە بە خێرایی بووە کرۆکی دامەزراندنی حزبی هیوا.

دامەزراندنی ئەم حزبە پەیوەست بووە بەدەزگای بوونی هزری ناسیۆنالیستی کوردی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هەروەها بانگەشەی مافی گەلان لەلایەن سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر. ئەمە جگە لەکاریگەری نوخبەی ڕۆشنبیری کوردستان و دروست بوونی دەوڵەتی عێراق و بەرجەستە نەبوونی مافەکانی کورد. بوونە فاکتەرێک بۆ گەشەکردنی ئەم پەیوەندی و ئاوێتە بوونەی بیری سۆسیالیزمی و ناسیۆنالیزمی لەگۆڕەپانی سیاسی کوردیدا. (الطالباني، ٢٠٠٢: ٤٧).

ئەوەی نمایندەی ئەم ئاوێتە بوون و بەریەککەوتنەی هەردوو هزری لەئاستی سیاسی دەکرد بریتی بوو لەحزبی هیوا، حزبەکە لەساڵی ١٩٣٩دامەزرا و بووە پارتێکی نوێی متوربەکراو بە بیری سۆسیالیستی و چەترێک بۆ هەموو گروپە ناسیۆنالیستەکان، کە پەیوەندی لەگەڵ شارستانەکان و بەشێک لەدەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانیش هەبوو (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٤).

لەکاتێکدا هەڵگرانی بیری سۆسیالیستی زیاتر لەکرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان و ڕەنجدەرانی بیروبازوو پێکدەهات، ئەم چینە چەوساوەیە دەبوونە ناوکی گەشەکردنی بیری سۆسیالیزمی، بەڵام لەبەرئەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، لەخەیاڵی بەدەستهێنانی بیری کیانی سیاسی خۆیدا بوو. حزبی هیواش بانگەشەی بۆ ڕزگارکردنی میللەتی کورد دەکرد. خەباتی بۆ ڕزگاری و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری دەست پێکرد بوو، چین و توێژی جیاوازی لێ کۆبووەوە. هەرچەندە زۆری نەبرد ئەم حزبە بەرەنگاری کێشەی زۆر بووەوە و لەئامانجە سەرەکییەکانی حزبەکە تادەهات دوورتر دەکەوتەوە. دیارترین ئەو کێشانەش بریتی بوون لەکێشەی بە گەورەکردنی سەرۆکی حزبەکە و پیادەکردنی تاکڕەوی و کێشەی ئابووری و نەبوونی شەفافیەت تێیدا (الطالبانی، ٢٠٠٢: ٤٧).

لەڕووی ئایدۆلۆژیشەوە،توێژەر (عەبدوستار تاهیر شەریف، ١٩٨٩:٩٨-٩٩) نەیارە لەگەڵ ئەوەی حزبی هیوا وەکوو پارتێکی نەتەوەیی پوخت تەماشا بکرێت و لای وایە «تا ڕادەیەک بۆچوونی نەتەوەیی لەنێو ئەو خوێندکارانەدا ئاشکرا نەبوو و بەشێوەیەکی هەرەمەکی کارەکانیان بەڕێوە چووە.

بەڵام کریس کۆچێرا دەڵێت: حزبی هیوا هەموو تێکۆشەرە نەتەوەییەکانی

> **لەناوچەی سورداش بزووتنەوەی هەقە جۆرە ژیانێکی کۆمۆنی سۆسیالیستی پێکەوە نابوو**

کۆکردبۆوە، وەکوو ڕۆشنبیران و خوێندکاران و قوتابیان،هەروەها کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر و ئەفسەران کە ڕۆڵی بەرچاوییان هەبووە. بارەگای سەرەکییان لەبەغداد بووە و لقی لەکەرکوک و هەولێر و سلێمانی هەبووە، ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (ئازادی) بڵاوکردۆتەوە (کۆچێرا، ٢٠٠٣: ١٧٨)

لەرەوکەی مەلا مستەفا بارزانیدا ساڵی ١٩٤٣ و دروست بوونی جووڵانەوەی بارزاندا ١٩٤٣-١٩٤٥ حزب هاوکارییان پێشکەش کردووە و ئازووقە و خۆراکیان بۆ پەیدا کردوون. هەرچەندە بارزانی لەبوونی پەیوەندی بە حزبی (هیوا) وە خۆپارێزی کردووە و لەسەرەتادا ئامادە نەبووە ڕازی بێت نوێنەریان لەبارزان هەبێت، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٤٤ ڕازی دەبێت و حزبی هیواش هەریەکە لە: ئەفسەر عزت عەبدولعەزیز، ماجید مستەفا، عەقید ئەمین ڕەواندزی، ڕائید عەبدولعەزیز گەیلانی کوڕی سەید عوبەیدوڵا، میرحاج ئەحمەد، فواد عارف، مستەفا خۆشناو، ماجد عەلی دەنێرێت (کۆچێرا، ٢٠٠٣: ١٩٦؛ المتوكلي، ب.س: ٢٠)

کەواتە دەتوانین بڵێین: هیوا حزبێکی ناسیۆنالیستی بووە و کاری بۆ ئامانجە نەتەوەییەکان کردووە و لەو پێناوەدا کوردانی هەڵگری ئەو ئایدۆلۆژیەی کۆکردۆتەوە. بەدەر لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەو شوناسە چینایەتییەی کەسەکە هەڵگری بووە، هەر لەدەرەبەگ، کەسی ئایینی، توێژی ناوەڕاست، بگرە تا جووتیار و کرێکاری ئاسایی، بەڵام حزبی هیوا لەماوەیەکی کورتی کارکردنیدا گیرۆدەی کۆمەڵێک ئاریشەی هزری بوو لەنێوان سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمیدا، بەشێک لەحزب لایان وابوو تەنیا جەماوەری چالاک لەبزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دەتوانن سۆسیالیزم بۆ خۆیان بەدیبهێنن، وەکوو بکەرێک لەچینی خوارەوەی کۆمەڵدا دەوری شیاوی خۆیان ببینن، بەشەکەی دی لایان وابوو داینەمۆی گۆڕانکارییەکان لەسەرەوە ئاراستە دەکرێت و دەکرێت چینی خوارەوە تەنیا فەرمانەکان جێبەجێبکەن. ئەمەش سەرەتای دابڕان بوو لەئاستی هزری و بەریەککەوتنە هزرییەکان، ئەم حزبەی بەرەو لێکترازانی زیاتر برد. سەرەتای ململانێکان بە دیکتاتۆریەتی ڕەفیق حلمی دەستی پێکرد، بەریەککەوتنی هزریش لێکترازانی وەبەرهێنا.

لەشوباتی ١٩٤٤ لەشاری کەرکوک، کۆنفرانسی حزب بەسترا. لەم کۆنفرانسەدا کێشەی هەردوو باڵەکە تەقیەوە، باڵی سۆسیالیستی هێرشی کردە سەر بەریتانییەکان و داوای دەکرد بۆ چارسەرکردنی مەسەلەی ناسیۆنالیستی پشت بە کامپی سۆسیالیستی (یەکێتی سۆڤیەت) ببەسترێت و داوای هاوکاری لێبکرێت. داواشییان دەکرد چالاکانە بەوپەڕی تواناوە پشتیوانی لەجووڵانەوەی بارزان بکرێت (شریف، ١٩٨٩، ١٠٣) بەڵام ڕەفیق حلمی، کە سەرۆکی حزبەکە بووە و لە دامودەزگا حکومەتییەکاندا کاری کردووە، لەهەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دابوو لەگەڵ بەریتانییەکان. لەکاتێکدا بەریتانیا هەوڵی کلۆرکردن و لێکترازانی ڕیزەکانی حزبی داوە، هەروەها داوای دەکرد، کە لەجووڵانەوەی بارزاندا بێلایەنی هەڵبژێرن (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٦؛ شریف، ١٩٨٩: ١٠٣)

ئەم ململانێیانە بە مەرگی حزبی هیوا کۆتای هات، حزبی هیوا وەکوو دەگوترێ، بوو بە ئاردی ناو دڕک و بەسەر پارت و هێزە جیاوازەکانی دوای خۆیدا، وەکوو (پارتی ڕزگاری و پارتی دیموکراتی کورد)دا دابەشبوون. هەروەها هەندێک لەکاراکتەرەکانی وازیان لەسیاسەت هێنا و لەپارتە سیاسیەکان دوورکەوتنەوە. ڕێک لەو دەمەدا لەدەمی ململانێکانی هزرییەوە بزووتنەوەی هەقە، وەکوو بزووتنەوەییەکی ئایینی جووڵەی زێتر دەبێ و کاریگەری پەیدا دەکات.

> ”بزاڤی هەقە لەسەردەمی زێڕینی خۆیدا پێوەندی تۆکمەی لەگەڵ زۆربەی جووڵانەوە سیاسی و نیشتمانییە عێراقی و کوردستانییەکاندا هەبووە“

**بزاڤی هەقە و ڕێبەرانی:**

دەرکەوتنی هەقە لەڕووی مێژووییەوە پەیوەستە بەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە ئایینییەی شێخانی سۆفی- لەدوای ڕوخانی قەوارە سیاسییە نیوخۆییەکان، لەزەمینەی کوردەوە بە دەستیان هێنا، ئەوە بوو بواری چالاکی سیاسی بۆ شێخەکانی تەریقەت ڕەخسا و هەوڵیاندا ئەو بۆشاییە سیاسی و سەربازییە پڕبکەنەوە، کە لەنەبوونی میرەکاندا دروست ببوون. بۆ ئەو مەبەستەش سوودیان لەپشتیوانی جەماوەری خۆیان و هێزە گەورەکانی دەڤەری عوسمانی و قاجاری وەرگرت.

بزاڤی هەقە وەکوو بزاڤێکی نوێ و ناکاریگەر هیچ ئاماژەیەک بۆ بوونی پەیوەندی بەو دەوڵەتانەوە لەسەر

> کار گەیشتە ئەو ئاستەی کورەکانی مامەڕەزا پەیوەندیان بە حزبە چەپەکانی کوردستانەوە کرد و وەکوو کادیر بەشێوەی فەرمی دەستیان بە کارکردن کرد

ئاستی گشتی نییە؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەقە دوای نەمانی ئەو هێزانە دروست بووە، هەروەها هێزێکی جەماوەری لۆکاڵی بووە و پێڕەوانی بۆ ئەودیو سنوورەکانی باشووری کوردستان تێپەڕی نەکردووە.

بزاڤی هەقە وەکوو بزاڤێکی ئاینی، کۆمەڵایەتی، لەنێو پێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی دا جووتیاران و شوانکارەکانی باشووری کوردستاندا لەچارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم، لەلایەن شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە دامەزراوە (شێخ بزێنی: ٢٠١٣، ٦٣)

ئەم بزاڤە لەهەناوی ئەم تەریقەتەوە

> **بەشێکی سەرەکی بزاڤی هەقە بەلای حزبی شیوعی عێراقدا شکانەوە؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە و ناکۆکیانەی لەنێوخۆی بزووتنەوەی هەقەدا هەبوون**

چەکەرەی کردووە و ڕیشەکەی کۆنترە و بۆ شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵو سۆفیە دێرینەی نەقشبەندی٣ دەگەڕێتەوە. شێخ ئەحمەد باپیرە گەورەی شێخ عەبدولکەریمی دامەزرێنەری بزاڤی هەقەیە، پاش پشتکردنە تەریقەتی قادری٤ لەچارەگی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم. تەریقەتی نەقشبەندی لەخودی مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزوری لەشاری سلێمانی وەرگرتووە، بۆتە یەکێک لەڕابەرە گرنگەکانی نەقشبەندی خالیدی لەدەڤەری سلێمانیدا. کاریگەری لەسەر چەندین نەوەی دوای خۆی لەزانا و کەسێتیە دیارەکانی ناوچەکە جێهێشتووە و درێژەیان بە ڕێبازی نەقشبەندی داوە (تەیفور: ٢٠٠٢، ٢١٤).

دوای مردنی شێخ ئەحمەدی سەردار، ناوەندی بانگەشە و ئیرشادی نەقشبەندی و زنجیرەی بنەماڵەکەیان لەدەڤەری سورداشەوە گواستۆتەوە بۆ شاری کەرکوک و کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەد، کە ناوی شێخ قادر و بە شێخ قادری سوور ناسرا بوو درێژەی بە ئیرشادی تەریقەتی داوە و بناغەی ئەو تەریقەتەی لەپانتایەکی گوندنشینەوە گواستۆتەوە بۆ ناوەندێکی شاریانە و لەوێ لەشارەکەدا چەسپاندوویەتی و پێگەیەکی بەهێزی پێ بەخشیوە (عەسکری: ٢٠٠٨، ٢٤).

تارۆژگاری ئەمڕۆش درێژەی هەیە و پاشماوەی کارەکانی بۆتە بەشێک لەمێژووی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سۆفیگەری لەکەرکوک. ئەم مانەوەیەش پەیوەست بووە بەسیستەمێکی دیاریکراوی پەیوەندی نێوان شێخ و مورید و چۆنێتی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی شێخەوە، کە لەتەریقەتەکەدا باوبوو، لەو قۆناغەشیدا خەسڵەتە هەرەدیارەکەی بەمیراتیی نەبوونی تەریقەتەکە بووە لەنێو بنەماڵەیەکی دیاریکراودا. بۆیە نەوەکانی شێخ قادری سوور شوێنی باوکیان پڕ نەکردۆتەوە، هەڵبەتە لەتەریقەتی نەقشبەندیدا مەرج نییە نەوە شوێنی باوان بگرێتەوە و درێژە بە ئیرشادی تەریقەت بدات.

بۆمانەوە و بەهێزبوونی تەریقەتەکە پێویستە یەکێک لەبەهێزترین پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی دەستنیشان بکرێت کە خاوەن زانست و زانیاری و شەرع و تەفسیر و شیکردنەوە بێت، هەروەها قسەزان و لێهاتوو بێت و توانای قەناعەت پێهێنان و دروست کردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش یەکێک لەسۆفییە ناسراوەکان بەناوی شێخ ڕەزای عەسکەر دیاری کرا بۆ ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی لەخانەقای شاری کەرکوک و شوێنگرتنەوەی شێخ قادری سووری ڕابەری تەریقەتەکە لەو شارەدا. دوای کۆچی دوایی شێخ ڕەزا کاراکتەرێکی دی بەناوی شێخ محەمەدی ئیلەڵا جڵەوی کارەکانی تەریقەتی گرتۆتە ئەستۆ (عەسکری، ٢٠٠٨: ٢٥). ئەمەش زەمینەی کۆمەڵایەتیبوونی تەریقەتەکە و بەدەستهێنانی پاڵپشتی بەردەوامی ئەم زەمینەیەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

شێخ مستەفای عەسکەر لەدوای شێخ محەمەدی ئیلەڵا تا ساڵی١٩١٥ بۆتە ڕابەری ئیرشادی تەریقەتەکە لەناوچەیەکی دیاریکراودا (گوندی ئیلەڵا دەکەوێتە دەشتی کۆیە نزیک گوندی عەسکەر، بۆیە ڕەنگە تەنها لەو ناوچەیەدا چالاکییەکانیان قەتیس مابێت) پاش مردنی شێخ مستەفا کەسایەتییەکی دی بەناوی مەلا ئەحمەدی گەڵنێری٩ بۆتە شێوێنگرەوەی و درێژەی بەکارەکانی تەریقەت داوە. تەمەنی ڕابەرایەتی کردنی ئەم شێخە درێژ نەبووە و لەساڵی ١٩١٩ کۆچی دوایی کردووە و شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە شوێنی گرتۆتەوە (شێخ بزێنی، ٢٠١٣، ، عسکری، ٢٠٠٨: ٣١، جوم حیدری، ١٩٩٧: ٦١).

شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە کوڕی شێخ مستەفای عەسکەرە لەساڵی ١٨٧١ لەدایک بووە و لەساڵی ١٩١٩ ڕێبەرایەتی تەریقەتەکەی وەرگرتووە. هزری لەدایک بوونی بزاڤێکی نوێی متوربەکراو بە سۆسیالیزمی کۆمەڵایەتی لەقاوغێکی ئاینیدا لەلای شێخ چەکەرەی کردووە. هەوڵەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربونەوەی دەرەبەگایەتی و چەوسانەوەی جووتیاران و ڕەتکردنەوەی بەشێک لەدابونەریت و کلتووری کۆمەڵایەتییەکان سیمای سەرەکی ئەم هزرە نوێیە بووە. هەر ئەمەش پەیوەندی نێوان ڕێبەرانی ئەم لقەی نەقشبەندی و زەمینەی کۆمەڵایەتییە، سەرباری گۆڕانی هزری کۆمەڵایەتی و کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەسەر جیهانی دەرەوەدا، بە زیندوویی هێشتەوە.

## شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و بزوتنەوەی هەقە

بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی گەڵاڵەبوونی بزووتنەوەی هەقە، دەرکەوتنی لەنێو هەناوی تەریقەتدا، ئینجا گۆڕانی لەتەریقەتێکەوە بۆ بزاوتێکی ئایینی- کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیش، پێویست دەکات بەو دەسەڵات و بۆچوون و بیروڕایانەدا بچینەوە و بیانخەینەڕوو کە لەلایەن شایتحاڵ، خوێندەوار و توێژەرانەوە لەبارەی بزووتنەوەکە گوتراون.

نووسەران بەشێوەی جیاواز ئەم بزاڤەیان ناساندووە و چەمکی جیاوازییان بۆ داتاشیووە، چەند نموونەیەک لەو پێناسانانە دەیخەینەڕوو، کە بزاڤەکەیان لەسەردەمی گەشەکردن و نەشونماکردنی بە خوێنەرانی ناساندووە:

(هەمزە عەبدوڵڵا) کەسێکی نزیک لەناوچەکە بووە، لەسەردەمی زێڕینی بزاڤی (هەقە)دا ژیاوە، یەکێک لەسەرکردە سیاسییە چەپەکانی قۆناغەکە بووە، دەڵێت: «بزاڤی هەقە بزووتنەوەیەکی جووتیاریە بە مەبەستی ئازادکردنی جووتیاران لەستەمی دێرینی سەپێندراو دەستەمۆکراوی کۆمەڵایەتی هاتوتە بوون و لەبنەڕەتدا هەقە سەر بە هیچ بزاڤێکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی هاوچەرخ نەبووە، مەیلی بۆ هیچ لایەنێک پیشان نەداوە و ڕێگای ئاشتیخوازانەی پیادە کردووە و چەکی بەڕووی کەسدا بەرز نەکردۆتەوە(عەبدوڵڵا، ١٩٣٣:٣).

مستەفا عەسکەریش کارەکتەرێکی دیار و ناسراوی نێو بنەماڵەی هەقەکان بووە، تاقە نووسەر و شرۆڤەکاری هەقەکان بووە، یەکەم کەسیش بووە دەربارەی بزاڤی هەقەی نوسیووە، تێڕوانینی جیاوازی لەمەڕ پێناسەکەی هەمزە عەبدوڵڵا هەیە، لای وایە بزاڤی هەقە لەڕەوتی نیشتمانی دانەبڕاوە و هاوکاری شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید (١٨٨١-١٩٥٦)ی کردووە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی بۆردومانکردنی شەدەڵە لەلایەن فرۆکەکانی بەریتانیاوە لەساڵی ١٩٣٤دا (عەسکەری، ٢٠٠٨، ٣١).

عەسکەری ڕەتینەکردۆتەوە کە پێڕەوانی بزاڤی هەقە زۆرینەیان لەچینی جووتیاران بوونە و جۆرێک لەدادپەروەری و یەکسانی بەرهەم لەنێو ڕیزەکانیدا جێبەجێ کراوە، پێیوایە دەکرێت بە سۆسیالیزمی سروشتی ناوزەدی بکەین.


لەو سەروبەندەدا (س.ج ئیدمۆندز) کە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی ئەوکاتەی حکومەتی عێراق بووە، سەردانی گوندی شەدەڵە دەکات و ناتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە لەپێگەی شێخ عەبدولکەریم لەڕووداوە گرنگەکان، بۆیە لەپەرتووکی کورد و تورک و عەرەبدا دەڵێت: «قسەکانی شێخ عەبدولکەریم دوور لەپاکێتی و دینداری نەبوون، بەڵام قبوڵکردنی ئەو مەسەلەیە بۆمن دژوار بوو، کە ئەم کەسە ئیمام و ڕێبەری ئەو کردەوە ناحەز و نالەبارە بێت، کە تاچەند مانگێک لەمەوبەر فیکری حکومەتی بە خۆیەوە خەریک کرد بوو(٢٠٠٤ : ٢٥٣).

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی شێخ عەبدولکەریم و بزاڤەکەی لایەنی کەم بەویستی بەریتانییەکان نەجووڵاونەتەوە و پەیام و جووڵەکانی شێخ گەیشتۆتە گوێی بەریتانییەکان و بەکارەکانی نیگەران بوونە. ئەو بانگەشە سۆسیالیزمییەی کە بۆ بزاڤەکە دەکرا، ئیدمۆنزی گەیاندە گوندی شەدەڵە، بەڵام ئیدمۆندز ئەو بابەتەی بۆ یەکلانەبۆتەوە: ئایا دەبێت چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەو ڕەوتە سۆسیالیزمییە هەبێت، کە لەسییەکانی سەدەی ڕابردوودا لەعێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بڵاوکراوەتەوە؟

لێرەوە تێگەیشتن لەپەیوەندی هەقە بەهزری سۆسیالیستیەوە لەدوو ڕووەوە دەبێتە بابەتێکی قسە لەسەرکراو. لەڕوویەکدا پەیوەست بەگەشەسەندنە مێژووییەکەی بزاوتەکە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی، سەرکردەکانی بەناوەندە کۆمەڵایەتییەکە و لەخۆگرتنی ناوەندە، لەچوارچێوەی تێگەیشتنێکی سۆفیگەرییانە. کە جەخت لەسەر دادوەری کۆمەڵایەتی و فۆرمێکی یەکسانی دەکردەوە، لەئاستی باوەڕداری لەتێگەی ئاینیەوە. لەڕووی دووەمیشدا، وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم دەرکەوتنەی بزووتنەوەکە ڕێک هاوکات بووە لەگەڵ تەشەنە کردنی خێرای سۆسیالیزم لەنێو دەستەبژێری کوردی، بە شێخ و کارەکتەرە نەریتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیەوە.

توێژەر (عومەری فاروقی) کە نووسەرێکی دی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەناساندنی ئەم بزاڤەدا دەڵێت: «هەرچەندە هەندێک کەس بە جووڵانەوەیەکی تەریقەت خوازی دژ بە سەرمایەداری و داگیرکاری دەزانن، بەڵام بزاڤەکە جووڵانەوەیەکی عیرفانییە و بۆنی نەوتی لێدێت (١٩٩٢: ١٥) گوایە سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە جۆرێک لەوابەستەی بەنەوتی باباگوڕگوڕەوە هەبووبێت. ئێمە لامان وایە بۆچوونێکی لاوازە و جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە؛ چونکە شەدەڵە و کەرکوک دوو ناوچەی لێک دوورن، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لەنێوان بزاڤەکە و کۆمپانیای نەوتی کەرکوک

( ڕۆژنامەی ( الجمهوریە )ی ڕۆژی پێنج شەممەی مانگی ئەیلولی ١٩٥٨



احد الشهود يتهم حمه سور بان اصله من روسيا

كتب سجاد الغازي يقول:
انعقد المجلس العرفي العسكري ظهر امس برئاسة العقيد شمس الدين عبد الله وعضوية كل من المقدم عبد الرزاق الجدة والمقدم نافع احمد وقد حضر الجلسة الملازم راغب فخري المدعي العام العسكري والمعاون يوسف السراج ممثل الشرطة والمحامي محمود احمد حافظ وكيل المتهمين وقد واصل المجلس النظر في قضية [illegible]

لە قۆناغە جیاوازەکاندا تۆمار نەکراوە.

شێخ حسێنی خانەقا (١٩١٢-١٩٨٤) کەسێکی نزیک لەبنەماڵەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەیە و لەڕووی بنەماڵەییەوە خزمایەتیان هەبووە. دەربارەی ناساندنی بزاڤەکە دەڵێت: «لەدەستپێکی کارەکانی شێخ عەبدوکەریمی شەدەڵەدا وەک هەر بنەماڵەیەکی دی نەقشبەندی بەشێوەی ڕەوشی ئیرشاد و سلوکییان کردووە و بنەما و پرەنسیپەکانی نەقشبەندیشیان جێبەجێکردووە، بەڵام لەکاتی خەلیفایەتی (شێخ عەبدولکەریم)دا وردە وردە لەنێو پێڕەواندا قسەی هەڵبزوڕکاندن (شەتەحات) و لەنزیک بوونەوەی مەهدی چاوەڕوانکراو دەکرا، گوایە کاتەکەی لەبارە و نیشانەکانی دەرکەوتوون، بەشێک لەسۆفییەکان کە بەشێت ناوزەد دەکران دەستیان لەکار هەڵگرت و پشتیان لەدونیا کرد(سوڵتانی، ٢٠٠٣: ٩٠)

> **لەدیارترین و یەکەمین ئەو ڕێکخراوە ناسیۆنالیستیانەش (کۆمەڵەی دارکەر) بوو، کە بە خێرایی بووە کرۆکی دامەزراندنی حزبی هیوا**

ئەم جۆرە مامەڵانە لەنێو پانتای سۆفیگەریدا ئاشنایەتی هەیە و وابەستەیە بە دونیایەکی خەیاڵی، لەدووتوێی کۆمەڵێک بابەتی دژ بە لۆژیک جێگیر بووە، بەڵام ئەم جۆرە دیاردانە لەگەڵ چەمکی سۆسیالیزمی یەکانگیر نین و دوورو نزیک پەیوەندییان بە یەکەوە نییە.

لەدوای مردنی شێخ عەبدولکەریم زیاتر ئەم جۆرە بیرکردنەوانە پەرەی سەندو بانگەواز بۆ هەقبێژی و داپەروەری و ڕاستگۆیی دەستپێکرد. زاراوەی هەقیان کردە ئامرازی بەرەنگاربوونەوەی ئەو تۆمەتانەی دەخرانە پاڵیان.

دیارە جیابونەوەی ئەم جۆرە بزاڤە ئایدۆلۆژییە لەپانتایەکی بچووکدا، یان فراواندا بێ دەردەسەری تێپەڕنەبووە؛ چونکە کۆمەڵگەی کوردی لەبۆتەی دواکەوتوویی خێڵایەتی دەتلایەوە، ئاغا و دەرەبەگەکان دەستیان خستبووە بیناقاقای جووتیاران و بەشی زۆری ڕەنج و ماندووبوونەکانیان دەخوارد. بۆیە دەکرێت بزاڤی هەقە وەکوو بزاڤێکی جووتیاری لەپێناو بەرگریکردن لەمافەکانی جووتیاران بناسێنین، سۆسیالیزمی کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستی و یەکسانی ڕەگەزی، کردە دروشمی دیاری بزاڤەکە.

## هەقە و چەپگەرایی لەنێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٦١

ئەگەر سەرەتاکانی پەیوەندی هەقە بە سەرەتاکانی هزری سۆسیالیزم لەکوردستان ناڕوون بێت، ئەوا لەقۆناغی دواتردا ئەم پەیوەندییە بەباشی دەرکەوتووە، هەژموونی هێزە چەپەکان لەعێراقدا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کاریگەر بوو، بەخێرایی شوێنی خۆیان لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا کردۆتەوە. خوێندەواران لەپێشەنگی ئەو پێشوازیەدا بوون، چونکە دەستەبژێری خوێندەوارەکان پتر درکیان بەو گۆڕانکاریە جەوهەرییە دەکرد، کە لەهەناوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەڤەرەکەدا ڕوویدەدا. بە پێچەوانەی بزووتنەوەی هەقە، کە لەنێو چین و توێژێکی نەخوێندەوار و جووتیاری لادێنشیندا برەوی سەند.

ڕەنگە کۆکردنەوە و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دوو گروپی بارگاوی بە هزری چەپگەرایی ئاسان نەبێت، یەکیان هەڵگری خەسڵەتی ئایدۆلۆژی و سیمای سیاسی و گۆڕانکاری جەوهەری بێت، ئەویدیکەیان ڕابەرایەتی تەریقەتی سۆفیگەری و فەلسەفەی ئایینی سەرچاوەی بڕیاری بێت. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و ئامانجی چەپگەرایی هەردوو جووڵانەوەکەی لێک نزیک کردەوە، بەتایبەتی لەکارکردن بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و هێنانەکایەی دادپەروەری و یەکسانی.

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیری چەپ و دامەزراندنی پارتێکی سیاسی وەکوو حزبی شیوعی، کە هەڵگری بیری چەپ بوو، بارگاوی بوو بە دروشمەکانی یەکسانی و دادپەروەری و پاڵپشتی کردنی توێژی جووتیاران و ڕەنجدەران و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک. کە بۆ ئەو سەردەمە وەچەرخانێکی فیکری گرنگ بووە، هەروەها بۆتە هۆی جووڵاندنی هەستی چینایەتی و خەڵکێکی زۆری لەدەور کۆبووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی بۆتە هۆی یەکخستنی هەڵوێست و نزیکبوونی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی هەقە و حزبی شیوعی، بەتایبەتی لە تێڕوانینیان بۆ دادی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە چینایەتی و ڕەگەزییەکان و زەمینەسازی بۆ هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ نێو کایە کۆمەڵایەتییەکان و بەرگریکردن لەچەوساوەکان و دژایەتیکردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی (جەعفەر (فازڵ کریم) :٧١؛ گدرون، ٢٠١٠/١١/٧)

سەرەڕای نزیکی بزووتنەوەی هەقە لەبنەما و هزری هەڵگرانی بیری چەپ بەگشتی و پێڕەو و پرۆگرامی نێوخۆی حزبی شیوعی بەتایبەتی، چەند فاکتەرێکی دیش هەبوون، کە هۆکار بوون بۆ زیاتر نزیک بوونەوە و تۆکمە کردنی ئەم پەیوەندییە.

**لە گرنگترینیان :**

١- تێڕوانینی بزاڤی هەقە کە تێڕوانینێکی شێوە سۆسیالیزمی سروشتی بووە، خۆیان ڕووپۆش کرد بوو بە تێڕوانینێکی ئایدیالیستی، لەکاتێکدا وێڵی دادی کۆمەڵایەتی و سروتە سۆفیگەرییەکان بوون (میران ، ٢٠٠٠ : ٦٤)

ئەم بارگاوی بوونە بە دادوەری کۆمەڵایەتی، هەمان ناوەڕۆک و ئامانجی پارتە چەپەکان بووە و بە یەکێ لەفاکتەرە هەرە لێک نزیکەکان دادەنرێت، وێرای ئەوەی بزووتنەوەی هەقە پاشخانێکی ئایینیانەی تەریقەتی نەقشبەندی هەبووە و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە و پەیوەندییان بە یەکتر و بە ئەوانەی دەرەوەی خۆیان هەبووە، تا وابەستەی بڕیارەکانی تەریقەت و ڕابەری خانەقا بن، ئەمەش پێوەندارێتی پارتایەتی و سیاسەت کردنی لەنێو پێڕەوانی بزووتنەوەکە لاواز کردووە و زۆرینەی کاروچالاکی و بیرکردنەوەیان لەلایەن ڕابەری بزووتنەوەکەوە بڕیاری لێوە دەدرا (دەباغ ، ئابی ٢٠٠٩ :٦).

٢- بزاڤی هەقە لەسەردەمی زێڕینی خۆیدا پێوەندی تۆکمەی لەگەڵ زۆربەی جووڵانەوە سیاسی و نیشتمانییە عێراقی و کوردستانیەکاندا هەبووە (عەولانی،١٩٨٠ :١٣) هەروەها پێوەندی لەگەڵ کەسایەتییە چەپەکانی ناسراوی گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەبووە

ئەو پارت و بزووتنەوە و کەسایەتیانە شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی دەوڵەتی عێراق و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، کە یەکسانی و دادپەروەری تێدا بەرقەرار بێت، یەک ئامانج کۆی دەکردنەوە، ئەمەش هەمان تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە بووە. هەرچەندە گومانێک هەیە، ئەم کەسایەتیانە ڕێبەرێکی بزووتنەوەکەی وەک مامەڕەزایان بۆ نێو ململانێ سیاسییەکاندا پەلکێش کردبێت و بزووتنەوەی هەقەیان لەبزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە بەرەو بزووتنەوەیەکی جووتیاری سیاسی هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالیستی بردبێت.


٣- بەشێکی سەرەکی بزاڤی هەقە بەلای حزبی شیوعی عێراقدا شکانەوە؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە و ناکۆکیانەی لەنێوخۆی بزووتنەوەی هەقەدا هەبوون (سەبیحەخان، چاوپێکەوتن : ٢٠١١/١/٨) ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ئایدۆلۆژیا و شێوازی بیرکردنەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە، بەشێکیان بەلای (پ.د.ک)دا ڕۆیشتن و بەشێکی دیکەشیان بوونە هەوادارانی حزبی شیوعی عێراقی (تەیفور، چاوپێکەوتن: ٢٠١١/٥/٨) بەڵام دوای گرتنی مامەڕەزا لەساڵی ١٩٤٤ لەلایەن سەعید قەزازی پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر، بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بزووتنەوەکە بە ئاراستەی جووڵەی چەپانە، کە خۆی لەهەڵایسان و زاڵبوونی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە دەبینییەوە. چ لەو دروشمانەی، کە بەناوی ڕەوشتەوە ڕاگەیاندران، کە خۆی لەبرایەتی و هاوبەشی لەکار و کردار و کۆکردنەوەی ئابوونە لەژێر ناوی واجباتدا و هێنانە پێشەوەی ژن بۆ نێو کۆڕوکۆمەڵی بزووتنەوەی هەقە لەسیما دیارەکانی گۆڕانکاری بزووتنەوەکە بوون لەبیری سۆفیگەریەوە بۆ ئایدۆلۆژیای چەپ لەکوردستاندا، کار گەیشتە ئەو ئاستەی کوڕەکانی مامەڕەزا پەیوەندیان بە حزبە چەپەکانی کوردستانەوە کرد و وەکوو کادیر بەشێوەی فەرمی دەستیان بە کارکردن کرد (دەباغ، ئابی ٢٠٠٩: ٦ )

تێکڕای ئەم فاکتەرانە ڕۆڵیان لەڕاکێشانی بیرکردنەوە و قبوڵکردنی بزاڤی هەقە بۆ لایەنگیری و دواکەوتنی پارتە چەپەکان هەبووە، بۆ نموونە ڕابەری بزووتنەوەکە هانی پێڕەوانی دەدات جێگەی خۆیان لەنێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیدا بکەنەوە، بەمەرجێک واز لەڕەوشت و بنەماکانی هەقە نەهێنن (عەسکەری: ٢٠١٠/١١/٧) بەڵام دواتر دەستبەرداری زۆرینەی مەراسیمە ئایینی و سۆفیگەرییەکان بوون، زۆربەی پێڕەوانی هەقە تەرکی ڕۆژ و نوێژیان کرد و لەمەڕاسیمی حەجیش دوورکەوتنەوە.

سەرەتای پەیوەندی بزاڤی هەقە بە شیوعییەکانەوە لەساڵی ١٩٥٢ لەڕێگەی (گۆرانی شاعیر)ەوە بوو، بەڵام پاش دەستگیرکردنی گۆرانی شاعیر پێوەندییەکان لاوازیان بەخۆیەوە بینی، چونکە سەرەتای پێوەندییەکان لەچوارچێوەی دۆستایەتی و کەسێتییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام پاش تێکەڵبوون و شارەزایی پەیداکردنیان سەبارەت بە پێڕەو و پرۆگرامی حزبی شیوعی، مامەڕەزا گوتبووی: حزبی حەقیقەتمان دۆزیەوە، بۆیە پێویستە خزمەتی بکەین (ئەحمەد: ٢٠١٠/١١/٢٢).

لێرەوە بزووتنەوەی هەقە بوونە پاڵپشت و پشتیوانی حزبی شیوعی و ڕۆڵیان لەهاوکاری و بەدەنگەوە چوونی حزبی شیوعیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوت ئەم تێکەڵ بوونە ڕێکخراوەییانە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ قەبوڵکردنی هەندێک لەو بەهاو بنەمایانەی حزبەکە و ئایدۆلۆژیاکەی کە لەسەری دامەزرا بوو. ئێمە شتێکی ئەوتۆشمان لەبەر دەستدا نییە ئاماژە بن بۆ ئەوەی شیوعییەکان خۆیان هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە ئایینی کۆمەڵایەتییەیان دابێت، کە بزووتنەوەکەی لەسەر دامەزرا بوو، بەمەش دەرگای کاریگەر بوون بە بنەماو بەهاکان، نەک هەوڵی گۆڕینی

> **“ دەکرێت بزاڤی هەقە وەکوو بزاڤێکی جوتیاری لەپێناو بەرگریکردن لەمافەکانی جوتیاران بناسێنین، سۆسیالیزمی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ دۆستی و یەکسانی ڕەگەزی، کردە دروشمی دیاری بزاڤەکە ”**



وێنەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لە ئەرشیفی خانەقای کەلکە سماق

بنەما بە کرۆکی ئایینە تەریقەتییەکان، بە کراوەیی مابۆوە.

### ڕەهەندی سۆسیالیزمی بیروباوەڕ و ڕەفتارەکان:

لەناوچەی سورداش بزووتنەوەی هەقە جۆرە ژیانێکی کۆمۆنی سۆسیالیستی پێکەوە نابوو، ئەم بزووتنەوەیە دەیویست پەیڕەوکارانی لەگەڵ هەنووکەی گۆڕانە هزری - کۆمەڵایەتییەکان بگونجێ (مەلا کەریم: تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ :٣)

سەرەڕای ئەوەی بزاڤی هەقە بەشێک، یان لقێک لەتەریقەتی نەقشبەندی بووە، بەڵام لقێکی گەشەکردووی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، کە مەولانا خالید ڕیفۆرمی تێدا کردبوو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی بەهێز ببوو. ئەو کۆمەڵگەیەی باوەڕی پێهێناوە، هەوڵی گۆڕانکاری ڕیشەی لەکلتوور و سیما کۆنەکانی کۆمەڵگای کوردی داوە. ڕەتکردنەوەی شیربایی لەپرۆسەی ژنخوازی و دژایەتی ژن بە ژن و گەورە بە بچووک و ڕیفۆرم لەنێو ئاییندا لەدیارترین ئەو هەوڵانەن کە بزاڤی هەقە کاری بۆ کردووە (شەدەڵە، ١٩٨٩)

**«زۆربەی پێڕەوانی هەقە تەرکی ڕۆژ و نوێژیان کرد و لە مەڕاسیمی حەجیش دوورکەوتنەوە»**

دروستە ئەگەر بوترێت بزاڤی هەقە لەهەناوی تەریقەتی سۆفیگەریدا لەدایک بووە، پاشان بەرەو سەربەخۆیی ئایدیای هەنگاوی بوێرانەی ناوە، ئەمەش بە خوێندنەوەی بزاڤی هەقە بۆ ڕۆژگاری کۆمەڵگەی ئەوسای کوردی. ئەو کۆمەڵگەیەی بە دەست دۆگمایی بیری ئایینی و زاڵبوون و بەردەوامی هێزە نەریتییە هەژمونگەراکان بەو سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەیناڵاند.

هەقە مەبەستی بووە ئەو بۆشاییە فیکرییە پڕبکاتەوە و بەرەنگاری باروودۆخی نالەبار و لاسەنگی کۆمەڵگە بێتەوە، هەرچەندە درکیان بەوە کردووە ڕژێمی پاشایەتی پشکی شێری بەر دەکەوێت لەپاڵپشتی دەرەبەگەکان و چەوساندنەوەی جووتیاران و بێبەش کردنیان لەزەوی گوندەکاندا، بەڵام ڕەنگە بۆ ئێمەی توێژەر سەخت بێت بزووتنەوەیەک کە باگراوندێکی هزری چەپی نەبوو بێت و نوخبەیەکی خوێندوار ڕابەرایەتیان نەکردبێت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی بتوانن خوێندنەوەی قوڵ بۆ ئایدیا و سیاسەتی ڕۆژگار بکەن و لەژێر پرەنسیپی ڕێکخراودا پراکتیزەی بکەن. بەڵام ئەوانە نەبوونە ڕێگر بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەو باروودۆخەی جووتیارانی گوندەکان تێی کەوتبوون، هەر بۆیە لەهەناوی هەقەدا بیری سۆسیالیستێکی سروشتی لەقۆناغی سەرەتاییدا گەشەی کرد (گدرون، ٢٠١٠/١١/٧).

بزاڤی هەقە تینوگوڕێکی نوێی بە عەقڵیەتی پێشکەوتنخوازانەی ئەوسای گوندنشینانی ناوچەکە بەخشی و لەلایەن جووتیارانەوە پێشوازی لێکرا، هەرچەندە لەجوغزێکی بچووکی کۆمەڵگەی کوردیدا مۆڵی خوارد و هەر یەکە لەکلتووری شێواوی ئایینی و سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی سیاسی لەنێو بێشکەدا بۆسەیان بۆ ئەم بزووتنەوەیە نایەوە و هەوڵی خنکاندیاندا. هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی سۆسیالیستی سروشتی بەرەو پراکتیکی ڕاستەقینە وەرنەچەرخێ، سەرەداوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان نەدۆزێتەوە و ئاشنا نەبێت بە ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان و نەبێتە دەستکەلایەکی دی بەدەست سۆڤیەتییەکانەوە، دواتر ئاستەنگی زۆر بۆ ڕژێمی پاشایەتی، یان ئایدیالیستە بەرژەوەندخوازەکان و دەرەبەگەکان دروست نەکات.

ڕەئوف محەمەد زوهدی لەکتێبی (بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە) ئەم سەربوردەیە دەگێڕێتەوە»

لەگەڵ مدیری ناحیە و هاوڕێیەکم چووم بۆ گوندی گاپیلۆن لەوێ کەلاوە خانوویەکم بینی، کە هی ئاغا بوو، کەوا فەلاحەکان لێی هەڵسا بوون، دەریان کرد بوو، خانووەکەشیان تێکدا بوو، دواتر زانیم لەهەقەکان بوون، پێمووتن ئەم خانووە گەورەیە بە بێگار و شان و قۆڵی خۆتان دروست کراوە، بۆچی ڕووخانتان؟! خۆتان بە کارتان بهێنایە داواتان لەمیری بکردایە کە بیکات بە قوتابخانە، یان تیمارخانە باشتر نەبوو؟»

وادیار بوو کاکی هەقە قسەکەی بەدڵ نەبوو لە لالوتێکەوە وەڵامی دامەوە، کە زۆر بەزەقی و بەڕەقی ڕەوای چینایەتی تێدا بوو، وتی: ئەفەندی، تا ئاغا چاوی لەکۆشک و تەلار بووایە، هەر بەتەمای هاتنەوە دەبوو، بۆیە ڕووخاندمان تا جارێکی تر بەتەمای گەڕانەوە نەبێت (١٩٨٤: ١٢) لەحەکایەتەکەدا ئاوێتە بوونێک لەنێو باوەڕی ئایینی دەبینین، کە جیاوازی چینایەتی ڕەتدەکاتەوە لەگەڵ ڕوحێکی یاخیبوون و شۆڕشگێڕانە، کە کاریگەری چەپڕەوییە ئاراستەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی نەریتەکە کرا بوون، ئەو وزەیەی بە ژێر دەستە

بەخشیبوو، توانای بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی چینی سەردەستەکەی هەبێت.

یەکێکی دی لە ڕەهەندەکانی سۆسیالیستی پراکتیزەکردنی ئابووری هاوبەش و ژیانی وەک یەکی لەنێو پەیڕەوانی بزاڤی هەقەدا بووە، ئەمەش لەماوەی گەشەکردنی بیری تایبەت بە بزووتنەوەکە شێوە سۆسیالیزمێکی سروشتی پێبەخشیوە. ئەو جۆرە سۆسیالیزمە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و دوور لەپلانی داڕێژراو لەنێو پێڕەوانی بزووتنەکەدا چەکەرەی کردووە، بەڵام بزووتنەوەکە توانی ئەو جۆرە سۆسیالیزمە بکاتە پێڕەو و بنەمای کارەکانی بزاڤەکە و پیادەی ئەو پرەنسیپانە لەسەر ئەرزی واقیعدا بکات، بە جۆرێک کە لەگەڵ ئاستی وشیاری ئەو کاتەی کۆمەڵگەی کوردی و ڕادەی وشیاری و توانای بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی تاک و خێزاندا یەکبگرێتەوە، هەروەها هەموو هاووڵاتییەک بەپێی پێداویستی خۆی لەپرۆسەی هاوبەشی ئابووری و پێکەوە ژیانی وەک یەک ئاسوودە بژین (مەلا کەریم، تشرینی یەکەم ١٩٧٩: ٢٣، قەرەداغی ، ١٩٩٤ :٣٧)

### حەمەسور ١٤ لەنێوان سۆسیالیزمی سروشتی و سۆسیالیزمی ڕادیکاڵانەدا:

هەڵپەی حەمەسوور بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. بەرەنگاری توندی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، پێکدادانە کۆمەڵایەتییەکان سنووری نێوخۆی گوندەکانی تێپەڕاند و باس و خواستی حەمەسوور بە دەڤەر و گوندەکانی هاوسێی کڵاوقوتدا بڵاوبوونەوە. حەمەسوور لەزەمینی کۆمەڵایەتیدا وێنا دەکرایەوە و بە ئاراستەی جیاواز دەخوێندرایەوە، ئەمەش ڕێگەی بەوە دەدا لەنێو خەیاڵی کۆمەڵایەتیدا، بەپێی چۆنێتی گێڕانەوەی کەسێتی و ڕۆڵی، ئاراستەی چۆنیەتی تێگەیشتن لەو کەسێتییەی بکرێ؛ کەسێتییەکی خوازراو و وتراو بوویێت، یانیش وەکوو دژە ئایین و کافر و «مارکسی» سەرە دەری لەگەڵدا کرا بێت. لەهەردوو باردا و ئاکامی ئەو گێڕانەوانە سەرنجڕاکێشانی دەسەڵاتداران بووە، بۆ حەمەسوور و جووڵە و بزاوتەکانی نێو هەقەکان، تا دەنگوباسەکان گەیشتنە نێو کاروباری حکومەتی عێراقی و تێکەڵبوون بە کاری دادگاکان و پەلکێشکردنی حەمەسوور بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکران. تاوانبارکردنی حەمەسوور کە لەڕووسیاوە هاتووە و بیر و ڕێبازی کۆمۆنیستی و سۆسیالیزم بڵاودەکاتەوە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عێراق دەدات (توفیق: ١٨٤). جگە لەبانگەشە کردن بۆ پێکەوە ژیان و گوزەران کردن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان و دابەشکردنی بەشێوەی یەکسان بەسەر پێڕەوانیاندا، ئەمەش بەجێبەجێکردنی بەرنامەکانی حزبی شیوعی دادەنرێت، کە حەمەسوور لەچوار چێوەی گوندێکدا هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە (رفیق، ١٩٩٩: ١٦٦) هەرچەندە جێگەی گومانە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی فەرمی لەنێوان حەمەسوور و حزبی شیوعیدا هەبوبێت، لەم بارەیەوە حەلاوەخان (یەکێک لەژنەکانی حەمەسوور) ە دەڵێت: «حەمەسوور سەرقاڵی سەرپەرشتیکردنی کارەکانی ڕۆژانەی گروپەکەی بووە، زۆربەی ئەو دەنگۆیانە تەنها بۆ تۆمەتبار کردنی حەمەسوور بوون. حەمەسوور گرنگی بە پەیوەندییە دەرەکییەکان نەداوە و تەنانەت بۆ سەردانی شاری کەرکووکیش کەسێکی ڕاسپاردبوو بەناوی (حەسەنی زێنێ) بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ئەو خێزانە گەورەیە دابین بکات (حەلاوەخان: ٢٠١٠/١١/٧).

بەڵام بنەما و پرەنسیپە سەرەکییەکانی سۆسیالیستی بەڕوونی لەنێو پێڕەوانی گروپی حەمەسووردا چڕ بۆتەوە، شەوانە دوای پێشکەشکردنی چەند وتەیەکی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و چارەسەری ئاستەنگەکانی ڕۆژانە و کێشە و بەربەستەکان، بەرنامەی ڕۆژی داهاتوویان دادەڕشت و کاری هەر یەکێکیان دەستنیشان دەکرد، بێ ئەوەی هیچ کەسێک فەرامۆش بکرێت، بەخودی (حەمەسوور)ەوەش هاوشێوەی پێڕەوانی، کاروباری بۆ دەستنیشان دەکرا. بۆهەر کەسێک کاری خۆی بەپێی لێهاتوویی دیاری دەکرا، بۆ ژنان، کارێکی تایبەت بە ژنان و بۆ پیاوانیش کارێکی دی شایستە بەخۆیان. (باخەوان، ٢٠٠٧:٦٧)

لەگرینگترین کارەکانیش کشتوکاڵ و شوانکارە و جۆلایی و کورتان دوورین و تەسبیح دروستکردن

> **“ بزاڤی هەقە بزووتنەوەیەکی جوتیاریە بە مەبەستی ئازادکردنی جوتیاران لەستەمی دێرینی سەپێندرا و دەستەمۆکراوی کۆمەڵایەتی هاتۆتە بوون و لەبنەڕەتدا هەقە سەر بە هیچ بزاڤێکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی هاوچەرخ نەبووە ”**

و لیفکە و داهێنان و چەقۆ تیژکردن... جیاوازی لەنێوان پەیڕەواندا بەدی نەدەکرا و ژیانێکی هەرەوەزی سادەییان لەگوندێکی دوورە دەست پێکهێنابوو، کە بەهیچ شێوەیەک بۆنی شارستانییەت و ژیانی شاریان پێ نەگەیشت بوو (شوانی فریاد، ١٩٩٩: ٥٧، باخەوان، ٢٠٠٧ :٦٨)

(حەسەنی زێنێ) بەپلەی دووەم دێت لەدوای حەمەسوور کە کاروباری دەرەوەی بۆ خانەوادەی حەمەسوور و پێڕەوانی لەشاروشارۆچکەکان بەڕێوە دەبرد، وەکوو کرینی پۆشاک و دابینکردنی خۆراک بۆ تێکرای خێزانەکان، بەپێی پێویست سەردانی

ناحیەی شوان و پارێزگای کەرکوکی دەکرد و کاروبارەکانی ئەو گروپەی بەڕێوە دەبرد. ساڵانە دووجار پۆشاکی بۆ تێکڕای پەیڕەوانیان دەکڕی و بە یەکسانی بەسەریاندا دابەش دەکرا (چوپیکەوتن، ١٩٨٦).

لەنێو پێڕەوانی حەمەسووردا هاوبەشی لەماڵ و سامان و زەویدا پیادە کراوە، لەئاست پێداویستی و داخوازییەکانی یەکتردا خۆیان بەخاوەن ماڵ زانیوە و توانیوویانە بەهەرەوەزی و هەمئاهەنگی کارە سەخت و دژوارەکان تێپەڕێنن (سوڵتانی، ٢٠٠٣:٢٥٩-٢٦٠)

ئەو متوربەبوونە ئایدۆلۆژیانەی بزووتنەوەی هەقە بە سۆسیالیستی،

> **مستەفا عەسکەریش کارەکتەرێکی دیار و ناسراوی نێو بنەماڵەی هەقەکان بووە، تاقە نوسەر و شرۆڤەکاری هەقەکان بووە، یەکەم کەسیش بووە دەربارەی بزاڤی هەقەی نوسیووە**

ڕەنگیداوە لەبانگەشەی دادپەروەریی و دژایەتیکردنی هەموو جەوروستەمێک (میران، ٢٠٠٠: ٦٠ )

بەپێی وێنە گشتییەکەی ئەو سەردەمە، ئەوە دەزانین بژێوی تاک لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی زۆر خراپ بووە، تەنانەت لەبەر نەبوونی ئەم گروپەی حەمەسوور وازیان لە (چا) یی خواردنەوە هێناوە، گوایە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە ئامۆژگاری کردوون (چـا)ی نەخۆنەوە و جگەرە نەکێشن، حەمەسووریش وەکوو وەفایەک ئەو وەسێتەی شێخ عەبدولکەریمی جێبەجێکردووە (عەلی، ٦:١٩٨٣) بەمەش تێکەڵەیەکی لەنێوان نەبوونی و خۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، لەمیانەی گرێدانی بە ڕەهەندە مێژووییەکەی بیروباوەڕەوە.

حەسەنی زێنێ لە چاوپێکەوتنێکدا، کە لەساڵی ١٩٨٦ تۆمارکراوە دەڵێت: لەبەر سەختی بارودۆخی ئابووری و خراپی و سەختی گوزەران، وازمان لەچایی خواردنەوە و جگەرە کێشان هێنا، بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، بەڵام کاتێک میوانمان دەهات چامان پێشکەش دەکردن.

عومەری فاروقی لای وایە ئەم جۆرە گرووپانە دەستچێنی ئینگلیزەکان بووە، بەمەبەستی دەست بەسەراگرتنی نەوتی کەرکوک، ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانەیان دروست کردووە (١٩٩٢: ١٥)

سەرەڕای ڕەتکردنەوەی هەموو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حزبی شیوعی، بەڵام خاڵی هاوبەش لەنێوان شیوعییەکان و حەمەسووریەکاندا هەبووە، ئەمەش ڕەنگە لەو سۆنگەیەوە بوبێت هەردوولا خۆیان بەخاوەنی بانگەشەی سۆسیالیزمی زانیوە. بەڵگەش بۆ ئەمە، دڵزار لەگۆڤاری ڕۆشنبیریی کوردستاندا دەگێڕێتەوە کاتێک سەرگوزشتەی سەردانی خۆی بۆ گوندی کلاوقوت و دیداری لەگەڵ حەمەسووردا باس دەکات دەڵێت: کاتێک چوومە هۆڵەکەی (حەمەسوور)ەوە شەش حەوت پیاو و چوار ژن سەرقاڵی چنینەوەی تەزبیح بوون، بەچوونە ژوورەوەی ئێمە ژنەکان هۆڵەکەیان جێهێشت، حەمەسووریش گوتی: بۆ دەڕۆن ئەمانە شیوعین، ژنەکانیش بەژێر لێوەوە گوتیان: ئینجا با شیوعی بن (دڵزار، ٢٧:٢٠٠٢)

گێڕانەوەی دڵزاری شاعیری چەپڕەو بۆ ئەوەیە بڵێ حەمەسوور هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ چینایەتی داوە، کە عەدالەتی تێدا بەرجەستە بکرێت، ئەمەش لەوەدا دەبینین کە وەبیرمان دێنێتەوە، کاتێک لێیان پرسی بوو تۆ لەسەر دۆشەکی نەرم دانیشتوویت و موریدەکانت لەسەر لبادی ڕەق، ئەمە چ عەدالەتێکە؟! لەوەڵامدا گوتی: ئێوەش وەرن لەسەر دۆشەک دانیشن، ئێوە زانان، هەقتان هەیە. یەکێک لەڕابەرانی بزووتنەوەی هەقە دەڵێت: گرووپی حەمەسوورییەکان وەک یەک خێزان ژیاون، کاروبارەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە، بەروبوومەکانیان کۆکردۆتەوە و کردوویانە بەپارە و لەسندوقێکدا کۆیانکردۆتەوە، وەک یەک خواردنیان خواردووە و هەمان جلوبەرگیان لەبەرکردووە، هەرکاتێک پێویست بکات پارەی پاشەکەوتکراویان بە کارهێناوە (بەهرۆز: ٢٠٠١/١٢/٢٤)

ئەمە ئەو بۆچوونە بەهێز دەکات کە حەمەسوور لەبنەڕەتدا باوەڕی بەو سۆسیالیزمە نموونەیە نەبووە لەنێو گروپەکەیدا جێبەجێ بکرێت، هەرچەندە باس لەوەش دەکرێت کە هەقەکان باوەڕییان بە موڵکداری تایبەت نەبووە و پشتگیری جووتیارانیان کردووە و دژی چەوسانەوەیان وەستاونەتەوە (سمکۆ، ٢٠١١: ١٣٤)

ئەو ڕەخنانەش کە لەتێگەیشتنی سۆشیالیزمیانەی حەمەسوور دەگیرێت بریتین لە:

یەکەم: زوهدی ١٩٨٤: ١٤٩ لای وایە حەمەسوور ئەگەر بەکردار باوەڕی بە وەک یەکی و مانەوە و درێژەدان بەمانای خێزانی بەختەوەر و دادپەروەری هەبووە، بۆچی ڕێگەی لەمنداڵ بوون گرتووە؟ (١٩٨٤:١٤٩) گرووپی حەمەسووری کلاوقوت لەگوندێکدا سی خێزان پێکەوە ژیاون و نەوەیان نەخستۆتەوە، بەڵام پێڕەوانیان لەگوند و شار و شارۆچکەکانی دیکەدا ژیاون و منداڵیان هەبووە، هەرچەندە خودی حەمەسووریش بەر لەوەی کۆچ بۆ ئەو گوندە بکات کوڕێک و کچێکی هەبووە.

دووەم: حەمەسووری کلاوقوت چوار خێزانی هەبووە، کە سیانیان جیاوازی تەمەنیان زۆر بووە لەگەڵ حەمەسووری هاوسەریاندا، تەنانەت

دووانیان ئێستاش لەژیاندا ماون، لەکاتێک حەمەسوور لە(١٩٨٦) وە کۆچی دوایی کردووە. ئەمەش ڕەخنەیەکی دیکەیە ئاراستەی ئەو ڕابەرە دەکرێت کە بۆخۆی ژیانی ئاسودەی فەراهەم کردووە لەسەر حیسابی پێڕەوانی، بۆخۆی چی پێخۆش بووە ئەنجامی داوە، تەنانەت ئەگەر هەر یەکێ لەپێڕەوانی ویستبێتی دەستبەرداری بێت پێیوتووە دەبێت دەست بەرداری ژنەکەت بێت و ژنەکەت لەنێو گروپەکەدا بمێنێتەوە (حەلاوەخان، ٢٠١٠/١١/٨)

### ڕەنگدانەوەی پرەنسیپی پارتە چەپگەراکان لە نێو بزووتنەوەی هەقەدا:

**یەکەم: برایەتی:**

مامەڕەزا هەوڵیدا دیسپلین و پرەنسیپێکی نوێ بۆ کۆکردنەوە و پارێزگاری کردن لە ڕیزەکانی بزاڤی هەقە دیاری بکات، کە ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ درێژەدان بەکاری براگەورەکەی و پاراستنی پەیرەوانیان لەترازان و دابڕان، بۆ ئەو مەبەستە پەیرەوێکی دانا و ناوی نا برایەتی (شێخ عیزەدین: ٩/١٧/ ٢٠٠٢)

ئەم جۆرە بەرنامانە لەپارتە چەپگەراکاندا بوونی هەیە و هەڵگری شێوازێک لەو کولتورەن، بۆ ئەوەی جۆرێک لەپەیوەستەگی و وابەستەی لەنێو ڕیزەکانیاندا دروست بکەن بانگەشە بۆ برایەتی، یان هاوڕێیەتی و هەڤاڵێتی. چەندین دەستەواژەی لەو جۆرەیان پراکتیزە کردووە (عەسکەری: ٢٠١٠/١١/٧) بەڵام لەنێو گروپ و تەریقەتە سۆفیگەرییەکاندا ئەم جۆرە کارانە بوونی نەبووە، تەنها دەرویش و سۆفی، یان دەستەواژەی ئایینی وەکوو فەقێ فڵان و مەلا فلان بەکارهێنراوە.

بزاڤی هەقە ئەو جۆرە لەمامەڵەی لەگەڵ پێڕەوانیدا گۆڕی، ئەمەش بەهۆی ئەو دەنگۆیەی بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە لەلایەن شێخ ئەحمەدی سەرداری باپیرەگەورەی تەریقەتەکەوە وەسیەت کراوە دوای حەوت پشت پێویستە کۆتایی بە تەریقەت بەخشینەوە بهێنرێت، لەشێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەش کۆتایی بەو زنجیرەیە دێت.

بۆچوونێکی دی هەیە لای وایە دوای کۆچی دوای براگەورەکە، برا بچووک کە مامەڕەزا بووە ڕێبازەکەی بەرەو سیاسی گۆڕیوە و هەوڵیداوە لەگەڵ بنەماکانی چەپگەرایی و فەلسەفەی سۆسیالیزمی یەکانگیریان بکات، بۆیە پرەنسیپەکانی بزاڤەکەی لەسەر شێوازی پارتە چەپەکاندا ڕێکخستەوە. بۆنموونە گروپی بچووکی بۆ بزاڤەکە داهێنا و ناوینا برا سەیارەکان، کە بە گوند و ناوچە جیاوازەکاندا دەسووڕانەوە و بانگەشەیان بۆ ڕێبازەکەیان دەکرد، هاوشێوەی کادیری گەڕۆکی پارتە سیاسییەکان، کە خەڵکیان بۆ خەبات و بەرەنگار بوونەوە جۆش دەدا ( سالح ١٩٩٧/٨/٢١)

برایەتی لەدیدی پێڕەوانی بزاڤی هەقەدا بەمانای ڕەفتاری برایانە و چاندنی گیانی تەبایی و برەودان بە خۆشەویستی و وەفاداری بۆ یەکتری دێت، بەمەبەستی ڕەخساندنی ژیانێکی بەختەوەری بۆ پێڕەوانیان و گرێدانی ئەم دەستەواژیە بەژیانی ڕۆژانەی سۆفیەکانی بزاڤەکەوە بەئامانجی دروستکردنی خێزانێکی گەورەی سۆفیگەری و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و لەناوبردنی جیاکاری چینایەتی. (میران، ٢٠٠٠:٦٥؛ سوڵتانی، ٢٠٠٣ :٢٥٨)

هەڵبەتە برایەتی بەو مانایە نەهاتووە، کە ڕەگەزی مێینە فەرامۆش بکرێت، لەنێو بزووتنەوەی هەقە دا بە ژنەکانیان وتووە، خوشکەکەکان و چەندین ژنی دیار و هەڵکەوتوویان هەبووە وەکوو خوشکە فاتم و خوشکە خەدیجەو هتد... جیاوازی ڕەگەزی بەراورد بە تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی دی کەمتر بووە (ڕەسول، ١٩٨٥: ٢٤)

تەنانەت ژنەکان لەنێو کۆڕوکۆبوونەوەکاندا پێگەیان پارێزراو بووە و گوێبیستی ڕاو سەرنجیان بوونە، لە کارو فەرمان و ئەرکەکانی سۆفیگەریدا بەشدارییان پێکردوون، تا کار گەیشتبووە ئاستێک بە ئیباحی و ژن پەرست و چەندین دەستەواژەی دی تۆمەتبار دەکران.

بەپێی گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان بێت، جیاوازی چینایەتی لەنێوان بزاڤەکەدا بەراورد بە لقەکانی تری سۆفیگەری زۆر کەمتر بووە، شێخ و ڕابەرەکانی ئەم بزاڤە سادە بوونە و تێکەڵ بە پێڕەوانیان بوونە، لەخۆشی و ناخۆشیەکانیاندا بەشدارییان کردووە، لەبەژەوەندیی ئابوورییەکان خۆیان پارستووە(زەند، ١٩٧١: ٨٦)

**دووەم ئەرکەکان (واجبات):**

> **“هەرچەندە هەندێک کەس بە جولانەوەیەکی تەریقەت خوازی دژ بە سەرمایەداری و داگیرکاری دەزانن، بەڵام بزاڤەکە جوولانەوەیەکی عیرفانییە و بۆنی نەوتی لێدێت”**

یەکێکی تر لەودیاردانەی کە بزووتنەوەی هەقە لەپارتە چەپ و سۆسیالیستیەکان نزیک دەکاتەوە وەرگرتنی بڕێک هاوکاری بووە لەپەیڕەوانیان بەناوی واجبات، ئەم بڕە هاوکارییە بەپێی توانای خێزانەکە بەخشراوە بە خانەقا بۆ ئەوەی کاروبارەکانی ڕۆژانەیان بۆ ئەنجام بدەن، ئەم دیاردەیەش لەسەردەمی مامەڕەزادا پراکتیزە کراوە، ئەمەش جۆرێکە لەئابوونەی پارتەکان کە لەئەندامەکانیان مانگانە کۆی دەکەنەوە و دەیبەخشن بە سەرووی خۆیان، ئەم برە هاوکارییە لەنێو بزاڤی هەقە ڕێژەکەی دیاریکراو نەبووە و لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دی بەپێی توانای ئابووری گۆڕاوە،

ئەو خێزانانەی توانای پێدانی پارەیان نەبووە، بە پیتاک و کەلو پەل و خۆراک و پێداویستی ڕۆژانە هاوکاری خانەقا و ڕابەرەکانیان کردووە (زەند، ١٩٧١: ٨٦)

بۆنموونە خانەوادە هەبووە، توانا ئابوریەکەی لاواز بووە، تەنها توانیویەتی تەشتێک نان دروست بکات و بینێرێت بۆ خانەقا، یان چەند هێلکە و قاپە ماستێکی بەخشیووە. ئەمە بۆتە کلتوور تەنانەت تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو پێڕەوانی بزاڤی هەقە کاتێک سەردانی ماڵی یەکتریان دەکرد بەمەبەستی مانەوە و نان خواردن، چەند کەس بوونایە هەر یەکە و دەست و دیاریەکی دەکڕی و لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو خانەخوێیەی دەبرد، زۆرجار لەوە زیاتریان پێشکەش دەکرد کە بۆیان ئامادە دەکراو و دەخرایە پێشیان، ئەمەش گیانی هاوکاری و خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست دەکرد و باری سەرشانی خانەخوێکانی سووکتر دەکرد. (العزاوی، ١٩٧٤: ٢٢٩)

**سێیەم: خوشکان**

ژنان لە نێو پەیرەو وپرۆگرامی پارتە سیاسیە کوردییەکاندا پێگەی گرنگ و ڕۆڵی دیار و شوێنی تایبەتیان بۆ دەستنیشانکراوە، بەڵام لە جێبەجێکردن و ڕاکێشانی ژنان بۆ نێو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگیدا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە ڕێژەیەکی پێویست لە ژنانی بە توانا ولێهاتوو لە نێو ڕیزەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە. زۆرینەی ژنان لە نێو ئەو کایە سیاسیانەدا بزرن و شوێن پەنجەیان دیار نییە.

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم کاتێک کۆمەڵگای کوردی لەوپەڕی چەق بەستووی کولتوری دابووە، بزاڤی هەقە بە ڕێچکەشکێنی ئەو بوارە ئەژمار دەکرێت؛ چونکە یەکێک لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر هزری سیاسی-کولتوریی کوردیدا هات هاوسەنگی جێندەری بوو لە کاری سیاسیدا، ئەمەش وایکرد شوێنی تایبەتیان بۆ دەست نیشان بکرێت، بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بەشداریان پێدەکرا، لە گوندەکاندا کران بە سەرپەرشتیاری تەکیەکان و براکان ڕاسپێردران کە فەرمانی خوشکە ناسراوەکان جێبەجێ بکەن.

بۆ نموونە لەکۆی (٨٠) سەر تەکیەی سەر بە بزاڤی هەقە (١١) سەر تەکیە درا بوو بە خوشکەکان، خوشکەکان خانەقایان بە ماڵی خۆیان دەزانی، تەنانەت هەندێکیان تا کۆتایی مردنیان لەخانەقا مانەوە و خزمەتیان بە ڕێبازی هەقە کرد. براکان سنووردار کرا بوون بۆ ئەوەی زۆر فشار بۆ خوشکەکان نەبەن، مەلیک حسین سلێمان یەکێک لەپێڕەوانی بزاڤی هەقە دەڵێت خوالێخۆش بوو خوشکە فاتم کە ناسیاویان لەگەڵ ئێمەدا هەبوو، کاتێک سەردانی دەڤەرەکەی ئێمەی دەکرد پێکەوە دادەنیشتین و گفتوگۆی زۆرمان دەکرد، هاوشێوەی سەرکردە مامەڵەی دەکرد، فەرمانی دەدا، کەس پێشێلی فەرمانەکانی نەدەکرد، دەنگی بەرز دەکردەوە، خۆی لە هیچ کەس بە کەمتر نەدەبینی. سەرسام بوو بە ڕابەرەکانی خۆی، بە تایبەت مامەڕەزا، کاتێک سەرگوزشتەی خۆی لە گەڵ مامە ڕەزا بۆ دەگێڕامەوە دەگریا، سەردانی زۆرینەی خانەوادە هەقەکانی دەکرد و چەندین شەو دەمایەوە بە ڕێزەوە گوێیان بۆ دەگرت، لەسەری مەجلیس دادەنیشت، زۆرجار سەرزەنشتی ژنەکانی دەکرد کە خۆیان پێ لاوازە و ڕۆڵی خۆیان نابینن، وتەی ڕابەرەکانی بۆ دەهێنانەوە. (چاوپێکەوتن: ٢٠١٩/١٢/٢٠). وەنەبێت بۆ بزووتنەوەیەک کە سروشتێکی کۆمەڵآیەتیانەی وەرگرتبوو و ئاسان بێ بۆ دەوروبەرەکەی، ئەوانەی لە نێو سیستەمە کۆمەڵآیەتییە نەریتییەکاندا هێشتا قەتیس مابوون، قەبوڵی گۆڕینی ڕۆڵی نەریتیانەی ژن بۆ ڕۆڵێکی جیاواز بکەن و ئاسان بێت بۆیان لەو کرانەوە کۆمەڵایەتییەی ئەم گرۆ ئاینیە بە سەر ژندا بکەن. بۆیە ئاسایی بوو بابەتێکی ئاوا وەک ئامرازێکی هێرشکردن دژ بە هەقەکان بەکار بهێنن و تۆمەتی ڕەفتاریان بخنە پاڵ.

ئەم گرنگیدانە بە ڕۆڵی ژنان پیاوانی ئایینی نیگەران کرد و بە پێشێلکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شکاندنی کلتووری کوردەواری تۆمەتباریان کردن، تەنانەت هێرشی جۆراو جۆریان بردنە سەر، بە ئیباحی وزیناکەرو بێڕەوشت و لە دین دەرچوو ئەژماریان دەکردن، سڵیان لە هیچ تۆمەتێک نەدەکردەوە.

هەرچەندە شاکر فەتاح کە بەڕێوبەری ناحیەی ناوچەی هەقەکان بووە، دەڵێت زۆر گوێبستی ئەوە دەبووم، کە بزاڤی هەقە کاری ناشایستە ئەنجام دەدەن و لەژنی یەکتر ناگەڕێنەوە، بەڵام چەند جارێک لەکاتی جیاوازدا سەردانی خانەقای کلکەسماقم کردو هیچ دیاردەیەکی نەشیاوم بەدی نەکرد کە شایەنی باس بێت.

ژنان کە لەنێو بزاڤی هەقەدا بە خوشکەکان ناو دەهێنرێن، لەپیاوان خۆیان نەپاراستووە، تەنانەت ئەگەر لەنزیک یەکەوە خەوتبێتن پێیان ئاسایی بووە و لایان وابوو کە چەند کێوێک لە نێوانیاندایە، ئەمەش بۆ ئەو ئیرادەو متمانەیە دەگەڕێتەوە کە لەهەناوی خوشکەکاندا بنیادنراوە.

خوشکەکان لە بۆنەو مەراسیمەکاندا تا ئێستاش بەشداری کاریگەریان هەیە و خۆیان لەتەوقە و نزیک بوونەوە و دووره پەرێزی لە پیاوان ناپارێزن، زۆرینەیان یەکتری دەناسن بە پێکەنین و خەندە و خۆشحاڵیەوە پێشوازی لە یەکتری دەکەن. ئەم خەندە و پێشوازیانە بۆ کەسێک ئاگاداری هەستی نێوخۆی و ڕایەڵی کۆمەڵایەتی هەقەکان نەبێت گومانی خراپ دروست دەکات، چونکە ئەم جۆرە لەمامەڵە کردنە لەلایەن پیاوانی ئایینی ڕێگە پێنەدراوە.

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**
١- باخەوان، هاورێ. (٢٠٠٧)، ئاڵای کورد، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٢- بۆسکانی، عەلی. (١٩٨٥)، بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
٣- بێلاف، عبدولرەحمان. (٢٠٠٢)، تەریقەتی نەقشبەندی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ب٢.
٤- بەرهەم، شێخ عیزەدین. (٢٠٠٢ /٩/١٧)، گوندی کەلکەسماق و بزووتنەوەی حەقە، رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٢٦٩).
٥- تەوەکلی، محەمەد رەئوف. (٢٠٠٠)، مێژووی سۆفیگەری لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٥).
٦- تەیفور، عارف. (٢٠٠٢)، تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٦٩).
٧- تۆفیق، ڕێبوار حەمە. (٢٠١٠)، کۆمەڵی هەقە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٨- جەعفەر، فازیل کەریم ئەحمەد. (٢٠٠٩)، ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، چ١،چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
٩- جەلال، دەباغ. (٢٠٠٩)، لە دەفتەری یادگاریدا مامە ڕەزاییەکان یان برایانی هەقە و هەڵوێستی جوامێریان، گۆڤاری چیا، ژمارە (٧٤ و ٩٤)
١٠- دڵزار. (٢٠٠٢)، دەمەتەقێیەک لە گەڵ حەمەسوری رابەری هەقەکاندا، گۆڤاری رۆشنبیری کوردستان، چاپخانەو ئۆفیسی هەولێر، هەولێر، ژمارە(٧).
١١- ڕۆژبەیانی، محەمەد جەمیل. (٢٠١٠)، بنەماڵەی خانەقا لە کەرکوک، گۆڤاری دۆز، ژمارە (١).
١٢- رەسول: عزەدین مستەفا. (١٩٨٥)، سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٧).
١٣- زوهدی، محمد رەئوف. (١٩٨٥)، بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
١٤- زەند، کەریم. (١٩٧١)، ئاین و باوەڕ لە کوردستان، چاپخانەی کامەران سلێمانی.
١٥- زەند، کەریم. (٢٠٠٦)، ئاینستان، چ١، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی.
١٦- سالح، حاکم. (١٩٩٧ )، بزووتنەوەی هەقە لە دەم کەلی کەلکە سماقەوە، گۆڤاری هامون، ژمارە (٥٤).
١٧- سکۆ، بەهرۆز. (٢٠٠١/١٢/٢٤)هەقەکان ئێستاو رابردویان گفتوگۆیەک لە گەل هاورێی کاکە حەمەدا، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(٥٣).
١٨- سولتانی، محەمەد عەلی. (٢٠٠٢)، بزاڤی حەقە لە کەرکوک، گۆڤاری کەرکوک، چاپخانە و ئۆفیسی ژیار، ژمارە (١٥).
١٩- شریف، عبدالستار طاهر. (١٩٩٢)، کۆمەڵە و ڕێکخراوو حزبە کوردیەکان لە کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٩).
٢٠- شوانی، فریاد. (١٩٩٩)، یەکێک لە ڕابەرانی بزوتنەوەی هەقە- کاکە حەمەسوری کلاوقوت، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپی دەرەوە، ژمارە (٦٩).
٢١- شێخ بزێنی: قارەمان نادر. (٢٠١٣)، بزووتنەوەی هەقە، چاپخانەی شهاب، هەولێر.
٢٢- شێخ عزەدین، بەرهەم. (٢٠٠٦)، گوندی کەلکەسماق، رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٢٧٠ و ٢٢٧١)
٢٣- شەدەڵە، دانا. (١٩٨٩) رۆڵی بزوتنەوەی هەقە لە پێشخستنی کۆمەڵگای کوردەواریدا، گۆڤاری پەیڤ، ساڵی چوارەم، ڤیانا.
٢٤- شەمزینی، عەزیز (٢٠٠٦) جولانەوەی ڕزگاری نیشتمان کوردستان، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.
٢٥- العزاوي، عباس. (١٩٧٤) خلفاء مولانا خالد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغداد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم.
٢٦- عەبدوڵلا، هەمزە. (دەستنووس) لەئەرشیفی بەلگەنامەکانی محمدی مەلا کەریم لە شاری سلێمانی.
٢٧- عەوالانی، حەسەن (١٩٨٠) تیشکێک بۆ نوسینەکەی (محمدی مەلا کەریم) لە رۆژنامەی عێراق، گۆڤاری رەنجی کرێکار، سلێمانی، سالأی ضوارةم، ذمارة (٦)
٢٨- عومەر، سەروەر عەبدورەحمان. (٢٠٠٨) پارتی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤-١٩٧٥، تێزی دکتۆرا، بڵاو نەکراوەتەوە.
٢٩- عەلی، رەشید محەمەد. (١٩٨٣) مەسەیەکی مەزن هەولێکی کەم، گۆڤاری کاروان، ، ساڵی دووەم ،هەولێر، ژمارە (١٥)
٣٠- فاروقی، عومەر. (١٩٩٢)، تەریقەتی هەقە، گۆڤاری سروە، ساڵی دووەم، ژمارە (١٦) مەهاد.
٣١- فتاح، شاکر (١٩٤٦)کۆمەڵە، رۆژنامەی چەمچەماڵ، ژمارە (٤٦)
٣٢- قەرەداغی، محەمەد. (١٩٩٤) سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لەگەوهەری سۆسیالیزم، (گۆڤاری دوا ڕۆژ، ژمارە(١) سلێمانی.
٣٣- کۆچێرا، کریس. (٢٠٠٤) کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێرانی: حەمە کەریم عارف، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شڤان.
٣٤- محمدی، مەلا کەریم. (١٩٧٩) وەختی ئەوە هاتووە وەلآمی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە، پاشکۆی رۆژنامەی العراق، ژمارە (٣١).
٣٥- محەمەد، سمکۆ. (٢٠٠١)،هەقەکان- ئێستا و ڕابردوویان – گفتوگۆیەک لەگەڵ (هاورێ کاکە حەمە) هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٥٣).
٣٦- محەمەد، سمکۆ. (٢٠١١)، ئاین و کەمینەکان لە کوردستان، کوردستان، ٢٠١١
٣٧- مودەڕیس، عبدالکریم. (١٩٨٤) بنەماڵەی زانیاران، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغداد.
٣٨- مەلا کەریم، محەمەدی. (١٩٧٩) وەختی ئەوە هاتووە وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە، رۆژنامەی عێراق، پاشکۆی ژمارە (٣١)
٣٩- مەلا کەریم، محەمەدی. (١٩٨٠) دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
٤٠- ئیدمۆنز، سیسل جۆن. (٢٠٠٤) کورد، تورک، عەرەب، و: حامید گەوهەری، چ١، چاپخانەی هەولێر.
٤١- ئەمیر، وەزیری. (٢٠٠٩) نەقشبەندی لەکوردستان، و: عەلی میرزا عارف هەورامی، چاپخانەی کامۆ،سلێمانی.
**دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**
١- بابان، جمال.(٢٠٠٩ )، اعلام الكرد، ط٢، سليماني.
٢- بطاطو، حنا. (٢٠٠٥) العراق، ت: عفيف الرزاز ، ط١، تهران.
٣- حمدي، أيمن.(٢٠٠٠) قاموس مصطلح الصوفية، دار قباء للطباعة و النشر، حجاز.
٤- الخرسان، صلاح. (١٩٩٣)، صفحات من تاريخ الحركه الشيوعة فى العراق، ط١، بيروت.
٥- الخرسان، صلاح. (٢٠٠١)، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث، الحركات الماركسية١٩٢٠-١٩٩٠.
٦- دلزار، احمد. (٢٠٠٢)، لمحات من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي ، بغداد.
٧- الطالباني، مكرم. (٢٠٠٢)، حزب هيوا، السليمانية، مطبعة خال.
٨- مجيد، رفيق. (١٩٩٩)، الحركة الحمسورية بين الاسلام والباطنية، مجلة (جامعة دهوك)، عدد خاص (١)، المؤتمر الاولي لجامعة دهوك.
٩- النقشبندي، عبدالرحمن شيخ علاءالدين. (١٩٨٥)، السادات النقشبنديه، مطبعة وزاره الثقافة، بيروت.
١٠- يحيى، عبدالفتاح علي. (٢٠٠٢)، الحياه الحزبيه في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، مطبعة وزاره التربيه، اربيل.
سێیەم: چاوپێکەوتنەکان:
١- حەلاوەخان. (٢٠١٠/١/٨) شۆڕش.
٢- سلێمان، مەلیک حسین. (٢٠١٩/١٢/٢٠)، تەقتەق.
٣- گدرون، عوسمان محمد. (٢٠١٠/١١/٧) پیرەمەگرون.
٤- عەسکەری، مستەفا. (٢٠١٠/١١/٧) سلێمانی.
٥- ئەحمەد، کەریم. (٢٠١٠/١١/٢٢) کۆیە.
٦- سەبیحەخان. (٢٠١١/١/٨) سلێمانی.
٧- تەیفور، عارف. (٢٠١١/٥/٨)، هەولێر.

*** ئەم بابەتە لەکۆتا ژمارەی ساڵی ٢٠٢١ لەگۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەشێوەی ئۆنلاین بڵاوکراوەتەوە.**

# هەقە لەنێوان تەریقەت و شەریعەتدا

گەلی کورد وەکوو زۆربەی نەتەوەکانی دی، مێژوییێکی تۆمارکراوی دەوڵەمەندی لەبوارەکانی زانستی سیاسی، یان کۆمەلایەتی نەبووە، ئەوە جگە لەوەی ئێمەی کورد کەمترین زانیاریمان لەسەر مێژووی نەتەوەکانی دەوروبەر و خۆشمان هەیە، بۆنموونە بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێی کوردستان، دەبینین ڕێبازی سۆفیگەری، وەکوو ڕێبازێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی لەناو جەرگەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا سەری هەڵداوە، کە لەسەردەمی خۆیدا گرنگی خۆی هەبووە، کەچی تاکوو ئێستا لەلایەن مێژوو نووسان و توێژەرانەوە، وەکوو پێویست گرنگیان پێنەدراوە و نەیانکردون بەبابەتی ئەکادیمی و زانستی. هەرهیچ نەبێت، دبوایە سوود لەلایەنە جوانەکانی وەربگیرێت و لایەنە خراپەکانیشی ببنە پەند و وانە.

سەرنجام ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆمان سەبارەت بەو بزووتنەوە ئاینییانە نەبێت، کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا لەهەرێمی کوردستاندا سەریان هەڵداوە، لەم ڕوانگەیەوە بەباشمانزانی لەڕێگەی ئەو بەدواداچوونەدا، لەڕێگای چەند کەسایەتییەکی شارەزا و بەئەزموون لەم بوارەدا، بەتووڵە ڕێیەکاندا بچینە بنجوبنەوانی چۆنیەتی سەرهەڵدان و ژیان و کلتوری یەکێک لەو بزووتنەوانە، کە کۆمەڵەی (هەقە)یە.

بزووتنەوەی (هەقە) لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لەکوردستانی باشوور سەریهەڵداوە و بۆتە جێگای مشتومڕی بەشێک لەتوێژەران و نوسەران و پسپۆرانی بواری تەسەوف لەکوردستان.

دوای بڵاوبونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەتایبەتیش لەدوای کۆچی دوایی پێغمبەری ئیسلام سەلامی خوای لەسەربێت، وەچەی یەکەم و دووەمی موسڵمانان، چەند ڕێبازێکی ئایینی پەیدابوون، تەریقەتەکانی ئەهلی تەسەوف لەسەر بناغەی ئەم ڕێبازانە لەڕێگای مەولانا خالیدی نەقشەبەندی لەکوردستان بلاوبۆتەوە.



**ستار محەمەدئەمین**

لەم چوارچێوەیەدا وەکو ئەرک و کاری ڕۆژنامەوانیم بەباشم زانی ئاوڕێک لە بزووتنەوەی (هەقە) بدەمەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی هەریەکە لەگوندەکانی شەدەڵە و کلکەسماق و کڵاو قوتم کرد.

سەرەتا مامۆستا (مستەفا عەسکەری)م بینی، کە لەنەوەی شێخ (عەبدولکەریم)ی شەدەڵەیە و خاوەنی یەکەمین کتێبە بەناوونیشانی (ئاوڕدانەوەیەک لەبزووتنەوەی هەقە) کە ساڵی ١٩٨٣ چاپکراوە و محەمەدی مەلا کەریم پێیداچۆتەوە و دایڕشتۆتەوە و پێشەکیشی بۆ نووسیوە.

مستەفا عەسکەری لەبارەی وشەی هەقەوە گوتی: ئەگەر بەدوای ڕاستی بگەڕێیت، ڕاستی یانی هەقیقەت، شێخان و موریدانی ئەم بزووتنەوەیەش دەیانگووت (شەریعەت، تەریقەت، هەقیقەت) کەواتە ئەوان خودایان پێ لەهەموو کەس هەقانیتر بووە.

یەکێک لەوکەسانەی (حەمەسوور)یە و تاکوو ئێستاش لەژیاندا ماوە بەناوی باجی حەلاو دەڵێ: کەناوی خودا دێنین بەمانای هەقیقەت دێت کەدەڵێین هەقە هەمووشتێک کۆتایی پێدێت، هەقی خودایی، کە ناوی خوداش دێت، هەموو شتێک دەستەوەستان ڕادەوەستێت.

سەردانی شێخانی ئەم تەریقەتەم کرد لەسەر مەزاری شێخانی هەقە لەشەدەڵە، چاومان بە شێخ مەحموود کەوت لەسەرەتادا

باسی شەدەڵەی بۆ کردین گوتی: شەدەڵە سەر بەناحیەی سووررداشی قەزای دوکانە، واتە سەر بە پارێزگای سلێمانییە لەچیای پیرەمەگروون.

وەکوو دەزانن مەولانا خالیدی نەقشبەندی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شێخ ئەحمەدی سەردار هەبووە، کە شێخ ئەحمەد شێخێکی ناودار بووە لەناوچەکە، لەگوندی سەرگەڵوو، دەتوانین بڵێین ئەگەر یەکەم نەبووبێ، ئەوە دووەم خەلیفەی شێخ ئەحمەدی سەردار بووە، هەرلەوکاتی تەریقەتی لەسەردەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی وەرگرتووە، دوای خۆشی شێخ قادری سوور شێخایەتی وەرگرتووە.

تەریقەتەکەی ئێمە لەبنچینەدا نەقشبەندییە و لەمەولانا خالیدەوە کە لەسەرگەڵووەوە هاتووەتە خوارەوە، تاکوو گەیشتووتە دوواییینیان کە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووە و تەریقەتی داوە. هەربۆیە کە باس لەبزووتنەوەی هەقە دەکرێ، دەبێ سەرەتا باسی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بکەین.

لەم بارەیەوە لەگوندی شەدەڵە چاومان بە مامۆستا قارەمان کەوت کە شارەزایە لەبزووتنەوەی هەقە و گووتی: لەدوای ساڵی (١٩٢٠)ەوە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لەدوای شێخ مستەفای عەسکەرەوە درێژە بە ڕێبازەکەی تەریقەتی نەقشەبەندی دەدات تائەوکاتەی خۆی لەژیاندا ماوە درێژەپێدەری ڕێبازی نەقشبەندی دەبێت، دوای ئەوە چەند گۆڕانکارییەک لەتەریقەتەکە ڕوودەدات تاوایلێدێت مورێدەکانی تەریقەتی نەقشبەندی کە دواکەوتەی ئەم مینبەرەن، کەشێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە تێیدا وتار دەخوێنێتەوە و ڕابەرایەتیان دەکا، ئەو موریدانەی باب و باپیرانی شێخ عەبدولکەریم لەناو خۆیاندا ململانێیان بۆ دروست دەبێت، بەشێکی دی پێیان وایە ئەو مەسەلەی (هەقە)یە پەیوەندی نییە بەوەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بانگەشەی بۆ (هەقە)یاتی و ڕێبازەکەی کردووە، یان باسی لەعەدالەتی کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لەخۆدەوڵەمەندکردن کردووە، یان باسی نەفس شکاندن و دەروون شکاندنی کردووە.

کەسێک دەیەوێ بۆ خوا بژێت، ئەمانەش پەیوەندیان بەوەوە هەبووە، گوایە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بەهائوڵلاوە.

لەهەمان کاتدا لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەسەر زاراوەی هەقە دەڵێت: لەبیرمە کاتی خۆی کە ڕوویان کردە کەرکوک، هەر هەموویان دارە قوڵەیان بەدەست گرتبوو، هەموویان پێکەوە داوای ئازادکردنی شێخیان دەکرد و دەیان گوت: هەقە، هەقە لەسەر شێخی، بەڵام وابزانم لەوە قوڵترە و بیرێکی فەلسەفییە، بەلای منەوە هەقە لەهەقەکەی (حەلاج)ەوە هاتووە کە دەڵێت: (انا الحق) واتە: من خوام. مەبەستی ئەوەنییە داوای خوایەتی کردبێت، بەڵکوو مانای یەکێتی بوون دەگەێنێت، واتە: بەلای حەلاجەوە نێوان خوا و ئینسان، ئەو کەونە یەک پارچەییەیە، جوانی یارەکەی لەگەڵ جوانی ئاسماندا، لەگەڵ جوانی مانگدا، هەمووی یەک شتە و لەیەک سەرچاوە هەڵقوڵاوە، بۆیە من وادەزانم ناوەکە لەناویان ماوەتەوە.

بەهەرحاڵ تەیارێکی سۆفیگەرییە و هەموو سەرچاوەکانیش کە تاکوو ئێستە باسی دەکەن، دەیگێڕنەوە بۆ سەر سەید (ئەحمەدی سەردار) کە خەلیفەی مەولانا خالید بووە، کە بەلای منەوە لەوە کۆنترە و لەهەقەکەی حەلاجەوە هاتووە.

دکتۆر (فوئاد سەید) شارەزا لەبواری هەرەوەز و کشتوکاڵ کە ماوەیێک لەکۆلیژی کشتوکاڵ لەزانکۆی کۆیە مامۆستا بوو، دوای خانەنیشین بوونی گەڕایەوە ئەڵمانیا. لەبارەی بزووتنەوەی هەقەوە بۆمان دوا و گوتی: هەقە بزووتنەوەیێک بووە، موژدەبەری خۆی و بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی خۆی بەشێوەیێکی ئاشتیانە سازداوە. بەوشێوەیە بەراورد دەکرێت بە بزووتنەوەیەکی میللی، یان مەدەنی. شێوەی بەرگریکردن لەخۆشیان شێوەیەکی شارستانی و مەدەنی بووە، هەروەکوو لەساڵی ١٩٣٢ – ١٩٣٤ لەبەردەم موتەسەرفیەتی کەرکوک خۆپیشاندانیان کرد، لەو زەمانەدا هەموویان گونیە لەبەردەکەن و دارە قوڵە بەدەست دەگرن و دەچنە پێش موتەسەرفییەت، هەرچەندە لەم خۆپیشاندانەدا کوژراو و بریندارێشیان هەبووە، بەڵام بەهیچ شێوەیێک ئەوان پەنایان نەبردە بەر چەک و پەرچەکرداری توندوتیژی. دەتوانم بەراوردی ئەم بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەکەی غاندی بکەم کە ئەوکاتە جووڵانەوەیێکی عسیانی مەدەنی بوو، بەشێوەیەکی دیموکراتی ناچەکدارانە خەباتی دەکرد بۆئازادکردنی هیندستان و دەرکردنی ئینگلیزەکان واتە: هەردوو جووڵانەوەکە هاوسەردەم بووینە لەگەڵ یەکدا، ئینجا دامەزرێنەری بزووتنەوەی (هەقە) چەند سوودی لەبزووتنەوەکەی غاندی بینیوە؟ ئەوەی من دەیلێم تەنیا لەڕووی ئەو لێکچوونە مەدەنیەیەوەیە لەو سەردمدا. ئەوڕۆژەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە تەریقەتی نەقشەبەندی بڵاودەکردەوە، لەهەوڵی بێ وچان دابوو بۆ دامەزراندنی

**"بەلای منەوە هەقە لەهەقەکەی (حەلاج)ەوە هاتووە کە دەڵێت: (انا الحق)"**



**حەمەسووری کلاوقووت**

بناغەی جووڵانەوەی هەقە.

ئەورۆژە بزووتنەوەی نەتەوەیی نیشتمانی لەکوردستان لەپەرەسەندن دابوو ناوچەکە دەکووڵا، شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕووی ئاشکرای ئەم پەرەسەندنەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون لەناوچەکەدا، ئینگلیزەکان لەلایەن خۆیانەوە شارەزایی ئەوەبوون کە بیروباوەڕی ئایینی، لەجیاتی ئەوەی بۆ کۆنەپەرستی بخرێتەکار، دەکرێ بۆ مەسەلەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیش بخرێتەکار تائەوکاتەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دادەنێ.

هەر لەسەرەتاوەش کەوتنە هەوڵ و تەقەلا بۆ ئەوەی جووڵانەوەی هەقە هەرلەناو بێشکەدا بخنکێنن و لەناوی ببەن.

لەم بارەیەوە مستەفا عەسکەری دەڵێت: ئینگلیز زۆر لەبزووتنەوەی هەقە دەترسا، هەربۆیە ئەدمۆنس دووجار سەردانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دەکات، زۆر قسەیان پێکەوە کردووە ئەنجامەکەی،

> **"دەتوانم بەراوردی ئەم بزوتنەوەیە بە بزوتنەوەکەی غاندی بکەم کە ئەوکاتە جولانەوەییێکی عسیانی مەدەنی بوو"**

ئەدمۆنس زۆر هەوڵی داوە بەپارە و ماڵی دونیا شێخ قەناعەت پێ بێنی، بەڵام شێخ بە نوێنەرەکەی ئینگلیزی گوتووە: ئێمە بۆخۆمان لەگەڵ خوشک وبراکانمان و سۆفی و موریدەکانی خۆمان دانیشتووین و سەرمان پێکەوەناوە و بۆخۆمان کاردەکەین، پێویستمان بەهیچ نییە، قەناعەتمان بە ئاو و نان و نیسکێنەی خۆمان هەیە، بەهیچ شێوەیەک نابینە کرێگرتە و داردەستی هیچ کەسێک، بۆیە لەدوای ئەوە ئینگلیز کەوتە پڕوپاگەندە لەدژی بزووتنەوەکە. پڕوپاگەندەی ئەوەی گوایە دژی ئایین و خوان، خواناپەرستن. دوای ئەوەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە کۆچی دوایی دەکات بەشێک لەهاوبەش و موریدانی واز لەکۆمەڵەی هەقە دێنن، کەچی تاکوو ئێستاش هاوادارانی ئەم کۆمەڵەیە سەردانی شەدەڵەو کلکە سماق دەکەن، هەرچەندە دوای مردنی شێخ، تەقە کەوتە ناو هەقەکان و پەرتەوازە بوون، بەڵام بوون بەچەند تاقمێک، زۆربەی هەرەزۆریان بەگەڵ (مامە ڕەزا)ی برای شێخ عەبدولکەریم کەوتن. بەشەکەی دیکەشیان لەگەڵ (حەمەسوور) کەوتنە سنووری شاری کەرکوک و لەگوندی کلاوقوت جێنیشین بوون.

لەم بارەیەوە شێخ هاوڕێ، کە یەکێکە لەنەوەکانی شێخی تەریقەت دەڵێت: لەدوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە (مامەڕەزا)یان بەجێنیشینی هەڵبژارد. لەدوای شێخ، تەریقەت دەوەستێ و هەقە بەسەر چەند باڵێکدا دابەش دەبێت وەکوو باڵی مامەڕەزا، باڵی حەمەسوور، باڵی حەمەغاییەکان.

(حەمەغاییەکان) دەکەوتنە سنووری بنگرد لەگووندی کانی توو، ئەوانە کەمتر خۆیان نیشان داوە.

(حەمەسوور)یەکان سنووریان دەکەوێتە پارێزگای کەرکوک لەگوندی کلاوقووت. دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەقەکانی کەرکوک تەنیا لەنەتەوەی کورد نەبوون، بەڵکوو (عەرەب و تورکمان)یشیان تێدا بوو، کە موریدی شێخ عەبدولکەریم بوون. هەروەها خەڵکی (ڕۆژهەڵات)یشی تێدا بوو، وەکوو سۆفی خدر، کە بە خدر سابڵاخی ناسراوە، کە هەرلێرە مایەوە، تاکوو لەهەولێر کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێش نێژرا.

دکتۆر فوئاد سەید لەبارەی (حەمەسوور)یەکانەوە دەڵێت: (حەمە سوور)یەکان ویستوویانە خۆیان بتوێننەوە، گوتوویانە ئەوان پەیوەندیان بە بزووتنەوەی هەقە نەماوە لەبەرئەوەی پرەنسیپەکانیان جیاواز بووە لەوەی هەقە، بەرەو مۆدێرنی ڕۆیشتن.

لەدرێژەی بەدواداچوونمدا لەسەر (هەقە)کان کاسێتێکی ڤیدیۆییم لەلایەن کاک یاسین، کە دەکاتە کوڕی کچی حەمە سوور، کە قسەکانی (حەموسور)ی تێدا تۆمارکرابوو دەستکەوت. حەمەسوور خۆی بە دەنگ و ڕەنگ قسە دەکات، بەمشێوەیە:

(بسم الله الرحمن الرحیم، بیخوێنن مەتلەبی کاری کەریم، دائیرەی هەق شووناسی، هەروەکوو ماسی کەوتنە بەحری خەڵواسی، هەموو مەست، پەناوپیلا بوون، مەستی نەزەری خاتمی ئەنبیا بوون، واسیتە حوکمی مەستی بوو، لەخەتی شەریعەت، تەریقەت تەوەلابوون، هەموو ئەهلی زیکر بوون، قاری بوون، لەزیکر بوون، بە ئەهلی فیکر فیکریان کردە عیلمی ڕەحمانی، وتیان ئەوە چ بوو خوا بەسەر ئێمەی

**ئینگلیز زۆر لەبزووتنەوەی هەقە دەترسا، هەربۆیە ئەدمۆنس دووجار سەردانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دەکات، زۆر قسەیان پێکەوە کردووە ئەنجامەکەی ، ئەدمۆنس زۆر هەوڵی داوە بەپارە و ماڵی دونیا شێخ قەناعەت پێ بێنێ**

هانی، باوکی ئێمەی بابچینە ئیمتحانی لەئیمتحانی بەحری مەعانی، نەوەک بکەوینە سەر دەستوورێکی شەیتانی، ئیشەکی عەجایب و نادربوو خودا بەخۆی پێ قادربوو، ئیرادەی لەسەر سادر بوو، ئارەزووی ئیشتهادیان کرد، هێناینە ڕێگای سەربەخۆ، لەئارەزووی ئیشتهاد، فیرقە، فیرقە وەستانەوە، فیرقەیەکیان کردە بیر، یەکێکیان کردە تەکبیر، خەڵکان بوون بە ئەهلی موتەعییر هیچیان نەزانی، گووتیان الله و شيء القدير)

لەسەر ئەو قسانەی حەمەسوور پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسول باس لەوە دەکات دەڵێ: قسەکانی حەمەسوور. من گوێم لێبووە کاتی خۆی فاخیری حەمەدئاغای مێرگەسووری دەنگەکەی تۆماری کردبوو گووتی: بەڕاستی ئەم قسانەی حەمە سوورم باش لەبیرە قسەکانی شتی زۆری تێدایە بەو نەخوێندەوارییەوە فیکر لەقسەکانیدا هەبوو، لایەکی دی جوانی هەقەکان ئەو دیموکراتیەی نێوان پیاوان و ژنان بوو کە پێیان وابوو لەنێوان ژنان و پیاواندا لەڕووی ئیشکردنەوە هیچ جیاوازییەک نییە و هەر هەموویان خوشک و برای یەکدین و هەمووشیان لەڕووی مافەوە یەکسانن لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسوول گوتی: ئەوان تەواو بڕوایان بە یەکسانی ژن و پیاو هەبووە، پێکەوە دانیشتوون کۆبوونەتەوە هەربۆیەش زۆرجار تۆمەتیان بۆ دروست کردوون، بەڵام ئەویان تۆمەتی نابەجێ بوون، زیاتر دوژمنانی هەقە بۆیان دروست دەکردن وەرە سەیری مێژوو بکە چ دەستەیەک هەبووە لەمێژوودا کە گیانی شۆڕشگێڕی و یاخی بوونی تێدابووبێت و قسەو تۆمەتی بە دواوە نەبووبێت. هەر لەمەزدەکیەکان و بابەکییەکان، لەبارەی سەرچاوەی دارایی کۆمەڵەی هەقە پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا لەدرێژەی قسسەکانیدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە پارە و سەرچاوەی دارایی لای کاکە حەمە بووە و هیچ کەسێکی هەقە پارەی لانەبووە. ئەویش وەکوو خەڵک لەو پارەی دەخوارد، جل و بەرگیشی وەکوو خەڵکەکە بوو، سبەینێ کێ دەچێت بۆ نەخۆشخانە، چی دروست دەکەن هەر هەمووی سەرچاوەی داراییەکەی کاکە حەمە بووە، هەتا لەدابەشکردنی کار زیاتر هەرەوەزی بووە، بەڵام ئیشوکارەکان دابەش دەکران.

لەبارەی هەندێ دیاردەی وەکوو نەکێشانی جگەرە و نەخواردنەوەی چایی، مام حەسەن کەیەکێک لەسۆفییەکان و لێپرسراوی کاروباری دارایی هەقە بووە لای حەمەسوورییەکان هەر لەو کاسێتە ڤیدیۆییەی پێشتر باسم کرد دەڵێت: کاتی خۆی شێخ فەرمووێتی ئەوکاتە شەکر و چا گران دەبێت شێخ عەبدولکەریم هێشتا لەژیاندا مابوو فەرمووێتی شەکر و چا گران بووە، با نەیخۆینەوە گرنگ نییە. تاوەکوو گوونیەی دەبێتە ڕوبعێک ئەوجا دەیخۆینەوە.

هەروەها لەسەر جیابوونەوەی حەمە سوورییەکان و جێهێشتنی شەدەڵە مام حەسەن لەدرێژەی قسە تۆمارکراوەکانیدا دەڵێت: کاتی خۆی هەتا شێخ لەژیاندا مابوو هەمووومان یەکبووین، دوای شێخ عەبدولکەریم مامە ڕەزا هاتە جێگای شێخ، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی شێخ فەرموو بووی، وەسیەتی کردبوو کەس مەحزووم نییە لەخەلافەتی تەریقەتەوە، ئەوانیش دەیانگوت دەبێ مامە ڕەزا خەلافەتی تەریقەت وەربگرێ و ببێتە جێنشینی شێخ عەبدولکەریم، ئێمەش گوتمان لەبەر ئەوەی شێخ وەسیەتی کردبوو فەرمووبووی، لەدوای مردنی من کەس مەحزوم نییە بە وەرگرتنی خەلافەت، بۆیە ئێمەش ئەو کۆمەڵەیەمان قبوڵ نەکرد و جیابووینەوە. ئێمە کۆمەڵێکین هاتووینەتە گوندی کڵاوقوت ئەم خانووماڵەمان بۆخۆمان پێکەوەناوە کار و کەسابەت دەکەین، هەرهەموومان وەکوو خوشک و برا لێرە پێکەوە دەژین. لەراستیدا دوای ئەو هەموو سەفەر و بەدواداچوونەم لەسەر هەقە، بۆم دەرکەوت کەبزووتنەوەی هەقە بنەمایەکی فەلسەفی هەیە، ئەویش بزووتنەوەیەکی ئایینیە لەتەریقەتی نەقشەبەندییەوە هاتووە، مەبەست و ئامانجەکەی کۆمەڵایەتییە، سیاسییە، ئابوورییە، هیندێ جار بەرگری کردنیشە.

**“ دوای ئەوەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەلە کۆچی دوایی دەکات بەشێک لەهاوبەش و موریدانی واز لەکۆمەڵەی هەقە دێن ”**

# بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە؟
# هەقەکان کێ بوون؟
# بە کێ دەگوترێ هەقە؟

ئامادەکردنی: دیوان

> **“ ڕابەرەکانیان هەر لە (شێخ عەبدولکەریم)ەوە تا (مامە ڕەزا) و (حەمە سوور)، چەندینجار ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدوونان و نەفیکردن و دەست بەسەرکردن بوونەتەوە ”**

هەقە بەو کەسانە دەوترێت کە سەر بە بزووتنەوەی هەقەن. بزووتنەوەی هەقە وەکو ڕێبازێک لەڕێبازەکانی نەقشبەندی لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا، لەسەردەستی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) دامەزراوە. سەرەتا وەکوو بزووتنەوەیەکی چاکسازی دینی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە. دوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم، مامەڕەزا کۆمەڵەی هەقە بەشێوازێکی نوێ ڕێک دەخاتەوە و بنەڕەتێکی ئایدیایی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاکاریی بۆ دادەنێ و لەچوارچێوەی تەسکی سۆفیگەری دەیهێنێتە دەرەوە. لەسەردەمی (مامە ڕەزا)دا بزووتنەوەی هەقە وێڕای ڕۆڵە چاکسازییە دینی و کۆمەڵایەتییەکەی، ڕەهەندێکی سیاسی و فکری و نیشتمانیش وەردەگرێ، ئەگەرچی تائێستا هیچ بەڵگەیەک نییە ئەم بزووتنەوەیە بەبزووتنەوەی سۆشیالیستی جیهانی ببەستێتەوە، بەڵام بەهۆی: ئەو چەمکە کۆمۆنیزمییەی هەیبووە. ئەو دید و ناوەڕۆکە پێشکەوتووخوازییەی لەمەسەلەی یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی و لەمەسەلەی ئافرەت و لەمەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی هەیبووە. بەهۆی ئەو داکۆکی و پاڵپشتییەی لەجووتیاران و زەحمەتکێشانی کردووە، دونیایێک دوژمنی بۆ دروست بووە. (کوێستانی، ٢٠٢١، ٢٢٦).

کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و حکومەتی عێراقی و شێخ و ئاغا و مەلاکانیش، لەدوژمنایەتی کردنیاندا چوونەتە یەک بەرە و بەکافر و لادەر لەئیسلام و بەکۆمۆنیست تۆمەتباریان کردوون. تەنانەت نووسەرێکی وەکوو (شاکر فەتاح)یش کە ئەو کاتە قایمقامی چەمچەماڵ بووە، لەبڵاوکراوەی چەمچەماڵ دا لەدژی بزووتنەوەی هەقە شتی نووسیوە. هەر هەموشیان، هەریەکە و بەشێوازی خۆی پەلاماری بزووتنەوەی هەقەیان داوە و تەنگیان پێ هەڵچنیون. ڕابەرەکانیان هەر لە (شێخ عەبدولکەریم)ەوە تا (مامەڕەزا) و (حەمەسوور)یش، چەندینجار ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدوونان و نەفیکردن و دەستبەسەرکردن بوونەتەوە. لەبەرامبەر هەموو ئەو زوڵم و ستەمەشدا، هەقەکان بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکانی خۆیان، هەموو جارێ ڕێی ئاشتیانە و ناتوندوتیژانەیان گرتۆتەبەر، هەر بۆیەش دەکرێ بزووتنەوەی هەقە، بەیەکەمین بزووتنەوەی ئاشتیخواز و ناتوندوتیژی، لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەقەڵەم بدرێ. (کوێستانی،٢٠٢١، ٢٢٧).

**هەقە و سۆشیالیزم**

لەوکاتەوەی کە کودەتای (٨)ی شوبات ڕوویدا و بەیانی ژمارە (١٣) بۆ قڕکردنی شیوعییەکان دەرکرابوو، گوندی (کلکە سماق) ببوو بەنوا و پەناگەی ئارامی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق. خەڵکی ئەو ناوچەیە (هەقە) بوون، ژیانی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا جیاوازبوو، لەڕووی ئاینیشەوە بیروباوەڕی خۆیان هەبوو کە بێگومان ڕەگوریشەی تایبەتی هەیە. (مامەڕەزا) هەرلەزووەوە لەم ناوچەیە فەلسەفەی (هەقە)یەتی پێڕەوکردووە، بۆیە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەم بە (هەقە) ناسراون و هەم بە (مامەڕەزایی) ئەم ناوچەیە وەکوو هیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان نەبوو، نەریتی شێخ و ئاغای تێدا نەبوو، خەڵک هەمووی یەکسان بوون و جیاوازیی ژن و پیاو نەبوو، جوتیارەکان زەوییان دەکێڵا و دەیانچاند و دوایی بەرهەمەکانیان دەکردە عەمباری گەورەوە و بەیەکسانی هەر کەسە و بەپێی پێداویستی خۆی بەسەریدا دابەشیان دەکرد. بەروبووم دەفرۆشرا و پارەکەی بۆ خزمەتی خەڵکەکە بەکاردەهێنرا، ئەم سیستەمە کە لەکلکە سماق و ناوچەی هەقەکان بەڕێوە دەبرا، زۆرنزیک بوو لەو سۆشیالیزمەی کە حزبی شیوعی بانگەشەی بۆ دەکرد. تەنانەت هێندێک کێشەی کۆمەڵایەتی کە لەشوێنەکانی دیکەی کوردستان دەبووە هۆی دوژمنایەتی و شەڕوشۆڕ، لێرە بەئاسانی چارەسەر دەکرا. (پێنجوێنی، ٢٠٢١، ١٤٢).

بۆنموونە کچ و کوڕێک ئەگەر دڵیان بچووایە سەریەک، ڕەنگە لەشوێنەکانی دیکەی کوردستان دووچاری سەد دەردی سەر ببوونایە، بەڵام لێرە دەچوونە لای مامەڕەزا و دەیانوت: «دەمانەوێت ببینە هاوژین و پێکەوە بژین». لەوەش زیاتر تەنانەت هاوکاریش دەکران وماڵیان بۆ دروست دەکردن، یان زەوییان دەدانێ، بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن. بێگومان ئەو چاکە خوازییەی مامە ڕەزا لای مەلا و خەڵکانی نەریتەوان و کۆنەپارێزی ئیسلامی ئەو کاتە وا بەئاسانی قبووڵ ناکرێت، بۆیە چەندین شتی ناجۆر و بێمانایان دەدایە پاڵ مامەڕەزا

و هەر بەهیممەتی دەمرەشی ئەوانیش لەسەردەمی (نوری سەعید)دا، مامە ڕەزا زیندانی دەکەن و دەیبێنن بۆ بەندیخانەی ناسریە. لەسەردەمی پادشایەتی زۆربەی بەندکراوەکانی زیندانی ناسریە شیوعی دەبن، دەشوترێت گوایا هاوڕێ (فەهد) و هێندێک لەسەرکردە باڵاکانی حزبی شیوعی لەوێ دەبن، لەژیانی ڕۆژانەدا کە مامە ڕەزا لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ دەبێت و دەبینێت جۆرێک لەنزیکی لەبیروبۆچوونیاندا هەیە، هاوسۆزییەک دروست دەبێت و ئەو هاوسۆزییەش دواتر دەبێت بەهۆی ئەوەی نەوەکانی مامە ڕەزا لەلێقەومانی گەورەدا داڵدەی شیوعییەکان بدەن. دەشڵێن لەسەرەمەرگدا مامەڕەزا وەسیەتی بۆ منداڵەکانی کردووە، وتوویەتی: «لەداهاتوودا باوی حزبایەتی دێتە پێشێ، بۆ ئێوە باشترە جگە لەهەر حزبێکی دیکە، نزیکی شیوعییەکان بن». (پێنجوێنی، ٢٠٢١، ١٤٣).

محەمەد ئەمین پێنجوێنی، لەبیرەوەرییەکانیدا لەپەرتوکی (چۆن بووم بەپرد؟!) دەڵێ: ئەو کاتەی کە گەیشتمە کلکە سماق (کاکە حەمە) لەجێگای مامەڕەزا دادەنیشت و براکانی دیکەشی (حەمید و تەها) هەر شیوعی بوون، بەڕاستی کەسانێکی چاکەخواز و خوێندەوار و مرۆڤدۆست بوون. کاکە حەمە خۆی لەکاری حزبی نەدەگلاند، بەڵام سەرەوکاری دڵدەدانی خەڵکەکەی دەکرد و بەتەنگ ئەوەوە بوو بێنەوا نەبن. کلکە سماق وەکوو پووره هەنگێکی لێهاتبوو، شیوعییەکان لەبەغدا و هەموو شوێنەکانی دیکەوە، ڕوویان تێ دەکرد. کاکە حەمە دە دوانزە نانەوای دانابوو، بەدەیان ژنی ئازا خواردنیان ئامادە دەکرد و دەستەدەستە هاوڕێیانی شیوعی دەگەیشتنە جێ و ڕێک دەخران و ڕەوانەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیان دەکردن. نزیکەی شەش مانگێک لەوناوە مامەوە، تێکەڵاوییەکی باشم لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و کورەکانی مامەڕەزادا پەیداکرد کە ئێستاش وەکوو دۆستایەتییەک بۆم ماوەتەوە. لێرەدا بەیادی ئەو ڕۆژانەوە دەمەوێت بڵێم: کە داخۆ ئەگەر ئەو یاسا و ڕێسایەی هەقەکان پێڕەویان دەکرد، لەسەرجەم ناوچەکانی وڵاتدا کاری پێ بکرایە، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆرێکی دیکە نەدەبوو؟! (پێنجوێنی، ٢٠٢١، ١٤٤)

ڕەئوف زوهدی، لەسەر هێندەک قسەی لەمجۆرەی من کردم بەپرسیار، بەدەستی ڕەشی کۆنەپارێزان و بەعسییەکان لەسەر کتێبی (بۆ لەهەقە، کەوتنە تەقە) شەهیدکرا. مامە ڕەزا لەسەر بیروبۆچوونەکانی لەسەر (هەقە)ەکەی خۆی، زۆری چەشتووە، بەڵام لایەنگرانیشی بێوەفا نەبوون کە لە (ناسریە) لەزینداندا دەبێت، هەقەکان لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە کۆدەبنەوە و ڕوودەکەنە (کەرکوک) و لەبەردەم بینای ئەو دەمەی لیوادا مان دەگرن. هەقەکان لەم مانگرتنەیاندا کە دیمەنێکی ئاوازەی خەباتی مەدەنی ئەو ڕۆژگارە بووە، خۆیان بەگوێنی باڵاپۆش دەکەن و وەکوو نەریتێکی ڕۆحیش داری (بەلاڵۆک) بەدەستەوە دەگرن. کۆڵنادەن تاحکومەتی نوری سەعید ناچار دەبێت مامە ڕەزا مەرەخەس بکات، بەو مەرجەی نەچێتەوە کلکە سماق و لەهەڵەبجە دابنیشێت. (پێنجوێنی، ٢٠٢١، ١٤٥)

**پێگەی ژن لەبزووتنەوەی هەقەدا**

ماڵەکەی سۆفی برایم و پووره نازێ، هەر ئەو ژووره و ژوورێکی دیکە و داڵانێکە و کۆلێتێکیش بۆ پەلەوەر و ماڵاتیان. ئەو ژوورەی ئێمەی تێدابین هەتا بڵێی چکۆڵەیە، بەڵام فراوانی دڵی خاوەنەکانی بۆ ئێمەی کردۆتە هۆڵێکی یەکجار گەورە. ژوورێکی سادەی تەڕاوکراو، زۆپایەکی دار و دوو پارچە ڕایەخ و حەسیرێک و لالەیەک کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو نەخش و نیگارانەی شێی ساڵانی پێشوو بەسەر دیوارەکانەوە کێشاونی. هەتا بەتەواوەتی نەهاتینە سەرخۆمان و ڕێوبانیش نەکرانەوە، نەیانهێشت ماڵیان جێ بێڵین. لەو سێ ڕۆژەی لایان بووین، لەماڵی خۆشمان باین هەر ئاوا خزمەت دەکراین. دەمێکبوو نەژن و مێردی ئاوا لێکنزیک و نەخانەخوێی ئاوا میواندۆستم بینیبوون. لەمیهرەبانیدا زیاتر لەدایکوباوک دەچوون تا خانەخوێ. لەبەینی خۆشیاندا زیاتر هاوڕێ بوون تا ژن و مێرد. ئەو ڕۆژەش کە سەبارەت بەنهێنی ئەو بەتینییەی پەیوەندی نێوانیانم لەسۆفی برایم پرسی، زۆر بەسادەیی وتی: «بەخودای ئەمن نازانم، هەر کەرەمی خودا و هیمەت و بەرەکەتی مامەڕەزای دەزانن. با شتەکیشت پێ بڵێم، ئەمن و نازێ، چل و ئەوەندە ساڵەیە پێکەوەین، ڕۆژەکی لەڕۆژان لەگوڵم کاڵتر پێ نەگوتووە. هەموو ڕۆژێش شوکر و سەنای خودای دەکەم کە ئەوەندە ئەمنی خۆشدەوێ، چاکترین ژنی ئەم دنیایەی بەنسیبی من کردووە) (کوێستانی، ٢٠٢١، ٢٢٦).

بەو سێ ڕۆژەی لایان ماینەوە، دارستانێک خۆشەویستیان لەدڵی مندا سەوز کرد. ئەو کاتەش زانیم هەقەن، ئەوەندەی دیکە خۆشمویستن. ئاخر من هەر لەمنداڵییەوە جۆرەک لەهەست و سۆزم بەرامبەر بەهەقەکان هەبوو، کە گەورەش بووم ئەو هەست و سۆزە لەگەڵمدا گەورە بوون. دەشێ بەشێکی ئەو هەستەم پەیوەندی بەئەزموونی منداڵی و بەشەکەی دیکەیشی پەیوەندی بەو بنەما و پرەنسیپانە هەبووبێ کە بزووتنەوەی هەقە لەبەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پەیرەوی دەکردن، بەتایبەتیش لەبوارەکانی یەکسانی،

“ ڕەئوف زوهدی، لەسەر هێدەک قسەی لەمجۆرەی من کردم بەپرسیار، بەدەستی ڕەشی کۆنەپارێزان و بەعسییەکان لەسەر کتێبی (بۆ لەهەقە، کەوتنە تەقە) شەهیدکرا ”

> **"بزووتنەوەی هەقە ئەو گۆرانکارییە گەورانە ئەنجام دەدا، کەچی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، دوای پەنجا ساڵ و لەناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتر هەنگاوێکیش پێگەی ئافرەت ناباتە پێشەوە"**

سەربەستی ئافرەت، هەقپەرستی، کاری هەرەوەزی و ئابووری هاوبەش، بەشداری هەمووان لەتەگبیرورِا و دروستکردنی بریار و شێوازی دیموکراتیانەی بەرێوەبردن، مافی رەنجدەران و جووتیاران و پشتگیری کردنیان لەرزگاربوون لەزوڵم و ستەمی دەرەبەگایەتی. هەر ئەو خەسڵەت و بنەمایانەش بوون کە لەلایەکەوە دوژمنی بۆ زۆر دەکردن و لەلایەکی دیکەشەوە وایدەکرد هەزاران جووتیار بچنە سەر ئەو رێبازە. برایم و پوورە نازێش لەو جووتیارانەی پشدەر بوون کە لەگەڵ (مەحموود ئاغای میراودەلی)دا ئەو رێبازەیان هەڵبژاردبوو. ئەوەش کە پەیوەندی بەئەزموونی منداڵیمەوە هەبوو، ئەو هەست و خۆشەویستییە زۆرە بوو کە پوورە خازێ لەناخی مندا چاندبووی. (کوێستانی، ٢٠٢١، ٢٢٧).

پوورە خازێ لەکۆتایی پەنجاکانی تەمەنی دایە کەچی توێژاڵێک لەدەردەسەرییەکانی ئەو تەمەنە بەروخسارییەوە نابینی، ئەگەر ئەو چەند تاڵە سپیانەی ناو قژ و برۆی نەبن، دەتوانی تەمەنی بە دە ساڵێک لەتەمەنی راستەقینەی خۆی گەنجتر بخەمڵێنی. پوورە خازێ وەکوو خۆی دەیوت، لەهەرەتی لاوێتیدا دەبێ کە مامەرەزا دەگیرێ. سەرەتا دەبرێتە گرتووخانەی کەرکوک و دواتریش رەوانەی خوارووی عێراق دەکرێ، هەرکە ئەو هەواڵە بڵاودەبێتەوە، ئەم و هەزاران هەقەی دیکە دەستبەرداری ماڵ و موڵک و کاسبی خۆیان دەبن و هەریەکە و گۆنییەک لەبەر دەکەن و قوڵەدارێک بەدەستەوە دەگرن. لەو خۆپیشاندانەیان کە بەرەو کەرکوک دەکەونەرێ، ژمارەیەک شێخ و ئاغاشیان لەگەڵدا دەبن، لەبابەتی شێخ حوسەینی خانەقای کەرکوک، جەمیلی عەلۆ ئاغا و کاکە رەزای حاجی شێخ عارفی سەرگەڵو.

سۆفییەکان کە تێکرایان هەژارن، لەهەبوونی ئەو دەوڵەمەندە پۆشتە و پەرداخانە نیگەران دەبن. بۆیە ئەمانیش، ئەو چەند دەوڵەمەندە بۆ نەفس شکاندنی خۆیان و بۆ یەکسانبوون لەگەڵ هەژارەکاندا، جلەکانیان دادەکەنن و سایلی هەژارەکان گۆنییە لەبەر دەکەن و لەرێپێوانێکی ئاشتییانەدا بەرەو کەرکوک دەچمن. سێ مانگان لەسەر ئەو نارەزاییەی خۆیان بەردەوام دەبن، تا دواجار حکومەت ناچار دەکەن مامەرەزا ئازاد بکا. (کوێستانی، ٢٠٢١، ٢٢٨).

رۆژانی کۆتایی سەفەرەکەم تووشی رامان و بەخۆداچوونەوەیەکی قووڵم دەکات. لەپەنجەرەی ماڵەکەی سۆفی برایم و پوورە نازێ و کلاورۆژنەی بیرەوەرییەکانی «پوورە خازێ»وە، تەماشای بزووتنەوەی هەقە دەکەم، لەناو ئەو بزووتنەوەیەشدا پێگەی ئافرەت زیاتر لەهەموو مەسەلەیەکی دیکە بیروهۆشم بەخۆیەوە شەتەک دەدا. هەتا زیاتر لەو پێگەیە دەروانم، نیگەرانیم زیاتر دەبێ. نیگەرانییەکەشم لەو بەراوردکردنەوە دێ کە لەنێوان بزووتنەوەی هەقە و کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا دەیکەم. بزووتنەوەی هەقە پەنجا ساڵی رەبەق بەر لەدروستبوونی کۆمەڵە سەرهەڵدەدات. لەناو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەی ناو دێهاتەکانی ناوچەی سووورداش و دۆڵی جافەتی و دوکانی ئێستا و ناحیەی میرزا رۆستەمی ئەوسادا، لەپاڵ ئەو ئامرازە سەرەتاییانەی ئەو کاتەی بەرهەمهێناندا گۆڕانکارییەکی بنەرەتی لەپەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاودا بەرپا دەکا. (کوێستانی، (٢٠٢١)، ٢٣٠).

ژن لەناو ئەو کەلتوورە دواکەوتووەی دەرەبەگایەتیدا، لەزۆرینەی کۆت و پێوەندە دینی و نەریتی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا رزگار دەکات. جاری یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا دەدات. ژن هاوشانی پیاو بەشداری هەموو چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکات. ژن وەکوو پیاو بەشداری پرسورِا و تەگبیر و دروستکردنی بریار دەکات. ژن هاوتای پیاو بەشداری هەڵبژاردنی سەر تەکیە دەکات، خۆی کاندید دەکا و بەدەنگی زۆرینەش بەسەرتەکیە هەڵدەبژێردرێ. سەرتەکیە دەبێتە بەرێوەبەری تەکیە. ئەو کەسەی کە بۆتە سەرتەکیە، تەکیەی بەرێوەبردووە. ئابوونەی مانگانەی کۆکردۆتەوە، خزمەتی تەکیەی کردووە، پێشوازی میوانی تەکیەی کردووە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ناو تەکیەی کردووە، خەڵکی لەکاتی کۆبوونەوەکاندا ئاگادار کردۆتەوە و هەر ئیشوکارێکی هەبووبێ، پێی راگەیاندوون. سەرتەکیە بەهەڵبژاردن بووە و بەدەنگی زۆرینە دەرچووە. سەرتەکیەی کۆمەڵێک (دێ) ژن بوونە. لەناو هەقەکان، هاوکات ژن لەهەڵبژاردنی هاوسەر ئازادە، فرەژنی ناجایز دەکرێ و شیربایی و سوورانەش قەدەغە دەکرێ. بزووتنەوەی هەقە ئەو گۆڕانکارییە گەورانە لەناو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جووتیارییە دواکەوتووەدا ئەنجام دەدا، کەچی کۆمەڵە، کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، دوای پەنجا ساڵ و لەناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتری شار و خوێندەواردا دروست دەبێ و هەنگاوێکیش پێگەی ئافرەت ناباتە پێشەوە. (کوێستانی، (٢٠٢١)، ٢٣١).

**سەرچاوەکان:**


١-محەمەد ئەمین پێنجوێنی، (چۆن بووم بەپرد؟!)، بیرەوەرییەکانی محەمەد ئەمین پێنجوێنی، (چاپخانەی کارۆ-سلێمانی)، چاپی یەکەم ٢٠٢١

٢- هەڤاڵ کوێستانی، ئەو رۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو، چاپی پێنجەم ٢٠٢١

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ***ڕەسەنایەتیی دەق لەچیرۆکدا***

عەبدولخالق یەعقووبی

- ***ورد و درشتی پلۆت***

گۆران سەباح

# ڕەسەنایەتیی دەق لەچیرۆکدا



عەبدولخالق یەعقووبی

ڕۆلان بارت لەکتێبێکیدا بەناوی S/Z کە ڕەخنەیەکی پێکهاتەخوازانەیە لەسەر چیرۆک «سارازین»ی باڵزاک باسی دژوازیی نێوان دوو جۆر ڕۆمان دەکا: ڕۆمانی کلاسیک و ڕۆمانی نوێ. بە بڕوای بارت دەقی ڕۆمانی ڕیالیستی کلاسیک دەقێکی خوێنەرانەیە (Readerly Text) لەدەقی خوێنەرانەدا بنەمای پرۆسەی خوڵقانی مانا لەسەر زەینییەتی خوێنەر دانامەزرێت، چونکە نووسەر پێشەکی لەڕێگای دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەقدا و هەروەها لەڕێی بەکارهێنانی هەندێک زەمینە و پێش فەرزی زەینییەتی خۆی هەر لەسەرەتاوە مانای دەقەکە و ئەرکی خوێنەری — کە پەسەند کردنی ئەو مانایە بێت — ڕوون کردووەتەوە. لەدەقی خوێنەرانەدا، خوێنەر مافی داهێنانی مانایی لێزەوت دەکرێت و تەنیا وەزیفەی ئەوەیە دەقەکە بەو شێوەیە بخوێنێتەوە کە نووسەر مەبەستییەتی.

بەڵام لەدەقی نووسەرانەدا (Writerly Text) پرۆسەی خوێندنەوە لەسەر بناغەی توانستی داهێنانی مانایی خوێنەر داڕێژراوە. لەمجۆرە دەقانەدا خوێنەر لەڕێگای ئافراندنی مانایەکی تایبەت بە زەینییەتی خۆی سەرلەنوێ دەقەکە دەنووسێتەوە، دەقێکی دی و دنیایەکی دی. بارت نووسەرانەبوونی دەق بەتایبەتمەندیی بەرچاوی دەقی نوێ دەزانێت.

بەمجۆرە لەکتێبی S/Z دا بارت ئەدەب دەکاتە دوو بەش: لەدەستەی یەکەمدا خوێنەر دەورێکی ئەوتۆ ناگێڕێت، ئەگەریش ئەرکێک هەبێت تەنیا سەلماندن، یان نەسەلماندنی دەقەکەیە، واتە خوێنەر تەنیا کاوێژکەرەوەی ئەو شتەیە کە نووسەر دەرخواردی داوە. ئەمجۆرە ئەدەبە ئەدەبێکی خوێنەرانەیە، ئەدەبێک کە ئەگەر بخوازی بیخوێنیتەوە پێویستە پێشەکی تەسلیمی ویست و خواستەکانی بیت. لەم چەشنە ئەدەبەدا بە ساکاری لەدالەوە دەگەی بە مەدلوول بەبێ هیچ تێڕامان و لێوردبوونەوەیەکی ئەوتۆ.

بەڵام لەئەدەبی دەستەی دووهەمدا ئەرکێکی تایبەت دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر. خوێنەر دەبێتە پاژێک لەپاژەکانی دەق، بە وتەیەکی دی خوێنەرێک بوونی نییە لەدەرەوەی دەق. لەم چەشنە ئەدەبەدا نووسین پرۆسەیەکی خاوەن سەرەتا و کۆتایی نییە، یەکجار دەستی پێ بکەی و یەکجاریش کۆتایی پێ بێنیت، بەڵکوو دەروازەیەکی هەمیشە لەسەر پشتە بەڕووی خوێنەردا تاکوو بێت و بەشێوەیەک لەشێوەکان دەوری نووسەر بگێڕێت. لەدەقی نووسەرانەدا دال ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەدلوولەکەی ناکا، و مەودای نێوان دال و مەدلوول پێچوپەنا و کەندولەندی زۆرە.

دەقی خوێنەرانە دەقێکی ڕاوەستاوە و لەجیهاندا وەکوو سیمایەکی نەگۆڕ دەدوێت. بەڵام دەقی نووسەرانە ناخوازێت ئێمە لەدەلاقەی زمانەوە بڕوانینە جیهانی کەتوار (واقیع) بەڵکوو هانمان دەدات لەگەوهەر و سروشتی زمان ورد ببینەوە. کەواتە، لەدەقی نووسەرانەدا ئەگەر بڕیار بێت جیهانێک هەبێت، ئەوە تەنیا ئەو جیهانەیە کە خوێنەر خۆی لەکاتی خوێندنەوەدا دەیخوڵقێنێت.

لەژانری چیرۆکدا سێ جۆر گوتار دەبینرێت: گوتاری واقیع، گوتاری مرۆڤ، گوتاری دەق. لەچۆنێتی و چەندێتیی گرنگیپێدان بەم گوتارانەشەوە سێ جۆر ڕەسەنایەتی لەدایک دەبن: ڕەسەنایەتیی ئۆبژە (بابەت) ڕەسەنایەتیی سووژە (زەین) و ڕەسەنایەتیی دەق.

لە ڕەسەنایەتیی ئۆبژەدا ئەوەی گرنگی پێ بدرێت کەتوار و جیهانی کەتوارە. ئەمجۆرە ڕەسەنایەتییە پێی وایە نووسین واتە خوڵقاندنەوەی واقیعی دەوروبەرمان. تۆ کە لە چیرۆکدا دەنووسی «پشیلە» بە قەولی نۆرترۆپ فرای،

واتە هەر ئەو گیانلەبەرەی کە دەمیاوێنێت. زۆرینەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی، بەتایبەتی پێش نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، دەچنە ئەم خانەیەوە. بۆ نموونە، «غەوارە»ی «عەزیزی مەلا ڕەش» دەقاودەق ڕەسەنایەتی دەدات بە کەتوار. نووسەر هیچ دەستێک لەکەتوار وەرنادات و گێڕانەوەی کەتواری بێ ڕوتووش، دەکاتە هەوێنی ڕۆمانەکەی. گریمانە و فەرزی سەرەکی و هەمیشەیی نووسەری لەم دەستە ئەوەیە کە ئەو شتەی بە واژەی «پشیلە» ناوی دێت، دەبێت هەمان پشیلەکەی کەتوار بێت کە لەنێو زەینی خوێنەریشدا دەمیاوێنێت.

لەڕەسەنایەتیی سووژەدا ئەوەی سەرنجێکی شایانی پێ بدرێت لایەنی خودئاگاییی گێڕەرەوە و خودی توێژەکانی زەینە لەخودئاگاییەوە، تا ڕەهەندە پرپێچوپەناکانی ناخودئاگایی. لەئەدەبی ڕۆژاوادا، نموونەیەکی بەرچاوی کارەکانی «جیمز جۆیس»ە و هەڵبەت ڤێرجینیا ئۆلفیش. لەچیرۆکی کوردیدا، ئەگەر بمانەوێت نموونەیەکی کەموزۆر سەرکەوتوو بۆ ئەم خانەیە بدۆزینەوە دەبێت ئاماژە بە کورتە چیرۆکەکانی «شێرزاد حەسەن» بکەین، بۆ وێنە لە «من و قالە و سەگەکەی پاڵۆڤ»دا.

لەڕەسەنایەتیی دەقدا ئاشکرایە ئەوەی دەکەوێتە ناوەندی سەرنجەوە دەقە و هەروەتر پێوەندیی دەق بە دەقەکانی پێشووەوە. لەمجۆرە ڕوانینە بۆ چیرۆک لەنێوان نووسەر و خوێنەر و دەقدا گەمەیەکی هاریکارانەی سێ قۆڵی بۆ نووسین و خوێندنەوەی دەق دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت. لێرەدایە کە دەڵێین دەق بەردەوام لەحاڵی نووسینەوەدایە. لەهەمان کاتدا بەردەوام لەحاڵی خوێندنەوەشدایە. نە نووسەر دوابڕیاری خۆی لەسەر نووسینی دەق دەردەکات، نە خوێنەر لەسەر خوێندنەوەکەی. وەکوو «هوشەنگ گوڵشیری» چیرۆکنووسی ناسراوی فارس، دەڵێت: ئەگەر لە ڕابردوودا دەقێکمان هەبوو بەناوی کەڵەدەق کە بەر لەئێمە نووسراوە، ئێستا وردە دەق گەلێکمان هەیە کە لەسەر دەستی ئێمەی خوێنەر دەنووسرێنەوە.

چیرۆکی کوردی زۆر بەدەگمەن لەم بوارەدا هەوڵی جیدیی داوە. چیرۆک «مەبال»ی «یونس ڕەزایی» لەم هەوڵە دەگمەنانەیە. لەم چیرۆکەدا دەبینین نووسەر لەزمانی ڕەخنەکارێکی فەرزییەوە ڕێگا بە خوێنەر دەدات لەهەڵوەشاندنەوە و نووسینەوە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی هەموو چیرۆکەکەدا بەشداری بکات. لە «مەبال»دا نووسەر خۆی بە ئەنقەست لەڕێگای دابەشکردنی دەقی چیرۆکەکەی بەسەر چەند وردە دەقێکدا دەسەڵاتی خۆی دەدا بە جۆری خوێندنەوەی خوێنەر.

لەئەدەبی ڕۆژاوادا کاری پۆست مۆدێرنیستەکان دەکەوێتە ئەم خانەیەوە. ئەسڵی «نەبوونی قەتعییەت»ی باوەڕی پۆست مۆدێرنیستی لەگەڵ ئەم چەشنە ڕوانینە بۆ چیرۆکنووسی یەکدەگرێتەوە.


ئێستا پرسیارێک کە دەتوانێت سەرەداوی باسی یەکەم و دووهەممان بە یەکەوە گرێ بدات ئەوەیە




کە ڕۆحی دەقی نووسەرانە نیزیکتر لە کام یەک لەم سێ جۆر ڕەسەنایەتییانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان؟ بە وتەیەکی دی، ئایا دەکرێ بڵێین ئەگەر هات و دەق بکەوێتە یەکێک لەم سێ خانەی ڕەسەنایەتییەوە، هەر بەو نیسبەتەش ڕێژەی خوێنەرانەبوون، یان نووسەرانەبوونی بگۆڕدرێت؟

بێگومان لە ڕەسەنایەتیی کەتواردا دواجار دەقێک

**لەڕەسەنایەتیی دەقدا خوێنەر ناچارە لەوەی لەگەڵ دەق بژیت، چونکە گشت جیهان لەنێو دەقدا کۆدەبێتەوە**




بەرهەم دێت کە خۆی بە ڕیالیزمێکی ڕووتەوە خەریک دەکات. کەوایە، بێ سێودوو لێکردن دەتوانین بڵێین ئەمجۆرە ڕەسەنایەتییە دەقی خوێنەرانە بەرهەم دەهێنێت. ئەگەر زۆرینەی چیرۆکی کوردی دەقی خوێنەرانەن، ئەوە بێ شک هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر جۆری هەڵبژاردنی ڕەسەنایەتییەکەی

**ئەم چیرۆکە «خەونی جاڵجاڵۆکەکان» نموونەی هەرەباشی چیرۆکێکی کوردییە کە ڕەسەنایەتی داوە بە دەق**

کە بەردەوام لەسەر خوڵقاندنەوە و نواندنی کەتوار پێدادەگرێت. لەمجۆرە چیرۆکانەدا دەبینی لەئاکامدا پەیامێکت پێ دەگات، بەڵام شانبەشانی ئەم پەیامە هیچ چەشنە جوانکارییەکی هونەریی چیرۆک وەرناگریت. بە تەعبیرێکی دی، لەو چیرۆکانەی کە ڕەسەنایەتیی کەتوار دەکەن بە ڕەسەنایەتیی باڵادەست، ئایدۆلۆژیا، کە دواجار لە قەوارەی پەیامدا خۆی دەردەخات، دەنگی زاڵی دەقە. ئەو شەپۆلە چیرۆکەی کە لەسەر دەستی گەڕیانی «ڕیالیزمی سوسیالیزم» لەدەوروبەری شەستەکان و حەفتاکان و زیاتر لە کوردستانی باشوور دەنووسران، نموونەی هەرەئاشکرای ئەمجۆرە ئایدۆلۆژیاخوازییەن. لەچیرۆک کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەگەر پێمان وایە زمانی کۆمەڵەچیرۆکی «پێکەنینی گەدا»ی حەسەنی قزڵجی زمانێکی پتر وەسفی و کەمتر گێڕانەوەییە، بێ شک هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕەسەنایەتییەی کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە دەیخوازێت، واتە ڕەسەنایەتیی کەتوار یان واقیع.

بەڵام لەڕەسەنایەتیی سووژەدا ئایدۆلۆژیا دەورێکی ئەوتۆ ناگێڕێت، بەڵکوو ئەوە زەینییەتی بگۆڕی کەسایەتییەکانە کە دەسەڵاتی سەرەکیی جیهانی چیرۆکیان بەدەستەوە دەبێت. لە ڕەسەنایەتیی سووژەدا وردە وردە ڕێگا بەرەو گەیشتن بە دەقی نووسەرانە خۆش دەبێت. سووژە دونیایەکی فرەبوار و فرەلایەنە، دونیایەک

**گەورەترین فیڵی چیرۆک لەوەدایە کە قەناعەتمان پێدەهێنێت کە بوونی هەیە**

کە ئاڵۆزی یەکەمین و گرنگترین نیشانەیەتی، دونیایەک کە تەنانەت کەتواریش لە کەتواربوونی خۆی دادەماڵێت و ڕۆحی کەتوارێکی هونەریی بە بەردا دەکات. بە وتەیەکی وردتر، لە ڕەسەنایەتیی سووژەدا کەتوار لەبێژنگی زەینییەتی کەسایەتییەکانی دەدرێت، ئەو زەینییەتە جۆراوجۆرانەی کە دەکرێت هەر کامیان لە گۆشەنیگایەکەوە لەجیهان بڕوانن و ڕاڤەی بکەن، بەو نیسبەتەش دەنگی جۆراوجۆر بخوڵقێنن و دواجار ئەو هەلە بۆ خوێنەر بڕەخسێنن کە لە نووسینەوەی دەقدا بەشدار بێت.

بەڵام لە ڕەسەنایەتیی دەقدا سەرلەبەری پێکهاتەی دەق لەپێناوی ئاواڵەهێشتنی دەستی خوێنەرە بۆ پەسندکردنی هەرچەشنە ڕاڤە و ڕوانینێک کە دەکرێت بەپێی ڕەگەزەکانی دەق لەدەقی هەڵێنجێت. لەمجۆرە ڕەسەنایەتییەدا دەق خۆی دەکاتە ناوەندی سەرنجی خوێنەر. واتە ئەوەی دەق بوونی کەتوار و بوونی سووژە لەنێو بوونی خۆیدا دەتوێنێتەوە و ئینجا خۆی وەکوو بابەتی خوێندنەوە و

نووسین دەخاتە بەردەستی خوێنەر. کاتێک لەچیرۆکێکی پۆست مۆدێرندا نووسەر لەڕێگای هێندێک تەکنیکی گێڕانەوەییەوە بەردەوام باسی دەقی چیرۆکەکەی دەکات، دەخوازێت ئەو ڕاستییە وەبیر خوێنەر بێنێتەوە کە ئەو دونیایەی ئێستا بۆت دەگێڕمەوە دونیای ئەو چیرۆکەیە کە لەسەر دەستی منی نووسەر خوڵقاوە؛ کەوایە، تۆ ئێستا لە گشت جیهانی کەتوار دابڕاوی و لەنێو جیهانی دەقی مندا دەژیت. لێرەدایە کە خوێنەر ناڕاستەوخۆ دەکێشرێتە نێو ژیانەوە و نووسینەوەی دەقی چیرۆک. بە وتەیەکی دی، لەڕەسەنایەتیی دەقدا خوێنەر ناچارە لەوەی لەگەڵ دەق بژیت، چونکە گشت جیهان لەنێو دەقدا کۆدەبێتەوە، لەئۆبژەوە بگرە، تا سووژە، تەنانەت خودی دەقیش؛ کەوایە لە دەرەوەی دەق جیهانێک بەدی ناکرێت، هەتا بیهەوێت بێ ئەو دەقە بژییت. ئەوە هەستێکە کە لەکاتی خوێندنەوەیدا، بۆ نموونە لە ڕۆمانی «بەفر»ی «ئۆرهان پاموک»دا خوێنەر دادەگرێت.

ئەو چیرۆکەی خاوەنی ڕەسەنایەتیی دەق بێت دەقێکی نووسەرانەیە، دەقێک کە دواجار خوێنەر و نووسەر و جیهان لەنێو پێکهاتەی خۆیدا کۆدەکاتەوە و دەرفەتی پێکەوەژیان و یەکترنووسینەوەیان پێ دەدات. لەدوابەشی نۆڤێلێتی «خەونی جاڵجاڵۆکەکان»ی «شێرزاد حەسەن»دا ئەو خەونەی کە گێڕەڕەوەی چیرۆکەکە بۆ «پاکیز»ی خێزانی دەگێڕێتەوە تێکەڵ بە کەتوار دەبێت. کەتوار، یان واقیع کە ئەو بەشە لەچیرۆکەکەیە کە گێڕەڕەوە و خێزانی خەریکی دەمەتەقن لەسەر خەونەکە، لەنێو خەونەکەدا دەتوێتەوە. خوێنەر کە سەرەتا بیسەری خەونەکەیە، لەنێوەڕاستی چیرۆکەکەدا دەبێتە بینەری ئەو خەونە و دواجار دەبێتە بەشێک لەو خەونە. ئەم چیرۆکە «خەونی جاڵجاڵۆکەکان» نموونەی هەرەباشی چیرۆکێکی کوردییە کە ڕەسەنایەتی داوە بە دەق.

لەدواسیکانسی فیلمی «گومانلێکراوە هەمیشەییەکان»دا «شۆزێ» قارەمانی سەرەکی، کە پیاوکوژێکی ونی بەناوبانگە، لەدایرەی پۆلیس و لەژووری لێپرسینەوەدا سەرۆک پۆلیس هەڵدەخەڵەتێنێت و خۆی بە بێتاوان دەسەلمێنێت و دەڵێت: «گەورەترین فێڵی شەیتان ئەوە بوو کە ئەم باوەڕەی خستە نێو دڵمانەوە کە بوونی نییە» منیش دەڵێم: گەورەترین فێڵی چیرۆک لەوەدایە کە قەناعەتمان پێدەهێنێت کە بوونی هەیە.

**پەراوێز و سەرچاوە:**



١. مقدادی، بهرام، فرهنگ نقد ادبی، تهران ١٣٧٨، ل ٤٤١-٤٤٢

٢. ئێمبێرتۆ ئیکۆ لەبری دەستەواژەی دەقی نووسەرانە لەدەقی کراوە و لەبری دەقی خوێنەرانە لەدەقی داخراو کەڵکی وەرگرتووە.

٣. گلشیری، هوشنگ، کارنامە، شمارە ١٠، ل ٥

٤. مەبال، یونس ڕەزایی، ڕامان، ژومارە ٦١، ل ١٤٩-١٥١

٥. خەونی جاڵجاڵۆکەکان، شێرزاد حەسەن، ڕامان، ژومارە ٦١، ل ١٦٢-١٧٦


**«غەوارە»ی «عەزیزی مەلا ڕەش» دەقاودەق ڕەسەنایەتی دەدات بە کەتوار. نووسەر هیچ دەستێک لەکەتوار وەرنادات و گێڕانەوەی کەتواری بێ ڕوتووش، دەکاتە هەوێنی ڕۆمانەکەی**

# ورد و درشتی پلۆت



گۆران سەباح

لەکوردی «گرێ» یان «گرێچن» دێنە بەکاربردن. با «پلۆت»یش هەبێ. بۆ نا؟ وەرگرتنی وشەی بیانی زمان دەوڵەمەند دەکات.

ڕۆمان بێ پلۆت نابێ. خراپترین ڕۆمان بێنە، پلۆتی هەیە. مەرج نییە ڕۆماننووس پلۆت بخوێنێت تا ڕۆمانەکەی پلۆتدار بێت، بەڵام مەرجە بیخوێنێت (یان لانی کەم زانیاری لەسەر هەبێت) تا پلۆتێکی باش دابنێت بۆ ڕۆمانەکەی. پلۆتی باش هێز و چێژ بە ڕۆمان دەبەخشێت. سەرکەوتنیش. پلۆتی خراپ خوێنەر بێزار دەکات. قەت نەتبیستووە لە خوێنەرێک بڵێ «هەر لە دە لاپەڕەی یەکەم لێی بێتاقەت بووم وفڕێم دا»؟

ئەگەر ڕۆمان بە ئۆتۆمبیل بچوێنین، دەتوانین بڵێین پلۆت بزوێنەری ڕۆمانە، (زمان)یش ڕۆنی بزوێنەرەکەیە.

### پلۆت چییە؟

پلۆت زنجیرە ڕووداوێکە چیرۆک دروست دەکات. ڕووداوەکان پێوەندییان پێکوە هەیە. گرێدانی ڕووداوەکان بە یەکدی و چۆنێتیی پێوەندیی نێوانیان گرنگن. بۆنموونە: لەڕۆمانەکەتدا پەنجا ڕووداوت هەیە. کامەی دەبێتە یەکەم، کامەی کۆتایی، کامەی دووەم، کامەی پێش کۆتایی؟ بۆچی بیستەم ڕووداو بیستەمە، بۆ پێنجەم نەبوو؟ بۆ پێنجەم ڕووداو چلەم نەبوو؟ ئەگەر ڕۆماننووس سەری لەم کەینوبەینە دەرچوو، دەتوانێت پلۆتێکی باش دابنێت.

ئەم پرۆسەیەی سەرەوە وەکوو دیزاین وایە. چی لەکوێ دادەنێی؟ دیزاین لەڕۆمان پێیدەگوترێت (structure) واتە بونیاد. لێتان تێک نەچێت من باسی تیۆری ڕەخنەیی بونیادگەری ناکەم، کە شتێکی دیکەیە. باسی بونیادی ڕووداوەکان دەکەم. کەواتە پلۆت و بونیاد زۆر لێک نێزیکن و بێ یەکدی نابن.

دەیان پێناسەی ئەکادیمی هەن بۆ پلۆت. با سەری خۆمانیان پێ نێشینین لەبەرئەوەی من باسی پراکتیک دەکەم، باسی تیۆر و پێناسە ناکەم.

بۆ پلۆت و دیزاین چەند مۆدڵێک (شێواز) هەن.

### مۆدڵی یەکەم: بونیادی سێ پەردەیی: Three-act structure model

سید فیلد (Syd Field) لە ١٩٧٩ ئەم مۆدڵەی داهێنا. ئەم مۆدڵە ڕووداوەکان دابەش دەکاتە سەر سێ پەردە: دەستپێک (setup)، ڕووبەڕووبوونەوە (confrontation) و چارە (Resolution). بەڵام ئەوە بەس نییە. چۆن ڕووداوەکان بەسەر ئەم سێ پەردەیەدا دابەش دەکەی؟ کامە ڕووداو دەهێنییە پێشەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە سەیری مۆدڵی هەشتەم بکە.

### مۆدڵی دووەم: بونیادی حەفت خاڵە چیرۆک (Seven-point story structure)

ئالگیس بەدریس (Algis Budrys) ئەم مۆدڵەی داهێنا. یەکێک تووشی کێشەیەک دەبێت. هەوڵدەدات چارسەری بکات. پاش پلان و هەوڵێکی زۆر تووشی شکستێکی گەورەی چاوەڕواننەکراو دەبێت. کۆڵنادات و ڕێیەکی دی دەگرێتە بەر. ڕەنگە سەربگرێت و ڕەنگیشە تووشی شکستێکی دی ببێت. پاشان پاساو دەهێنێتەوە بۆ وایلێهات.

١- کارەکتەر

٢- ڕووداو

٣- کێشە

٤- هەوڵی چارەسەر

٥- شکستی چاوەڕواننەکراو

٦- ڕێیەکی دی، سەردەکەوێت، یان شکست دێنێت

٧- بۆ وای بەسەرهات

(پاساوهێنانەوە)؟

لە ئەدەبی ئەمریکیدا، ئەم جۆرە پلۆتە زۆر دێتە بەکاربردن.

**مۆدڵی سێیەم: ڕاچێتەی پلۆتی لیسە دێنت (Lesser Dent Plot Formula)**

لیسە دێنت ئەم مۆدڵەی داهێنا. ڕاچێتەکەی بەناوبانگە لەنێو نووسەراندا. ڕووداوەکان دەبنە چوار کۆمەڵە. ڕووداوگەلی کۆمەڵەی یەکەم شێوازی کاری ئەنتاگۆنیستەکە پیشان دەدات (ئەگەر بکوژ بێت، چۆن خەڵک دەکوژێت، ئەگەر پارێزەر بێت چۆن کەیسەکانی دەباتەوە/دەدۆڕێنێت). دەبێ شێوازەکەی جیاواز بێت لەهەموو شێوازەکانی دی. کۆمەڵەی دووەم نیشانی دەدات ئەنتاگۆنیست چی دەوێت. ئەو شتەی دەیەوێت دەبێ جیاواز بێت لەهەموو داواکارییەکی دی. کۆمەڵەی سێیەم شوێن دەناسێنێت. شوێنەکان دەبێ جیاواز بن. کۆمەڵەی چوارەمیش باسی تێوەگلانی پرۆتاگۆنیست دەکات، چۆن ئەنتاگۆنیست بۆ ئەو هەڕەشەیە و چۆن چارەی دەکات. ئەم پلۆتە زیتر بۆ کورتە چیرۆک دێتە بەکاربردن.

**مۆدڵی چوارەم: شەش توخمی پلۆت (Six elements of plot)**

جۆو بەنتینگ (Joe Bunting) ئەم مۆدڵەی داهێنا لەکتێبەکەی بەناوی (بونیادی نووسین: The Write Structure). ئەم مۆدڵە باوە لەنێو ئەدەبی کوردیدا. پلۆت دابەش دەکات بەسەر ئەم شەش توخمەی خوارەوەدا:

**یەکەم: دەرخستن (Exposition)**

باسی پرۆتاگۆنیست و جیهانەکەی دەکەی. بەو ڕووداوانە دەست پێ دەکەی کە بەها و کەسایەتی و ئاکاری کارەکتەرەکەت دەخەنەڕوو.

**دووەم: ئاگری بن کا (Inciting incident)**

شتێک ڕوو دەدات، ئەم ڕووداوە دەبێتە هەوێنی ڕووداوەکانی دی، ئاگرەکە خۆش دەکات.

**سێیەم: ئاگرەکە ئاڵۆز دەبێت (Rising action)**

چەندشتێک ڕوودەدەن، ئەم ڕووداوانە دەبنە هۆی دروستبوونی ترس و ئاستەنگ بۆ پرۆتاگۆنیست. ڕەنگە سەرەتانی هەبێت، شتێکی بەسەربێت، یان بە ئاسانی لە ئەنتاگۆنیست ناگات، یان شتێکی زۆر گرنگ ون دەکات، هتد. ئەم ڕووداوانە تەشویق (suspense) دروست دەکەن. خوێنەر لەمەراق دەمێنێتەوە، حەز دەکات بزانێت چی ڕوودەدات.

**چوارەم: ڕاڕایی (Dilemma)**

لەم ڕووداوانەی لێرە ڕوودەدەن، پرۆتاگۆنیست ڕاڕایە، نازانێت چی بکات. دارێکی بەدەستەوەیە پەنجا سەری بە هەرامەیە. دەبێ سەرێک، ڕێیەک هەڵبژێرێت.

**پێنجەم: لووتکە (Climax)**

لەم ڕووداوانەی ئێرە، پرۆتاگۆنیست ئەو بڕیارانەی لەقۆناغی پێشوو داونی، جێبەجێیان دەکات. ئەوەی لەسەرەتاوە کاریان بۆ دەکەیت، ڕوودەدەن، لێرە دەیاندوورییەوە، هەمووی بەگۆڕێ وەدەکەی. ئێرە ئەو شوێنەیە خوێنەر لەسەرەتاوە بەدوایدا دەگەڕێت، حەز دەکات بیگاتێ.

**شەشەم: پێچانەوە (denouement)**

ئەم ڕووداوانە کۆتاییەکە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکەن. بارگە پێچانەوەیە، شتەکان دەگەن بە ئەنجامێک. وەکوو ئامادەکردنی دۆڵمە، پاش هەموو شتێک دەبێ بیپێچییەوە و بیخەیە سەر ئاگر. جا نووسەر ئازادە بە کراوەیی، یان بە داخراوی کۆتایی پێ دێنێت.

**مۆدڵی پێنجەم: پلۆتی سکۆت مێریدیت (Scott Meredith's plot)**

سکۆت مێریدیت ئەم مۆدڵەی هەیە: پرۆتاگۆنیست کێشەیەکی هەیە. هەوڵ دەدات چارسەری بکات، بەڵام چەند ئاستەنگێکی دێنە پێش. پاشان شتێکی دیکەی بۆ ئاشکرا دەبێت، وای لێدەکات هەوڵێکی دی بدات و بگاتە چارەسەر. لەمۆدڵی دووەم نێزیکە.

**مۆدڵی شەشەم: حەفت هەنگاوە بنەڕەتییەکەی**

**ئەگەر ڕۆمان بە ئۆتۆمبیل بچوێنین، دەتوانین بڵێین پلۆت بزوێنەری ڕۆمانە، (زمان)یش ڕۆنی بزوێنەرەکەیە**

**“ من باسی تیۆری ڕەخنەیی بونیادگەری ناکەم، کە شتێکی دیکەیە. باسی بونیادی ڕووداوەکان دەکەم. کەواتە پلۆت و بونیاد زۆر لێک نیزیکن و بێ یەکدی نابن ”**

> **پلۆت واتە ڕووداو، کەواتە ڕووداو واتە ڕۆمان. ڕۆمانی کەم ڕووداو بێزارکەرە. سەرەتای هەر بەشێکی ڕۆمانەکەت دەبێ بە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش دەست پێ بکات**

### کرداری مرۆڤ (The Seven Basic Steps of Human Action)

جۆن تێربی (John Turby) ئەمەی داهێناوە.

١- کێشەیەک کار لەیەکێک دەکات.

٢- حەز و کاردانەوەی کەسەکە.

٣- یەکێکی لێ قیت دەبێتەوە و دەبێتە ڕێگر.

٤- بیرکردنەوە و پلاندانان.

٥- شەڕ، ململانێ.

٦- لەخۆتێگەیشتن، کەسەکە کۆمەڵێک شتی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

٧- ژیان بەردەوام دەبێت، ئەو کەسە کێشەکە چارسەر بکات، یان نا.

### مۆدێلی حەفتەم: هەواڵی باش/ خراپ

نووسەری ئەمریکی، کێرت ڤانەگەت (Kurt Vonnegut) ئەم مۆدێلەی داهێنا. مۆدێلەکە پێنج جۆرە پلۆت لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: دە کونێ (man in hole)

دووەم: کوڕێک کچێک دەبینێت (boy meets girl)

سێیەم: ساندرایلا (Cinderella)

چوارەم: لەخراپەوە بۆ خراپتر (from bad to wrose)

پێنجەم: هەواڵی باش/خراپ

ناوی ئەم مۆدێلە بە پلۆتی کۆتایی ڕۆیشتووە (هەواڵی باش/خراپ) چونکە کێرت ڤانەگەت زۆر کەیفی پێ هاتووە. لەم هێڵکارییەی خوارەوە، هەر پێنج پلۆتی ئەم مۆدێلە ڕوون کراوەتەوە:

### مۆدێلی هەشتەم: مۆدێلی دانەخۆرە (Hook Model)

بۆخۆم ئەم مۆدێلەم دروست کردووە. لەئەزموونی خۆم بۆم دەرکەوتووە باشترینە بێو دەستپێکی هەر بەشێک لەڕۆمانەکەت ئەمانەی تێدا بێت: ڕووداوی دانەخۆرە (hook) خێرا و ئاکشن. ئەم سێ جۆرە ڕووداوە خوێنەر ڕادەکێشێت بۆنێو ڕۆمانەکە. لەنێو هەر بەشێکدا دەکرێ ململانێ، ئاستەنگ و کێشە هەبن. دەکرێ لەهەر بەشێکدا کلایماکس هەبێت بۆ پلۆتی سەرەکی و وردە پلۆتەکان. دەکرێ هەر بەشێک پێک بێت لەچەند ڕووداوێک خوێنەر بخاتە مەراق بۆ بەشی دواتر.

### وردە پلۆت (Sub-plot)

وردە پلۆت (وردە گرێ) وەک چیلکە وان، ئاگرەکە خۆشتر دەکەن. زگت بە پرۆتاگۆنیست نەسووتێت. بە دار و بەردی دادە. با لەیەک کاتدا، زیاتر لەکێشەیەکی هەبێت. کێشەیەکی سەرەکی (پلۆت) لەگەڵ چەند وردە کێشەیەک.

بەکورتی، پلۆت واتە ڕووداو، کەواتە ڕووداو واتە ڕۆمان. ڕۆمانی کەم ڕووداو بێزارکەرن. سەرەتای هەر بەشێکی ڕۆمانەکەت دەبێ بە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش دەست پێ بکات. باسی کەش و هەوا و وەسفی شوێن و لاواندنەوە و هەست و ئەو شتە سواوانە مەکە کە ڕۆمانی کلاسیک خۆی پێیانەوە خەنی کرد.

تۆی نووسەر ئازادی کام مۆدێل بەکار دەبەی. دەتوانی هیچیان بەکار نەبەی! چۆنی دەنووسی، بینووسە، بەڵام خۆشی بنووسە، بەتامی بنووسە. چۆن وای بنووسم؟ جارێکی تر باسی ئەوە دەکەم.

### سەرچاوەکان


Alberski, W., ٢٠١٢. Selected Functions of Narrative Structures in the Process of Social and Cultural Communication. Styles of communication, ٤(١).

Bunting, J., ٢٠٢١. The Write Strcuture.

Field, S., ٢٠٠٥. Screenplay: The foundations of screenwriting. Delta.

Vonnegut, K., ١٩٨٠. How to write with style. International Paper Company.

Truby, J., ٢٠٠٨. The anatomy of story: ٢٢ steps to becoming a master storyteller. Farrar, Straus and Giroux.

Grindon, L., ٢٠١٢. Cycles and clusters: The shape of film genre history. Film genre reader IV, pp.٤٢-٥٩.

# دەق

- **بەخت**

نووسینی فێردینارد فۆن شیراخ
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

- **جمکی هەتاو**

نەوزاد ڕەفعەت

- **ئەمن و تۆ**

کاکەزیاد لادێیی

- **لەدایکبوون و مردنی عائیشە**

شیعری عەبدولوەهاب بەیاتی - و/ موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

- **بارانی ئەم سەدەیە .. خۆشەویستی هەوێن ناکا**

کۆسرەت ئەحمەد



# بەخت

**نووسینی فێردیناند ڤۆن شیراخ***

**وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا**

موشتەرییەکەی بیست و پێنج ساڵ بوو کاری سیاسی دەکرد. خزمەتێکی زۆری کردبوو، پۆستەرەکانی هێشتان بە دیوارەکانەوە بوون کە بۆ خۆکاندیدکردن لەهەڵبژاردنی ناوچەکەی خۆیان هەڵیواسیبوون، لەلیستی براوەکان بوو بۆ بوونی بەئەندام پەرلەمان.

دەیگوت، برادەرم زۆرە و سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونم، هەرچەندە لیژنەکە هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵام من سەرۆکی ئەو لیژنەیەم.

بە دەرپێ کورتەکەی لەپێش ژنەکە وەستا بوو. ئیرینە نەیدەزانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون چییە.

پیاوە قەڵەوەکە ژوورەکەی لابچووک بوو، ئارەقەی کردبوو، ئەمڕۆ دەبوا بەیانییەکەی ئەوکارە بکات، چونکە سەعات دە کۆبوونەوەی هەبوو. ژنەکە گوتی: کێشە نییە.

تەختەی نووستنەکە خاوێن دیاربوو، ژنەکەش جوان بوو، نزیکەی بیست ساڵان دەبوو، سنگێکی قیت، لێوێکی ئەستوور، بەژنێکی درێژ، وەکوو زۆربەی کچانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات موکیاجێکی تۆخی کردبوو، چونکە پیاوە قەڵەوەکە حەزی لێبوو، قەڵەو حەفتا یۆرۆی لەنێو جزدانەکەی دەرهێناو لەسەر تەختەکە دانیشت، جلەکانی بەجوانی لەسەر کورسییەکە دانا، تادەقی ئوتووەکەی تێکنەچێت، کچە دەرپێ کورتەکەی کابرای هێنا خوارەوە و ورگە شۆڕەبووەکەی بڵندکرد، کابرا لەبەر ورگی تەنیا پرچی کچەی لێدیار بوو، زانی کچە کاتێکی زۆری پێویستە بۆیە لێیڕاکشا، دواشت کە قەڵەو هەستی پێکرد، تەزووێک بوو بە سنگیدا هات، هەوڵیدا دەستی بەرز بکاتەوە و بە کچە بڵێت، وازبێنە، بەڵام تەنیا مرەیەکی لێوەهات.

ئیرینە واتێگەیشت ئەم مرەیە واتە کەمێکیتر بەردەوامبە، تا ئەو کاتەی هەستیکرد پیاوەکە تەواو بێدەنگە، سەیری سەرەوەی کرد، کابرا ملی شۆڕبۆتەوە و لیکاو بەسەر سەرینەکەدا هاتۆتە خوارەوە و چاوەکانی زەقبوونەتەوە و سوراوە، کچە بەهەموو دەنگی هاواری بەسەرداکرد و لە سەلاجەکە ئاوێکی ساردی هێنا و بەدەموچاویداکرد، هیچ جوولەیەکی نەکرد، هێشتان گۆرەوییەکانی هەرلەپێ بوو، سوور هەڵگەڕابوو.

ئیرینە ساڵ و نیوێک بوو لەبەرلین دەژیا، حەزی دەکرد لەوڵاتی خۆی بمابوایەوە، لەو شوێنەی چۆتە باخچەی منداڵان و قوتابخانە، ئەو شوێنەی برادەر و خێزانەکەی لێیە و بەزمانی خۆی قسەی دەکرد، ئیرینە لەوێ خەیات بوو، شوقەیەکی جوانی هەبوو، هەموو ئەوشتانەی لەدەستدابوو، ناوماڵ، کتێبخانەکەی، سیدییەکانی، گوڵەکان، ئەلبوومی وێنەکانی، پشیلە ڕەش و سپییەکەی، دەستپێکی ژیانی بوو، بیرۆکەی مۆدەی جلی ژنانی لەمێشکدا بوو، چەند پارچەیەکی دووری بوو، هەروەها دوو دانەشی لێفرۆشتبوو، سکێژەکانی سادە و شەفاف بوون، خەونی بەوەوە دەبینی کە لەشەقامی سەرەکی دوکانێکی بچووک بکاتەوە، بەڵام لەوڵاتەکەی خۆی شەڕبوو.

لەیەکێک لەکۆتایی هەفتەکان، ئیرینە چووە لای براکەی لەگوند، براکەی حەساری باوکی بەمیرات بۆ بەجێمابوو، چونکە موڵکی خەڵک بوو هێزی سەربازی چۆڵکردبوو.

ئیرینە ئیقناعیکرد کە بچنە لێواری دەرچە بچووکەکە، کە نزیک حەسارەکەیان بوو، هەردووکیان لەژێر تیشکی خۆردا لەسەر شۆستەی دەریاچەکە دانیشتن، ئیرینە باسی بەرنامە و پلانەکانی خۆی بۆکرد و دەفتەرەکەی نیشاندا کە پێشنیازەکانی تێدا نووسی بوو، براکەی زۆری پێخۆش بوو، لەخۆشیان دەستی لەملی ئیریناکرد.

لەکاتی گەڕانەوەدا، بینییان حەسارەکەیان سەربازی لێوەستاوە، سەربازەکان یەکسەر دەستدرێژیان لەبراکەی کرد و کوشتیان، بەسریەش دەستدرێژیان کردە سەر ئیرینە، چوار سەرباز بوون، یەکێکیان لەگەڵ ئەوەی

دەستدرێژی دەکردە سەری تفیشی لەدەموچاوی دەکرد و پێدەگوت قەحپە و لێیدەدا، ئیرینە تاقەتی بەرگری و خۆپچڕانەوەی نەما، دوای ئەوەی سەربازەکان ڕۆیشتن، ئیرینە هەر لەسەر مێزی متبەخەکە کەوتبوو، پاشان بە سەرچەفە سوور و سپییەکەی سەر مێزەکە خۆی داپۆشی و چاوی خۆی گرت، هیوا خوازبوو ئەو چاوگرتنەی بۆ هەتا هەتایی بێ.

ڕۆژی دواتر دووبارە ڕۆیشتەوە سەر دەریاچەکە، هەوڵیدا لەدەریاچەکە خۆی بخنکێنێ، کە کەوتەوە سەر ئاو پڕ بەدەمی هەوای هەڵمژی، سییەکانی پڕ ئۆکسجین بوونەوە، بەڕووتی لەناو ئاوەکە بوو، تەنیا درختی کەنار ئاوەکە و قامیش و ئاسمان دیاربوون، هاواریکرد و هاواریکرد هەتا تاقەتی بڕا، هاواری دەکرد لەتاو مردن و بێکەسی و ئازار، دەیزانی ڕزگاری بووە، بەڵام دەشیزانی کە ئەو وڵاتە چیتر هی ئەو نییە.

دوای هەفتەیەک براکەیان بەخاک سپارد، لەقەبرێکی زۆر سادە و سەلیبێکی دارین، قەشە باسی تاوان و لێبووردنی دەکرد، لەو کاتەش پارێزگار ڕوو لەزەوی و چاوی زەقببوونەوە هەردوو دەستی کردبووە مست، ئیرینە کلیلی حەسارەکەی دایە دراوسێکەیان و هەموو شتەکانی ناوی پێشکەشکردن، جانتایەکی بچووکی هەڵگرت و بەپاس بەرەو پایتەخت ڕۆیشت، هیچ ئاوەڕی نەدایەوە، دەفتەری سکێژ و تێبینیەکانیشی بەجێهێشت.

لەشەقام و قاوەخانەکان بەدوای قاچاغچیدا دەگەڕا، تا بیبەن بۆ ئەڵمانیا.

قاچاغچییەکە زۆر شیک بوو، چی پارە هەبوو لە ئیرینەی وەرگرت، دەیزانی نێچیرێکی باشە و بەدوای ئارامیدا دەگەڕێت، کە پێویستە پارەی بۆ خەرج بکات، زۆری وەکوو ئیرینەی هەبوون، ئەوانە بزنسێکی باش بوون.

ئیرینە و ئەوانی دی بەسواری پاسێکی بچووک بە ئاراستەی ڕۆژاوا بەڕێکەوتن، دوای دوو ڕۆژ لەپەنایەکی ناو دارستان وەستان و دابەزین، ئینجا لەشەودا بەپێ ڕۆیشتن.

ئەو پیاوەی ئەوانی بەنێو چەم و زەڵکاودا دەبرد، زۆرکەم قسەی دەکرد، کاتێک ماندوو بوون، نەیان دەتوانی زیاتر بڕۆن، پیاوەکە گوتی: تەواو ئێستا لەئەڵمانیان، پاسێکی دی ئەوانی گەیاندە بەرلین، لەلێواری ڕووبارێک وەستا، سارد و تەماوی بوو، ئیرینە زۆر هیلاک بوو، بەڵام بڕوای وابوو کە ئیدی ژیانی ئارام و ئەمینە.

لەمانگەکانی سەرەتادا لەگەڵ ژن و پیاوەکانی وڵاتەکەی یەکدییان ناسی، باسی بەرلینیان بۆکرد، باسی پیاوانی حکومەت و یاساکانیان بۆکرد، ئیرینە پێویستی بەپارە بوو، نەیدەتوانی بە یاسایی کار بکات، هەر خۆشی بە نایاسایی لەئەڵمانیا بوو، هەفتەی یەکەم ژنەکان هاوکارییانکرد.

جێگەی وەستانی ئیرینە شەقامی کورفورست بوو لەبەرلین، نرخی جۆرەکانی سێکسکردنی دەزانی، جەستەی خۆی لانامۆبوو، وەکوو کەرەستە بەکاری دەهێنا، ئەو دەیویست بژێت، ئەگەر چی نەیدەزانی بۆچی هەست بەهیچ ناکات.

پیاوێک ڕۆژانە لەسەر شۆستەکە دادەنیشت، ئیرینە ئەوی دەبینی کاتێ لەگەڵ پیاوان سواری ئوتومبێلەکان دەبوو، هەروەها بەیانییان کە دەگەڕایەوە ماڵەوە دەیبینیەوە.

کابرا پەرداخێکی پلاستیکی لەپێش خۆی دانابوو، تا خەڵک پارەی بۆ تێکەن، ئیرینە لەگەڵ تەماشاکردنی کابرا ڕاهاتبوو، چونکە ڕۆژانە لەوێ بوو، دوای چەند هەفتەیەک کابرا زەردەخەنەی بۆ ئیرینە دەکرد و ئیرینەش بەهەمان شێوە پێدەکەنییەوە.

کە زستان دەستی پێکرد، ئیرینە بەتانیەکی دەستی دووی بۆ هێنا، کابرا زۆر دڵخۆش بوو، من ناوم کالە، ئەوەی گوت و سەگەکەی هێنا سەر بەتانییەکە و تێیلولدا و پشتە گوێی خوراند، خۆی هێشتان هەر لەسەر ڕۆژنامە دڕاوەکان دانیشت بوو، کاڵە پانتۆڵێکی تەنکی لەبەر بوو قاچەکانی بەستبووی، لەوکاتەی خەریکی گەرمکردنەوەی سەگەکەی بوو، ئیرینە قاچەکانی لەسەرمان دەلەرزی، بەخێرایی ڕۆیشت و لەسەر کورسی زاویەکە دانیشت، چۆکی بڵندکرد سەری خستە سەر، ئیرینەی نۆزدە ساڵان، ساڵێک بوو کەس باوەشێکی گەرمی پێدانەکردبوو. یەکەم جار بوو بگریت، دوای گریانی پاش نیوەڕۆکەی وڵاتەکەی خۆی.

لەوکاتەی سەگەکەی کالە کەوتە ژێر ئوتومبێل، ئیرینە لەوبەری شەقامەکە هەستایەوە، سەیری کالەی دەکرد کە چۆن غاریدا ناو شەقامەکە و لەپێش ئوتومبێلەکە لەسەر چۆک دانیشت و سەگەکەی لەباوەشکرد و ڕۆیشت، هەر چەندە شۆفێرەکە هاواریکرد، بەڵام ئاوەڕی لێنەدایەوە. ئیرینە دوایکەوت لە ئازارەکەی گەیشت، لەو کاتدا هەستیکرد کە هەمان چارەنووسیان هەیە. بەیەکەوە سەگەکەیان لەپارکی شار بەخاک سپارد. لەو کاتەدا هەموو شتێک دەستیپێکرد، کە هەوڵدەن بەیەکەوە ژیانێک دروست بکەن، ئیرینە شوێنە پیسەکەی خۆی جێهێشت کە تێیدا دەژیا، بە یەکەوە ژوورێکیان بەکرێ گرت و تی ڤی و جل شۆرێکیان کڕی و دواتریش وردە وردە شتەکانی دی. ئەوە یەکەم شوقەی کالە بوو لەژیانی، ئەو لەشازدە ساڵیدا لەماڵێ هەڵەتبوو، لەوکاتەوە لەسەر شەقام دەژیا. ئیرینە پرچی کالەی چاککرد، پاشان پانتۆڵی و تیشێرت و بلوز و چەند پێڵاوێکی بۆکڕی، ئەویش کارێکی بۆ خۆی دۆزییەوە کە بڵاوکردنەوەی ڕیکلام بوو، ئێوارانیش لەبارێک کاری دەکرد.

لەوکاتەوە موشتەرییەکانی ئیرینە دەهاتنە ماڵەوە و پێویست نەبوو

لەسەر سەقام کاربکات.

ئەو بەیانییانەش کە بەیەکەوە دەبوون بەتەنیا، بەتانییەکانیان دەردەهێنا و لە باوەشی یەکدی دەبوون بەڕووتی و بەبێ دەنگی، بەبێ ئەوەی بجوولێنەوە، تەنیا گوێیان لەهەناسەی یەکدی دەگرت و جیهانیان لەسەر خۆیان دادەخست، هەرگیز باسی ڕابردوویان نەدەکرد.

ئیرینە لەپیاوە قەڵەوە مردووەکە ترسا، هەروەها دەترسا بەو هۆیەوە بیگرن و ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆی بکەنەوە، بڕیاریدا بچێتە لای کچەکەی برادەری و لەوێ چاوەڕێی کالە بکات، جانتاکەی هەڵگرت و بە پەیژەکە ڕایکردە خوارەوە، مۆبایلەکەی لەمەتبەخەکە بەجێما.

کالەش وەکوو ڕۆژانی ئاسایی و هەموو بەیانییەک بەخۆی و پایسکلەکەی ڕۆیشتبووە سەرکارەکەی لەناوچەی پیشەسازی، بەڵام ئەو ڕۆژە کاریان بۆ کالە نەبوو، ناچار نیو کاتژمێری دی بە ڕێگاوەبێ تا بگەڕێتەوەماڵەوە، بە ئەسانسۆرەکە چووە سەرەوە، هەستیکرد ئەو تەقەتەقی ڕۆیشتنە هی پێڵاوەکانی ئیرینەیە، کە کالە دەرگەی شوقەکەی خۆی کردەوە، ئیرینە لەدەرگای سەرەکی چووە دەرەوە، بەرەو وێستەگەی پاس ڕۆیشت.

کالە واقیوڕما کە ئەو پیاوە قەڵەوەی بە مردووی بینی تەنها فانیلەیەکی عەلاگی سپی سپی لەبەرە، لەسەر زەویەکەش سەموونی گەرم کەوتووە کە کابرا لەگەڵ خۆی هێنا بووی، هاوین بوو، بۆیە ژوورەکە زۆر گەرم بوو.

کالە هەوڵیدا بێتەوەسەرخۆی و لەبابەتەکە وردبێتەوە، بیریکردەوە، کە ئیرینە دەستگیر دەکرێت، پاشان ڕەوانەی وڵاتەکەی دەکرێتەوە، هەروەها ڕەنگە ئەو پیاوە قەڵەوە لێشیدابێت، بۆیە ئیرینە ئەوکارەی بەڵاش نەکردووە، کالە ئەو ڕۆژەی بیرهاتەوە کە بەپاس چوونە دەرەوەی شار و لەبەر تیشی خۆر ڕاکشان، ئیرینەی وەکوو منداڵ دەهاتە بەرچاو، ئەوڕۆژە کالە زۆر دڵ خۆش بوو، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ تۆڵەی ئەو خۆشییەی بکاتەوە، کە ئیرینە پێبەخشی بوو، هەروەها کالە بیری لەسەگەکەی کردەوە، کە جارجار دەچووە سەر گۆڕەکەی و سەیری دەکرد، بزانێت هیچ گۆڕانێک ڕوویداوە.

دوای نیوکاتژمێر بۆ کالە ڕوونبووەوە، کە ئەوە بیرۆکەیەکی باشنەبوو، خۆی ڕووتکردبووە تەنیا دەرپێ کورتەکەی نەبێ، کابرای قەڵەوی لەناو بانیۆکە درێژکرد، عەلاگەیەکی لەسەری پێچا بوو، تا دەموچاوی نەبینێ، عارەقە و خوێن تێکەڵاو ببوو، یەکەمجار هەڵیکرد کە هەوڵیدا ئێسکەکانی ببڕێ، پاشان بیریهاتەوە کە چۆن مریشک چاک دەکرێت، قەڵەوی هاویشتە سەر تەنیشت و باسکی لەقۆڵی جیاکردەوە، هەستیکرد ئەوها باشتر ئیشی پێدەکرێت، ئینجا ماسولکە و دەمارەکانی بڕی، سەیریکرد باسکی لەسەر زەوی کەوتووە و کاتژمێرەکەی هەر بە مەچەکییەوەیە، کالە خۆی سوڕاند و لەسەر تەوالێتەکە ڕشایەوە، لەدەستشۆرەکە ئاوی لەدەمی وەرکرد، ئاوەکە سارد بوو، ددانی ژانی کرد، لەئاوێنەکە ڕاما نەیدەزانی لەپێش ئاوێنەیە، یان دواوە، هەستیکرد جوولەی نەماوە، ئاوی دەستشۆرەکە لەبەری دەڕۆیشت، دوو سێ شەقی لەقاچیدا تا هاتەوە سەرخۆی، ئینجا لەسەرچۆک دانیشت و مشارەکەی هێنا بەردەستی.

دوای سێ کاتژمێر پارچەکانی لەیەکتری جیاکردەوە، لەمارکێتەکەی نزیکیان لایلۆنی ڕەشی زبڵی کڕی، ژنەکەی سەر کاشێر، کالەی زۆر سەیر دەهاتە بەرچاو، کالە هەوڵی دەدا بیر لەوە نەکاتەوە، کە چ لەسەری کابرا بکات، ئەگەر سەر و ملی بە یەکەوەبێ لە عارەبانە بچووکەکەی جێگەی نابێتەوە کە بە دواوەی پایسکلەکەی خست بوو، کالە مارکێتەکەی جێهێشت، لەوکاتەدا دوو ژن بەیەکەوە قسەیان دەکرد و ترام تێپەڕ دەبوو، گەنجێک سێوەکی فڕێدا سەر شەقامەکە، کالە تووڕە بوو، بەدەنگی بەرز هاواریکرد (خۆ من پیاو کوژ نیم) لەو کاتەی کە لەتەنیشت ژنێک بە عارەبانەی منداڵانەوە تێپەڕی، ژنەکە ڕووی سوڕاند و سەیریکرد، کالە ددانی بەخۆیداگرت.

کالە پەنجەی خۆی بڕی، وەکوو منداڵ هاواری دەکرد و چرم و لیکاوی تێکەڵاو ببوو، کەپوی گلۆپی دەکرد، بەچاوقوچانەوە مەیتەکەی دەبڕییەوە و دەگریا و دەیبڕییەوە. سەری کابرای لەبن پیلی دانابوو هەوڵیدەدا نایلۆنەکەی لەسەری بکاتەوە، بەڵام نایلۆنەکە لوس ببوو هەر لەدەستی دەخزی، کاتێک سەری لەلەشی جیاکردەوە سەریسوڕما، چونکە زۆر زحمەت بوو.

نایلۆنێکی پڕی ڕاکێشا لای ئەسانسۆرەکە و لەناو دەرگاکەی دانا، تا دانەخرێت، پاشان پاشماوەکەی هێنا، نایلۆنەکان تووند بوون، بەڵام بۆ پارچە گەورەکانی لەش دوو نایلۆنی بەکاردەهێنا، پایسکلەکەی بە عارەبانەوە هێنا ناو مەمەڕەکە، کەس چاودێری نەدەکرد، چوار نایلۆنی زبڵی ڕەش بوون، تەنیا دەستەکانی لەنێو کۆڵەپشتەکەی بوو، عارەبانەکەی پڕبوو، کالە کراسێکی تازەی لەبەرکرد، پێویستی بەبیست دەقیقە هەبوو تا بگاتە پارکی شار، ئەو بیری لە سەرەکە و پرچە تەنکەکەی و پەنجەکان دەکردەوە، هەستی بە پەنجەکان دەکرد لەکۆڵەپشتەکەی، دەستەکان تەڕبوون، کالە لەپایسکلەکەی بەربووەوە و کۆڵەپشتەکەی کەوتە خوارەوە، چاوەڕوانی دەکرد خەڵک ببین و هاوار بکەن، بەڵام ئەوە ڕووینەدا.

کالە لەسەر زەوی کەوتبوو سەیری ئاسمانی دەکرد و چاوەڕێی دەکرد.

کالە هەموو پارچەکانی لەشی کابرای قەڵەوی لەپارکی شار خستە

ژێر زەوی، نایلۆنێک درا، لەسەر چۆک و بەدەستەکانی لە کونەکەی پەست، لەچەند مەترێک لەشوێنی سەگەکەی دوور بوو، قەبرەکە زۆر قوڵ نەبوو، ناچار بە دەستەکانی چیسە نایلۆنەکان بپەستێتەوە، کالە پێستی دەخورا، پەنجەکانی هەمووی خوێنی ڕەش بوو، کراسە تازەکەی پیس ببوو، پاشماوەکەی خستە ناو تەنەکەی خۆڵ، ئینجا لەسەر کورسی پارکەکە دانیشت و کاتژمێرێک سەیری یاری قوتابییەکانی دەکرد لەنێو پارکەکە.

کە ئیرینە لەلای کچەکەی برادەری گەڕایەوە ماڵەوە، سەر تەختەکە بەتاڵ بوو، بەڵام لەسەر کورسییەکە پانتۆڵ و چاکەتی پیاوە قەڵەوەکە هێشتان هەر مابوون، سەیری حەمامەکەیکرد یەکسەر دەمی گرت تا هاوار نەکات، تێگەیشت چی قەوماوە، کە کالە دەیەوێت لەوبارە ڕزگاری بکات، بەڵام پۆلیس هەر دەیدۆزێتەوە و باوەڕ دەکەن کە ئەو، پیاوە قەڵەوەکەی کوشتووە. دەیزانی کە ئەڵمانەکان هەموو کوشتنێک ئاشکرا دەکەن، لە تی ڤی بەردەوام ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە نیشان دەدەن، ئیرینە بیریکردەوە کالە دەچێتە زیندان، لەچاکەتی پیاوە قەڵەوەکەش زەنگی مۆبایل بوو، ئیرینە دەبوا بڕیارێک بدات.

چووە مەتبەخەکە و تەلەفۆنی بۆ پۆلیسکرد، پۆلیسەکان باش لەزمانی ئیرینە حاڵی نەبوون، کە چی گوت، بەڵام کە هاتن و سەیری حەمامەکەیان کرد، یەکسەر ئیرینەیان دەستبەسەرکرد. پرسیاری لاشەی کابرایانکرد، ئیرینە هیچی لەبارەیەوە نەدەزانی، بەردەوام دەیگوت: پیاوە قەڵەوەکە ئاسایی مردووە، دڵی وەستا.

پۆلیسەکان بڕوایان پێنەکرد، لەوکاتەی پۆلیسەکان ئیرینەیان بەدەست بەستراوی دەهێنا دەرەوە، کالە بەوێدا تێپەڕی، ئیرینە بینی و سەری بۆ بادا، بەڵام کالە هیچی لێ تێنەگەیشت، لە پایسکلەکە دابەزی و ڕایکردە لای ئیرینە و تێکچوو بوو، پۆلیسەکان ئەویشیان دەستگیرکرد. کالە لەدڵی خۆیدا گوتی: ئاساییە، من نەمدەزانی دوای ئیرینە من چی بکەم.

کالە قسەی نەدەکرد، پێشتر لێراهاتبوو هیچ قسە نەکات، هەروەها زیندان نەیترساند، چونکە ئەزموونی زیندانیشی هەبوو، چەندان جار لەسەر دزی و تێکدان گیرابوو.

لەبەندیخانە کالە ناوی پارێزەرەکەی بیست بوو، داوای لێکرد، بێتە پارەزەری و بەرگری لێ بکات، کالە دەیویست بزانێت چی بەسەر ئیرینە دێت، خۆی زۆر لا گرنگ نەبوو، دەیگوت: من پارەم نییە، پارێزگاری لە ئیرینە بکە و خەمێک لەو بخۆ.

ئەگەر کالە لەدادگا قسەی بکردبایە، زوو ڕزگاری دەبوو، بەڵام قەناعەتی بەپارێزەرەکە نەدەهات، نەبادە قسەکردنی بۆ ئیرینە خراپ بێ، دەستی پارێزەرەکەی گرتبوو، دەلەرزی و دەیگوت: نامەوێت هیچ شتێک بەهەڵە بڵێم. پاشان پارێزەرەکە ئارامیکردەوە و پەیمانی پێدا، کە پارێزەرێک بۆ ئیرینە دەدۆزنەوە، ئینجا دڵنیا بوو قسە بکات.

پۆلیسەکانی بردە لای گۆڕەکە لەپارکی شار و بە دیاریانەوە وەستا، لەو کاتەی پۆلیسەکان پارچەکانی لەشەکەیان دەردەهێنا و ڕێکیان دەخست، کالە شوێنی سەگەکەشی نیشاندان کە تەرمەکەی تێدا شاردۆتەوە، پۆلیسەکان تێنەگەیشتن، بەڵام کە زەوییەکەیان هەڵکۆڵی و ئیسک و پرسکی سەگەکەیان بینی سەریانسوڕما.

پزیشکی دادگەری گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هەموو برینەکان دوای مردن جێ بە جێکراوە، پاشان لێکۆڵینەوە لەدڵی پیاوە قەڵەوەکە کرا، دەرکەوت بە وەستانی دڵ مردووە، هیچ گومانێک لەمردنەکە نەما و کێشەی مردنەکە ڕوونبووەوە.

لەکۆتاییدا سکاڵاکە لەسەر پارچە پارچەکردنەکە سنووردارکرا. داواکاری گشتی سکاڵای هەبوو لەسەر تێکدانی ئارامی مردووەکە.

بەپێی یاساش قەدەغەیە سوکایەتی بەرانبەر لاشە ئەنجام بدرێت، ئەوە گەورەترین بێ ماناییە لاشەیەک پارچە پارچە بکەیت و بیخەیتە ژێر خاک، داواکاری گشتی ئەوهای گوت.

داواکاری گشتی ڕاست دەکات، بەڵام بابەتەکە ئەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئامانجی تاوانبار چی بووە، ئامانجی کالەی تاوانبار، ئەوە بووە ئیرینە ڕزگار بکات، نەک سوکایەتیکردن بە لاشە ئەوە (بێ ماناییە لەخۆشەویستی) پارێزەرەکە ئەوهای گوت.

دوای داواکاری پارێزەرەکە لەبێتاوانی کالە، دادگا دۆسییەکەی داخست.

دەستبەسەر بوونەکە هەڵگیرا و هەردووکاین ئازادکران.

ئیرینە لەڕێگەی پارێزەرەکەی داوای مافی پەنابەری کرد و مافی پێدرا لەبەرلین بمێنێتەوە، لەناردنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی ڕزگاری بوو.


بەیەکەوە لەسەر تەختەکەیان دانیشتن، دەسکی یەکێک لە دەرگەکانی دۆڵبەکە شکابوو لەکاتی لێکۆڵینەوە، دەنا هیچ شتێک نەگۆڕابوو، ئیرینە دەستی کالەی گرتبوو هەردووکیان لەپەنجەرە سەیری دەرەوەیان دەکرد.

ئێستا پێویستە ئێمە شتێکی دی بکەین. کالە گوتی.

ئیرینەش سەری بۆ جولاند و بیریکردەوە، کە ئەوان چ بەختێکیان هەبوو.

* فێردینارد فۆن شیراخ/ بە ئەڵمانی Ferdinand von Schirach پارێزەر و نووسەر و شاعیر و قانوونی ، ساڵی ١٩٦٤ لە شاری میونخ لە دایکبووە.

# جمکی هەتاو



نەوزاد ڕەفعەت

## (ڕیتم دڵی شیعرە)

سبەینەی سیی نۆڤەمبەرە
چوومەتەوە هەمان هەوار
چوومەتەوە هەمان ڕۆژگاری خوێناوی
چوومەتەوە هەمان هەورازی (دەرگەلە)ی
لانەی بازی بەرز و نەوی
بینیمەوە دەتگوت بەورە
بەوری بەیانە بازدەدا
بەدەم غاردان بەدوای چیلکە و داروچکەوە
دەمی هەڵمی لێ هەڵدەسا
بەلەکپێچی، کلووە بەفری زیاتری پێوە دەنووسا
ئاگرێکی بە نێڵەنێڵی داییساند
لەهی ئاسایی نەدەچوو
هەتادەهات گەشتردەبوو
وو
چ
ە
د
ڵ
ە
هـ
جوانتر
تادەهات
گەرموگوڕیی دڵ و خوێنی خۆی دابوویێ
دڵێ وەک هی پاشای ئۆرۆک گلگامش بوو
بەوری گۆرین جێ چنگی لە بەفرا دەدوا:
«لێرەم لێرە.. لە کوێن وەرن!
بۆ هەر لە دوورڕا دەوەڕن!»
پشتی بە چیای سەفینی بیروباوەڕی بەستبوو
مێژووی بیرێ سەدان جۆگەی
خوێن و ئارەقە و فرمێسکی هەڵبەستبوو
ساماڵە داڵیش ناوێرن لە کارۆخ بخولێنەوە
گورگ لەپشت یاڵیشەوە حەدیان نییە بلوورێنن
شەوێکیان میری ئەستێران ئەستێرەی سوور گێڕایەوە:
«چوومە خەوی پێمگوت: وریا
عەزیایێ لە شیرین خەودا گیای ڕوحت دەدزێ و دەیخوا
زۆر پێکەنی
گاڵتەی پێ هات
نەرم نەبوو
عەزیای بەلاوە کرم بوو!»
بەوری هەوراز و نشێوان
بەوری بەربەیان و شەوان
لەهەر کوێ با
بۆ کوێ چووبا
نێو شار، یان کۆ
یاوەری بوو پۆلێ هەڵۆ
گەردەلوولی ڕەش تاجی پێ نەدەڕفێنرا

گوێم لێیە لێ
زایەڵەی سیرە و چریکەی دوندان دەڵێ:
«مۆتەکەی خەوی نەیاران
جمکی خۆرەتاوە سۆران»
پاش شکاندنی گیتاری ئەو ڕوحەی مزگێنی پێبوو
زەنگوڵە لەخۆڕا لێیان دا
(ست ئیمام)*یش لە خەودا بینرا دەگریا
بینراویشە ئەوسا ئاسا بە شاخاندا هەڵگەڕاوە
خەرمانەی پیرۆزبوون دەوری سەری داوە
**٢٠٢١**

• چاکێ بوو، جاران کەوتبووە نێو وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر. ژن دەچوونە زیارەتی.

# ئەمن و تۆ



کاکەزیاد لادێیی

هاوڕێکانم: وەک باڵندەیەکی بریندار هەڵکوڕمابووم،
وەک سوورکە بەردی مامەخەمە بێسەنگەر بووم،
ویزەی دەنگی گوللەیەک بووم،
نەدەبیستریام...
نەدەبینرام...
بەڵام وەکوو خڕکەبەردێک،
لۆ سوانی داسی دەستی جووتیارەکان!
وەک پێمەڕە... وەک پیشەقان
لۆ ناولەپی هەڵقلیشاوی هەرزەکارەکان...
کیژۆڵە دامەنشۆڕ و بەئەنگوچک
بە تاسەوە داگیر دەکرام.

* * *

ئەمن و تۆ: وەک کا و دەغڵی وردکراو،
تێکەڵ یەک بووین...
بووک و زاواش: لۆ یەکەم شەو،
وەک دەستکەنەی گوڵەگەنم،
وەک نەرمەگیا و نێرگز و کەنێرەی لە کوێستان...
وەک بارگە و بارگەخانەی ڕەوەندەکان،
وەکوو شەغرە،
بەسەر پشتی ئەسپی بەیدەست شەتەک کران
دووهەمین شەو: کە ئێوارە بەسەردا هات،
دوگمە و پوولەکەی سەر سینگی بووکی بێناز
لێک ترازان...
بەڵام من و تۆ قەت و قەت لێک نەترازاین.

تێبینی/
وەکوو یادکردنەوە و ئاوڕدانەوییێک لەو نووسەر و شاعیرە سپی پۆشەی هەولێریە، کە (سابیر ڕەشید)یش هەر لەم ژمارەیەدا، بابەتێکی شایستەی لەسەر نووسیوە، بەباشمان زانی هەر بەم بۆنەیەوە ئەو پارچە شیعرەشی بڵاوبکەینەوە، کە لەلاپەڕە (٤٧)ی ژمارە (٢٣)ی ئابی ١٩٨٤ی گۆڤاری کاروان بڵاوکراوەتەوە.

# لەدایکبوون و مردنی عائیشە

## لە بارەی سرووت و ڕێوڕەسمی ئەفسوونگەری کە بە نووسینی بزماری لەسەر تابلۆکانی نەینەوا نەخشێنراون



شیعری/ عەبدولوەهاب بەیاتی
و/ موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

(١)
ئاشوور پانیپاڵ خۆشی ویستم
بۆ ئەو ئەوینەیشم شارێکی دروست کرد و شوورەی لە چوار دەوری لێ دا
هەتاوی کۆت و زنجیر کرد و
ئاگر و کۆیلە و دیل و فوراتی ڕووباری بەهەشت
هەمووی بەپێش خۆی دان بۆ لای شار
خۆشی ویستم و نیوەی دڵی
لە بنەوەی بیری جیهانی جادوو لێ کراو
دیل
سەرگەڕەکان دەیخۆن
گەردەلوولێک و پاچێک بوو بەدەستی چارەنووسەوە
بەسەر کەللەسەری پاشاگەل و
قەڵا و شارەکانیدا دەکێشا
خۆشی ویستم بەڵام ئاخ من
ئەوم خۆش نەدەویست بۆیە درەختەکان مردن
فوراتی ڕووباری بەهەشتیش وشکی کرد
شارەکەو
ئاگرو ڕێوڕەسمە جادوو لێ کراوەکان
بزربوون و
کەڵەبابێکی لەبەرد دروستکراو شوێنی گرتنەوە
کاتێک شۆڕەسواری ئاسن بەسەر پشتی ئەسپی باوبۆرانەوە
لە وڵاتی مەرگ دەگەڕایەوە
کەڵەبابەکە دەیقووقاند
لە شارەکانی جادوویی و
لەتەلیسمەکانی قەشەکان
لە پەرستگەکانی ئەوین
بەدوای ڕوخسار و کەزییەکانمدا دەگەڕا
چاوەڕێی دەکرد
لە بنەوەی بیری جیهانی جادوو لێ کراو
لە دایک بم
مامزێک بم دوای گالیسکەکانی دوورخراوی بکەوم لە ئاشوور
(٢)
دەڵال لە بازاڕی کۆیلە دەمفرۆشێت و منیش تووشی نەخۆشیی ئەوینم
خەون بە مێخەکی سووری باخچەکانی فوراتەوە دەبینم
جەستەی پڕ لە مەرگ و ژیانی داپۆشیوم
قیژەی باڵندەیەکی دڕندە لە قووڵاییدا دەمرێت
خۆی دەکوژێت و دەنووکی لە جەستەی شتەکان دەچەقێنێت
(٣)
جادووگەر و شاعیر و جەنگاوەر خۆشیان ویستم

قوربانیی پێشکەش کرد... مەسەلەیەکی دروست کرد
نزاکانی خۆی و
جووڵەکانی با و ئەستێرەکان و
بۆنی خۆشی
تێدا تۆمارکرد
ناوی گوڵەکانی وڵاتە دوورەکەمی تێدا تۆمارکرد
لەسەر گڵکۆم گریا و خوێنی منداڵێکی هەرزەکاری
سەربڕاوی بەسەردا پرژاندم
ماچی کردم منیش بە بازوویەوە ڕووت بووم و
دەمقیژاند
هەردوو چاویان دەرهێنا
ئاشوور پانیپال
لە هۆڵی ئاوێنەکان چاوەڕێی دەکردن
ڕدێنی شانە دەکردو نغرۆی ڕووناکی بووبوو
(٤)
کەنیزەیەک بووم لە بازاڕاندا دەفرۆشرام
لە شارەکانی ڕۆژهەڵات کە گەردەلووڵ ڕووی تێ
کردوون
چاوەڕێی بەرەژان دەکەم
(٥)
بۆ گالیسکەکانی دوورخرانەوە لە ئاشوور
بۆ شای جیهان، بۆ هەتاو و بۆ گوڵە گەنمە
سەوزەکان
بۆ باڵندە پیرۆزە بەندکراوەکە
لە جیهانی ژێرەوە لە ژێر بنەوەی ئەم چیا جادوو لێ
کراوە
بۆ ئاگرو بۆ سرووتەکان
بۆ جەستەی زەوی کە لەژێر ماچەکانی هاوین
زیندوو دەبێتەوە
بۆ فورات
شوێنەواری قامچیی کۆیلایەتی
لە وڵاتی خواوەندو
لە وڵاتی مرۆڤ
هەڵدەگرم
لە چامەکانی شیعرو لە تابلۆکاندا
بە دوای (تەمووز)دا دەگەڕێم
لە ئاوارەییمدا
چەپکێک لە مێخەکی سوور دەبەستم
تریفەی مانگی سوور لە ئاشوور ڕوخسار و هەردوو
دەستم ڕەنگ دەکات و کڵکۆکەیش دادەپۆشێت
کوڵمم سوور هەڵگەڕاو خوێن لە دەمارەکانمدا کەوتە
ڕێ
بە وشەگەلی جادوویی ڕەشی جەستەی مردووی
سروشتی و ڕەگەکانی زیندوو کردەوەو
هەورگەل و برووسکەکانی تەقاندەوە
ئاسمانی شەوی جیهان گرماندی و برووسکەی داو
گوڵی باراند
دەستی با پرچی شانەکردم و پاساریيەکی برسی بە
دەوری هەردوو مەمکمدا خولایەوە
لە سەر جەستەی تۆقیوم نیشتەوە
لەناو باخچەی خەون بینیندا بەدوای یاقووت و
ئاگرو کانیدا دەگەڕا
گوتی،
خەریک بووم
پاساریيەکەم
لەخۆم و لە کەزییەکانم دووردەخستەوە
ئەی درەختی سەروەکە
ئەی عەشتار
خواوەندی دایک و کەشی ساماڵ و باران
ئەی ئەوەی لە خوێنی زەمین و
لە گریانی (تەمووز)
لەسەر فورات لەدایک بوویت
با ئەم شەو جلی شوانان لەبەر بکەین و
بەناو ئەم چیایانەدا هەڵێین
بەڵام قسەکانی تەواو نەکرد
چونکە سەربازەکان
خۆی و سەری بڕاویان
پێشیل کرد
لەناو گوێچکە ماسییەکدا لەگەڵ زیخ و چەوو
ڕووناکی و
ماسیی زیوین و گژوگیادا
لە بنەوەی ڕووباری ئەستێرەیەکی چۆڵدا دەنووم
لە ناو تابلۆکاندا
پێشبینییەک تۆماردەکەم مەتەڵی گەوهەری مەرگ و
هیولا بەزێن
هەڵدەهێنێت
تۆقێنەر و جوان لە ئامێزدەگرم
لەسەر کەنار
بازێک دەبینم بەسەر ئاسکێکەوەیە
ئاشوور پانیپال دەبینم
لەناو نێزەکەیدا هەتاوی ئاوابوون دەوەشێنێت
دیلەکان بە سێدارەکانەوەن
بە تاریکایی دەمەوئێوارەی تۆقێنەرەوە هەڵواسراون
قەشەیەکیش نوێژ دەخوێنێت:
خوای سەربازەکان
ئەرمیای پێغەمبەر ـ گوتی
بەم شێوەیە ڕێ بە فەرماندەگەل و
میرەکان دەدەم سەرخۆش بن و تا هەتایە بنوون
خوای سەربازەکان وادەڵێت
من بۆ مەرگم چی بڵێم لە کاتێکدا خۆم دیل و
کۆیلەم؟
ئەی چارەنووس چی شاردووەتەوە؟
ئەم شەو لەژێر پێی ئەو دڕندەیەدا
کە لە دەروازەی نەزانراودا ڕاکشاوە
**سەرچاوە:**
عبدالوهاب البياتي ـ الأعمال الشعرية ـ ٢، ل٢٦٤-٢٦٨.

# بارانی ئەم سەدەیە

# خۆشەویستی هەوێن ناکا



کۆسرەت ئەحمەد

باران شەرم دایگرتووە
لەوەتەی منداڵە ساواکە
بە گاگۆلکی بەدوای دایکیدا دەگەڕێت.
لەترسی زەردهەڵگەڕان
نزا دەستی بەرز کردەوە
پەنجەکانی ڕووە و ئاسمان
ڕاشەقاند،
با ببارێت...
وورد .. وورد باران ببارێت
هەر دلۆپێک، ببێتە مۆریەکی کریستال و
لەملی خۆشبەختی بئاڵێت،
ئێمەش لەپیاسەیەکی بەباراندا
پەنجەکانمان بە ترس و شەرمەوە
لەناویەکتردا دابگیرسێن و بتوێنەوە،
با باران ببارێت
لەکەلێنی دارچەترەکاندا
دەنک .. دەنک باران
لەگۆنای سەفەرەوە
بڕژێتە سەر لێوی دۆڵ و
بخزێتە نێو مەمکەکانی ژیان.
با ببارێت،
کە دەبارێت....
خەیاڵمان لای ترومبێلێکی تیژڕۆیە

بەسەر ئاوی ڕەنگخواردووی حەزەکانمان
بپەڕێتەوە و
گرتەیەکی بەختەوەری
لەچاوی بێ بەختیدا بهێڵێتەوە،
بباره باران
بێ منەت لەبارینت
نەماڵێکم هەیە لەپۆشی چۆلەکە
نە نرکەی کەندێکم لەژێر پۆستاڵی باڵەخانەی
هەوردایە و
نە منداڵێکی ئاوارەم
هیوای خێمەیەک بۆ ساڵی تازە بخوازم...
بباره ...
بێ ئابڕوانەتر بباره
بارانی ئەم سەدەیە
چیدی لەزمانی عەشق ناگا
چیتر جەستەی ئەوین
بە دوو کەوچک خۆشەویستی
هەوێن ناکا،
بارانی ئێستا
دلۆپ .. دلۆپ ناچێتە نێو سینگ و بەرۆکی
نیشتمان،
بارانی ئەم سەردەمە
لەکۆچبارێکی کورد توڕەتر و
لەدەریای ئیجە دڕندەترە
باران نیە، لافاوی ترسە
لاییکی شارم نغرۆ دەکا
مۆتکەی مردنە
قاچی خۆر دەشکێنێ و
ویژدان لەسەبەتەی خاشاک دەخەوێنێ
چ باکی بە بارانە
ئەم نیشتمانە
چ باکی بە نیشتمانە
ئەم لافاو و بارانە.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **باندورا ئایینێ ئیسلامێ ل سەر ژنا کورد**

سەلمان نهێلی

# باندورا ئایینێ ئیسلامێ ل سەر ژنا کورد



سەلمان نهێلی



هاتنا ئایینێ ئیسلامێ وەرچەرخانەکا هەرە مەزنە د ژیانا مرۆڤایەتیێ دا ژ بۆ ڕزگار کرنا مرۆڤایەتیێ ژ نەفامی و نەزانین و بت پەرەستیێ و وەرگێران ژ قۆناغا نەزانینێ بەرەڤ قۆناغا زانا بوونێ و شارەزا بوونێ ژ ژیانێ، ڤی ئایینێ پیرۆز ڕێ و ڕێباز و بەرنامەیێن ژیانێ بۆ تەڤایا مرۆڤایەتیێ دانان و بتایبەتی ژی باندۆرەکا مەزن هەبوو ل سەر گەل و نەتەوەیێن دەڤەرێ و بتایبەتی ژی تۆرک و عەرەب و فارس و کورد ژی ژ وێ باندۆرێ د بێ بەهر نەبوون، هەر چەند بەلاڤ بوونا ئایینێ ئیسلامێ ل دەڤەرێن کوردان بێی شەڕ بۆ ئانکو کوردان پێشوازی ل هاتنا ڤی ئایینی دکر دبیت ل هندەک جهان ژی شەر دروست ببیت لێ بشێوەیەکی گشتی کوردان ب بیر و باوەر ئەڤ ئایینە قەبوول کر د وی دەمی ژی دا پەیوەندیێن کوردان و گەلێن دەڤەرێ هەر پەیوەندیا ژێر دەستە و سەردەستە بوو لەومان کوردان خۆ بێدەنگ کر و نەچوونە د سەنگەرێن دژبەرێن ئیسلامێ دا ئەڤە ژی ل سەر دەمێ خەلیفە (عومەرێ کورێ خەتاب) بوو.

دەمێ کوردان ئایینێ ئیسلامێ ب جوانی دیتی پێشوازی لێ کر ژ بەر کو د ڕاستی دا ئەڤ ئایینە د گەل ئایدولۆژیا کوردان ب تەمامی دگونجا، چۆنکە پەیاما ئیسلامێ ڕزگار کرنا مرۆڤایەتیێ بوو ژ زولم و ستەم و داگیرکاریێ و کولەیێ لەومان ب دل خۆشی ڤە پەیاما ئیسلامێ قەبوول کر و بەرەڤ بانگەوازیا ئیسلامێ ڤە چوون، ئەڤ قەبوول کرن و وەرگرتنا ئایینێ ئیسلامێ نە ژ بەر ترسێ بوو، بەلکو ژ ئەنجامێ بیرتیژیا کوردان بوو و باوەری ئینان بوو ب ڤی ئایینی، چۆنکە ئەگەر ژ ترسێ با پشتی بورینا دەمی دا دەستان ژ وی ئایینی بەردەن یان هیچ نەبیت دا دەڤەرێن چیایی و دویر دەست و سەخت دەستان ژێ بەردەن، لێ هەر دگەل وەرگرتن و باوەری ئینان ب ئایینێ ئیسلامێ کوردان بنەمایێن ئیسلامێ جێ بە جێ کرن بگرە زۆر باشتر ژ نەتەوەیێن دەوروبەر.

ڕاستە کوردان باوەری ب ئایینێ ئیسلامێ ئینا لێ دگەل هندێ ژی دبیت ئەو باندورا ڤی ئایینی ل سەر نەتەوەیێن دەوروبەر هەی ئەو باندور د وی ئاستی دا نەبیت ل سەر کوردا و ئەڤ ئایینە بدروستاهی نەشیا کوردان ل وی بارودوخێ هەیی دەرباز بکەت هەر چەند کورد ل پەیامێ گەهەشتن لێ دبیت نەشیابن بدروستاهی ل نهێنیا ئیسلامێ بگەهن بتایبەتی ژ بۆ بنیات نانا قەوارە و کۆمەلگەهێن شارستانی دناڤ دەڤەرێن کورد نشین دا لەومان ژی کومەلگەهێ کوردی ما د وی چوارچوڤێ هەیی دا بتایبەتی ژ لایێ کلتۆری ڤە لەومان ژی دیاردا (ژن ب ژن –پێگهوڕکانێ) کو ئێکە ژ وان دیاردێن بەربەلاڤێن دناڤ گەلێ کورد دا سەرەڕای هندێ ئایینێ ئیسلامێ نەهیا ڤێ دیاردێ کریە لێ پشتی دەرباز بوونا سالێن دویر و درێژهەر دیسان کوردان دەست ژ وێ ڕەفتارا نەڕەوا بەرنەدایە و ڕێنمایێن ئیسلامێ نەکرینە بناغە دا کو بشێن خۆ ژ وێ دیاردێ قۆرتال بکەن، ئەڤ دیاردە دناڤ کۆمەلگەهێ کوردی دا بەرچاڤ ترین دیاردە و شێوازێ پێک ئینانا خێزانێ بوویە و بڕیارا کچێ نەدهاتە ستاندن و ئەگەر

> ❝
> ئیمام جەعفەرێ سادق گوت» تێکەلیا وان نەکەن هندیکە کوردن رەنگەکێ گیاندارایە ژ ئەجنا و خۆدێ پەردە ل سەر هەلدایە
> ❞

پسیارا وێ ژی هاتبا کرن هەر دا ئەو بیت یا بابێ پێ باش و بەر وەخت بڕیار ل سەر دای، قوربانیا سەرەکی یا ڤێ دیاردێ نەبتنێ کچ بوویە، بەلکو گەلەک جاران کوڕ ژی بوویە قوربانی، چونکە کوڕ ژی ب ڤێ دیاردێ دئێشا و دبیت کچ یا بدلێ وی نەبیت لێ یێ نەچار بوو ملکەچی بڕیارا مالباتێ بیت.

دیسان دیاردا دانە شوی یا کچا بچویک هەر ژ دەمێ ژدایک بوونێ دا یان بەری دەمێ بالغ بوونێ کوردان ئەڤ دیاردە ژی پەیرەو کریە بێی گوهدانا ئاکام و ئەنجامێن وێ، ئێک ژ وان خالێن دن یێن گرنگ دانە شوی یا کچێ ل دەمێ ژ نوی ژ دایک دبوو بێی هزر کرن د پاشەڕۆژا وێ کچێ دا ئەرێ ئەڤ کچە یا تەندروستە؟ ئەرێ دەمێ مەزن دبیت ژ لایێ هزر و بیران ڤە یا دروستە؟ ئەرێ عەقلێ وێ یێ تەمامە؟ و ب سەدان پسیارێن دن یێن بێ بەرسڤ هەبوون کو کوردان د وی سەردەمی دا هزر د وێ چەندێ دا نەدکر یان ئەگەر هزر ژی کربیت خۆ بسەر ڤە بریە و ژ بڕیارا خۆ ژێڤە نەبوویە، چونکە پڕانیا جاران پشتی پێگەهەشتنا کچ و کوڕان ئاریشی دەست پێ کریە و کچ و کوڕان ئێک و دوو نەڤیایە لێ نەچار بووینە ژ بەر بەرژەوەندیێن خیزانێن خۆ ملکەچی وێ بڕیارێ و وێ قەدەرێ ببن ئەو بڕیار و قەدەرا مالباتێن وان ژ بۆ وان ئافراندی، ئانکو کچ و کوڕ دبوونە سۆتەمەنیێ بەرژەوەندیێن بەرتەسکێن خێزانێ ئەڤە ژی خالەکا دن یا لاوازە کو کوردان بەردەوام و بۆ دەمێن دویر و درێژ ل سەر ڕاهاتبوون.

هەر ل وان دەڤەرێن کورد نشین یێن ئایینێ ئیسلامی قەبوول کری ڤی ئایینی نەشیا باندۆرەکا مەزن هەبیت ل سەر کار و کۆکێ ئافرەتا کورد چ ژلایێ جل و بەرگان ڤە چ ژ لایێ ڕەفتار و سەرەدەریێ ڤە، چونکە ڤێ ئافرەتێ ڕەسەناتیا جل و بەرگێن خۆ پاراستیە و خۆ ژ بکار ئینانا (چاروکێ) دویر کریە ئەڤە ژی دبیت ژ بەر وێ چەندێ بیت کو ژنا کورد ژنەکا ڕێنجەرە و ڕێنجەبەریێ و شولەکریێ ژی پێدڤی ب کار و کوکەکێ ڕێکخستی هەیە و بەردەوام هاتن و چوون کریە لەومان دشێین بێژین سروشتێ ژنا کورد چ گهۆڕینێن مەزن ب سەر دا نەهاتینە و ئایینێ ئیسلامێ نەشیایە ببیتە خۆدان باندۆرەکا بهێز ل سەر سیستەمێ کۆمەلایەتی یێ کۆمەلگەهێ کوردی و نەشیایە کوردان ژ خێلەکیێ قۆرتال بکەت هەر لگەل هاتنا ئایینێ ئیسلامێ و هەتا نوکە.

ئایینێ ئیسلامێ ژن ژ کولەتیێ و کڕین و فروتنێ و کرێتیێ قۆرتال کر و ژن پیرۆز کریە و بەها و کەرامەت پێشکێشی ژنێ کریە و زنا ب حەرام دانایە و لەشفرۆشی ب تاوان ناسیە و بەهایێ ژنێ ژ بۆ ژنێ زڤراندەڤە دگەل هندێ دا هندەک ژ ئازادی ژ چەنگێن ژنێ ئینا دەر بتایبەتی د کۆمەلگەهێن عەرەبی و تورکی و فارسی دا، چونکە ژن هاتە گۆشەگیر کرن لێ نەشیا وێ باندورێ ل ژنا کورد بکەت لەومان ژی ئەگەر لێ بنێڕین د مێژوویا ئیسلامێ دا هەمی کار و بارێن جەنگی و سیاسی و لەشکەری پڕانیا جاران د دەستێ ڕەگەزێ نێر دا بوویە و ئەگەر چ ئێکەم شەهیدا مۆسلمانان ژن ژی بیت، لێ کاروبارێن کارگێرییێن ئیسلامێ هەر د دەستێ زەلامان دا بوویە و ڕاستیەکا حاشا هەلنەگرە کو ژنێ ژی شان ب شانێ زەلامان ڕۆل هەبوویە د شەڕان دا چ وەک هان دان یان وەک هاریکاری کرنا نەخۆش و بریندارێن شەڕان یان هیچ نەبیت ژن پارێزڤانا مالباتا خۆ بوویە ئەو دەمێ زەلامێ وێ د گۆرەپانێن شەڕی دا، لێ ژنا کورد بەری هاتنا ئیسلامێ و پشتی هاتنا ئیسلامێ بەردەوام د شەڕ و جەنگان دا چەک هەلگرتیە و بەرگیری کریە و هەتا نوکە ژی ژنا کورد بەرگیریێ ژ کەرامەتا نەتەوا خۆ دکەت لێ وەک هەر کۆمەلگەهەکێ ڕۆژهەلاتی باندۆرا زەلامی ل سەر سیستەم و ژیانا ڕۆژانە پترە ژ یا ژنێ، لێ دگەل هندێ دا ژنا کورد هەول دایە لدویڤ یاسا و ڕێسایێن ئایینێ ئیسلامێ بەختەوەریێ ژ بۆ خێزانا خۆ بئافرینیت ب ڕێیا ئافراندنا سەقایەکێ ئارام و پڕی دلۆڤانی د مالێ □دا و چاڤدێری کرنا خێزانێ و هەڤکاریا هەڤژینی و پەروەردە کرنا زارۆکان و....هتد.

کوردان ئایینێ ئیسلامێ وەرگرت و زور پێڤە هاتنە گرێدان بەلگە ژی ژ بۆ ڤێ چەندێ بەربەلاڤ بوونا مزگەفتان بوو ل دەڤەرێن کورد نشین و هەتا گوند و جهێن دویر دەست ژی مزگەفت ژێ هاتینە ئاڤاکرن و کوردان زێدەتر ژ نەتەوەیێن دن شیانە ڕێزێ ل بەها و پیرۆزیێن ئیسلامێ بگرن هەر چەندە بەردەوام کوردستان و خەلکێ دەڤەرێن کوردی د نەئارامیێ دا ژیاینە، لێ هەر د وان مزگەفتێن ب دەستێن کوردان هاتینە ئاڤاکرن کوردان ژ بۆ زێدەتر شارەزا بوون ژ ئیسلامێ و بنەمایێن وێ پەنا بریە ل بەر خواندنێ د

**"پڕانیا ئۆلدارێن کورد زمانێ خۆ پشت گوهڤە هاڤێتیە و بەرێ خۆ دایە زمانێن عەرەبی و تورکی و فارسی و پڕانیا بەرهەمێن وان ژی هەر ب وان زمانان هاتینە نڤیسین"**

مزگەفت و حۆجرەیێن ئایینی دا و فێری زمانێ عەرەبی بتایبەتی بووینە، چۆنکە زمانێ قۆرئانێ یە لەومان زانا و ئولدارێن کورد گرنگی ب خواندنا قورئانێ و فێر بوونا زمانێ عەرەبی دایە.

هەرچەندە سەربەستیا هەستا ئولی لجەم کوردان دگەل پرۆسەیا ب عەرەب کرن و فێر کرنا زمان و وێژەیا عەرەبی گەهەشتیە ئاستەکێ وەسا کو کوردان خۆ ژ بیرڤە کریە و زمانێ خۆ ژی ژبیر کریە، ئولدارێ کورد(شێخ محەمەد ئەلزاهید ١٠٢٦-١١٠٧ز) کو وەک تاجا زانایان هاتبوو نیاسین دبێژیت:ب شەڤ کورد بووم دەما ژ خەو رادبووم دبوومە عەرەب: ئەڤە ژی وێ چەندێ دگەهینیت کو پرانیا ئولدارێن کورد زمانێ خۆ پشت گوهڤە هاڤێتیە و بەرێ خۆ دایە زمانێن عەرەبی و تۆرکی و فارسی و پرانیا بەرهەمێن وان ژی هەر ب وان زمانان هاتینە نڤیسین بۆ نموونە رێبەرێ تەریقەتا قادری ل کوردستانێ(شێخ مەعروفێ نودهی یێ بەرزنجی ١٧٥٢-١٨٣٨ز) نێزیکی ٤٦ پەرتوکان ب هەر دوو زمانێن عەرەبی و فارسی د بوارێن جودا جودا یێن زانستی دا نڤێسایینە و بتنێ پەرتۆکەک بناڤێ(الاحمدیە فی ترجمە ئالوخا العربیە) کو فەرهەنگۆکەکا (عەرەبی-کوردی) یە ب زمانێ کوردی نڤێسایە و د بنیات دا مەبەستا وی خزمەت کرنا زمانێ کوردی نەبوویە، بەلکو ژ بۆ هندێ بوویە دا کو کورێ خۆ یێ بچۆیک فێری زمانێ زمانێ عەرەبی بکەت، یا دیارە ژی نەبتنێ ئولدارێن کوردان، بەلکو ئاغا و هۆزێن کوردی ژی هەبووینە بناغە و رەچەلەکێ خۆ بریە پال وان نەتەوەیێن دەوربەر، چ جاران ژی مەبەست ژ ڤێ چەندێ زێدەتر تێکەل بوون و شارەزابوون نەبوویە ژ کەلتورێ وان نەتەوەیان، بەلکو واز ئینان بوویە ژ ناڤ و نیشانێن خۆ ژ پێخەمەت کەلتورێ ئیسلامێ و ئەڤ چەندە ژی خالەکا لاوازا کوردان بوویە، چۆنکە ڤان نەتەوان هەر ب رێیا ئولدارێن کورد شیان دربێن مەزن ل ماف و بەرژەوەندیێن کوردان بدەن ب رێیا دەرکرنا بەیاننامە و فەتواییێن وان یێن وی سەردەمی کو گەلەک جاران بووینە ئەگەرێن شەرێن مەزن دناڤبەرا کوردان بخودا، چۆنکە ڤان نەتەوەیان شەرێ ئایدولۆژی دگەل نەتەوێ کورد بەرپا کر و مەزهەبێن کوردان ل دژی کوردان بخۆ بکار ئینان و ئەو ژی وەک بینەر ل چاڤەرێی شکەستنا لایەنەکێ کوردی بوون دا کو بشێن پلانێن داهاتی یێن خۆ دیسان دارێژنەڤە،

> دیسان دیاردا دانە شوی یا کچا بچۆیک هەر ژ دەمێ ژدایک بوونێ دا یان بەری دەمێ بالغ بوونێ کوردان ئەڤ دیاردە ژی پەیرەو کریە بێی گوهدانا ئاکام و ئەنجامێن وێ

لێ هەر چاوان بیت ژنا کورد زێدەتر چاڤێن وێ ڤەبوون و پێنگاڤ پێنگاڤ رێنماییێن ئایینێ ئیسلامێ پەیرەو کرن و ئەڤ رێنمایە هەر ژ خۆشی و نەخۆشی و خوارن و کەسایەتیا ژنا کورد دا هەر ژ بەر وێ تێکەلیا زێدەیا دناڤبەرا کورد و نەتەوەیێن دەورو بەر دا پەیوەندیێن خزمایەتی و ژن و ژنخوازی دناڤبەرا کورد و نەتەوەیێن دەرو بەر دا پەیدا بوویە بتایبەتی ژی عەرەبان ئەو ژی ژ بەر کو هەڤسنورێن ئێک بوون ئەڤ چەندە ژی زێدەتر بوویە ئەگەرێ قەبوول کرنا ئێک و دوو و داب و نەریتێن کۆمەلایەتی بتایبەتی پشتی مەزن بوون و بەرچاڤ بوونا رۆلێ ئەرێنی یێ کوردان د مێژوویا ئیسلامێ دا و رۆلێ وان د هەوێن خاچ پەرێسان دا ئێک ل دویڤ ئێک هەر ژ سال (١٠٩٦-١١٩٣ز) و پشتی وێ چەندێ کو باژاروکێن مۆسلمانا ژ لایێ کوردان ڤە ب سەرۆکاتیا (سەلاحەددینێ ئەیوبی ١١٣٨-١١٩٣ز) هاتینە پاراستن، ئەڤ پەیوەندیا ژن ئینانێ دناڤبەرا کورد و عەرەبان دا فاکتەرێ وێ ئایینی یە و هەر ژ کەڤن دا و هەتا نوکە ژی یا بەردەوامە و ژن ئێنان دناڤبەرا نەتەوە و میللەتێن جیاواز دا بەرەبابەکێ بهێز دروست دکەت و سالۆخەتێن باش ژێ دەردکەڤن و ئەڤ سالوخەتە ژی پاشماوەیەکێ رۆشەنبیری و شارستانی و کۆمەکا رەوشت و نەریتان لدویڤ خۆ دهێلیت.

گەلەک جاران ئەڤ نەریتێ ژن و ژنخوازیێ دناڤبەرا نەتەوان دا دبیتە ئەگەر کو نڤش فێری زمان و کەلتۆرێن جیاواز ببیت د ئێک دەم دا دڤێت ڤێ چەندێ ژی ژبیر نەکەین کو رێزداری و بەهاداری یا ژنا کورد بوویە ئەگەر کو زانا و ناڤدارێن عەرەبان بۆ خۆ رابکێشیت و دەست رەنگینی و شارەزایی و وێرەکیا وێ ژی بوویە قسە و باسی ل سەر زارێ ناڤدار و زانایێن بناڤ و دەنگێن ئیسلامێ، هەر چەند دهێتە گۆتن کو کورد ژ لایێ کەلتۆری ڤە زێدەتر سەر ب فارسانن و ژ فارسان دچن و ژ بۆ دەمێن دویر و درێژ هەڤسو و جیرانێن هەڤدوو بووینە و بڤێ چەندێ ژی تێکەلیا شارستانی دناڤبەرا وان دا دروست بوویە و بۆ دەمێن دویر و درێژ ژی کورد و فارس پەیرەوێن ئێک ئایین بوون کو ئەو ژی ئایینێ زەردەشتی بوو و ژ لایێ جوگرافی و سروشتی ڤە ژی پێکڤە د گرێدایینە، لێ پشتی هاتنا ئایینێ ئیسلامێ و بتایبەتی لجەم شیعەیێن دوازدە

ئیمامی ژن ئینان و پەیوەندی و خزمایەتی ل گەل کوردان ب نادروست و نارەوا دانە نیاسین دبیت ئەڤ چەندە ژی پشتی رۆخاندنا مەزنترین دەولەتا شیعی یا فاتمی ل سەر دەستێ سەلاحەدینێ ئەیوبی.

هەر وەک چاوان (کلینی) د پەرتۆکا (کافی) دا پشکا ٥ بەرپەرێ ١٥٨ ژ (ئەبی رەبیعێ شامی) ڤەدگوهێزیت و دبێژیت»من ژ ئەبا عەبدوللا (جەعفەرێ سادق) پرسیار کر و من گۆتێ میللەتێ کوردان یێ ل نک مە هەی و هەتا نوکە ژی ئەو دهێن تشتان دفروشنە مە و ئەم تێکەلیا وان دکەین «ئیمام جەعفەرێ سادق گوت»تێکەلیا وان نەکەن هندیکە کوردن رەنگەکێ گیاندارایە ژ ئەجنا و خۆدێ پەردە ل سەر هەلدایە» هەر وەسان دبێژیت «ژنان نەدەنە کەسێ کورد و ژنان ژێ نەئینن». هەر وەسان (محەمەدێ کورێ ئیدریسێ عەجلی یێ حللی) ئەوێ ل سالا ١٢٠١ز وەغەر کری د کتێبا خۆ دا یا بناڤێ (السرائر الحاوی لتحریر الفتاوی) پشکا ٢ بەر پەرێ ٢٣٣دبێژیت»نابیت تێکەلی دگەل کەسێ کورد بهێتە کرن و کڕین و فرۆتن دگەلدا بهێتە کرن، نابیت پسیار ژێ بهێتە کرن، نابیت ژنان بدەنێ و ژنان ژێ بینن»هەروەسان (یەحیایێ کورێ سەعیدێ حللی) دبێژیت»ژن پێ دان و ژن ئینان دگەل کوردان یا رەوا نینە»هەروەسان ژ گۆتنەکا ژ حەرێ عاملی یێ کو ل سالا (١٥٨٦ز) وەفات کری د پەرتۆکا وی دا یا بناڤێ (الفێول المهمە) دا هاتیە و دبێژیت»کو پرسیار ل سەر سەبیا کورد هاتە کرن ئانکو تالان کرنا ژنێن کوردان ژ لایێ مۆسلمانان ڤە ئەگەر هاتو شەڕ کر و هەر موشرکەکێ دن ئەگەر شەڕ کر ئایا د وێ دەمی دا نیکاحا وان و کڕین و فرۆتنا وان یا حەلالە یان نە؟بەرسڤ دا و گۆت:بەلێ یا حەلالە.

ئەڤ بیرو باوەر و هزرا شوفینی یا ل دژی کوردان هاتیە پەیرەو کرن ژ لایێن نەتەوەیێن دن ڤە بتنێ مەبەست ژێ کێم کرنا رۆل و پێگەهێ کوردان بوویە، دا کو د مێشکێ کوردان وێ چەندێ بچەسپینن کو هندی تو کورد بی تو دێ یێ بێ بەها بی و ئەگەر تە بڤێت ببیە خۆدان رێز و بەها فەرە ل ژێر چەترەیا ئێک ژ وان هەر سێ نەتەوەیان بژی و ناسناما خۆ بگهۆری بتایبەتی ژی بابەتێ ژن و ژنخوازیێ ئەڤا لجەم شیعەیێن دوازدە ئیمامی هەی درەوەکا زیقە و یا ژوێ زیقتر و سەیر تر باوەری ئینانە ب وان گۆتگۆتکان، چۆنکە د بنیات دا بوچوونا وان دژی ڤێ ئایەتا قورئانێ یە (انا خلقناکم من ژکر و انپی و جعلناکم شعوبا و قبائلا لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم) ژ لایەکێ دی ڤە ژی ئەرێ بۆچی ئەڤ پرسیارە ناهێتە کرن کا بوچی وان کوردێن ناسناما خۆ گهۆری و بووینە فارس و شیعە ژ نوی رێزدار بوون ما هەر ئەو کورد نەبوون یێن ل دەستپێکێ وان شیعەیان و وان ئیمامان ب ئەجنە و نەرەوا دزانین؟

سەبارەت بابەتێ وەرگرتنا میراتی ئافرەتا کورد دشێت میراتی وەرگریت ئەگەر هاتو وێ بڤێت، ئانکو چ رێگری نینن ل دویڤ یاسا و رێسایێن ئایینێ ئیسلامی، ژ بەر هندێ ژی پیرۆزی و مەزناهیا ژنا کورد پتشی شویکرنێ مەزن دبیت و مەهرەکا تایبەت بۆ دهێتە دەست نیشان کرن و ژیانا وێ دهێتە گەرنتی کرن و بەرگیری ل ژنێ دهێتە کرن و ب ڤێ چەندێ ژی دیار دبیت وەک هەڤیا ژن و مێرێن کورد یا گەرنتی کریە.

هەر ل دور بابەتێ میراتی گەلەک ژ کچان میراتی ژ بابێ وەردگرن و و سەبارەت مەهرا ژنێ ژی زەلام بێی دەستویری و رەزامەندیا ژنێ ماف نینە دەستکاریێ تێدا بکەت.

ژنا کورد و پێشوازی د مالێ دا:

ژنا کورد بەری هاتنا ئایینێ ئیسلامێ و پشتی هاتنا وی ئایینی ژی پێشوازی ل مێهڤانان کریە ئەگەر مالخویێ مالێ ل مال ژی نەبیت، ئەڤە دیاردەکا ساخلەمە و نیشانا دەستهەلات و ئازادیا ژنا کوردە کو شیای وێ باوەریێ بۆ هەڤژینێ خۆ دروست بکەت کو ژن د هەر کاودان و بارودوخەکێ دا خۆدان رەوشتێ بەرزە و ئەو بخۆ سنورێن خۆ دزانیت و سەرەدەریێ ب شارەزایانە دکەت لەومان کچ و ژنێن کوردان ب ئازادی ل دیوانان دروینن خوارێ و دان و ستاندنێ ژی دکەن ئەگەر پێدڤی بکەت و دشێن ب ئازادانە بوچوونا خۆ دیار بکەت و ئەڤ دیاردە لجەم نەتەوەیێن دن یێن دەڤەرێ زور یا کێمە و زێدەتر ژن یا گۆشەگیرە د مال دا.

بتایبەتی ئافرەتا گوندان کو ب ئازادانە دناڤ گوندی دا هاتن و چوونێ دکەت و ژ بۆ راپەراندنا کارێن پێدڤی قەستا دەرڤەی گوندی ژی دکەت ژ بەر هندێ ئەو ئازادیا لجەم ژنا کورد هەی بوویە ئەگەر کو بەهایێ رەوشت بەرزیا خۆ بپارێزیت ژ بەر هندێ ژی زور ب دەگمەنی رۆیدانێن شەرمزاریێ دناڤ کۆمەلگەهێ کوردی دا رۆی ددەن و هەر چەند ژ هۆزەکێ بۆ هۆزەکا دن ئازادیا ژنێ جیاوازی تێدا هەیە هەر وەک مەلا مەحمودێ

“ **هەر ل وان دەڤەرێن کورد نشین یێن ئایینێ ئیسلامێ قەبوول کری ڤی ئایینی نەشیا باندۆرەکا مەزن هەبیت ل سەر کار و کۆکێ ئافرەتا کورد چ ژلایێ جل و بەرگان ڤە چ ژ لایێ رەفتار و سەرەدەریێ ڤە** ”

**د مێژوویا ئیسلامێ دا هەمی کار و بارێن جەنگی و سیاسی و لەشکەری پڕانیا جاران د دەستێ ڕەگەزێ نێر دا بوویە و ئەگەر چ ئێکەم شەهیدا مۆسلمانان ژن ژێ بیت**

بایەزیدی دبێژیت»ژنێن کوردان ب سەربەخۆ دچنە ئاشی و کاروانان و ژن و بووکێن کوردان ڕویێ خۆ ژ کەسی ناڤەشێرن و دگەل هەموو کەسان دئاخڤن چۆنکە ژنا کورد خۆدان پێگەهەکێ تایبەتە د خێزانێ دا و ئەو ماف هەیە د کومبوونان دا دان و ستاندنێ بکەت هەتا ئەگەر ئەندامێن کومبوونێ کەسانێن نەنیاس ژێ بن و گەلەک جاران ڕێنمایان ددەنە کوڕ و هەڤژینێن خۆ و بێ گومان وان ڕێنمایان کارتێکرنا خۆ هەبوویە و گەڕۆکێن بیانی مەندەهوش دمینن ژ ڕوی خۆشیا کچ و ژنێن کورد.

بارودوخێ ژنا کورد ل وەلاتێ فارس:

سەبارەت بارودوخێ ئافرەتا کورد ل وەلاتێ فارس ژێ (بلایبترو) ل سالا (١٨٩٤ز) نڤیسایە ژنا کورد عەبا ناکەتە ل بەر خۆ و ژ زور بەی ئافرەتێن گەلێن ڕۆژهەلات ئازادترە و ئەڤ چەندە ژێ (رامبوش) ل سالا(١٩٤٧ز) دووپات کریە و دبێژیت: «ئافرەت لجەم کوردان وەک زەلامانە و زوری لێ ناهێتە کرن عەبا بکەنە لبەر خۆ و (سون) ڤێ چەندێ پشت ڕاست دکەت و دبێژیت ژنێن کوردان هەر نزانن عەبا چیە و ژنان سەربەستیەکا تەمام هەیە و پێڤە دچیت و دبێژیت کو پتر ژ هەمی مۆسلمانان ژنێن کورد د ئازادن بتنێ ژنێن تەخا دەولەمەندان نەبن کو ژنێن خۆ گۆشەگیر دکەن و ئەو ڕەوشت ژێ ل ژێر زەبرا کارێگەریا تورکان سەرهەلدایە ولەومان ئەگەر لێ بنێڕین و هزر د گۆتنا (روبێرت بورتو) دا بکەین دەمێ دبێژیت:زەلامێ کورد گومانێ ژ هەڤژینا خۆ نابەت و کچا کورد کچەکا شەرمینە و ژنا کورد ژێ ژنەکا پاکژە و ڤێ پاکژیێ د مێشکێ زارۆکێن خۆ دا دچینیت ژ بۆ ئاڤاکرنا ژیانەکا بێ ترس زانایێ ئەلمانی (فوخلر) دبێژیت: «ژنا کورد هەر ژ کەڤن داخۆدان ئازادیەکا بەرفرەهتر بوویە ژ ژنێن گەلێن دەوروبەر هەروەک چاوان (نیکیتین) ژێ دیار دکەت کو حیجاب لجەم کوردان نینە و (مینوروسکی) ژێ دبێژیت کورد زێدەتر ژ هەر نەتەوەیەکێ دن یێ ئیسلامی د ڕوی ڤەکرینە بەرامبەری ژنێ و هەر ل دور بابەتێ حیجابێ ژێ هێدی هێدی حیجاب هاتیە دناڤ کۆمەلگەهێ کوردی دا ئەو ژێ ل سەر دەمێ سۆلتانێ ئوسمانی و لدویڤ یاسایەکێ کو ل وی سەردەمی هاتبوو دەرکرن بۆ جێ بەجێ کرنا حیجابێ ل سەر وان گەل و نەتەوەیێن ل ژێر سایا دەستهەلاتا ئوسمانی ڤە بێ گومان ئەڤ کریارا دەولەتا ئوسمانی ئیسلام فرۆشتن بۆ ب کوردان، چۆنکە یا دیار و بەرچاڤ بوو کو زوربەی هەرە زوری کوردان مۆسلمان بوون و سونە مەزهەب بوون و سەرەڕای گرنگی پێدانا میرێن میرنشینێن کوردان ب ئاڤاکرنا مزگەفتان ژ وان ژێ میر(بدر بن حسنویە) ئەوێ کو نێزیکی ٣٠٠٠مزگەفتان د سنورێن میرنشینا خۆ دا ئاڤا کرن و ژ لایەکێ دن ڤە نڤێژا ڕوژا ئەینی لجەم کوردان گرنگی و تایبەتمەندیا خۆ هەبوویە.

ژیانا ژنا کورد:

ژیانا ژنا کورد د ڤێ جوگرافیا پڕی چیا و دۆل و نهال و سەختی و ئەو کار و ئەرکێن گرانێن ل سەر ملێن ژنا کورد دبیت ژ لایێ جوانیێ ڤە کارتێکرن ژ جوانی و ڕۆخساری ژنا کورد کربیت لێ ژلایێ بستەیی و ویرەکی و چەلەنگی و بزاڤ و هێزێ ڤە کار تێکرنێن پوزەتیڤ هەبووینە و بووینە ئەگەر کو ژنا کورد ژ چ ئاستەنگان باز نەدەت و هەتا د ناکوکی و شەڕێن دناڤبەرا هۆزێن کوردی دا ژنا کورد خۆدان ڕۆلێ ئارام کرنێ بوو و لێ دەمێ شەڕگران ژێ دبوو وەک ئێک ژ نەریتێن کەڤنێن کوردەواریێ کو ڕێزێ ل ئافرەتان دگرن هەتا د شەڕی ژێ دا و کەرامەتا ژنێ دپارێزن و هەتا د ڕێگری کرنێ ژێ دا ڕێز ل ئافرەتێ گرتیە.

هەر وەک چاوان ئەبو نیان تویژەرێ ئەرمەنی دبێژیت»ئەز دشێم ب هەمی ڕامانڤە نازناڤێ فێرسێن ڕۆژهەلاتێ بدەمە کوردان هەتا د تالان کرن و ڕێگریێ ژێ دا ڕێزەکا بێ سنور ل ئافرەتێ دگرن.

کارتێکرنا ئایینێ ئیسلامێ ل سەر کوردستانێ بکورتی:


١- لایەنێ سیاسی/دەستهەلاتا دەولەتا ساسانی و بیزەنتی بدووماهیک هات و دەستهەلاتا مۆسلمانەتیێ لێ بەلاڤ بوو

٢. لایەنێ ئابوری/کوردستان هاتە گرێدان دگەل دەستهەلاتەکا بهێز و بەرفرەە ب ڤێ چەندێ ژێ گەشەپێدان د کوردستانێ و پەیوەندیێن ئابوری پەیدا بوون بتایبەتی یێن بازرگانی بتایبەتی پیشە و کاروبارێن چاندنێ و بەرەڤ پێش چوون.


٣. لایەنێ کومەلایەتی/تێکەلی پەیدا بوون دناڤبەرا کورد و نەتەوەیێن دن دا بتایبەتی دگەل عەرەبان و ژن و ژنخوازی دناڤبەرا وان دا پەیدا بوون.

٤. لایەنێ ڕۆشەنبیری/تاکێ کورد ڤۆرتال بوو ژ گومان و بەرئەلاییێ و باوەری ب خودێ ئینا و تێکەلیا زمانان پەیدا بوو.

# دیدار
# قەرەنی جەمیل



## ژیانێکی بۆهیمیم هەڵبژارد تاکوو ئەو بۆشاییەی ڕابردوو پڕبکەمەوە



## قەرەنی جەمیل:

# کە باس لەڕابوردووی ژیانی گەڕەک دەکەین، جگە لەچیرۆکێکی نۆستالژی، چیتر نییە

ئەو دەست و فڵچەیەی هەمیشە وەکوو گەڕیدەیەک بەدوای ڕاستییەکانی تابلۆدا دەگەڕا و چاوەکانی دەبرپە ئەو زەمەنانەی کە دەرگای لاپەڕەی مێژوو بکاتەوە و لەناخەوە بەرانبەری بوەستێ و دواجاریش هەموو حەزەکانی پێببەخشێ و ناوی ئەو تابلۆیەش بنێ (قەرەنی جەمیل).

دیسانەوە بەکۆڵێ (سکێچات) و کاری قەڵەم و پاکێتی زەیتەوە لەدواوەی (نێرینەکە) بووە یەکێ لەسەرنشینەکان و لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵە پەرە کاغەز و شەهادەنامە و دەفتەرێک بۆ بیرۆکەکانی. ڕێگای (بەغدا)ی گرتەبەر، تادواجار لە (پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا) گیرسایەوە. لەوێش ئەو جیاوازییەی بەخۆوە بینی کە (قەرەنی جەمیل) نامۆ نییە لەفەزای ئەو هونەرمەندە عێراقیانەی، بەشێکن لەو عەشقی قەڵەم و فڵچەیەی سەری ئەوی پێ هەڵگرتووە بۆ شارێکی گەورە و جەنجاڵی وەکوو (بەغدا) بۆ دۆزینەوەی کەنزی ئومێدەکانی و زیاتر ناسینی ڕۆحی تابلۆ و پازدانێک بۆ ئەودیوی چیا و تێکەڵبوونی لەگەڵ کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی دیکەدا، بۆیە هەرزوو بیری لەوە کردەوە ئەو پازدانەی دەبێ (قەرەنی جەمیل)ێکی دیکە بونیادبنێ، چونکە ئەو تەنها هەوەسێک کە لای دروستبووبێ، هەوەسی هەڵکشانی بەهرەی قەڵەم و فڵچە و تابلۆکان و کردنەوەی پێشانگاکانیەتی.

دوای سالانی (بەغدا) ئەو گەڕیدەیە، دیسانەوە بەکۆڵێ حەزەوە سەفەری غوربەت هەڵیگرت و لەوڵاتی (ئیتالیا) شارە جوانەکەی هونەر (فلۆرەنسا) بارگە و بنەی پێخست، لەوێش هەرزوو بەو بەژن و باڵای بڵندەوە بەرامبەر ستاندی وێنە کێشانەکەی وەستاو تابلۆکانی لەسەر نەخشاند و هەرزوو وەکوو پێشتر لەم غوربەتەش، بوو بەناوێک هەموان بەچاوی لێهاتووەوە تێیبڕوانین و لەو بەهرە خوداییەی ورد بینەوە، لەوێش ئۆقرەی نەگرت و ئەمجارەیان بوو بەمیوانی (قەرەجەکان) و لە (ئیسپانیا)ی قەشەنگ ڕۆژانە سەیری شەقامەکانی دەکرد و لەبیرۆکەی ئەودا بوو بە بەشێک لەهەڵڕشتنی ناخی خۆشەویستی زیاتر بۆ تابلۆکان، تا بوو بەو شێوەکارەی ڕۆژانە لەم شارەدا باوەشیان بۆ دەکردەوە، لەو هەموو سەفەرە سەختانەی ژیانی، بەڵام (قەرەنی جەمیل) هێشتا هەر خەمی نیشتمانی بوو، خەمی ئەو گەڕەکەی بوو کە ناوی (تەیراوە)ی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، هەرگیز لەبیری نەدەکرد تاگەیشتە زەمەنی چەخماخەی ڕاپەڕین و ئەمجارەیان بەیەکجاری ئەو بارگە و بنەیەی پێش ئەو هەموو ساڵەی بۆ (بەغدا)ی هەڵگرتبوو، دیسانەوە خستیەوە سەر شانی و گەڕایەوە (هەولێر).

سەر لەنوێ لەنێو ئەو عەشقە ئەبەدییە و لەکۆڵانەکەی مەفتەنی لەدایکبوون و سەفەرە سەختەکانی ژیایەوە و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ لەگەڵ سەفەری غوربەت نێوانیان بڕایەوە. منیش هەموو ئەو سەربردە و داهێنان و گەڕیدەییەم لەگەڵ خۆما هەڵگرت و لەئێوارەیەکی ساردی ئەم زستانە بە زەرفێکی پڕ لەپرسیارەوە چوومە دیدەنی.

**دیدار / نازم دڵبەند**

**– چۆن ئەو بەهرە هونەرییە شێوەکارییە لای خۆت بینی؟ ئایا بەهرەیەکی سرووشتی بوو یان لەکەسانی دی فێر ببووی؟**

+ هەموو جۆرە هونەرەکان پێشەکی بەهرەیەکی سروشتییە، دوایی پەروەردە دەکرێت و بەرەو تەکامولبوون دەڕوا. لێرەدا هەر لە منداڵییەوە دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت بۆ بەهونەرمەندبوونی ئەو کەسە.

بێگومان منیش هەر بەم شێوەیە، لەمنداڵییەوە خولیای هونەری شێوەکاری بووم و لەقوتابخانە گرنگی زۆرم بەم وانەیە دەدا، بەڵام وانەکانی دیم پشتگوێ دەخست. لێرەدا هەندێ هۆی دی هەیە بۆ بەردەوامبوون و پەرەسەندنی ئەو بەهرەیەم ئەویش مونافەسەیەکی زۆر لەنێوان ئەو منداڵانەدا هەبوو کە وەکوو من خاوەنی ئەم بەهرەیە بوون. گەڕەکی تەیراوە خاوەن بەهرەی زۆر بوو، تەیراوە، مەبەستم ئەو لایەنەیە کە زۆر هەژار بوون، خانووەکان لەقوڕ دروستکرابوون، کۆڵانەکانی قیرتاو

نەکرابوون، زستانان سارد و شەختەبەستوو بوو، هیچ وەسیلەیەک نەبوو خۆمانی پێ خەریک بکەین تەنیا ئەو بەهرەیە نەبێ ئەویش بێگومان بە هەژارییەوە، چونکە کەرستەکان پارەی دەویست و لەماڵەوەش شوێنی دەویست، هەرلەبەر ئەوەش بوو، هونەری شێوەکاری لەهونەرە زەحمەتەکان بوو بۆ ئێمە.

لەقوتابخانە هەردەم وێنەی زۆرم دروست دەکرد، کە جێگای سەرنجی مامۆستاکانم بوون، ئەوەش بۆمن هاندەرێک بوو بۆ بەردەوامبوونم، بەڵام لەسەر حیسابی وانەکانی دی کە زۆر خراپ بووم، بەحاڵ دەردەچووم.

زۆر بەزەحمەت سەرەتایی و ناوەندیم تەواوکرد. ئەوە بوو پاش دەرچوونم لەسێی ناوەندی بە هاریکاری و پشتیوانی شەهید (بەهرام)ی برام کە لەو بوارەوە زۆری لێ فێربببووم، چووم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا کە ئەو کات تاکە پەیمانگای هونەری بوو لەعێراق، لەوێ بە پلەیەکی زۆرباش وەرگیرام. لێرەدا رووگەی هونەری و بەهرەکەم گۆڕا و جددییەتی وەرگرت، کەوتمە نێو هونەرێکی راستەقینە و کارکردنم بەردەوامیی وەرگرت و چوومە نێو ئەو ململانێیە زەحمەتە، کە تائێستاش تێیدا دەژیم.

لەوێش کەشوهەوایەکی هونەری زۆر خۆش و نایاب هەبوو، قوتابییان لەهەموو لایەکی عێراق هاتبوون و هەموو جۆرە پلەوپایەیەکی هونەری هەبوو. لەو نێوەندە من خۆم لەئاستێکی زۆرباش بینی و توانیم زۆر بەباشی تواناکانی خۆم پێش بێخم و گەشەی پێبدەم. مامۆستایەکان زۆر باشبوون، زۆربەیان دەرچووی ئەکادیمییەکانی ئیتاڵیا بوون و ئاستییان بەرز بوو،



لەوانەی کە وانەی ڕەنگی بەمن دەگوت مامۆستا (محەمەد عەلی شاکر) بوو، دواتر کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم هەبوو، هەروەها لەڕووی تیۆری و مێژووی هونەر مامۆستا (شاکر حەسەن ئال سەعید) بوو کە بۆ ئێمە فەیلەسووفێک بوو، زۆری دیکەش کە بەڕاستی مامۆستای گرنگ بوون بۆ ئێمە.

**– جگە لەو وەسفەی کە بۆ گەڕەکی تەیراوەت کرد، ئەم گەڕەکە لای تۆ چی دەگەیێنێ، دەکرێ باسێکی تەیراوەمان بۆ بکەی، یان دەکرێ بزانین تەیراوە چی بەتۆ بەخشیوە، تۆش سەرەنجام چیت پێ بەخشیوە؟**

+ گەڕەکی تەیراوە شوێنێکی هەژارنشین بوو، ڕەنگە ئێستاش هەروابێ، گەڕەکێکی نە خۆش بوو نە جوان، بەڵام ئێمە خۆمان پێی دروست کرد، واتە ساڵانی شەستەکان کە ئێمە منداڵ بووین هیچ شتێکمان نەبوو نە لەماڵ و نە لەدەرەوەی ماڵ تاپێیەوە خەریک بین، هەر زوو خۆمان خەریکی وێنەکێشان و خۆشنووسی و شیعر و وەرزش دەکرد، بەوەش خۆمان لەو ناخۆشییە دەدزییەوە، بۆیە من هیچ قەرداری گەڕەک نیم. بەداخەوە زۆرجار کە باسی گەڕەک دەکرێت واباسی لێدەکەین وەکوو بڵێی زانکۆیە

و زۆری لێ فێربووین، بەڵام لەڕاستیدا ڕەنگە هەمووی بە پێچەوانەوە بێت. زۆریش هەبوو لەبەتاڵی ژیانی هەژاری دەچوون دەبوون بە پێشمەرگە، زۆر چالاکیش بوون. لەبەرئەوە ئێستا کە باس لەڕابردووی ژیانی گەڕەک دەکەین، جگە لەچیرۆکێکی نۆستالژی، چیتر نییە.

**– باسی شەهید (بەهرام)ت کرد. دەکرێ بزانین ئەوەی لێی فێربووی چی بوو؟ ئەوسا چۆنت لێدەڕوانی، چۆنی تێدەگەیشتی، دوای شەهید بوونی چیت بەخەیاڵدا هات؟**

+ (بەهرام) برا گەورەم بوو، بەڵام بەیەکەوە چووین بۆ قوتابخانە و لەیەک پۆل بووین. ئەو بەهرەیەکی زۆرباشی هونەری هەبوو، هەر لەمنداڵییەوە جێگەی سەرنجی مامۆستا و قوتابییان بوو، منیش زیاتر پەیوەست بووم بەوبەهرەیەی ئەو، هەوڵم دەدا وەکوو ئەو ڕەسم بکەم، زۆر بەیەکەوە کاری هونەریمان دەکرد. لەدوایی، لەقۆناغی ناوەندی ئەو ئاستێکی زۆرباشی بەدەست هێنا، کۆمەڵێ تابلۆی زۆر نایابی دروستکرد، بەڵام زۆر بەداخەوە هیچ تابلۆیەکی لەبەردەست نەماوە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە سەردەمانێک تابلۆی ئەویان لابوو ئەوانیش دیارنین. بۆیە ئەو بۆمن گرنگترین سەرەتای هونەری بوو، شەهیدبوونیشی

> **پاش دوو ساڵ لەشاری بەرشیلۆنە چووم بۆ شاری (گرانادە) لەخوارووی ئیسپانیا، لەوێ بەجارێ پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسوکارم پچڕان**





بەغدا ١٩٧٢

کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، ئەوکاتە من لەئیسپانیا بووم، کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر ژیانم دانا، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو، لەخەمخواردن بەولاوە دەسەڵاتێکی دیکەم نەبوو. ئێستاش کە بەردەوامم لەکاری هونەری هەمیشە لەخەیاڵمدایە.

**– بۆچی بەرەو ئیتاڵیا ڕۆیشتی، ئایا ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە زۆربەی مامۆستاکانت لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا دەرچووی ئەکادیمیاکانی ئیتاڵیا بوون؟**

+ چووم بۆ ئیتاڵیا، چونکە چەند برادەرێکم لەوێ لەئەکادیمیای هونەریی دەیانخوێند، هەروەها پێشتر هاوینی ساڵی ١٩٧٨ سەفەرێکی بیست ڕۆژیم بۆ ئیتاڵیا کردبوو، کەمێ شارەزاییم بۆ دروست ببوو، جگە لەوەی کە مامۆستاکەم لەبەغدا لەئیتاڵیا خوێندنی تەواو کردبوو، زۆریش باسی هونەری ئیتاڵیا و ئەکادیمییەکانی ئەوێ بۆ کردبووم.

**– کە بڕیارت دا سەفەر بکەیت و وڵات جێبێڵی، ئەم بڕیارەت ناچاری بوو، بەڵام تۆ پێت وانییە غوربەت (قەرەنی جەمیل)ێکی دیکەی دروستکرد؟**

+ لە ڕاستیدا بڕیارێکی ناچاری بوو، چونکە ئەوکات، کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ وڵات کەوتە نێو قۆناغێکی زۆر خراپ لەڕووی سیاسییەوە، ڕژێم بەرەو دیکتاتۆریی فاشستی ڕۆیشت، بێ ڕەحمانە کەوتە ڕاماڵینی چەپی عێراق و تێکدانی جوگرافیای کوردستان، ئەوەبوو منیش وەکوو کۆمۆنیستێک ناچاربووم کوردستان جێبێڵم و بەرەو ئیتاڵیا ڕۆیشتم.

> **ئەو چەند ساڵەی ژیانی فلۆرەنسا بۆمن وەکوو تاقی کردنەوەیەکی گەورە وابوو، چونکە ژیانی من لەعێراق (بێگومان ژیانی ئەوانی دیش) ژیانێکی تەجرید بوو، تارادەیەک وشک**

سەفەرکردن خۆی لەخۆیدا غوربەتە، بەتایبەتیش ئەگەر بزانیت گەڕانەوەت نییە. ئیتاڵیاش وڵاتێک بوو بۆ من وەکوو قوتابخانەیەکی زۆر تایبەتی، پڕ لەهێزی هونەری و جوانی کە بەڕاستی سەرەتا غوربەتت لەبیر دەباتەوە، وڵاتێک تا بڵێی جوان، پڕ لەمێژووی هونەری، لەهەموو لایەک مۆزەخانە، هەموو کۆڵان و شەقامەکان پڕن لەمێژووی هونەر و ئیستێتیکا. سیستمێکی دیمۆکراسی و کۆمەڵگەیەکی کراوە و ئازاد، چۆن ناگۆڕێم، لەنێو ڕژێمێکی ئەوپەڕی دیکتاتۆرییەوە بۆ ئەوپەڕی دیمۆکراتی و ئازادییەوە، تەنانەت بیروباوەڕی هونەریشم گۆڕا.

چەمکی غوربەت بە گوێرەی تێگەیشتنی کەسەکە بۆ ژیان و واقیعی ڕۆژانە دەگۆڕێت، کە لەواقعێکی دژوارەوە هاتوویت بۆنێو ئازادیەکی ڕەها و سەربەرزیەکی فیکری و هونەری، ئەوکات ئەو ئازادییە جێگەی غوربەت دەگرێتەوە.

**– باسی ئەوە دەکرێت، دوای ئەوەی سەفەرکردنەت، بۆ ماوەی چەندین ساڵ هیچ سۆراخێکت نەبوو، بەشێوەیەک ون بوویت، گومان لەسەر زیندوویەتیت دروست ببوو، ئەمە وایە، ئەگەر وایە بۆ؟**

+ من کە سەفەرم کرد بۆ ئیتاڵیا، سەرەتا پەیوەندییەکانم لەگەڵ ماڵەوە و برادەران باش بوو، بەڵام کە شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکرد، ئەوکات پەیوەندییەکان پچڕان، چونکە کە نامەم بۆ براکەم دەنووسی ڕاستەوخۆ نامەکە دەچووە دائیرەی ئەمن، ئینجا بانگی براکەمیان دەکرد و کێشەی زۆریان بۆ دروست دەکرد. لێرەدا من دابڕام، بەتایبەتی کە ڕۆیشتم بۆ ئیسپانیا و پاش دوو ساڵ لەشاری بەرشیلۆنە چووم بۆ شاری (گرانادە) لەخوارووی ئیسپانیا، لەوێ بەجارێ پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسوکارم پچڕان، بەڵام مەسەلەی مردوویی، یان زیندووییم، هیچم لەو بارەیەوە نەزانیبوو، بە درەنگەوە، کە گەڕامەوە بۆیان دەگێڕامەوە.

**– ساتەوەختی گیرسانەوەت لەشاری (فلۆرەنسا) چ بیرەوەرییەکی لاجێهێشتووی؟**

+ بیرەوەری گەلێ زۆرە، لەساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٤، کۆتایی نایەت، بەڵام نووسین و گێڕانەوەی کاتی دەوێ، چونکە ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیام. زۆر لەو برادەرانەی کە پێشتر لەوێ دەژیان، هاریکاری زۆریان کردم تابتوانم بگیرسێمەوە، جگە لەوەش فێربوونی زمانی ئیتاڵی زۆر گرنگ بوو بۆ ئیشوکار و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵگای ئیتاڵی، ئەویش هەر بەیارمەتی برادەران بوو. کە سەرەتا چووم بۆ شاری (پێروجا) بۆ خوێندنی زمان، ماوەی مانگێک مامەوە لەدواییدا گەڕامەوە فلۆرەنسا.

ئەو چەند ساڵەی ژیانی فلۆرەنسا بۆمن وەکوو تاقیکردنەوەیەکی گەورە وابوو، چونکە ژیانی من لەعێراق (بێگومان ژیانی ئەوانی دیش) ژیانێکی تەجرید بوو، تارادەیەک وشک، کەم مانا، لەبازنەیەک دەخولایەوە، لەبەر ئەوە لەوێ ژیانێکی بۆهیمیم هەڵبژارد تاکوو ئەو بۆشاییەی ڕابردوو پڕبکەمەوە. چوونم بۆ مۆزەخانەکان زۆر دڵخۆشی دەکردم، وڵات هەمووی مۆزەخانە بوو، کەنیسەکان،



پەیکەری گەورەی هونەرمەندان لەگۆڕەپانەکان، بیناسازی سەرسوڕهێنەر لەهەموو لایەک، وەکوو ئەوە وابوو لەهەموو سەردەمەکاندا بژیت.

بزاڤی ئاشتیخواز و هیپییەکان بۆ ئازادی تاک و کۆمەڵ ئەوکات زۆر بوو، لەهەموو بوارێکەوە گەنج بە کچ و کوڕ، تێکەڵاوی ئەم ڕێگەیە ببوون، چەندان جۆر گۆرانی پڕ مانا لەم گۆڕەپانانەی فلۆڕەنسا دەگوتران، شار شەو و ڕۆژی نەبوو، بەم جۆرە زیاتر تێکەڵاوی خەڵک دەبووین و لێیان فێر دەبووین.

**– تۆ دەڵێی ژیانێکی (بۆهیمی)م هەڵبژارد، هەڵبژاردنی ئەو ژیانە بەئاگاییەوە بوو، یان لەبێ ئاگایی، ئەگەر بە ئاگاییەوە بوو، ئەوە تاچەند پەیوەندی بەکەوتنە ژێر کاریگەری ژیانی قەرەجەکانەوە هەبوو، لەکاتێکدا تۆ هێشتا سەردانی ئیسپانیات نەکردبوو، دەکرێ بزانین ئەو شێوەی ژیانەی هەڵتبژارد قەرەبووی چی ڕابردووی لەدەستچووی کردیتەوە؟**

+ وەک پێشتر گوتم، من لەکوردستانەوە، یان لەعێراقەوە چووم بۆ ئیتاڵیا. لەو وڵاتە ئازادییەکی زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشم بینی، کە من پێشتر لەعێراق وەکوو بڵێی خنکابووم، هیچ هەوایەکی ئازادیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، لەم جۆرەم نەبینیبوو، بەڵام ئەوان لەهەموو بوارەکانی ژیانیاندا زۆر ئازادانە دەژیان، بۆیە من لەنێو ئەو کەشوهەوایەدا، وەکوو گەنجێک زۆر پێویستم بەو ژیانە هەبوو، مەبەستم ئازادییەکی ڕەها لەبینین و گەڕان لەشار و لادێکان، مۆزەخانەکان، هەروەها گوێگرتن و چوونم بۆ کۆنسێرتی مۆسیقا و گۆرانیبێژەکانی ئیتاڵی، یان شەوانی گۆڕەپانەکان تابەیانی، بەم جۆرە تێکەڵاوی ئەم کەشوهەوایە ببووم، ئەو کاتیش هەر لە لادێ دەژیام.

ئەم جۆرە ژیانەی ئەوکاتە خۆم بووم، نەوەکوو هەڵبژاردن بێت، یان چاولێکەریی قەرەجەکان بێت، بە پێچەوانەوە قەرەجەکان بۆهیمی نەبوون، ئەوان شوێن و کار و کاسبی خۆیان هەبوو، هەتا ئەوکاتەی کە لەئیسپانیاش بووم.

بێگومان ئەمە قۆناغێک بوو، دەتوانم بڵێم تاساڵی ١٩٨٥، دوایی واقیعێکی دی خۆی بەسەرمدا سەپاند کە زیاتر جددی بوو، بەتایبەتی بەردەوامیم لەکاری هونەری بەشێوەیەکی جیاواز (کە پێشتر باسم کردووە) خوێندنەوەی بابەتی تیۆری هونەری و بەدواداچوونی ڕێباز و شێوازی کارکردنی نوێی هونەری لەئیسپانیا. ئێستا تەمەنێکی دی و زەمەنێکی دیکەیە، هەروەها چەمکی بۆهێمیا نەماوە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر شێوازی ژیانی مرۆڤدا هێنا.

**– ساڵی ١٩٧٩– ١٩٨٤ لای تۆ چی دەگەیێنێ، تۆ دەڵێی بیرەوەری ئەو ماوەیە کۆتایی نایەت، ئەمە یانی چی؟**


+ ساڵی ١٩٧٩– ١٩٨٤ ئەو قۆناغە بوو کە لەئیتاڵیا بووم، لەهەمان کاتیشدا لە (یەکییەتی سۆڤیەت) گەڕابوومەوە، ئەو ماوەیە پڕبوو لەجموجۆڵی نوێ و گۆڕانکاری زۆر گرنگ لەژیان و فیکری هونەریم.

لەوماوەیەدا من کاری هونەریم نەدەکرد، لێی دوورکەوتبوومەوە، زیاتر گرنگیم بە گەڕان و لێکۆڵینەوە و بینین دابوو. لەو ماوەیەدا توانیم خۆم بگۆڕم، لەمرۆڤێکی خۆرهەڵاتیی پڕ لەکێشەی سایکۆلۆژیی، پڕ لەشەرم و ئیزدیواجی و بێ بنەمای پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتیی ئازاد و سەربەست، ڕێک کە بگونجێ لەگەڵ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی لەوێ بەرەوڕووم دێت.

**– وا دەبینم ئەو ساڵانەی تۆ لە ئیسپانیا بووی بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر ژیانی هونەریت هەبووە، هونەری ئیسپانی تێکەڵ بە فیکر و تەکنیکی تۆ بووە، تا ڕادەیەکیش سەرسام بووی پێیان، ئەو تێڕوانینەت بۆ چ هەستێک دەگەڕێتەوە؟ بۆ نموونە (گۆیا) (پیکاسۆ) (تاپیس) (بەرشێلۆ)؟**

+ ساڵی ١٩٨٤ لە ئیتاڵیاوە چووم بۆ ئیسپانیا، یەکەم شار (بەرشەلۆنە) بوو کە ماوەیێک تێیدا گیرسامەوە، زۆر هەوڵمدا شتی نوێ فێربم، چونکە دەمزانی هونەرێک هەیە بۆمن زۆر نوێیە. ماوەیەک کارم لەسەر ئەبستراکت کرد، بەتایبەتی کاری لیتۆگرافی، هەروەها هەوڵمدەدا لەو تەکنیک و ڕێبازانە تێبگەم و نزیک ببمەوە

“ چووم بۆ ئیتاڵیا. لەو وڵاتە ئازادییەکی زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشم بینی، کە من پێشتر لەعێراق وەکوو بڵێی خنکابووم ”





مەدحەد، کەمال، خۆم ١٩٧٤

کە هەندێ لەهونەرمەندانی جددی کاریان لەسەر دەکرد.

بێگومان هونەری ئیسپانی، یاخود هونەرمەندانی ئیسپانی زۆر پابەندنین بەو ستایل و ڕێبازانەی کە لەزۆر وڵاتان باوە و بەدرێژایی مێژوو هاتووە و کاری پێدەکەن، بەڵکوو ئازادییەکی ڕەها لەفیکر و ستایل پەیرەو دەکەن، ئەوەی دەیکا ڕێک هونەرمەندەکە خۆیەتی، لەهەمان کاتیشدا بابەتی ناوەڕۆک هەمیشە واقیعییەکی ئەبستراکتە کە فەلسەفەیەکی لەپشتە بۆ دەربڕین. بۆنموونە زۆر لەهونەرمەندان ڕەنگ وەکوو کەرستەیەک بەکاردێنن بۆ بەرجەستەکردنی فۆڕمێک، نەک ڕەنگکردنی فۆڕمەکە، بۆیە تابلۆ شەرت نییە پڕبێ لەڕەنگ. کاریگەری (گۆیا) لەسەر هونەری ئیسپانی بەدرێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش هەر هەبووە، ئەویش لەوەوە دێ کە (گۆیا) پابەند نەبوو بە ڕێبازەکانی ئەو سەردەمە، زۆر بە ئازادانە کارەکانی ئەنجام دەدا، تا ڕادەی ئەوەی کە زۆر لەکەنیسە و دەسەڵاتی ئایینی ڕایان لێنەبوو و دژی دەوەستان، هەروەها هونەرمەندانی نوێی ئەو سەردەمیش وەکوو (پیکاسۆ، تاپێس و بەرشەلۆ و زۆری دی...) بۆ داهێنان پەیرەوی ئەو ئازادییەیان دەکرد، بێگومان ئەوە کاریگەرییەکەیە لەسەر شێوازی کارکردنی هونەریم، جگە لەوەش من ماوەیەکی

> **"گەرامەوە فلۆرەنسا و خوێندنی سۆڤیەتم بەجێهێشت چونکە نەمدەتوانی لەسەر ئەم ڕێباز و شێوازە هونەرییە و ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە پڕ لە (ئیزدیواجییە) بڕۆم"**

زۆر لەشاری (گرانادە)ی باشووری ئیسپانیا ژیاوم، کە شێوەی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ بەرشەلۆنە و هەرێمەکانی دی. ژیانی ئەوان زۆر سادەتر بوو، تێکەڵە بەجوانی ئەم شارە و شێوەی ژیانی قەرەجەکان و مۆسیقا و سەمای فلەمێنگۆ و گۆرانییەکانیان، کە بەڕاستی زۆر کاریگەرە و مرۆڤ سەرسام دەکەن. بەمجۆرە ئەم هەموو ژیانە شێوەیێک لەبیرکردنەوەی بۆ دروستکردم، کە جیاوازبم لەدەربڕین و داهێنانی هونەریم.

**– تۆ زۆر تێکەڵاوی شاعیرانی، ئایا توانیوتە شیعری هیچ لەو شاعیرە هاوڕێیانەی خۆت بکەی بە زادەی بیرکردنەوەت بۆ داهێنانی تابلۆیەکی خۆت؟**

+ لەهەموو وڵاتان، شاعیر و شێوەکار و شانۆکار و ڕۆشنبیران زۆر تێکەڵاوی یەکترن، زۆرجاریش کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە، بەڵام من بەڕاستی شیعری هیچ شاعیرێک لام نەبۆتە فیکرەیەکی شێوەکاری بۆ درووستکردنی تابلۆیەک، بەڵام کە لەگۆڤاری (ڕامان) ئیش دەکەم، بەرلەوەی شیعرەکان بخوێنمەوە کۆمەڵێک مۆتیڤ ئامادە دەکەم تا لەگەڵ ئەو بابەتانە بڵاو بکرێنەوە. بەڕای من نابێت شیعر بکرێت بەتابلۆ، یان تابلۆ بکرێت بە شیعر، دوو هونەری جیاوازن و هەر لایەک بەشێوازێک دەربڕینی داهێنان دەکات.

**– باسی ئەو پۆرترێت و مۆدێل و ستیلایڤە ئەکادیمییانەم بۆ بکە کە لەساڵی (١٩٧١)ەوە پاراستووتە و نەتهێشتووە لەناوبچن، لەم دواییانە لەمۆڵی (میدیا) نمایشتکردبوون؟**

+ ئەم کارە ئەکادیمییانە هی سەردەمێکن کە لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بووم، ئەو کارانە بنەمای پێگەیشتنی هونەریی منن، لەسەر ئەم ڕێگایە من خۆم پەروەردە کرد تا بگەم بەو ئاستەی کە ئێستا تێیدام. بێگومان مێژووی هەر هونەرمەندێک پەیوەستە بە ڕابوردووی هونەریی خۆیەوە، ئەو مەشق و ڕاهێنانانەی سەرەتای سەرهەڵدانی بەهرەی هونەری زۆر گرنگن، بۆ چەسپاندن و بەردەوامبوونی هونەری، هەمووی ساڵ و بەرواری خۆیان هەیە کە بەپێی ئاستی خۆیان شاهیدی زەمەنێکن.

پاش ئەو قۆناغەی ئەکادیمی ئەزموونێکی دیکەم تاقیکردەوە، ئەویش شێوازی تەعبیری بوو، هەر لەکۆتایی ساڵی تەواوبوونم لەپەیمانگە دەستم پێکرد، لەدوای دەرچوونیشم زۆر بەچڕی کۆمەڵێ تابلۆم دروست کرد، کە بابەتی کۆمەڵایەتی و داستان و خەیاڵی هەمەجۆرم تێدا بەکارهێنابوون.

**– دەمەوێ باسی ئەو لوغزەی ئینسانی وەهمی و وەهمی شارستانییەت بکەی لەو زنجیرە تابلۆیەی کە کارت لەسەر کردوون؟**

+ ژیانی ئینسان هەر لەسەرەتای بوونییەوە تاکوو مردنی پڕە لەکێشە و ململانێی وجوودی لەپێناو بەردەوامبوون و جێبەجێکردنی خود لەئاکتێکی پیرۆزدا. کێشەکانی مرۆڤی ئەم ناوچەیە ڕۆژ بەڕۆژ، ساڵ دوای ساڵ زیاد دەبن بێ ئەوەی هیچ کێشەیەک چارەسەر بووبێت، هەروەها بەردەوام ڕووداوەکانی ژیان تادێ زیاتر دەبن و دەچنە سەر ئەوانەی کۆن کە هەرگیز چارەسەر نەکراون، لێرەدا مرۆڤ دەکەوێتە نێو قەیرانی دەروونییەوە و ون دەبێت و دەبێتە وەهمێک. بۆیە ئەم بابەتەم لا گرنگ بوو، ماوەیێکی زۆربوو

بیرم لێدەکردەوە، بۆ ئەوەی لەچەند تابلۆیەکدا دایبڕێژم، بابەتێکی هەمەلایەنە، مێژووی کۆمەڵگەیەک دەگرێتەوە، کە دروستکەری وەهمە، تەنانەت خودی ئینسانەکانیش وەهمن. جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە لەزنجیرە تابلۆیەکدا، باس لەچارەنووسی مرۆڤ دەکەم لەسەر ئەم خاکە، کە وەکوو وەهم دەژیی و وەکوو وەهمیش شارستانییەت بونیاد دەنێ. مرۆڤی ئەم ناوچەیە ، لەخەیاڵیدا خاوەن مێژوویەکی بەتاڵە، زنجیرەیێک وەهمی دروست کردووە و پێیدەڵێ ڕابردوو. ئێستاشی ئەنجامی ئەم ڕابردووەیەتی کە دیسان خەیاڵ تێیدا فیکری سەرەکییە. لێرەدا، لەم زنجیرە تابلۆیەمدا کە بەگشتی قەبارە گەورەن، ڕەنگی خاک، قاوەیی و خۆڵەمێشی تا ڕادەیەکیش قوڕاویم بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەو گردۆلکە و چاڵ و کەند و کۆسپانەدا کە سیمایەکی دیاری ئەم ناوچەیەن، فیگەرەکانم مرۆڤی کوردن، بە جلی کوردییەوە، کە لەپانتاییێکی سێ ڕەهەندی دارمان و وێران دان، بە ئاوتلاینێکی سپی ئەنجام داون، کە وەکوو وەهم هاتوون بۆسەر ئەم خاکە، زۆربەیان بێ جووڵە وەستاون، لەحاڵەتێکی نەهلیستی بێداهاتووی هیچ شارستانییێک، بێ نیازی ژیان و گوزەرانی.

**– پەیوەندییەک لەنێوان هونەر و سیاسەتدا هەیە، ئەگەر هەیەتی تۆ چۆن دەڕوانییە ئەو پەیوەندییە، بەتایبەتی کە تۆ خۆت وەکوو کۆمەنیستێک دەناسێنی، چۆن دەڕوانییە ئەو ڕابردووە، ئێستاش هەر مەیلی کۆمەنیستیت هەیە؟**

+ سەرەتای سەدەی بیستەم، تا کۆتایی هەشتاکان، ئایدیۆلۆژیستەکان لەڕێگای پارتەکانیان هونەر و ڕۆشنبیریان خستبووە نێو چوارچێوەی حزبی خۆیان و بۆ پڕۆپاگاندە و دژایەتیکردنی بەرانبەر بەکاریان دەهێنا، هونەرمەندانیش خاوەن هەڵوێستی سیاسی بوون، ئەوە بوو لەکارە هونەرییەکانیان ڕەنگی دەدایەوە. پارتە کۆمۆنیستەکان زۆر زیاتر، ئەو بابەتەیان بەجددی وەرگرتبوو، لەبەر ئەوە زۆر لەهونەرمەندانی کۆمۆنیست بابەتەکانیان بەرجەستەکردنی هێزی کرێکار و فیکری چینایەتی بوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەم تێکەڵاوییە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو، چونکە هونەر و سیاسەت، یان هونەر و ئایدیۆلۆژیای حزبی زۆر لێک دوورن، هەربەوهۆیەشەوە لێکترازان. من بەجۆرێکی دیکە دەمڕوانییە هونەر و سیاسەت، ئەگەر تابلۆم بکردایە، کرێکار و هەژاری تێدابایە، ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە من کۆمۆنیستم، بەڵکوو دەربڕینێک بوو لەو ژیانە هەژارییە و ناڕێکی گوزەرانیمان.

من وەکوو کادیرێک، لەنێو پارتی کۆمۆنیستی عێراقی حیساب کرابووم، ساڵی ١٩٧٣ کە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) دامەزرا، وەکوو مۆنتێر دەستم بەکارکردن کرد، پاش دەوامی پەیمانگە، تا دەرچوونم لەپەیمانگەی هونەری لەسەر ئەو کارە بەردەوام بوووم. هەروەها کە چووم بۆ ئیتاڵیا، پاش ساڵێک، پارتی کۆمۆنیست لەساڵی ١٩٨٠ زەماڵەی پێدام و چووم بۆ (یەکییەتی سۆڤیەت) بۆ خوێندنی هونەری، پاش خوێندنی زمان لەئەکادیمیای هونەری (کییێف) وەرگیرام، بەڵام لە هاوینی ١٩٨١ گەڕامەوە فلۆرەنسا و خوێندنی سۆڤیەتم بەجێهێشت، چونکە نەمدەتوانی لەسەر ئەم ڕێباز و شێوازە هونەرییە و ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە پڕ لە (ئیزدیواجییە) بڕۆم.

فیکری مارکسی زۆر جیایە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای حزبەکان، ئەوە فەلسەفەیەکی زۆر قووڵە، هەموو لایەنێکی ئینسانی دەگرێتەوە، لەهەموو بوارەکاندا لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە و بە ڕەخنە مێژووی ڕابردووی مرۆڤایەتی نوێ کردۆتەوە، لەنێو حزبێک کاری خۆی ناکات، بۆیە دەڵێم هونەرمەند دەبێ ئازادییەکی ڕەهای هەبێت.

**– تۆ چوونە نێو هونەری ڕاستەقینە بە ململانێ دەچوێنی، دەکرێ بزانین ئەو ملاملانێیە چییە کە دەڵێی تائێستاش تێیدا دەژیم؟**

+ هونەر ژیانێکە کە من تێیدا دەژیم، لەبەر ئەوەیە کە دەڵێم ململانێیەکە کۆتایی نایەت، چونکە کارکردن لەسەر تابلۆ کاتێکی زۆرت دەبات، بیرکردنەوەی ڕۆژانەم هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە، من حیسابی قۆناغەکانی ژیان دەکەم، کە هەر زەمەنێک لەپێشکەوتنی کۆمەڵگە پێداویستییەکانی ئینسان دەگۆڕێت، بەپێی ئەم گۆڕانانە هونەریش شێوازی دیکە وەردەگرێت، بۆیە من لەو دۆخەدام کە هەمیشە بەرپرسیارم لەم دۆخە نوێیەی کە دێتە ئاراوە.

**– هەست بەفیکر دەکرێ لەتابلۆکانتدا، بەڕاستی تۆ لەسەر بنەمایەکی فیکری کار دەکەی؟**

+ من زیاتر گرنگی بە فیکری

**“ بەڕای من نابێت شیعر بکرێت بەتابلۆ، یان تابلۆ بکرێت بە شیعر، دوو هونەری جیاوازن ”**





بەغدا ١٩٧٦



"

**من پێشوەختە بابەتێکی فیکریی پەیوەست بە واقیعێکی خەیاڵیی هونەری لای خۆم دەورووژێنم و بۆ جێبەجێکردنی ئامادەی دەکەم**

"

هونەریی دەدەم، ئەویش لەزنجیرە تابلۆیەک ئەنجامی دەدەم، نەک هەر تابلۆ و ناوونیشانێک (خەونی خەونەکان) هەروەکوو لەکەتەلۆگی پێشانگاکە باسم کردووە، ناوونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی نووسەری ئیتاڵی (ئەنتۆنیۆ تابووکی)یە کە هونەرمەند و برادەرم (جەلال ڕەئووف) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام من لێرەدا وەکوو چەمکێکی مێژوویی واقیعێکی دارماو و بێهوودەی کۆمەڵگەی خۆمانم بەکارهێناوە. بوونی ئێمە لەم ناوچەیە و مێژووەکەی لەخەون دەچێ، ئێستاشمان واقیعێکی دی نێو ئەم خەونەیە.

لەم زەمەنەدا گۆڕانی زۆر بەسەر هونەردا هاتووە، هیچ ڕێباز و قوتابخانەیێکی کۆنی هونەری نەماوە. ڕۆشنبیریی هونەری زۆر فراوان بووە، هونەرمەند ئەگەر خۆی بەبابەتی ڕۆژانە و ئێش و ئازاری کەسیی خەریک بکات و لە فیکر و فەلسەفە دووربکەوێتەوە، ئەوا لە بازنەیەکدا دەمێنێتەوە، بۆیە من پێشوەختە بابەتێکی فیکریی پەیوەست بە واقیعێکی خەیاڵیی هونەری لای خۆم دەورووژێنم و بۆ جێبەجێکردنی ئامادەی دەکەم.

**- قسەیەکت هەیە دەڵێی مەرج نییە لەتابلۆکە تێبگەی، تۆ ئەو قسەی خۆت چۆن لێکدەدەیەوە؟**

+ تابلۆ بابەتی بینینە، نەک خوێندنەوە. ئەوە ئەو پانتاییەیە کە بابەت و فیکری هونەرمەندەکەی بە کەرستەی جۆراوجۆر، ڕەنگ و هێڵ و تاریکی و ڕووناکی لەسەر دارێژراوە، بابەتێکی ئیستێتیکییە بەجۆرێک خۆی نمایش دەکات کە چێژێک دەبەخشێت، ڕەنگە پەیوەندی بە هونەرمەندەکەوە نەمابێت، بەڵکوو تابلۆکە خۆی ئامادەیە و مانای خۆی دەبەخشێ.

**- تۆ دەڵێی هونەری شێوەکاری لە هونەرە زەحمەتەکان بوو، مەبەستت ڕووە ماددییەکەیێتی، یان ڕووە هونەرییەکەی؟**

+ هونەری شێوەکاری پێشەکی کارێکی وەستایانەیە، واتە (عەمەلیە) دەبێ بەشێوەیەکی تۆکمە فێری ببین، لەڕووی توێکاری، پرێسپێکتیڤ واتە دوور و نزیکی، بەرجەستەکردنی فۆرم بە تاریکی و ڕووناکی، ناسینی ڕەنگەکان و زانینی تێکەڵاوکردنیان و زۆر بنەمای دی کە پێویستە هونەرمەند بیزانێ. ئەمانە لە لایەک لە لایەکی دی پێداویستییەکانی گەلێ زۆرن و بە نرخیش زۆر گرانن، هەروەها شوێنی تایبەتی پێویستە بۆ دروستکردنی تابلۆ، ئەوەش بۆ هونەرمەندی کەم دەرامەت زۆر زەحمەتە.

**قەرەنی جەمیل حەسەن Karani Jamil Hasan**

**١٩٥٤- لە هەولێر لەدایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە.**

**١٩٧٦- ١٩٧٧ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە بەغدا تەواو کردووە.**

**١٩٧٩- بەرەو ئیتاڵیا ڕۆیشت، تا ساڵی ١٩٨٤ لە ئیتاڵیا مایەوە، ١٩٨٤ بەرەو ئیسپانیا ڕۆیشت، تاکو ئەم ساڵانەی دوایی ٢٠٠٣ هەر لەوێ کاری هونەری کردووە. لە ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە کوردستان، دامەزرێنەر و سەرنووسەری گۆڤاری شێوەکاری بوو، مامۆستا بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر لە بەشی شێوەکاری.**

**پێشانگا تایبەتییەکان:**

**١٩٧٦- لە بەغدا هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، لەگەڵ هونەرمەندی تورکمانی جەمال ئیبراهیم.**

**١٩٧٧- لە هەولێر هۆڵی قوتابخانەی ئەیووبیە.**

**١٩٨٤- لە بەرشەلۆنە/ ئیسپانیا، هۆڵی Prat de lujanes**

**١٩٩٠- لە ڤالێنسیا/ ئیسپانیا، گەلەری Alhanas**

**٢٠٠٧- لە هەولێر هۆڵی میدیا**

**٢٠٠٨- لە سلێمانی گەلەری سەردەم**

**٢٠١٣- ئەرکیۆلۆژیای کات و شوێن، هۆڵی میدیا، هەولێر**

**٢٠١٨- ئینسانی وەهمی و وەهمی شارستانییەت، هۆڵی میدیا، هەولێر**

**٢٠١٩. ستیل لایف، هۆڵی میدیا، هەولێر.**

# هونەری

- **زەرورەتی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان لەدیدی هونەرمەندان**

- **هەڵوەستەیەک لەهەمبەر فێستیڤاڵە کلتوورییەکان**

حەمەسوار عەزیز

- **ئامانج و زەرورەتی فێستیڤاڵ**

شکۆ عومەر کاکەڕەش

# زەروروتی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان لەدیدی هونەرمەندان

**ماوەیەکە لەهەرێمی کوردستان فێستیڤاڵ بەناوی نێودەوڵەتی سازدەکرێت. ئایا سازکردن و ئەنجامدانی ئەو فێستیڤاڵانە گرنگن و کاریگەریان لەسەر برەوپێدانی بواری هونەری هەیە، یاخود تەنها چەند ڕۆژێکە و دوای تەواوبوونی فێستیڤاڵەکان بابەتەکانیش کۆتاییان دێت و هیچ کاریگەرییەک جێناهێڵن.**

**لەم ژمارەیەی گۆڤاری (دیوان)دا تەوەرێکمان ئامادەکردووەو دەمانەوێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین:**

**- ئەنجامدانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی گرنگە یان نا؟**

**- هونەرە جیاوازەکانی کورد گەیشتووەتە ئەو ئاستەی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بۆ سازبکرێت؟**

**- ئەنجامدانی فێستیڤاڵ گرنگترە، یاخود ڕەخساندنی زەمینەی گەشەسەندنی هونەرە جیاوازەکان و پەرەدان بەتوانای هونەرمەندانی خۆماڵی؟**

**- پێتوایە ئەم فێستیڤاڵانە کاریگەری لەسەر پێشخستنی هونەر لەهەرێمی کوردستان دروست بکەن؟**

**- فێستیڤاڵ لەشاری بێ هۆڵ و بێ ژێرخانی سینەما و شانۆ و میوزیک ئەنجام دەدرێت؟**

**- تاچەند لەگەڵ ئەو دابەشکارییەی کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری کراوەو:فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆ لەهەولێر، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما لەدهۆک، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی میوزیک لەسلێمانی؟**

**بۆ ئەم تەوەرە هەریەک لە»فەرهەنگ غەفوور- بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیریی و هونەری هەولێر، شاخەوان عەبدوڵلا- سینەماکار، هەوراز محەمەد- سینەماکار» وەڵامی پرسیارەکانی «دیوان»یان داوەتەوە، هەریەک لە»حەمەسوار عەزیز-ڕەخنەگر و نووسەر، شکۆ عومەر- بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی کەرکووک» بە وتار بەشداری تەوەرەکەیان کردوە.**

**فەرهەنگ غەفوور:**
**ئەوەتا ڕۆژانە دەبیستین خەڵاتی باش دەدرێتە فیلم و هونەرمەند و دەستەبژێری ئەدەبی و هونەریی کوردی**

**فەرهەنگ غەفوور:**

فێستیڤاڵ، چالاکییەکی بەرفراوانە، بۆ ئەوەی بەرهەم و تواناکان و کلتوور و ئاستی ڕۆشنبیریی و داهێنان، لەلایەن هونەرمەندان و دەستەبژێری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پیشانی ناوەخۆ و دەرەوە بدرێن و وەکوو ئەزموونێک لەیەکێک لەقۆناغەکاندا تەماشا بکرێن.
باشووری کوردستان تادوای ڕاپەڕین دەرفەتی بۆ ئەم چالاکییە نەبووە، ئەگەر شتێکیش بەناوی (مهرەجان) ەوە هەبووبێ، ئەوا دەبووا بەپێی ڕەسم و سیاسەتی بەعس بەڕێوە چووبا، یان لانی کەم سانسۆری زۆری دەخرایە سەر و دەبووایە هونەرمەندانی دڵسۆزی کورد لەژێر پەردە و بە دەربڕینی جیاواز، لەکار و بەرهەمە هونەری و ئەدەبی و کلتوورییەکان، گوزارشتیان لەخواستە نەتەوەییەکانی خۆیان کردبا، هەڵبەتە ئەمەش بێ مەترسی و زیان نەبووە.
لەدوای ڕاپەڕین تائاستێک ئاوڕ لەو لایەنە دراوەتەوە و شاندی کوردی بۆ بەشداریی فێستیڤاڵ چوونەتە وڵاتان و هی وڵاتانیش هاتوونەتە کوردستان و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کلتووری و هونەریی کراوە و سوود لەئەزموونی یەکدی وەرگیراوە.
لەو مەیدانەدا وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەنێو وەزارەتیشدا بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هونەر و ڕۆشنبیریی لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەهەولێری پایتەخت، سەرەڕای دەست تەنگیی دارایی حکوومەت و ئەو قەیران و کێشانەی بەهۆی شەڕی داعش و ڕاگرتنی بودجە و قووتی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵ لەلایەک و نەبوونی هۆڵ و شوێنی گونجاو و مۆدێرن بۆ ئەنجامدانی فێستیڤاڵی بەرفراوان و گەورە، کەچی هێشتا ئەوەی لەتوانادا بووبێ درێغی نەکراوە و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دەیان فێستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی و کلتووری لەشار و شارۆچکەکانی هەرێمی


فەرهەنگ غەفوور

کوردستان بەڕێوە چوون و بەرهەم و سەلیقەی جوانیان پێشکەش کردووە، بۆ لەمەودواش، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هونەری و ڕۆشنبیریی لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، خواستی زیاتریان بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی و فێستیڤاڵی جۆراوجۆر هەیە و هەر دەرفەتێک هەبێ لەدەستی نادەین و کاری بۆ دەکەین. بۆ ئەمەش چاوەڕوانیی ئەوەمان لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە پاڵپشتی و ئاسانکاریمان بۆ بکات.

هەڵبەتە ئەوەش دەزانین، کە هیچ کارێک بێ کەموکورتی نابێ، لەناویشیاندا فێستیڤاڵەکان، بەڵام خواست و ئیرادەی ئێمە بۆ چالاکی و خزمەتکردن وادەکات، سەرباری هەموو کێماسی و دەست تەنگی و گرفتەکان، پەرە بەو لایەنە بدەین و کاریش دەکەین بۆ لەمەودوا بەشێوەی باشتر و لەئاستی بەرزتر ئەنجامیان بدەین.

**(١)**

بێگومان هەموو جۆرە فێستیڤاڵێک گرنگیی خۆی هەیە، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتییش گرنگی و کاریگەریی ئەرێنی هەیە لەگەشەپێدانی کولتووری و پێگەی هونەر و ڕۆشنبیری، هەر لە ئاڵوگۆڕی هونەری، تا دەگاتە سوودوەرگرتن لەئەزموونی یەکدی.

**(٢)**

هونەری کوردی بەهەموو بەش و لقە جیاوازەکانییەوە، لەئەزموونێکی باشدایە، دەکرێ و شایەنی ئەوەیە هەندێ لەو شاکارە هونەرییە بەرزانە پیشانی دەرەوە و ناوەخۆش بدرێ.

**(٣)**

هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، سازکردنی فێستیڤاڵ و ڕەخساندنی زەمینەی لەبار، کە بەهۆی ئەو هەموو قەیرانە دارایی و شەڕی داعش و کۆمەڵێک کێشە و گرفت، بەپێی پێویست حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان نەیتوانیوە سەپۆرتی بکات.

**(٤)**

پێم وایە نەک کاریگەریی دەبێ، بەڵکوو زۆر زەروورە سوود لەئەزموونی گەلان وەربگیرێ، چون ئەوە بەشێکی گرنگە لەبونیادی پێشخستنی هونەر بەگشتی.

**(٥)**

ڕاستە کێشەی هۆڵ و کەرەستە و پێداویستییەکانی ناوهۆڵمان هەیە، بەڵام ناکرێ ئێمەش دەستەوەستان بەدیار قەیرانەکانەوە بوەستین و هیچ شتێک نەکەین و فێستیڤاڵ و جموجۆڵەکان ڕابگیرێن، کە من پێموایە ئێمە خاوەن ژێرخانێکی باشی کلتوورین و ڕووی ئەوەمان هەیە ئەگەر پاڵپشتیی زیاترمان هەبێ، شاکاری گەورە پێشکەش بکەین، ئەوەتا ڕۆژانە دەبیستین خەڵاتی باش دەدرێتە فیلم و هونەرمەند و دەستەبژێری ئەدەبی و هونەریی کورد.

**(٦)**

پێموایە کارێکی باشە، لەبەرئەوەی لەهەرێمێکی بچووکدا، کە لەچەند شارێک پێکهاتووە، ناکرێ چوار فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەما و سێ چوار فێستیڤاڵی شانۆ و.. هتد هەبن، واباشترە فێستیڤاڵەکان لەڕووی کوالێتییەوە گرنگییان پێ بدرێ، باهەر ساڵە و لەشارێک بێ، یان ئەگەر ئەوەش نەکرێ، خۆ دەکرێ لەهەر شارە و بەبێ جیاوازی کاریان بۆ بکرێ، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە فێستیڤاڵە لۆکاڵی و نێوخۆییەکانیش لەشارەکان قەتیس بکرێن.

**شاخەوان عەبدوڵڵا سینەماکارو دەرهێنەر، کە بەشێک لەبەرهەمەکانی لەفێستیڤاڵەکان نمایشکراوە، هاوکات خاوەنی ژمارەیەک خەڵاتە، وەڵامی پرسیارەکانی «دیوان»ی بەم شێوەیە دایەوە:**

**(١)**

ئەنجامدانی فێستیڤاڵ گرنگ و پێویستە، بەڵام ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە بۆ سەرکەوتنی فێستیڤاڵەکە گرنگن دەبێت ڕەچاو بکرێن و بوونیان هەبێت وەک:

-بەرهەمی ناوخۆ کە ئەمە سەرەکیترین خاڵی باشی فێستیڤاڵەکەیە، دەبێت چەند بەرهەمێکی باش لەهەموو ڕووەکانەوە (چیرۆک + سیناریۆ + دەرهێنان + نواندن + تەکنیک .....)



**شاخەوان عەبدوڵڵا**

هەبن تابکرێ ئەم بەرهەمانە کێبرکێی بەرهەمەکانی دەرەوەی پێبکرێت کە هێنراون بۆ فێستیڤاڵەکە.

– بودجەیەکی باش و پێویست دابین بکرێ، ئەم بودجەیە وادەکات کە بتوانرێ میوانی باشتر (دەرهێنەر و ئەکتەر و بەرهەمهێنەر و ڕەخنەگر) بانگهێشتی فێستیڤاڵەکە بکرێن بۆ ئەوەی لەوماوەی کە میوانی فێستیڤاڵن، هەم وۆرکشۆپ و هەم لەشێوەی ماسترکلاس سوودیان لێوەربگیرێت.

– ستافی پەیوەندییەکان لەکەسانی شارەزا و بە ئەزموون دورست بکرێ، کە بتوانن کۆمەڵێک فیلمی باش و نوێ بهێنن بۆناو پێشبرکێ و نمایش.

– ڕێکخستنی دیدار و کۆبوونەوەی میوانانی فێستیڤاڵ لەگەڵ فیلمسازەکانی ناوخۆ، بۆ زیاتر لەیەک نزیک بوونەوە و دروستکردنی کۆنتاکت و کاری هاوبەش بۆ داهاتوو کە سوود لەئەزموونی یەکدی وەربگرن.

**(٢)**

ئەگەر بە گوێرەی ئاستی ئەوبەرهەمانە بێ، کە بۆ فێستیڤاڵ بانگکراون. من دەڵێم: بەڵێ لەو ئاستەین و بگرە باشتریش، چونکە ئەزموونمان کردووە، بەرهەمی دەرەوەش زۆر بانگکراون، وەکوو کاری هونەریش، بەرهەمەکانی ناوخۆ باشتربوون، بەڵام ئەگەر گۆرانکاری بکرێت لەو کەس و بەرهەمانەی کە تائێستا بەرهەمەکانیان لەپێشبرکێی فێستیڤاڵەکاندا بوونیان هەبووە، ئەوە دەڵێم لەهەندێک کار و بەرهەمەوە سەرەتامانە و دەکرێت باشتر و زیاتر هەوڵبدەین، تابتوانین پێشبرکێ

بکەین بۆیە دەڵێم ستافی دیاریکردنی بەرهەمی دەرەوە و هێنانی بەرهەماکان و میوانەکان زۆر گرنگن.

(٣)

وەک پێشتر باسمکرد، خاڵی سەرەکی سەرکەوتن ئەوەیە، دەبێ بەرهەمی خۆت هەبێت و بەشداری بکات لەگەڵ بەرهەمەکانی میوان، کە بانگهێشت کراون، بەڵام ئەم بەرهەمانەش دەبێ باش و کوالیتی بن لەهەموو ڕووەکانەوە (دەرهێنان و سیناریۆ و نواندن و تەکنیک) چونکە ئەگەر بەرهەمی ناوخۆ بوونی نەبێت لەفێستیڤاڵەکە، ئەوە دەبێتە نمایشی فیلمەکانی میوان و پاشان بەخشینی خەڵات بەوبەرهەمانەی دەرەوە، بەداخەوە چەندجارێک ئەوەمان لەفێستیڤاڵەکانی پێشتر بینیووە ئێمە تەنها بینەر بووین، هیچ جۆرە

> *شاخەوان عەبدوڵڵا:*
> ***ئەگەر بە گوێرەی ئاستی ئەوبەرهەمانە بێ، کە بۆ فێستیڤاڵ بانگکراون ، من دەڵێم: بەڵێ لەو ئاستەین و بگرە باشتریش***

پێشبڕکێ و ڕکابەرییەک لە نێوان بەرهەمی ناوخۆ و دەرەوەدا نەبوو. واتە پێش فێستیڤاڵ، زیادکردن و باشترکردنی بەرهەمەکان گرنگە .

(٤)

بۆ هونەرمەندانی کوردستان، سازکردنی فێستیڤاڵ گرنگە، چونکە هەروەکوو لەمانای وشەکەوە دەردەکەوێت، کە بەمانای ئاهەنگ دێت. لەم ئاهەنگەدا، بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، دەتوانین کاری زۆر بکەین، وەکوو کردنەوەی وۆرکشۆپ و خولی تایبەت و بینینی کاری یەکدی و گفتوگۆکردن و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەرهێنەر و بەرهەم هێنەرانی میوان، وەکوو گوتوومە: دەبێت کەسانی شارەزا و بە ئەزمون بانگبکرێن، تا بتوانین سوودیان لێوەربگرین و کاری هاوبەش بکەین، نەک تەنیا بۆ ئەوەی بڵێین میوانی بیانی بانگکراون .

(٥)

سەبارەت بە هۆڵ، هیچ کێشەیەک نییە و بەشی ئەوە هەیە کە نمایشی تیا بکرێت، بەڵام چی نمایش دەکەیت، بەرهەممان هەیە؟ بەرهەمەکانمان چۆنە؟ کێن ئەوانەی بەرهەمەکانیان نمایش دەکرێت؟ بۆیە ئێمە دەبێت لەڕووی کارێکی تەواو هونەرییەوە، هەوڵی زیادکردنی بەرهەم بدەین.

(٦)

ئەگەر فێستیڤاڵ پێرفێکت بێ و خاڵە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی تیابێت، هیچ کێشەیێک نییە لەچ شارێک دەکرێت، بەڵام ئەگەر نەبێتە بابەتی شارچێتی و ناوچەگەرێتی، ئەوە شاری سلێمانی کەهەر وەکوو پایتەختی ڕۆشنبیری ناونراوە دەبووایە بەشێکی سەرەکی فێستیڤاڵەکان لەم شارە بوایە، وەکوو مێژووی هونەرەکانیش ئاشکرایە، سەرەتاکانیان لەسلێمانی بووە، بەتایبەتی فێستیڤاڵی سینەما، کە لەساڵی ١٩٩٩ یەکەمین فێستیڤاڵ لەسلێمانی کراوە. لەڕووی بینەری فیلم و سینەماشەوە سەلمێنراوە، کە بینەر لەم شارە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ شاری دهۆک. لەڕووی بەرهەم هێنانیشەوە ئەگەر ببینین لەسلێمانی بەرهەمهێنانی فیلم زیاترە، وەک لەشارەکانی دی، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستاش بێ و لەشاری دهۆکی خۆشەویستیش بێ هیچ کێشەیەک نییە، باشارەکانی دیکەش بەرهەمی باش دروست بکەن.

وەکوو پێشنیارێک ئەمە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەڵێم: کە هەر فێستیڤاڵێک لەچ شارێک بێت، شارەکانی دی بودجەیان بۆتەرخان بکرێت بۆ بەرهەمهێنان و بەشداری پێکردنیان لەفێستیڤاڵەکە، بۆنموونە فیێستیڤاڵی شانۆ لەهەولێرە، بەڵام بودجە بۆ دهۆک و سلێمانی دابنرێت بۆ بەرهەمی شانۆیی بۆ ئەوەی بەشداری لە فێستیڤاڵەکەدا بکەن. بۆ سینەماش بودجە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم لە شاری سلێمانی و هەولێر تەرخان بکەن.

**هەوراز محەمەد سینەماکارو سیناریست و هاوکات یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانە، بەرهەمەکانی لەچەندین فێستیڤاڵی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی نمایشکراوە و خەڵاتی بەدەست هێناوە**

(١)

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، دەبێت بچینەوە سەر بەراوردێک لەنێوان جۆرە جیاوازەکانی فێستیڤاڵەکان لەچەند ساڵی ڕابردوودا. سەرەتا فێستیڤاڵەکان ناوخۆیی بوون، لەڕوویەکەوە، تاڕادەیەک ئەزموونی بوون، جۆری فیلمەکان و ڕێکخستنی فێستیڤاڵیش سادە بوون، وێڕای بوونی چەندین کێشەی کوالێتی و دەنگ و کارەبا و بچووکی و خراپی هۆڵەکانیش، بەڵام لەبەر هەستکردن بەگرنگی بابەتەکە و تازەییەکەی، بەشێوەیەک گەرموگوڕ بوو، کە پێشوازییەکی زۆری لێکرا، بەتایبەت لەخولی یەکەمی فێستیڤاڵی چلە نێرگزی ئاڵتونی، کە ساڵی ١٩٩٩ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) ڕێکیان خستبوو، لەباری مێژووییەوە ئەمە یەکەمین فێستیڤاڵی فیلم بوو لەسەرئاستی هەرچوارپارچەی کوردستان. دوای تێپەڕبوونی چەند خولێک ئەم فێستیڤاڵە وەستا، لەوکاتەوە چەند جۆری دیکەی فێستیڤاڵی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی لەشارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەولێر و هەڵەبجە و ڕانیە، ڕێکخراون. فێستیڤاڵە ناوخۆییەکان بوون بە پاڵنەرێکی هەرە گرنگ بۆ فیلمسازان کە فیلم بەرهەم بهێنن، لەقۆناغی دیکەدا فێستیڤاڵی فیلمی کوردی کە بەڕێوەبەرێتی هونەری سینەمای سلێمانی ڕێکیدەخست، فێستیڤاڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان، فێستیڤاڵی تەواری یەکێتی ژنان و لاوان. لەو فێستیڤاڵانەدا کوردانی پارچەکانی دیکەش بە فیلم بەشداریان دەکرد، بەتایبەتیش لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە. واتە وڵاتانی دراوسێش بە فیلم بەشدار دەبوون، ئەمە ئاستی فێستیڤاڵەکانی بردە قۆناغی



**هەوراز محەمەد**

نێونەتەوەیی. ئەمەش زۆرگرنگ بوو، چونکە قۆناغی بەریەککەوتنی کلتوری و قۆناغی ئاڵوگۆڕی ئەزموونی و کاری هاوبەشی هێنایە پێش، بەشێوەیێک توانرا سوود لەتوانا و ئەزموونی فیلمسازەکانی ڕۆژهەڵات وەربگیرێ، چەندین بەرهەمی هاوبەش دروست بوون و زۆرێک لە فیلسازەکانی ڕۆژهەڵات هاتنە باشور و فیلمیان دروستکرد. لەم قۆناغەشدا کەموکوڕییەکان هەر هەبوون و گەرموگوڕیش هەر وەک جاران بوو، لەباری چەندێتی و چۆنێتیشەوە فیلمەکان ئاستەکانیان بەرزبۆوە. هەر لەم قۆناغەدا فێستیڤاڵەکان بەرەو تایبەتمەندی چوون و فیلم بۆ زۆر مەبەستی جیاواز و فێستیڤاڵ بۆ چەند مەبەستی جیاواز دروستکران، فێستیڤاڵی لاوان بۆ هاندانی فیلمسازی لاو، فێستیڤاڵی ژنان بۆ باسکردن لە دۆزی ژن، دوو فێستیڤاڵی فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەجیا (هەڵەبجە، دیداری چرا) فێستیڤاڵی فیلمی منداڵان کە لەشارۆچکەی ڕانیە ئەنجام دەدرا، فێستیڤاڵی دژی توندوتیژی و دژی تیرۆریش. ئەمە جگە لەدیداری چوون و هاتن لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا، سنە و سلێمانی و دهۆک و هەولێر و ئامەد و ماردین و..هتد. هاتنە ئارا و بیرکردنەوە لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتی، کە هێندەی من بزانم یەکەم خولی ئەم شێوازە لەفێستیڤاڵ بریتی بوو لەفێستیڤاڵی (دهۆک_بەرلین) کە بوو بە دایکانەی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک، دواتریش بەهەمان شێوە فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانیش سازدرا و هێشتا هەردووکیان بەردەوامن. لەم قۆناغەدا ئاڵوگۆڕی کلتووری سینەمای گەلان و هاتنی گەورە سینەماکارانی جیهان بۆ کوردستان و دروستکردنی پردی پەیوەندی و ناساندنی دۆزی کورد بە سینەماکاران و نیشاندانی وێنەی تۆلێرانس و مرۆڤدۆستی کورد بەوان شتێکی هەرە باشی ئەم پەیوەندیانە بوو، بەڵام لەبەرامبەردا هێشتا هیچ یەکێک لەو دوو فێستیڤاڵە وەکوو پێویست نەیانتوانی چۆن فیلم و فیلمسازانی دەرەکی هاوردە بکەن و فیلم و فیلمسازەکانی کوردیش بنێرنە دەرەوە، بۆ نمایشی فیلمی کوردی پەنجەرەی تایبەت لەفێستیڤاڵە جیهانییەکان وەربگرن، کە دەبوو ئەم ئەرکە باشتر بەڕێوە ببەن، بۆیە هێنانی فیلمسازی دەرەوە، بێ ئەوەی لەگەڵ خۆیاندا فیلمی کوردی ببەنەوە، واتە فێستیڤاڵەکان ئەگەر تەنها بۆ نمایش بێ، ئەوە بودجەی زێدەی ئەم گەشتانە بەفیڕۆ دەڕوات. بەمشێوەیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارە سەرەکییەکە، ئەوە دەتوانین بڵێین بوونی هەر ئیڤێنت و فێستیڤاڵێک بەهەموو جۆرەکانییەوە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لەپێناو چاکسازی بەردەوامدا، دەبێت هەمیشە چاوی ڕەخنە لەسەر کەموکورتییەکان بن.

**(٢)**

لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە بەرهەمهێنانی فیلم و ڕێکخستنی فێستیڤاڵ دوانەی یەکدی تەواو دەکەن و هەردووکیان پێکەوە بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی فیلمسازیی کورد پێویستییەکی حەتمین، بەڵام بێ بوونی بەرهەمی ناوخۆیی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانمان لە ئەرزشیان کەم دەبێتەوە. بۆیە چەند پێویستە فێستیڤاڵ ئەنجامبدرێ، هێندەش گرنگە فیلم بەرهەمبهێنرێت، ئەو دوانە بێ یەکدی کەم و کورت دەمێننەوە. من پێموایە ئاستی بەرهەمەکان باشن، لەماوەی ساڵانی ڕابردووشدا ئەوە سەلماوە کە فیلمە کوردییەکان بەشداری فێستیڤاڵە جیهانیەکانیان کردووە و توانیویانە خەڵات وەربگرن، بۆیە لەسەر ئاستی ناوەوەی وڵاتیش، بەڵێ بەرهەمەکان لەو ئاستەدان، فێستیڤاڵیان بۆ بکرێت، گرنگ ئەوەیە بەرهەمهێنان زیاد بکات.

**(٥)**

ڕاستە ئێمە شارەکانمان لەڕووی ژێرخان و بونیادی ماتریاڵی لەباری هونەریدا لاوازن، کەمی هۆڵەکانی سینەما و نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بە کۆنسێرت بۆ ئۆرکێسترا و کۆنی هۆڵەکانی شانۆ ئاماژەن بۆ ئەوەی دەبێت لەم ڕووەشەوە کەرتی گشتی (حکومەت) بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە بکات، بەڵام ناتوانین لەبەر ئەوەی هۆڵەکانمان کوالیتیان باش نییە فێستیڤاڵەکانمان نەکەین، چونکە سەرخانی مەعریفی ڕێک ئەوە دەخوازێت کە بەردەوامی هەبێت..


**(٦)**

## هەوراز محەمەد:

## پێموایە ئەو دابەشکاریە نادادیە، باشتر وایە هەڵبوەشێتەوە و لەبەرامبەدا تایبەتمەندی و جیاوازی دروست بکرێت

بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو دابەشکاریەدا نیم، بەڵکوو لەگەڵ بیرۆکەی تایبەتمەندی و جیاوازیم، دەکرێت هەموو شارەکان هەموو فێستیڤاڵێکی هونەری تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام هانی لایەنەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بدەن، کە تایبەتمەندی دروست ببێت، نەک ئەو ڕەگەزی نمایشی (شۆ)یەی ئێستا فێستیڤاڵەکان پێوەی سەرقاڵن، هێندەی بودجە بۆ کەمالیات سەرف دەکەن، بۆ ناوەڕۆکی بکەن، کتێب و گۆڤار چاپ بکەن، کۆڕ و سیمیناری جدی و ڕاستەقینە ئەنجام بدەن. پێموایە ئەو دابەشکاریە نادادیە، باشتر وایە هەڵبوەشێتەوە و لەبەرامبەدا تایبەتماندی و جیاوازی دروست بکرێت و هەموو شار و شارۆچکەکان بەهرەدار بکرێن لەهەموو شێوازەکانی ئیڤێنت و چالاکی هونەری و کلتوری.

# هەڵوەستەیەک لەهەمبەر فێستیڤاڵە کلتوورییەکان



حەمەسوار عەزیز

بوونی فێستیڤاڵی هونەری و کلتووری لەهەر وڵاتێکدا بایەخی خۆی هەیە و کاریگەری ئەرێنی گەورە بەدوای خۆییدا دێنێت، فێستیڤاڵە بەرنامەداڕێژراو و سەرکەوتووەکان کاریگەری گەورە لەسەر کۆمەڵێک سێکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری دادەنێن و دەتوانن یارمەتی بووژاندنەوەی ئەو ڕووبەرە بدەن کە فێستیڤاڵی تیادا ڕێکدەخرێت، نەوەکو تەنها لەڕووی هونەری و کلتوورییەوە ، بەڵکوو لەڕووی سیاسی و ئابووری و گەشەسەندنی گەشتیاری، تەنانەت لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەری هەیە و خەڵکانی ئەو دەڤەرە هەست بە جۆرێک لەدڵنیایی و ئاسوودەیی دەکەن کە دەبینن ئەو ڕووبەرەی ئەوان بۆتە ڕووبەرێکی گرنگ و لەهەموو جیهانەوە بایەخی پێدەدرێت، بۆ نموونە فێستیڤاڵی شانۆیی ئەڤینیۆن کە ساڵانە لەوڵاتی فەڕەنسا ڕێکدەخرێت، وایکردووە ئەم ڕووبەرە ببێتە پێگەیەکی گرنگی گەشەسەندنی کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت فێستیڤاڵەکانی فەجری ئێران و قورتاجی تونس و قاهیرەی ئەزموونگەری میسر، کاریگەری زۆر گەورەیان لەسەر نەخشەی فەرهەنگی و هونەری ئەو وڵاتانە هەیە لەنێو دونیا فراوانەکەی داهێنان و ئەفراندن، بۆیە بە بڕوای من بوونی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی گرنگە و کاریگەری زۆر گەورەش دروست دەکات، ئەگەر فێستیڤاڵەکە بەباشی ڕێکخرابێت و ئامانجەکانی ڕوون بن

> **سوودی چییە تۆ جارێکی دی لەڕێگەی فێستیڤاڵێکی هونەرییەوە برینەکانی گەرمیان دەکوڵێنێتەوە و زامداریان دەکەیتەوە، گەرمیان پێویستی بەفێستیڤاڵی ژیانە نەوەکوو مەرگ**

و بتوانن ببن بە دەروازەیەک بۆ بەستنەوەی هونەری لۆکاڵی ئەو وڵات و دەڤەرە بە نەخشەی کلتووری جیهانی، ئەمە جگە لەوەی لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، کاریگەری ئیجابی لەسەر ئەو دەڤەرە دروست دەکات، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئایا دەتوانین فێستیڤاڵ بکەین و ژێرخانی گونجاومان نەبێت بۆ سازدانی فێستیڤاڵ؟ من پێموایە فاکتەرێکی گرنگی سەرکەوتنی فێستیڤاڵ، جگە لەلایەنی ڕێکخستن و مارکێتینگ و کوالیتی هونەری، مەسەلەی ژێرخانە، سەختە تۆ فێستیڤاڵ دروست بکەیت و ژێرخانی دروستکردنی فێستیڤاڵت نەبێت، بۆیە بەقەد گرنگی فێستیڤاڵ، ئاوڕدانەوە لەژێرخان و دروستکردنی بیناو شوێنی گونجاو بۆ چالاکییەکان گرنگترە و دەبێ زۆر بە بایەخەوە کاری بۆ بکرێت و لەبەر چاو بگیرێت، لەلایەکی دیکەوە نابێ فێستیڤاڵ ببێتە جێگرەوە و بەدیلی کاری هونەری لەو شارە، ئیدی مادام فێستیڤاڵ هەیە، پێویست بەکاری هونەری ناکات، بە پێچەوانەوە بوونی فێستیڤاڵ ئەوکاتە گرنگە کە شارەکە تەژییە لەکاری هونەری و پێویستی بەپێشبڕکێیەکی هونەری هەیە تائاستەکان جیابکرێنەوە و ململانێی داهێنەرانەی هونەری زیاتر لەنێو هونەرمەندان دروست بێت، ئەگەر شانۆت نەبێت، پێویستە لەپاڵ دروستکردنی فێستیڤاڵی شانۆیی، هەوڵبدەیت تیپ و گرووپە شانۆییەکان بخەیتە کار و چالاکی بەردەوام هەبێت تافێستیڤاڵ بتوانێت هێز لەو چالاکییانە وەربگرێت و نەبێتە ڕووداوێکی دەگمەن، ساڵی جارێک، یان دوو ساڵ جارێک خەڵک لەڕێگەی فێستیڤاڵەوە شانۆی بیر بێتەو. ئەو دابەشکردنەی دوایی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دابەشکردنێکی زۆر ناهونەری و دیراسە نەکراوە، وەزارەت ناتوانێت لەخۆیەوە فێستیڤاڵ وەکوو خەڵات بەسەر شارەکاندا ببەخشێتەوە، جگە لەوەش وەزارت نەیتوانیوە ئەو ڤێستیڤالانەی ئیقراری کردووە ببێتە فێستیڤاڵی هەموو کوردستان و هەموو هونەرمەندانی کوردستان لێی سوودمەند بن، بەپێچەوانەوە، هێشتا جۆرێک لەناوچەگەری و ئینتمای حزبی بە فێستیڤاڵەکانەوە دیارە و ناتوانن لەو بازنەیە دەربچن، هەندێ فێستیڤاڵیش زۆر بێبەرنامە خراونەتە سنوورێکەوە، بۆ نموونە فێستیڤاڵی جینۆساید دراوەتە گەرمیان، لە کاتێکدا ئەو دەڤەرە نزیکەی پەنجا ساڵە لەنێو کوشتن و بڕین و سڕینەوە و لەناوبردندایە، سوودی چییە تۆ جارێکی دی لەڕێگەی فێستیڤاڵێکی هونەرییەوە برینەکانی گەرمیان دەکولێنیتەوە و زامداریان دەکەیتەوە، گەرمیان پێویستی بەفێستیڤاڵی ژیانە نەوەکوو مەرگ، تاکەی مەرگ بەسەر ئەو ڕووبەرە دەبەخشنەوە؟!



# ئامانج و زەرورەتی فێستیڤاڵ



شکۆ عومەر کاکەڕەش

فێستیڤاڵ وێستگەیەکی گرنگی هەر کایەیەکی هونەری و کلتورییە، کە تێیدا ئایدیا جیاوازەکان بەریەکتر دەکەون و ڕەنگە لەئەنجامدا پڕۆژە و کاری هاوبەشی لێبکەوێتەوە. ئەمە جگە لەنوێکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی نێوان ئامادەبووان، کە وادەکات کەمتر دەرفەت بۆ ڕق دروست ببێت و زیاتر بیر لەئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان و دروستبوونی کاری پێکەوەیی بکرێتەوە. بۆیە بەدڵنیاییەوە ڕێکخستن و ئەنجامدانی فێستیڤاڵ کاریگەری دوورمەودا، لەسەر کایەی کلتوری دادەنێت و دەبێتە پردی پەیوەندنی نێوان هونەرمەندان. بەڵام پێویستە ڕێکخەرانی فێستیڤاڵ، لەبارەی کارەکەیانەوە، بەرلەهەر شتێک پلان و نەخشەی پێشوەختەیان هەبێت، تاکوو بەرلەدەستپێک بەرچاویان ڕوون بێت، کە ئایا دەتوانن تاچەند ڕێژەی سەرکەوتن و پێکانی ئامانجەکەیان ببینن، پێویستە چی بکرێت؟

بەو واتایەی کە فێستیڤاڵ بەپێی پێویستی جوگرافیاکە ئەنجام بدرێت، نەک تەنها سازدانی فێستیڤاڵ لەپێناوی فێستیڤاڵ و بەبێ دیاریکردنی ئامانج و دیدگایەکی ڕوونی پێشوەختە، هاوکات پێویستە هەڵسەنگاندنی ورد، بۆ توانا مرۆیی و مادییەکانی بکرێت و بیر لەوە بکرێتەوە کە تاچەند دەکرێ کۆنترۆڵی کارەکانی فێستیڤاڵ و خزمەتگوزارییەکانی بکرێت، تا بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە بەڕێوەبچێت. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە ئایا ئێمە دەتوانین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بۆ خستنەڕووی هونەرەکانمان سازبکەین؟ بەڕای من ئەوە ئەرکێکی زۆر قورسە کە بنەما و دیسپلین و چوارچێوەی تایبەت بەخۆی هەیە و ڕەنگە ئەگەر خاترانەی تێدا نەبێت، بتوانین بڵێین ئێمە تائێستا نەمانتوانیوە یەکدانە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئەوتۆ ساز بکەین، لەهیچ بوارێکدا کە تێیدا ڕەچاوی تەواوی بنەما

> **“ توانیمان ئەزموونی شانۆیی شانۆکارانی خۆرهەڵات و خۆراوا و باکوور و باشوور لەفێستیڤاڵێکدا کۆبکەینەوە و دیدگای جیاواز بخەینەڕوو ”**

و پێوەرە سەرەکییەکانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی تێدابووبێت، چونکە ئەوەی تائێستا لەسەرجەم بوارەکاندا پێشکەشکراوە تەنها بانگهێشتکردنی چەند هونەرمەندێکی دیاریکراوی هەندێ وڵاتە کە ڕەنگە لەپۆلێنبەندی




هونەردا لەپلەکانی دە و یانزە و بگرە ئەولاتریش بن، واتە کەمترین جار هەڵکەوتووە کە هونەرمەند و بەرهەمێکی هونەری نێودەوڵەتی و ژمارەییێک، یان دوو، لەسەرئاستی جیهان بانگهێشتی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی کوردستان کرابێتن، دیارە ئەمەش هۆکاری زۆری لەپشتەوەیە کە گرنگترینیان خۆی لەنەبوونی زەمینەسازی و ژێرخانی هونەری و کارگێڕی ئێمەدا دەبینێتەوە. جگە لەوە ئێمە کاتێ دەتوانین بڵێین خاوەنی فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتین کە لانیکەم بەرهەمی هونەری گەلانی جیهان لەسەرجەم کیشوەرەکان کۆبکەینەوە و بینەرانی خۆمانیان پێ ئاشنا بکەین، کە پێموانیە تائێستا توانیبێتمان ئەمەش بکەین. بۆیە بێگومان ڕەخساندنی زەمینەسازی پێشوەختە بۆ پێگەیاندنی هونەرمەندی خۆماڵی گرنگە کە یەکێک لەڕەگەزەکانی ئەو ڕەخساندنە ئەنجامدانی فێستیڤاڵ و ئاشناکردنی هونەرمەندانی خۆماڵییە بە ئەزموونی جیاوازی گەلانی دی. بەڵام دواجار پێموایە لەئێستادا ئێمە زیاتر توانامان بەسەر فێستیڤاڵی لۆکاڵی و ناوچەییدا دەشکێت و دەتوانین تێیدا سەرکەوتوو بین، وەکو لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتی، باشترین نموونەش بۆ ئەمە بوونی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوکە، کە لەسەرئاستی چوار پارچەی کوردستان ئەنجام دەدرێت و لەئاستێکی باشدا پێشوازی لێدەکرێت چ لەلایەنی خزمەتگوزارییەکان و چ لەلایەنی کوالێتی بەرهەمە شانۆییەکانەوە.

بێگومان بوونی هۆڵ و شوێنی تایبەت بەنمایش و ئوتێل و ڕێستۆرانتی پێشکەوتوو لەجوگرافیای ئەنجامدانی فێستیڤاڵ پێویستییەکی حەتمین و ناکرێت بەبێ ئەوانە بیر لەئەنجامدانی ئەو چالاکییانە بکرێتەوە، چونکە بیرمان نەچێ دواجا ئەوە فێستیڤاڵ و ڕێکخەرانییەتی کە بەوپەڕی ڕێزەوە بانگهێشتنامە ئاراستەی هونەرمەندان دەکەن، تاکوو ببنە میوانی فێستیڤاڵ، بۆیە مومکین نییە تۆ ئامادەیی تەواوت نەکردبێت و بانگهێشتی هونەرمەندان بکەین و نەشتوانی باشترین خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەیت. بەڵام لەحاڵەتی نەبوونی ئەو بابەتانەشدا ناکرێت بێخەم دانیشین و بیر لەئەڵتەرناتیڤ نەکەینەوە. بۆ نموونە ئێمە لەکەرکوک کاتێ دڵنیاین لەوەی کە لەئێستادا ئەستەمە بتوانین فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی ئەنجام بدەین لەبەر دەیان ڕێگری و گرفتی کارگێڕی و سیاسی و داراییەوە، بیرمان لەوە کردەوە کە فێستیڤاڵێکی نەتەوەیی کوردی ئەنجام بدەین و کارەکانمان تەنها لەو چوارچێوەیەدا ڕێکبخەین و تەواوی فۆکسمان بخەینە سەر شانۆی کوردستانی گەورە و شانۆکارانی کورد، خۆشبەختانەش توانیمان ئەزموونی شانۆیی شانۆکارانی خۆرهەڵات و خۆراوا و باکوور و باشوور لەفێستیڤاڵێکدا کۆبکەینەوە و دیدگای جیاواز بخەینەڕوو و ببین بە وێستگەیەک بۆ بەیەکگەیاندنی شانۆکارانی کورد و ئاوێتەکردنی ئەزموونەکانیان بەیەکدی.

***بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک و خوێندکاری ماستەر لەدەرهێنانی شانۆییدا**

# خوێندنەوەی کتێب

- ***لە پەراوێزی چەند کتێبێکی نوێی مێژوویی لەسەر هەولێر .. نووسینەوەی مێژووی هەولێر، یان دووبارەکردنەوە***

خەسرەو پیربال

- ***ڕۆمانی (سەپتۆلۆگین-Septologin ) یان پیاوێکی تر .. وێڵبوونە بەدوای خاڵێکدا.!***

ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵەیی

- ***ئیساغۆجی***

لە پەراوێزی چەند کتێبێکی نوێی مێژوویی لەسەر هەولێر

# نووسینەوەی مێژووی هەولێر، یان دووبارەکردنەوە



خەسرەو پیربال

پرۆسەی نووسینی مێژوو بەشێوەیەکی گشتی و پێش هەموو شتێک پێویستی بەخۆشەویستی و دڵ پاکییەکی زۆر هەیە، جگە لەوەش پەیوەندی بە تێڕوانیین و بۆچوونی مێژوونووسەکەشەوە هەیە .

یەکێک لەپێناسە ئەکادیمییە باوەکانی نووسینی مێژوویی ئەوەیە، کە مێژوو بریتییە لەپرۆسەیەکی وردی نووسینەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەشێوەیەکی گشتگیر، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەوانە و پەند و هەڵەکان، بەتایبەتی ئەو ڕووداو و کارەساتانەی کە وڵات و میللەت و مەملەکەت و زمان و فەرهەنگیان تێکشکاندووە .

بۆ ئەم مەبەستەش دەمەوێت ئامانج و ئەو هۆکارانە ڕوون بکەمەوە. کە مەبەست لەنووسینەوەی مێژووی دەوڵەمەند و پڕ لەشانازی کۆنی قەڵای هەولێر و ئیمارەتی (اربل) و مێژووی مرۆڤایەتی لەکوردستانی عێراق و تایبەتمەندی شاری هەولێر چییە؟

ساڵانێکە خەریکی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی چەند سەرچاوە و بەڵگەنامە و کتێبی گرنگم لەسەر مێژووی مەملەکەت و قەڵای هەولێر.

کاتێک موزەفەرنامە-م نووسی، یەکێک لەو دەستنووسە ونبووە مێژوووییە گرنگانە ( کتاب التنوير في مولد السراج المنير) بوو، کە لەمەغریبی عەرەبییەوە هێنامەوە هەولێر، لەگەڵ چەند وێنە و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی هەولێر و ئیمارەتی (اربل) هەموویانم لەچەند کتێبێکدا چاپ و بڵاوکردەوە. ئەوکات گەلێک لەکتێب و بڵاوکراوەکان، هەتا کتێبەکانی مەنهەجی قوتابخانە و زانکۆکانیش، مێژووی ئەو سەد ساڵەی هەولێریان بە بەتاڵی هێشتبووەوە مەبەستم ئەو سەد ساڵەی پێش داڕمان و لەناوچوونی خیلافەتی عەباسییە.


هەموو ئەو کتێب و سەرچاوانە بەشێوەیەکی سیستەماتیک ئاماژەیان بە مێژووی ئیمارەتی (اربل) و حوکمی ئەتابەگییەکانی هەولێر و موسڵ دابوو، تاوەکوو هەندێک لەومێژوونووسانەی شاری هەولێریش کەوتبوونە هەمان هەڵەی مێژوویی دوژمنانی مێژووی هەولێر و شانازییە مرۆییەکان و فەرهەنگی پێکەوەژیانی میللەتی هەولێر. لەدەرەوەی سنوور و پێناسە و پرۆسە ئەکادیمیەکانی نووسینی مێژوو، بەپێویستی دەزانم لێرەوە تایبەتمەندی نووسینی مێژووی هەولێر و قەڵاکەی دیاری بکەم .

نووسنەوەی مێژووی قەڵای هەولێر و هەڵدانەوەی ئەو بارە قوورسە پڕ لەجەنجاڵییە،

> ***لەمەملەکەتی ئێمەدا ڕەخنە و شیکردنەوە بۆ کتێب نییە، چەند حزبێکی سیاسی تورکمانی و چەند کەسێک، بەبێ ئەوەی ئەو کتێبانە بخوێننەوە، بەبێ ئەوەی کەسێک بێت بزانێت دکتور حسام داود چی نووسیوە و چی بڵاوکردۆتەوە. ستایش و دەستخۆشی لێدەکرێ***


پێویستی بەمێژوونووس و لێکۆڵینەوەی ورد و کەسی پاک و ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر هەیە، پێویستە نووسەر و ئەو کەسەی کار لەسەر مێژووی هەولێر دەکات، دڵی پڕ لەخۆشەویستی و موحەبەت و ئیمان بێت، نەوەک وەکوو بەبەغا و تووتی، هەمان ئەو حیکایەت و زانیارییە هەڵانە دووبارە بنووسنەوە و ناوی لێبنێن مێژووی هەولێر.
نووسینی مێژووی هەولێر، پێش هەموو شتێک پڕۆسەی نووسینەوەی بیر و عەقیدەیەکی ئینسانی و ئیمانی و دەرخستنی هەق و شیکردنەوەی فەرهەنگی دەوڵەمەندی شارستانیەتی گەورەی مرۆیی مەملەکەتێکە .
کاتێک ئاماژە بە سەرچاوەیەکی عەرەبی دەکەیت، دەبێت بۆچوون و لێکدانەوەی خۆشت هەبێت، نابێت بکەویتە ناو هەمان هەڵە و تەڵە مێژووییەکانی مێژوونوسە عەرەبەکان، کە پێشتر لەسەر هەولێر نووسیویانن .
ساڵی رابردوو لەکتێبخانەی تەفسیر دوو کتێبی دکتۆر (حسام داود خدر الاربیللی)م کڕی و خوێندمەوە (الترک أو الترکمان في خمسة بحوث أکادیمیة) و ( اربل تحت الانظار) کە دەبووایە هەردوو کتێبەکە یەک کتێب بان، چونکە هەمان شێواز و میتۆد و عەقڵییەت و دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی مێژوونووسەکانی پێشترە.
دیارە لەمەملەکەتی ئێمەدا ڕەخنە و شیکردنەوە بۆ کتێب نییە، چەند حزبێکی سیاسی تورکمانی و چەند کەسێک، بەبێ ئەوەی ئەو کتێبانە بخوێننەوە، بەبێ ئەوەی کەسێک بێت بزانێت دکتور حسام داود چی نووسیوە و چی بڵاوکردۆتەوە. ستایش و دەستخۆشی لێدەکرێ.

بەندە هەروەکوو دەمناسن، ناتوانم لەژیانی دونیا و لەگەڵ عەبدەکانی خودا راستگۆ و دڵساف نەبم، لەبەر ئەوە هاتوومەتە کایەوە و بۆچوونی خۆم وەکوو مێژوونووسێکی هەولێریی دەرببڕم.
وێڕای دەستخۆشیم بۆ (دکتور حسام داود) بۆ ئەو ماندووبوون و نووسینەی و گەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی کۆن لەسەر مێژووی هەولێر، بەڵام بە خوێندنەوەی من ئەو کتێبانەی بەڕێزیان، نووسینەوەی مێژوو نین، بەڵکوو کۆکردنەوەی مێژووە، نووسینەوەی سەرچاوە کۆنەکانە. بەداخەوە دووبارە نووسینەوەی هەموو ئەو هەڵە مێژووییانەیە کە خەڵکی حاقید و دوژمن لەسەر میللەتی هەولێر و سەرکردە قارەمانەکانی ئیمارەتی (اربل) و ئەتابەگییەکانیان نووسیوە.
بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە، خوێنەر نازانێت بۆچوونی خوودی (دکتور حسام داود) لەسەر ئەو حیکایەت و زانیارییانە چییە. کاتێک مێژوونوس، یان نووسەر باس لەڕووداوێک، یان زانیارییەکی گرینگ دەکات، ئەرکێکی ئەخلاقیشە، تیبینی و بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیشی بەیان بکات .نووسەر کەوتۆتە نێو هەڵەی زۆر گەورەی مێژوویی، وەکو دووبارەکردنەوەی زانیارییە هەڵەکانی مێژوونووسە عەرەبەکان، کە بە بۆچوونی بەندە، کەسێکی بەڕێزی وەکوو مامۆستا (حسام داود) کە پیاوێکی ناسراوە و لەخانەوادەیەکی بەڕێزی پایەتەختی هەرێمی کوردستانە و باش ئاگاداری مەسەلەکانە، نەدەبووایە ئەو ناحەقیانە دووبارە بکاتەوە .
نووسەر زۆر زانیاری و مەسەلەی وەکوو خۆی





نووسیوەتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، کە من پێموایە بە لێکدانەوە و مەنتیقی مێژوویی و مرۆڤایەتی سەرکردەکانی وەکوو سەلاحەدینی ئەیوبی و سوڵتان موزەفەرەددین گووگبوری بەگشتی و سەرکردەکانی سەردەمی ئەتابەگییەکان، شایستەی ئەوە نین ئێمە بکەوینە ناو هەمان ئەو هەڵە مێژووییانەوە.
نموونەکان:
لەکتێبی (اربل تحت الانظار) لاپەرە ٨٣ هاتووە باس لەمردنی سوڵتان موزەفەر دەکات، ئێمە لەموزەفەرنامەدا (کە لەبەر هۆکاری زۆر تایبەت کە تەنها دکتور حسام داوود دەزانێت) ناوی موزەفەرنامە و ناوی (موزەفەرەدیین گووگبوری، دکتور عبدالقادر احمد تولەیماتی لەهەردوو کتێبەکانی خۆی نەهێناوە، بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی پێنەکردوون، لەشوێنێک بیستم

**"نووسەر کەوتۆتە نێو هەڵەی زۆر گەورەی مێژوویی، وەکو دووبارە کردنەوەی زانیارییە هەڵەکانی مێژوونووسە عەرەبەکان"**




که گوایه (کتێبی تولەیمات) که لەکتێبەکانی گەشتیارییه عەرەبەکانه (ادب الرحاله) ئەوه چ بەڵایەکی گەورەی هەندێک لەهەولێرییەکانە!
ئێمه لەسەرەتای نووسینی موزەفەرنامەدا بەنامه پەیوەندیمان به گۆرستانی نەجەف کرد (وادی السلام) داوای زانیاریمان کرد، پاش ساڵێک وەڵامێکی فەرمیمان بۆ هاتەوه و له ڕۆژنامەی هەولێر و کتابی موزەفەرنامەدا بڵاومانکردوه: حەوزەی عیلمی و ئیدارەی قەبرستانی وادی السلام دەڵێت: بەهیچ شێوەیەک ئاسار و شوێن و ناوی قەبرێک بوونی نییه بەناوی سوڵتانی (اربل) و موزەفەردین عەلی کچووک.
دکتۆر حسام هاتووه لەکتێبەکانیدا هەمان ئەو هەڵانەی دووباره کردۆتەوه و شوێنی مردن و قەبرەکەی بردۆتەوه مەککە.
بۆمێژوو زۆر خۆشحاڵم لەمانگی ١١ی ٢٠٢١ خۆشبەختانه، لەسەر پێشنیاز و موتاڵەعەیەکی بەنده، سەنتەری سوڵتان موزەفەرەددینی گۆگبر بۆ فیکر و مێژوو، دکتۆر پشتیوان سادق و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستیانکرد بەدووباره نۆژەنکردنەوه و خاوێنکردنەوه و ئاوەدانکردنەوەی قەبر و مەزاری شەریفی سوڵتانی هەولێر و ئیمارەتی (ئەربل) لەپایتەختی هەرێمی کوردستان.
لەلاپەڕە ٨٨ ی کتێبەکەیدا هاتوو: باس لەسەرچاوەی (ابن الجوزی) دەکات که چۆن سوڵتان موزەفەر کلیلی قەڵای هەولێری تەسلیمی خەلیفەی بەغدا کردووه (ابن الجوزی) بێشەرمانه و دوور لەهەموو ڕاستییەک باس لەو ڕۆژه دەکات که موزەفەرەددین لەبەغدا بووه، بەڵام ئەو، ئەگەر باش میر و پاشای هەولێر بناسێت دەزانێت که سوڵتان موزەفەر سەری تەنیا بۆ خودا هیناوەته خوار و دەستی کەسی ماچ نەکردووه و هەرگیز کلیلی قەڵای هەولێری تەسلیم نەکردوه.
لەکتێبی دووەمیدا: (الترک او الترکمان) لاپەره ٩٦ نووسەر هەمان هەڵەی نووسەرانی دی دووباره کردۆتەوه، ( مکونة امارة مستقلة، سمیت بلامارة الاتابکیة) لەکاتێکدا ئیمارەتی (اربل) بووه، ناوی (ئیمارەتی ئەتابەگی) نەبووه. باشترین سەرچاوەش کتێبی (امارة اربل)ی (دکتور محمد الصقار)ه.
لەهەموو بەشەکان، هەمان سەرچاوه کۆنەکانی دووبارەکردۆتەوه بێ ئەوەی ڕەچاوی قۆناغه مێژووییەکان بکات .
لەلاپەڕە (٢٤٤)دا دکتۆر حسام داوود باس لەیەکچوونی ناولێنانی عەلی مستەفا ئەتاتورک و سوڵتان موزەفەر دەکات، که لەساڵی ١٩١٤ نازناوەکەی دراوەته ئەتاتوورک، لەکاتێکدا، لەبەر ئازایەتی و قارەمانیبوونی سوڵتان موزەفەرەددین لەشەڕی (حتیین) سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی لەخۆشەویستی نازناوی (گورگی شینی) بەخشیوەته میری (اربل) بەبێ ئەوەی ئاماژه به ڕۆڵی سوڵتان سەڵاحەدین بکات و وەکوو خۆی نووسیویەتییەوه (دووباره ئێمه نازانیین بیروبۆچوونی دکتور حسام داوود لەسەر خاڵەکان چییه).
لەکۆتاییشدا لەلاپەڕه (١٩٠) ی کتێبی (اربل تحت انظار) دکتۆر حسام داود ئاگاداریيەکی بڵاوکردۆتەوه به ناوونیشانی (القال و القیل فی سوڵتان اربیل القصه متیر للجدل- ٥٤٩




**«دووباره شک و قاڵ و قیل دەخاتەوه مێژووی پڕ لەشانازی میری گەورەی ئیمارەتی ئەربیل»**

**نووسینەوەی مێژووی ئیمارەتی (ئەربیل) و شاری قەڵا و منارەی موزەفەرییە و شارستانی هەولێر و هەولێرییەکان، پێویستی بە مێژوونوس و نووسەر و لێکۆڵەری شارەزا و دڵپاک و مەنتیقی هەیە**

هیجری-٦٣٠ هیجری) لێرەشدا پێم وابێت، کاک حسام داود هەڵە دەکات، تەنانەت ناوونیشانەکەش لەمێژوو و حورمەت و ناو و قارەمانییەتی و شناسنامە و ئینتمای سوڵتان موزەفەرەددین کەم دەکاتەوە. دووبارە شک و قال و قیل دەخاتەوە مێژووی پڕ لەشانازی میری گەورەی ئیمارەتی ئەربیل.
هەروەها دکتۆر حسام داود بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر کتێبە مێژووییەکانی ئەو ساڵانەی دوایی و دەرەنجامە گرینگەکان و بەڵگەنامەکانی لەدایکبوون و حوکم و دراوو و شوێنی قەبری ژنی و خۆی و مەزاری سوڵتان لەهەولێر. جارێکی دیکە دەکەوێتەوە نێو هەڵە مێژووییەکانی ڕابردوو.
لەکۆتاییدا، دەمەوێت ئەوە دەربخەم، کە نووسینەوەی مێژووی ئیمارەتی (ئەربیل) و شاری قەڵا و منارەی موزەفەرییە و شارستانی هەولێر و هەولێرییەکان، پێویستی بە مێژوونوس و نووسەر و لێکۆڵەری شارەزا و دڵپاک و مەنتیقی هەیە، دەبێت مێژوونووس بە مەنتیق و لێکدانەوەی کەسایەتییە گەورەکانی ئەو سەردەمی زێرینەوە بیربکاتەوە و لێکدانەوەی نوێی هەبێت. دەبێت مێژوونوس بیروبۆچوونی خۆشی بەیان بکات و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەبێت، کەمن لەکتێبەکانی (حسام داود)دا نایانبینم .
پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی هەولێر و ئیمارەتی ئەربل و سەردەمی ئەتابەگییەکان، پێویستی بەهەڵوەستە و کارێکی ئەکادیمی ورد و گەورە هەیە، پێویستە لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگی بە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی ڕاستەقینەی قەڵای هەولێر و حوکمی سیاسی و هەرێمایەتی ئەو مەڵبەندە شارستانییە گەورەیە بدرێت. زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و هەموو دامودەزگاکان، پێکەوە ڕۆڵیان هەبێت. ئالیەتێک هەبێت بۆ ئەوەی هەموو لایەک وەکوو یەک تیمی مێژوونوسان پێکەوە کار لەسەر شارستانییەتی قەڵای هەولێر بکەن. سنوورێک بۆ یەکتر شکاندن و کلتووری یەکتر سڕینەوە دابنێن. ئەو فەرهەنگی یەکتر خواردن و خۆخۆرییە نەمێنێت لەنێوان نووسەر و مێژوونووسانی شاری هەولێر .
هەولێر و نووسەر و مێژوونوسانی پێش هەموو شتێک پێویستیان بە دەزگایەکی حکومی هەیە کە پشتگیری نووسەران و مێژوونوسانی بکات، هەروەها پێویستی بە چاپخانەیەکی گەورە هەیە بۆ




پەخش و بڵاوکردنەوەی کتێب و بەڵگەنامە مێژووییەکانمان .
نووسینەوەی مێژووی هەولێر، قودسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە نووسینەوە و بەیانکردنی مەسەلەی میللەتێکە، هەرێم و مەملەکەتێکی خاوەن شارستانیەتێکی دەوڵەمەندە، کە هەموومان شەرەفی خاوەنداریەتیمان هەیە.
(والله من وراء القصد)

**کاتێک موزەفەرنامە-م نووسی، یەکێک لەو دەستنووسە ونبووە مێژووییە گرینگانە (کتاب التنوير في مولد السراج المنير) بوو، کە لەمەغریبی عەرەبییەوە هێنامەوە هەولێر**



## ڕۆمانی (سەپتۆلۆگین-Septologin) یان پیاوێکی تر

# وێڵبوونە بەدوای خاڵێکدا.!



ئیدریس ئیبراهیم کەلالەیی – سوید

نووسەری بەناووبانگی نەرویژی) یۆن فۆسێ (Jon Fosses ڕۆمانێکی ٤٧٦ لاپەرەیی بەناوی (سەپتۆلۆگین) هەیە، ئەم وشەیە فەڕەنسییە، ڕەنگە لەکاتی گۆکردن لەنێو زمانەکانی جیهاندا جیاوازی هەبێت، ئێمە دەقاودەق ناوەکەمان نووسیوەتەوە. هەندێک کەس ئەو ڕۆماننووسە، بە شەکسپیری سەردەم پێناسە دەکەن.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس لە لێکچوونی دوو پیاو دەکات بەناوی ئاسلێ. ئاسلێی یەکەم بیر لەژیان و کەسایەتی و زانینی و ئەو پرسیارانە دەکاتەوە، کە وەلامیان نییە. ئاسلێی دووەم ژیانی بریتییە لەخواردنەوە و گەڕان بەدوای ژن و هاوڕێیەتی سەگ و سەردانی یانەکان. ئەو دەیەوێت بە سادەیی بژی و دوور بێ لەبیرکردنەوە و مێشک خەریککردن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی، کە وەلامیان نییە، چونکە پێیوایە ژیان بەشی ئەو ناکات. گەرچی هەرووکیان وەکو یەک کەس دیارن و سەختە بزانرێت کامیان ئەویدیکەیە، مەگەر بە ڕەفتارەکانیان لێکدی جودا بکرێنەوە.

خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە ئاسان نییە، بەڵام سەرنج ڕاکێشە، وەکوو مێروو ڕێچکەیان بەستبێ و تا دەگەنەوە شارە مێرووولەکە، بەوردی باس لەهەموو شتێک دەکا، ئاسلێیەکیان گیرۆدەی هونەری وێنەکێشانە، گەرچی ئەوان وابەدیار دەکەون کە بەدوای ئەو دووهێڵەدا دەگەرێن، کە یەکتر دەبڕن.

ڕۆمانەکە تەواو دەکەیت، بەڵام بەهیچ خاڵێک ناگەیت، بێجگە لە وێرگوڵ هیچ خاڵێک نابینی. لەگەڕان بەدوای خاڵدا بێزار دەبیت، بەڵام لەناکاو دەبینی یەکێکیان بەدوای خوادا دەگەرێ و لەناکاو لێی وندەبێ و گومانیان لادروست دەبێ، ئاخۆ خوا هەیە، یان نا؟ بەناو بەفری تازە باریودا دەڕۆن، گوێ لەچرپەی پێیەکانی خۆیان دەگرن، دەیانەوێ ئاشنای چرپەی بەفر ببن، لەناکاو نازانن کامەیە، بەڵام یەکێکیان خۆی لەباوەشی ژنێکی نازداردا دەبینێتەوە، کە سەگەکەی لەناو بەفر وازی دەکا، بەشێوەیەک وەکو کازیوە لێواری ئەو ڕێگایەی تەنیوە، کە دەچێتەوە سەر دەریا.

گومانی هەیە لەوەی، کە ئایا کحول مەستی کردوە و خزاندوویەتییە ناو ئەو باوەشە، یان باوەشی ئەو ژنە بەدوای ئەو دوو لێکچووەدا دەگرێ. جارێکیتر بەدوای خوادا وێڵ دەبن، بەدوای خوای چاکە و خەراپەدا دەگەڕێن.

لەم ڕۆمانەدا خوێنەر دوو سەد لاپەرە دەخوێنێتەوە و بەهیچ خاڵێک ناگات، ئێمە وافێرکراوین لەدوای ڕستەیەکی تەواو خاڵ دابنێین، بەڵام ئەو وەڵامی چەند پرسیارێکی فەلسەفی دەداتەوە، بەبێ ئەوەی خاڵێک ببینین، گەرچی کۆمەڵێک نیشانەی پرسیار(؟) دادەنێ و پاشان دەست پێدەکاتەوە، ئێمە خوامان دروست کردووە، یان لەبنەڕەتدا هەبووە لەگەڵ تاوانەکانی مرۆڤدا لێمان ون بووە؟ یان مرۆڤ دەبێ، چەپ و سەرخۆش بێ و لەدواییدا جیهانی کۆمۆنیزم و سەرخۆشی بەجێ بێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ کلێسە و ببێتەوە بە کاسۆلیکێکی ئێماندار. تا بەدوای ئازاری مرۆڤ و منداڵ و ئەو دایکەدا بگەڕێن، کە منداڵەکەی لەدەریادا لێ ون دەبێ و دکتۆرەکانیش ناتوانن لەخنکان دەربازی بکەن، یان هەموو شتەکان بێ وەڵام وەکو خۆی دەمێننەوە، وەکو ئەوەی کە هەن؟


دەگەینە لاپەرە سێسەدی ڕۆمانەکە، تا ئێستا وێڵین بەدوای خاڵێکدا لەکاتی تەواوبوونی ڕستەدا، خاڵ نییە و نایدۆزینەوە، دیسان بەدوای تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگدا دەگەرێی، کە دوو هێڵی ڕەنگاوڕەنگ یەکتر دەبڕن، بەڵام لەشەوەزەنگدا، ڕەنگەکان ڕەش و ون دەبن، ڕەنگی شین،

سەوز، زەرد و سوور، دەبن بە ڕەش، گومانیان لێپەیدا دەبێ، ئاخو ڕەنگەکان بوونیان هەیە، یان ڕووناکی، شەوەزەنگ ڕۆشنیان دەکاتەوە و جارێکی دی ڕەنگەکان لەیادەوەریماندا پەیدا دەبنەوە و بەدوای خوایەکدا دەگەڕێن کە لەگەڵ ڕووناکیدا پەیدا دەبێ، یان ئێمە خوا لەدرەختێکدا، لەگوڵێکدا، لەهەوروباران و ڕەشەبادا دەبینین؟ یان شەیتان ئێمەی فێری وانەی خەراپ کردووە و لەخشتەی بردووین؟ تا لەسایەی قەڵەمڕەوی شەیتاندا بژین و جیاوازی لەنێوان خوای چاکە و خەراپە و شەیتاندا نەکەین!

نیگارکێشەکە هەر بیر لەتابلۆکانی دەکاتەوە و بەدوای جوانی ئاسماندا وێڵە و ئەو دەسەڵاتەی نییە وێنەی جوانی ئاسمان بکێشێت، چونکە ئاسمان نقوومی هەموو جوانییەکانی کردووە و بیر لەخوا دەکاتەوە، ئاخۆ دەتوانێت، ئەو جوانییە ببینێ؟ یان ئەویش بەو هەموو دەسەڵاتەی لەناو جوانی ئاسماندا تواوەتەوە.

تائێستاش نەگەیشتین بە خاڵێک، چاوەکان ماندوو دەبن، لەناکاو ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە، مەسیح جیهان بەجێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی نەخوا، نەمرۆڤ دەسەڵاتیان بەسەردا ناشکێ، چونکە بەدکاری و مردن فەرمانڕەوای جیهانن و ئەوان بڕیاردەری هەمیشەیین. خوا ژیانە، یان مردن ژیانە؟ خوا جارێکی دی قەڵەمڕەوی خۆی پێکەوە دەبەستێتەوە و لەتەلیسمی شەیتان دەربازی دەکات، ئێمەش تێیدا دەبین بە گێلێکی نەزان. خوا دەبێ بە خۆشەویستی و ئارەزووی مرۆڤیش هەر بۆیە هەبوونی هەیە، چونکە خۆشەویستی هەیە. مرۆڤەکان لەئێنجیلدا بەدوای خوای دەسەڵاتدا دەگرێن، یان خوایێکی بێ دەسەڵات هەیە و دەسەڵاتەکانی لە خراپەدا بەکاردێنێ؟ هەبوونی خودی خوای چاکە لەفریشتەکانیدا دەدۆزینەوە.

بەرەو کۆتایی ڕۆمانەکە دەچین، خوێندنەوەکەی تاقەت پورکێنە، بەڵام هەربەدوای خاڵێکدا وێڵم و یەک نوقتەش بەدی ناکەم، ئەو دراما و پەخشان و ڕۆمان لەڕۆمانێکی سەروو چوارسەد لاپەرەدا دەنووسێ، مرۆڤ نەخاڵێکی تێدا دەدۆزێتەوە، نەدوو پیاوە لێکچووەکە، کە ناویان ئاسلێیە، خۆیان لەناو فەلسەفەی هێلکاری و ناو تابلۆکەدا دەبیننەوە. نووسەرەکە وێڵە بەدوای دەرباز بوون لەگومان، بەڵام شەپۆڵەکانی دەریا و ژنە وەهمییەکان نایگەیەنن بەهیچ شوێنێک، ڕەنگەکانیش لەشوێنی خۆیاندا دەچەقن و ڕووناکیش ناتوانێ ڕەنگەکان وەکوو خۆیان ببینێ، پیاوە لێکچووەکانیش نە لەژیان، نەلەئاوابوونی مەرگدا، ناتوانن والەنووسەرەکە بکەن خاڵێک بۆ ڕۆمانەکە دابنێ و کۆتایی بە ڕووداوەکە بێنێ و بە ئایندەی نەسپێرێ! ئەو هەموو وێرگوڵانە، لەو شاکارەدا ناتوانن نووسەرەکە ڕازی بکەن و یەکێک لەوێرگوڵەکان ببێ بە خاڵێکی بەرجەستە، هەر




دەیخوێنینەوە، نەسەرەتای ڕستەیەکی دوای خاڵێکت دەست دەکەوێ، نەوەڵامی تابلۆیەکی تەواو، کە داهێنەری هەموو شتەکانی گەردوون بێت.

ڕۆماننووسەکە چەند بەدوای نووسینی ڕۆمانێکی شاکاردا وێڵە، هێندەش کات و شوێن و زمانی نووسینی دەقەکەی لاگرینگە، دەیەوێ ئەو سێ چەمکە بکات بە ڕوحی ڕۆمانەکە و لەو فەوزایە دەربازی ببێت کە ڕۆماننووسەکان لەڕۆمانیەکانیاندا دەیخولقێنن، بۆ ئەوەی خوێنەر تاکۆتایی چاوەڕوانی ئەوەبێ، پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە چارەنووسی بەکوێ دەگات.


نووسەری ڕۆمانەکە (یۆن فوسێ) بۆ زیندووکردنەوەی زمانی نووسینی ڕۆمان، دەیەوێ بگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوویانداوە، بەشێوەیەکی جوان پێناسەیان بکات، تا خەڵک سنوری جوگرافیایی لەهزردا بمێنێتەوە، بەدوای سروشتی ڕازاوە بە ڕەنگەکان پیاسە بکات تاقەڵەمەکەی لەکونجی خانوویێکی داخراودا ئۆقرە بگرێ و بە خامەکەی هزرەکانی بخاتە سەرکاغەز، هاوکات هەوڵدەدا کاتی ڕووداوەکان پێکەوە ببەستێتەوە، تامرۆڤ بیر لەکاتی نووسینی ڕۆمانەکە بکاتەوە، کە نووسەری کاتەکانی خۆی بۆ تەرخانکردووە، مرۆڤ لەتافی لاویەوە تا پیریی گۆڕانکاری بەسەردادێ و زۆر شت لەیاد دەکات، کە لەجوگمەی ژیانی ئەو ڕوویانداوە، یاخود فێری کۆمەڵێک شت دەبێ، کە وەکو پێشبینی بیریان لێدەکاتەوە، جونکە هەرگیز کاتێکی نەبووە بۆ بیر کردنەوە، لەو جۆرە خەیاڵ و واقیعیانەی، ئێستا کاتێکی بۆ تەرخان کردوون لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا.

❝ لەم ڕۆمانەدا خوێنەر دوو سەد لاپەرە دەخوێنێتەوە و بەهیچ خاڵێک ناگات، ئێمە وافێرکراوین لەدوای ڕستەیەکی تەواو خاڵ دابنێن، بەڵام ئەو وەڵامی چەند پرسیارێکی فەلسەفی دەداتەوە، بەبێ ئەوەی خاڵێک ببینین ❞

# ئیساغۆجی

(ئیساغۆجی) دوابەرهەمی چاپکراوی مامۆستای نووسەر (حەمەکەریم هەورامی)یە.

ئیساغۆجی بەشێکە لەفەلسەفەو لۆجیکی پراکتیکی ئەرەستۆتالیس کە یەکێک بووە لەگەورە فەیلەسووفەکانی یۆنان.




مامۆستای وەرگێر جگە لەوەی کە شرۆڤەو لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر زانستی لۆجیک دەکات، لەو بارەوە پەردەش لەسەر چەند ڕاستییەک لادەدات، ئەوەشمان پێدەڵێ کە ئەم کتێبە هەر لەزووەوە میللەتان وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی خۆیان و هزری خۆیان پێ جۆشداوە، نووسەر دانەیەکی پێشکەشی گۆڤارەکەمان کرد، لەسەر بەرگی دووەمی کتێبەکە، ئەمەی نووسیوە:

(ئیساغۆجی ئەو زانستە لەخۆ دەگرێ کە فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرەستۆتالیس ٣٣١ ـ ٣٨٣ پ.ز) دایناوە بۆ ئەوەی هزری مرۆڤ لەهەڵەکردن بپارێزێ).

ئەرەستۆ ئەو زانستەی ناو نابوو (ئەنالۆتیکا) کەچی (شیشرون)ی ڕۆمانی بە (دیالیکتیک) ناوی بردبوو (ئەسکەندەری ئەفرۆدیس)یش ناوی لۆجیکی لێناوە، عەرەبیش ناویان نا: (المنطق).

ئەو زانستە لەڕێگەی ڕۆمانەکانەوە بەهۆی (فرفریۆس) ناوێکەوە گەیشتووەتە ڕۆژهەڵات، لە زمانی سریانی ئان عیبرییەوە کراوە بە عەرەبی، گومان دەکرێ بەعەرەبی کردنەکەیدا گەلێ دەستکاری کرابێ، هەر جۆر بێ ئەو لۆجیکەی ناو ئەو ئیساغۆجییە وەرگێڕاوەتە سەر هەموو زمانێک، ئەوە یانزە سەدەیە لە حوجرەکانی کوردستاندا دەخوێندرێ، بەڵام نەکراوە بە کوردی، ئێمە وەرمانگێڕاوە سەر زمانی کوردی و شرۆڤەو لێکۆڵینەوەمان بۆ کردووە.

ئەم کتێبە وەرگێڕان و لێکۆلینەوە و شرۆڤەکردنی حەمەکەریم هەورامییە و بریتییە لە (١٢٨) لاپەرە و ساڵی ٢٠٢١ لەسەر ئەرکی خۆی چاپکراوە

# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان (بەشی ٢ )**

د. ئەرسەلان بایز

- **کاکە زیاد لادێی .. پیاوە سپییەکەی هەولێر**

سابیر ڕەشید

- **چیرۆکی شیعری (کۆچ و یادی) ئەکرەم خامۆش**

سالار کۆشار

# شەو لەکێوان



د. ئەرسەلان بایز

(٢)

ئێره (ناوزەنگ)ە (ئەو ناوە وەکوو زەنگ لەگوێی زرنگایەوە. ناوزەنگ...!) (پایتەختی شۆڕشی نوێی کوردستان. پایتەختی بەرگری و دیموکرات و ئازادی خوازەکان) ئەو خانووە تاکووتەرایانەی قەدپاڵی ئەمبەر و ئەوبەری ئەو دۆڵەش بارەگاکانی شۆڕشن، وڵاخدارەکە وای پێوت، بەبیستنی ئەوناوە لەقووڵایی سیەکانییەوە هەناسەیەکی ئارامی و خۆشی هەڵمژی و سەراپای جەستەی گرتەوە. لەبەرخۆیەوە ورتەورتێکی دەکرد: (ئۆخەی قیبلەنمای دڵ، میحرابی فیکر و تەقوا، مەنزڵگای خەون و خەیاڵی چەندین ساڵەم) ئیدی لەوساتە بەدواوە شانازی بوون بە پێشمەرگە وەکوو سەروەرییەکی گەورە لەسیپارەی ژیانیدا تۆمارکرا. سێچوار دوکانی بچووک بۆ فرۆشتنی وردەواڵە و بسکیت و ساردی، لەمبەر و ئەوبەری جۆگەکە بوون، ئەو بستۆکەی کە هەردوو پارچەی کوردستانی لەیەکدی جیادەکردەوە.

دیاربوو بۆ ئاڵوگۆڕی بارەکانیان، ئەویش مەیدانێکی دیکەی بەیەکگەیشتنی وڵاخدارە قاچاخچییەکانی هەردوودیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور بوو. دوای گەیشتن بەدوا مەنزڵ (ئەو) وڵاخەکە دابەزی، کرێی وڵاخدارەکەی داو ماڵئاوایی لەکابرای قاچاخچی کرد، ورده ورده بەرەو خانووە قورەکانی دۆڵی (ناوزەنگ) ڕێیکرد.

بەدرێژایی مێژوو، ئایدیۆلۆژیا، گەورە و کاریگەرترین نەخۆشی مرۆڤ بووە، لەنێو سەرجەم کۆمەڵگەکاندا. هەموو ئایدیۆلۆژیایێک بێ جیاوازی، چ ئاینی بێ، یان سیاسی، چەپ، یان ڕاست بێت، سەرخۆشکەری مرۆڤەکانن. ئایدیۆلۆژیا بێ ئیرادەی خۆی، مرۆڤ دەخاتە دونیایێکی ئەفسانەیی و دەریای خەیاڵێکی ئەوتۆ کە هاوکێشە و ئاوەزی خۆی لەدەست دەدات، بێ ئاگاداری خۆی دەیخاتە هەڵەکەسەما، چونکە مرۆڤ دەکاتە ڕۆبۆت و هیچ تایبەتمەندییەکی تاکەکەسی پێ ناهێڵێ، مرۆڤ دەبێتە بەشێک لەماشێنێکی گەورە، ماشێنەکەش جارجارە کاری باش و جارجارەش کاری خراپ بەرهەمدێنێ، بۆیە هەندێجار بەچاوی بەستراوەوە بەسەختترین ڕێگای ناواقیعیدا دەبات. ئایدیۆلۆژیا وەکوو ڕیمۆند کۆنترۆڵ لەدوورەوە بێ خوایشتی خۆی مرۆڤەکان دەجولێنێ و کاریان پێدەکات. (ئەو)یش بەهۆی ئایدیۆلۆژیای (کۆمەڵە) کە پێی وابوو تاکە ڕێبازی ڕاستی ڕزگاری گەلە، بۆیە بێ ئیرادەی خۆی بەرێدا دەرۆیشت. نە ئازادبوون لەپشتی شیشەکانی زیندان، نە شادبوونەوە بەکەسوکار و مارەبڕینی (شارا)ی دەزگیران. هێندەی گەیشتن بە (ناوزەنگ) خۆشحاڵ و مەستی نەکرد. بۆیە هەرهێندەی مابوو لەخۆشی گەیشتن بە (ناوزەنگ) لەپرمەی گریان بدات، چونکە لەو تەمەن و سەردەمەی ژیانی ئەودا (کۆمەڵە) لەهەموو شتێک، تەنانەت لەخودی خۆشی پیرۆزتر بوو. لەپێناویدا ئامادەی هەموو قوربانی و گیان بەختکردنێک بوو.

لەسەراپای ژیانی مرۆڤایەتیدا، هیچ شتێک ناگاتە ئاسودەیی و خۆشی ئەوەی بگەیت بەو مرازەی بۆ ئایندە و چارەنووسی خۆت دەستنیشانی دەکەیت، بەتایبەتی ئەو کاتانەی دڵنیا دەبیت لەڕەوینەوەی ترس لەسەر ژیانت، لەهەستکردن بە ژیانێکی ئازادی دوور لەهەموو کۆت و بەندێک، کاتێ خۆت دەبیتە خاوەنی بیر و ئایدیای خۆت. ژیانی ئەو ساڵانەی شار بۆ (ئەو) نامۆ بوو هەمیشە لەدڵەڕاوکێدا دەژیا، جیا لەنەبوونی ئازادی بەهۆی بەردەوامبوونی لەکارە نهێنییەکانی ڕێکخستن، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەش بوو کەی جارێکی دی دەستگیر دەکرێتەوە، کەلەبچەی دەکرێتەوە دەست و ڕاپێچی زیندان دەکرێتەوە. کێ گرەنتی ئەوە دەدا جارێکی دی ئاشکرانابێتەوە و ناگیرێتەوە. تۆبڵێی ئەمجارە بتوانێ بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بگرێت. تۆبڵێی ساتەوەختی پەیوەندیکردنی بە شاخە سەرکەشەکانەوە کەی بێت....؟ تاکوو لەو مەترسی و دڵە ڕاوکێیە ڕزگاری دەبێت...؟

(ناوزەنگ) یەکێکە لەچەند دۆڵێکی بناری نسێی (قووتەی شاخی مامەندە) کە بەرزترین لووتکەی شاخی ئەو ناوچەیەیە و دەڕوانێتە سەر شارۆچکەی قەڵادزێ و دەیان دێهاتی ئەو دەڤەرەی هەردوو دیوی


کوردستان. بوونی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)یش لەو دۆڵەدا، لەبارێکەوە بۆ سەختی ناوچەکە و دوورەدەستی لەدوژمن، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ نزیکی سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگەڕایەوە، کە بۆ هێرش و هاتنی سوپای عێراق و فڕۆکەکانی هەندێ سەخت و گیربوو. ئەو ناوچەیە بەگشتی و لووتکەکانی قووتەی مامەندە، بەتایبەتی لەوەرزی زستانانندا هەتا بڵێی سەخت و بەفرگیربوو. ساڵی وابووە بە درێژایی وەرزەکە بە مانگ ڕێگا و بانەکان گیراون. لەوەرزی بەهارانیشدا دوای توانەوەی کلۆ بەفرەکان لەژێر کاریگەری تیشکی زێڕینی هەتاو، سروشت یەکپارچە سەوز دەبوو، کانیاوەکانی ئاویان لەبەر دەڕۆیشت، داربەڕووەکان دەژیانەوە، حاجیلە و بەیبوون و مێلاقە و کوریکەنیسانی مێرگەکان، لەگەڵ نەغمە و چڕینی بولبول و قاسپەی کەوی بنارەکان دیمەنێکی ناوازە و دڵڕفێنیان بۆ ناوچەکە دروست دەکرد.

لەودیوی زینوێکەی ناوزەنگ، گوندێکی چەند ماڵیی بەناوی (زەڵێ) هەیە، کە خانووەکانیان نیمچە وشکە کەڵەک و خەڵکەکەی مەڕ لەوەڕێن بوون.

هەندێکی دیکەشیان وڵاخدارییان دەکرد. پورە (کەسکێ) و (مام ئەحمەد) نموونەی ژیان و نەریتی باوی ناوچەکە بوون.

(مام ئەحمەد) پیاوێکی نەخوێندەوار و هەندێ بەتەمەن و قسەخۆش و ڕەسەنی ئەو گوندە بوو، جێی ڕێز و نموونەی ژیانێکی سادە بوو. بیست خولەکێکیش لەو دوورتر بەلای ڕۆژئاوادا، گوندی (شێنێ) هەبوو، کە گوندێکی ئاوەدان و ژمارەی ماڵەکانی خۆی زیاتر لەسەد ماڵ دەدا. ئەو گوندە ناوەندێکی کاروان و قاچاغچێتی بوو.

(شێنێ) یەکێکە لەگوندە هەرە جوانەکانی کوردستان، لەهەموو ئەو ناوچەیەدا تەنیا (شێنێ) ڕانەگوازرابۆوە، ئەویش بەهۆی دوورەدەستی و سەختی ناوچەکە و ئازایەتی و بەرگریکردنی خەڵکەکەی بوو. هیچ (ڕەبیە)و بوونێکی ڕژێم لەو گوندە و نزیکی ئەو گوندە نەبوو. بەشێکی زۆری خەڵکەکەشی پیاوی ئازا و کاسب و خۆڕاگر و نیشتمانپەروەر بوون. گەنجەکانیش پێشمەرگە بوون. (شێنێ) بۆ (ی.ن.ک) قەڵای سەرەتاکانی شۆڕش و بەرگریبوو، سەرکردەکانیشی ماڵە خانەخوێ و سەرچاوەی



دابینکردنی پێداویستییەکانی شۆڕش بوو.

لەمبەرو ئەوبەری دۆڵی (ناوزەنگ) چەند خانوییێکی دوور لەیەکتر لێرەولەوێ وەکوو بارەگا و ماڵ بە نیمچە وشکە کەڵەک دروست کرابوون. لەسەر قووتە و بەرزاییەکانی هەندێ لەو شوێنەش چەند بنکەیەکی پاسەوانی پێشمەرگە بەرچاو دەکەوتن. جیا لەوانەش لەسەرەتای بەهاران تاکوو بەفر کەوتن لووتکەی شاخی (مامەندە)ش لەترسی گرتنی لەلایەن هێزەکانی عێراق، بە هێزێکی تایبەتی پێشمەرگە پاسەوانی لێدەکرا. چونکە شارەزایانی بواری سەربازی و پێشمەرگە دەیانوت: ئەو قووتەیە کلیلی ئاسایش و پاراستنی ناوچەکەیە. بەدەست هەر هێزو لایەنێکەوە بێت کۆنترۆڵی ناوچەکە دەکات. لەوەش زیاتر ئەو قووتەیە دەیڕوانیە سەرجەم بارەگاکانی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ. هەر بۆیەش ڕژێمی عێراق چەندین جار هەوڵی گرتنی ئەو قوتە

**“(ئەو) جاران پێی وابوو دۆڵی (بازارگە) کە چیای (قەرەچوغ) دەکاتە دوو لەت سەخت و بەرزترین دۆڵی کوردستانە”**

**لەتەمەنی دوانزە ساڵییەوە ڕێبازی سیاسی (مام جەلال)ی پەسندکردبوو. کاتێ خوێندکاری زانکۆی بەغداش بوو، ماوەی دوو مانگ لەگەڵ ژمارەیەک لەخوێندکارانی زانکۆ لەموحازەرە سیاسییەکانی (مام جەلال) لەنووسینگەی ڕۆژنامەی (النور) ئامادە ببوو**

شاخەیان دا. بەڵام شکستیان هێنا بوو.

هەڤاڵەکانی دەیانگێڕایەوە: لەمانگی دوانزەی ساڵی (١٩٧٨) هێزێکی گەورەی سوپای عێراق بەهەموو جۆرە چەکێک پەلاماری گوندی (شێنێ) و بارەگاکانی سەرکردایەتیان لە(ناوزەنگ) دا. سەرەتا کۆپتەرەکانی ڕژێم دەیان سەربازیان لەسەر قووتەی (مامەندە) دابەزاند. دوای شەڕێکی دەستەویەخە. دوای کوژران و برینداربوونی ژمارەیێک سەرباز توانیان لووتکەکە داگیر بکەن. لەڕووکاری گوندی (شێنێ)ش هێزە پیادە و تانکەکانی ڕژێم تا نزیک (شێنێ) پێشڕەویان کردبوو. لەڕاستیدا مەترسیان لەسەر بارەگاکانی (ی.ن.ک) دروست کردبوو. ئەگەرچی ژمارە و توانای هێزی پێشمەرگە لەچاو سوپای عێراق زۆر کەمتر و بێ چەک بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرگرییەکی قارەمانانەیان کردبوو. سوپای دوژمن پێ بەپێ پێشڕەوی دەکرد و هێزی پێشمەرگەش لەژێر زەبری ڕۆکێتی کۆپتەر و تۆپخانەکانی دوژمن پاشەکشەیان دەکرد. بەڵام لەپڕ هەور بەری ئاسمانی گرت. نمەی باران دەستی پێکرد. شەو تاکوو بەیانی زیاتر لەیەک مەتر بەفر باری. ڕۆژی دواتریش کردی بە سایەقەو کزەبایەکی ساردیش هەڵیکرد. ئیتر داروبەرد بوو بە چلورە. لەو شەو و ڕۆژەدا دەیان سەربازی سوپای عێراق لەسەرماندا ڕەق بوونەوە. ژمارەیەکی باشیشیان کەوتبوونە ژێر ڕەنووی بەفر. ئیدی هێزی دوژمن خۆی لەبەر شاڵاوی (ژەنەراڵی زستانی) بەفروباران و سەهۆڵبەندانی قوتەی (مامەندە)و دەوروبەری (شێنێ) نەگرت و شکستی خوارد. دووڕۆژ دواتر



بەناچاری پاشەکشەی کردبوو. بەهاری دواتر خەڵکی (شێنێ) دەیان تەرمی ڕەقەوەبووی سوپای عێراقیان لەژێر ڕەوینەوەی بەفری قەدپاڵی شاخەکان دۆزییەوە، بەمجۆرە دەیان پارچە چەکی هەمە جۆر کەوتە دەستی پێشمەرگە و هاووڵاتیانی خۆڕاگری گوندی (شێنێ).

(ئەو) دوای ماڵئاوایی کردن لە وڵاخدارەکە وردە وردە و لەسەرخۆ بەرەو بارەگاکانی سەرکردایەتی هەنگاوینا. بەهۆی شەونەخەوتن و هیلاکی و بەهۆی ئەوەی هەردوو ڕانی لەسەر پشتی وڵاخەکان گوڕا و سووتابوونەوە، بۆیە نەیدەتوانی بە ئاسایی بڕوات. بەڵام هەرچۆنێ بوو هێزی دایەوە بەرخۆی، لەیەکەمین خانوو کە لەدامێنی خوارەوەی دۆڵەکە (پرسگە) بوو، لەبەردەرگاکە لەپێشمەرگەیەک پرسیاری لەبارەگای (کاک نەوشێروان) کرد. پێشمەرگەکانیش فەرمووی ژوورەوەیان لێکرد و دایاننا، دواتر وەکوو جۆرێک لێپرسینەوە هەندێ پرسیاریان لێکرد:

– تۆ کێی، چ کارێکت بە (کاک نەوشێروان) هەیە؟

بەشێوەیەکی خانەخوێ و زۆر لەخۆڕازیبوون وەڵامی دانەوە:

– هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی.

– ناوت چیە، کوا پێناسەکەت، چەکت پێیە، لەکوێ (کاک نەوشێروان) دەناسی؟

– برام! من فلان (....) کەسم ئەندامی کۆمەڵەم چوار ساڵ زیندانی سیاسی بووم لە (ئەبوغرێب) چەند هاوڕێیەکیشم پێش من پێوەندییان کردووە. نامەی ڕێکخستنی شاریشم بۆ (کاک نەوشێروان) پێیە. چەکداریش نیم. لێیپرسن ئەو خۆشی دەمناسێ. پێشمەرگەکان بە لوتفەوە گوێیان لێگرت، دواتر وتیان:

– باشە برا بەخێر بێی، بەڵام چەند خولەکێک چاوەڕوان بکە تاکو پێوەندییان پێوە دەکەین و ڕەزامەندییان وەردەگرین.

پرسگەکە، بە تەلەفۆنێکی سەربازییەوە کە بەهەموو بارەگاکانەوە گرێدرابوو. پەیوەندییان کرد (ئەو) کە چاوی بەو هەموو بارەگا و تەلەفۆنی سەربازی کەوت حەپەسا، چونکە کاتێ لەشار بوو پێی وابوو پێشمەرگەکان جێگایەکی دیاریکراوی حەوانەوەیان نییە، هەر ڕۆژە لەئەشکەوت و پەنا تاوێرێک ژیان بەسەردەبەن (ئەو)

**“(ئەو) کە لەگروپی (زیندانییە سیاسی) یەکان بوو، لەگەڵ لایەنی بەیاننامەی شوبات ناکۆک بوو، کە دژی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بڵاوکرابۆوە، بۆیە پشتگیری خەتی (کاک نەوشێروان)ی دەکرد”**

چونکە پێشتر مێژووی چەندین شۆڕشی وڵاتانی خوێندبۆوەو بە جۆر و سەختیی ژیانی پارتیزانەکانی ئاشنابوو. بەڵام چونکە دۆستی ئەدەب بوو، بۆیە پێشتر بەچاوی ڕۆمانسیەتەوە سەیری پێشمەرگایەتی و شۆڕشی دەکرد. بۆیە پێی وابوو پێشمەرگە گەڕۆکە ئەمڕۆ لێرەو دوای ساتێکی دی لەشوێنێکی دیکەیە.

پاش چەند خولەکێک لەوسەرەوە وەڵامی بەڵێ درایەوە، ئیدی ڕێگای (ئەو)یاندا بڕوات. یێکێ لەپێشمەرگەکانیش بەچەکەوە وەکوو ڕێپیشاندەر و ئاسایش هاورێیەتی کرد بۆ چوونە بارەگای (کاک نەوشیڕوان) کە لەسەر قوتەی یێکێ لەدۆڵەکان بوو. ئەوان بە تەنیشت خانووێکدا ڕۆیشتن کە پێشمەرگەکە پێیوت: ئەمەماڵی (مام جەلال)ە خانوویێکی بەقوڕ دروستکراو کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خانووەکانی دیکەدا نەبوو (ئەو)یش بەبیستنی ئەو ناوە هەردوو چاوی کردە ڕادار بۆ دیتنی(مام) بەڵام تێپەڕین و هیچی نەدیت. هەموو خانووە لەیەکچووەکانی (مام جەلال) و هەڤاڵەکانی، جۆرێک لەئارامی نەفسی پێ بەخشی لەدادگەری و یەکسانیی نێوان هەڤالان لەشۆڕشدا. شیاوی باسە (ئەو) لەتەمەنی دوانزە ساڵییەوە ڕێبازی سیاسی (مام جەلال)ی پەسندکردبوو. کاتێ خوێندکاری زانکۆی بەغداش بوو، ماوەی دوو مانگ لەگەڵ ژمارەیەک لەخوێندکارانی زانکۆ لەموحازەرە سیاسییەکانی (مام جەلال) لەنووسینگەی ڕۆژنامەی (النور) ئامادە ببوو. ئیدی دووسەد مەترێک بەهەورازێکدا هەڵگەڕان تاگەیشتنە پێش هەیوانی خانوویێک، کە پێشەکەی، یان بڵێین دەرگاکەی بە نایلۆنێکی



ئەستووری سپی داپۆشرابوو. پێشمەرگەکە دوو شەپی لەنایلۆنەکەدا. پێشمەرگەیێک هاتە دەرەوە.

– ئەمە میوانەکەی (کاک نەوشیڕوان)ە

– بەخێر بێی. فەرموو بۆ ژوورەوە.

پێشمەرگەکەی پرسگە گەڕایەوە و (ئەو)یش نایلۆنەکەی هەڵدایەوە و چووە ژوورەوە.

(ئەو) پێشتر لەدوورەوە ناو و وێنەی (کاک نەوشیڕوانی) دیبوو، نووسینەکانی خوێندبۆوە. بەڵام ڕووبەڕوو نەیدیبوو. لەدوورەوە لەڕێگای وتارەکانی گۆڤاری ڕزگاری و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، کۆمەڵێ زانیاری لەسەری هەبوو. پێی وترابوو کە سکرتێری کۆمەڵە و کەسی دووەمی (ی.ن.ک)یشە. لەبارەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی ئەوسای نێوان سەرکردایەتی کۆمەڵەش (ئەو) کە لەگروپی (زیندانییە سیاسی)یەکان بوو، لەگەڵ لایەنی بەیاننامەی شوبات ناکۆک بوو، کە دژی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بڵاوکرابۆوە، بۆیە پشتگیریی خەتی (کاک نەوشیڕوان)ی دەکرد.

(کاک نەوشیڕوان) پیاوێکی باڵابەرزی دموچاو ڕەقەڵەی ڕەنگ ئەسمەری تێری جەستە لاوازبوو، سەروسمێڵی ڕەشێکی قەترانی و سمێڵ پڕ و گەورە. لووتی لەچەشنی هەندێ لەهاووڵاتیانی فلیپین و ئەندونسیا بوو. جل و بەرگێکی سادە لەبەر، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوو لەکۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا، خوێندکاری دکتۆرای پێوەندییە سیاسیەکان بوو لەزانکۆی نەمسا. لەسەر داواکاری (مام جەلال) و بە هۆی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێوە دەستبەرداری خوێندنەکەی ببوو. پیاوێکی خوێندەوار و نووسەرێکی بە سەلیقە و ڕۆژنامەنووس و کۆکەرەوەی بەڵگە و خاوەن ئەرشیفێکی گەورە بوو. پیاوێکی دووربین بە بەرنامە، خاوەن ڕای تایبەت و ڕاشکاوانەی خۆی و بێ منەت لەگفتوگۆکاندا. بەڵام هەروەکوو پێشتر گوێم

**"لەنێو سەرجەم کۆمەڵگەکاندا هەموو ئایدیۆلۆژیاییێک بێ جیاوازی، چ ئاینی بێ، یان سیاسی، چەپ، یان ڕاست بێت، سەرخۆشکەری مرۆڤەکانن"**



**ئەرسەلان بایز و ئەبوبەکر خۆشناو**

لێدەبوو دەیانووت پیاوێکی قسە ڕەق و ڕووشکێن بوو، بۆ ئەوێ ڕۆژێ و ڕۆژانی دواتریش تێکۆشەرێکی بە ئەزموونی دێرین و سەرکردەیەکی ڕەمز و خاوەن کارێزمابوو. هەموو ژیانی خۆی هەر لەتەمەنی گەنجێتیەوە تا دوا هەناسە، خۆی بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە و خزمەتی حزبایەتی و شۆڕش و گەلی کوردستان تەرخان کردبوو. نووسەرێکی کوردی زانی پاک، دەستوخەت ڕەنگین وتار و نووسینەکانی پڕ زانیاری نوێ و سەرنج ڕاکێش بوون. هەر لەماوەی ساڵانی ناو شۆڕش دەیان وتاری بۆ ڕادیۆی شۆڕش و گۆڤارەکان نووسی. چەندین کتێبیشی بڵاوکردەوە.

خانووەکە ڕووی لەدۆڵەکەو لەدوو ژوور و بەرهیوانێک پێک هاتبوو، وەکوو هەموو خانووەکانی دی دەبوو لەکاتی باراندا بە (باگردێن) سەربانەکەی بگێردرێت نەوەکا دڵۆپە بکات. زۆپایەکی داری گەورە لەبەر هەیوانەکە داگیرسابوو. هەربەینەوبەین، چەند تەڵاشێکی وشکیان دەخستە ناوی، هەموویان بە دەوری ئاگرەکەوە چوار مەشقی لەسەر چەندین بەتانی ڕەشی سەربازی گرمۆڵەیان کردبوو. پەنجەرەکان بچووک و بە نایلۆنی سپی ئەستور داپۆشرابوون. بۆ گێڕانەوەی کزەبای ساردی سەر ئەو لووتکە شاخەش، دیواری ژوور و بەرهەیوانەکە بەبەتانی ڕەش داپۆشرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ جار ڕەشەبا لەدرزی دیواری خانووەکە کلۆبەفری دەهێنایە ژوورەوە. بنمیچی ژوورەکان نزمبوون. ئەویش هەربەنایلۆن داپۆشرابوو کاتێ هەستت ڕادەگرت خشوهۆڕ و جلیتانێی مشکەکان سەرنجی ڕادەکێشای.

(ئەو) چووە ژوورەوە و سڵاوی کرد. بەڵام چونکە ژوورەکە بچووک و بنمێچەکەی نزم و پەنجەرەکەشی هەر بچووک بوو، بۆیە هەندێ تاریک بوو. (ئەو) چەند چرکەیەک هەستی ڕاگرت و بەوردی سەیری دانیشتوەکانی کرد. ئەوان بەگەرمی وەڵامیان دایەوە و یەک یەک تەوقەیان لەگەڵدا کرد و بەخێرهاتنیان کرد. لەکاتی تەوقە کردنەکەدا سەیری کرد (کاک عەلی بچکۆل و ئەنوەر حەسەن) لەوێ بوون. ئەوان کە پێشتر بەیەکەوە لەزیندان بوون، بیست ڕۆژێک پێش (ئەو) پێوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو. باوەشیان بەیەکتردا کرد. عەلی بچکۆڵ، هەندێ کورتە باڵای تێک چەقی و پیاوێکی جووتیاری دموڵفت شیرین و وریا بوو، پێشتریش لەتەمەنی چواردە ساڵی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو. بە ڕەچەڵەک خەڵکی

**لەسەراپای ژیانی مرۆڤایەتیدا، هیچ شتێک ناگاتە ئاسودەیی و خۆشی ئەوەی بگەیت بەو مرازەی بۆ ئایندە و چارەنووسی خۆت دەستنیشانی دەکەیت**

ناوچەی سوور قاوشانی نزیک دوکان و چەمی ڕێزان بوو، هەر لەتەمەنی پێش لاوێتییەوە ڕێبازی سیاسی (مام جەلال)ی پەسند کردبوو. لەشار وەکوو کرێکارێک لێپرسراوی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی شاری کەرکووک و ئەندامی سەرکردایەتی بوو. لەزیندانیش پیاوێکی قارەمان و خۆڕاگر و بە مشوور بوو. لەزیندانی (ئەبو غرێب) چۆوە بەرخوێندن و چەندین قۆناغی بڕی. بۆیە خاوەن دەستوخەتێکی زۆر جوان و نایاب بوو (ئەنوەر حەسەن) گەنجێکی باڵا بەرزی نەختێ ئەسمەری وریای تەمەن بیست و سێ چوار ساڵە بوو. خەڵکی کەرکووک و خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی بوو. گەنجێکی چوست و چالاک بوو، لەزیندانیش خۆڕاگر و بێ منەت بوو لەدەزگاکانی ئەمن و پۆلیس. دوای ئازاد بوونی نەگەڕایەوە زانکۆ. لەبری ئەوە پێوەندی بە شۆڕشەوە کرد و بوو بە پێشمەرگە (کاک نەوشیروان) کە قەمسەڵەیەکی سەوزی تێری لەبەردابوو، بەخێرهاتنی کرد (ئەو)یش بەپێی زانیاری کۆن و وەسف کردنەکان نامە چوکلێتیەکەی ڕێکخستنی شاری هەولێری ڕادەست کرد. دوای خوێندنەوەی نامەکە (کاک نەوشیروان) چەند پرسیارێکی لێکرد: لە کام ڕێگاوە هاتووی، یەکسەر لەهەولێرەوە، یان لەڕێگای سلێمانیەوە؟

– لەهەولێرەوە بۆ قەلادزێ لەوێشەوە بۆ ئێرە.

– کەی لەهەولێرەوە هاتووی، لەو ڕێگاوبانانە تووشی گرفت نەبووی، خەبەروباسی شار چییە؟

– چوار ڕۆژ لەمەوپێش هەولێرم جیهێشتووە. وەڵڵە بڵێم خەبەروباس چییە، خەڵک چاوی لەم تروسکاییەی ئێرەیە، دەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێمی بەعس تەنگیان بەو خەڵکە هەژارە هەڵچنیوە، هەرڕۆژە و بیانوویێکیان پێدەگرن. ڕۆژێک بەبیانووی بە بەعسی بوون، ڕۆژێکی دی بوون بەجەیشی شەعبی...هتد. چونکە پسوولەو مۆڵەتی دکتۆر و فەرمانگەشم پێبوو بۆیە بێ گرفت و بە ئاسانی لەڕێ هاتم.

هەروەکوو پێشتر باسم کرد، بارەگای کاک (نەوشیروان) لەدوو ژوور و بەرهەیوانێک پێکهاتبوو. ئەندازەی ژوورەکان سێ بە چوار و بەرهەیوانەکەش چوار بە پێنج مەترێک دەبوو. یەکێ لەژوورەکان و بەرهەیوانەکە بۆ خەوتنی پێشمەرگە و ئەویدیکەش (کاک نەوشیروان و کاک محەمەد تۆفیق) تیایدا دەخەوتن (محەمەد تۆفیق) هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوو لەئەندازیاری میکانیک، دەرچووی یەکێ لەزانکۆکانی بەریتانیا بوو، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لەبری گەڕانەوەی بۆ سلێمانی یەکەوسەر پێوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو. بۆیە ئینگلیزییەکەی باش بوو، خۆشی پیاوێکی خوێندەوار بوو. بە ڕەچەڵەک خەڵکی بنەماڵەیەکی ناوداری گوندی (خەراجیان)ی ناوچەی شارباژێر و لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر بوو.

نیوەڕۆکەی نۆکاوێکی باشیان خوارد. بۆ (ئەو) چونکە گەیشتبووە دوامەنزڵ و مەبەستی خۆی. شەو نەخەوتن و ڕێگا دوورەکەش هیلاک و برسی کردبوو، بۆیە لەوانیدی زیاتر بە چێژەوە نۆکاوەکەی خوارد. دواتر (کاک عەلی بچکۆل و ئەنوەر حەسەن) هەستان و ڕۆیشتن، ئەگەرچی ئەوانیش هێشتا میوانی بارەگاکانی تربوون و جێورێیەکی وایان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێش ڕۆیشتنیان ویستیان لەگەڵ ئەوان بچێ، بەڵام (کاک نەوشیروان) لوتفی کرد و وتی: میوانی منە. ئیدی (ئەو) بۆ ماوەی یەک مانگ لەو بارەگایە مایەوە. شەوان لەگەڵ (کاک نەوشیروان و کاک حەمە تۆفیق) لەیەک ژوور دەخەوتن. گەلێ جار، کاتێ شەوان وەئاگا دەهات دەیدیت (کاک نەوشیروان) لەژێر بەتانییەکە سەری دەرهێناوە پشتی بە دیوارەکە کردووە و جگەرە دەکێشێ، جارجارەش دەیدیت فڕێکی لەو بوتڵە وێسکیە دەدا کە لەژێر سەرینەکەی دانابوو. ئەو پیاوە جگەرەکێشێکی سەیربوو. لەماوەی ئەو مانگەدا (ئەو) وەکوو میوان وابوو نەیان هێشت دەست لە کەوچکێک بدا. بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە وەکوو هەموو پێکهاتەی بارەگاکە دەچووە سەر خوانی نان خواردن.

**"ئیدی هێزی دوژمن خۆی لەبەر شاڵاوی (ژەنەراڵی زستانێ) بەفروباران و سەهۆڵ بەندانی قوتەی (مامەندە)و دەوروبەری (شێنێ) نەگرت و شکستی خوارد"**





# کاکە زیاد لادێیی

# پیاوە سپییەکەی هەولێر

سابیر ڕەشید

ئێمە چەند برادەرێک بووین لەڕێگای ئەدەب و نووسینەوە یەکترمان ناسی، هەندێک لەوانە لەقوتابخانە بەیەکەوە بووین و زۆرتر لێکتر نزیک بووین، هەندێکی تریش دوای ئەوەی بابەتمان لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، یان لەبەشداری کردنی کۆڕە ئەدەبییەکاندا یەکترمان ناسی و دواییش زۆربەمان لەچایخانەکاندا کۆدەبووینەوە و باس و خواسی ئەدەب و نووسینمان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە و کتێبمان بەیەکتر دەبەخشی و لێکترمان وەردەگرت و ڕێنمایی یەکترمان دەکرد بۆ کتێبی ئەدەبی و هزری و ڕۆشنبیری.

من لەساڵی (١٩٧٤)ەوە دەستم بەنووسین کرد، یەکەم بابەتم شیعرێک بوو لە(ڕۆشنبیریی نوێ) بڵاوکرایەوە، ئەوکاتە وەکوو ڕۆژنامە دەردەچوو، سەرنووسەرەکەی (د. ئیحسان فوئاد) بوو، ئەم ڕۆژنامەیە زۆر هانی لاوانی دەدا. برادەرانی دیش بابەتیان لەم ڕۆژنامەیە بڵاوکرایەوە، ئەوکاتی ڕۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان) و گۆڤاری (نووسەری کورد) و گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) یش دەردەچوون، بەڵام سەرەتا بابەتمان بڵاونەدەکرایەوە، بەڵکوو لەپۆستەی خوێنەران وەڵامەمان دەدرایەوە.

یەکێک لەو برادەرانەی کە لەڕێگای ئەدەبەوە ناسیم، گەنجێکی سەیداوەیی بوو، ناسناوی (لادێیی) بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، پێیان دەگوت (کاکە زیاد لادێیی) ئەویش سەرەتا بەشیعر و دواییش بەرهەمی فۆلکلۆری و وتار و نووسینی بڵاودەکردەوە، بابەتەکانیشی بریتی بوون لە (بووک گواستنەوەی کوردەواری لە لادێ، ژن بەژنی لەکوردەواریدا، ژیانی لادێ) جارجارە لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا شیعری بڵاودەکرایەوە، شیعری جوانیشی دەنووسی.

کاکەزیاد لەکۆڕە ئەدەبییەکانیشدا شیعری دەخوێندەوە، ساڵی ١٩٧٥ لەبنکەی لاوانی هەولێر کە بارەگاکەی لەناو یاریگای هەولێر بوو، بەڕێوەبەرەکەی پیاوێکی شاعیربوو بەناوی مامۆستا (ئەمجەد) کۆڕی شیعری فراوان و جەماوەری ساز دەکرا، خەڵکێکی زۆر لەسەر پەیژەکانی یاریگا تەماشای ئەم سەکۆیەیان دەکرد کە شیعری تێدا دەخوێنرایەوە لەچەند کۆڕێکدا ئەم برادەرانە شیعریان خوێندەوە و بەشداربوون: ئەبوبەکر خۆشناو، بەکر زانا، نازم دڵبەند، مەوجوود سامان، کاکەزیاد لادێیی، مەسعوود پەرێشان، حەیدەر عەبدولڕەحمان، شێرزاد عەبدولڕەحمان، چیمەن کاوێس، کەمال سەعدی، ئیسماعیل بەرزنجی، شێرزاد ڕەنجەڕۆ....

بەهۆی ئەم کۆڕانەوە زیاتر لە کاکەزیاد نزیک بوومەوە و زیاتر یەکترمان ناسی، ئەوەی زیاتریش لێکتری نزیک کردینەوە، ئەوەبوو کە ئێمە چەند نووسەرێکی گەنج لەوانە: من و ئازاد عەبدولواحید و ئیسماعیل بەرزنجی و کەمال سەعدی و مەسعوود پەرێشان و مەوجوود سامان و ئەبووبەکر خۆشناو و کاکەزیاد لادێیی و خالید شەیدا و سەڵاح مەزن و فەهد گردەوانی و چەند برادەرێکی دیکەیش، سەرەتا لەچایخانەی عەبۆ و دواییش لەچایخانەی باکوور



**سابیر ڕەشید، کەیفی بەختەوەر و کاکەزیاد لادێیی ساڵی ١٩٧٧ زانکۆی موستەنسەریە**

که قاتی دووەم بوو لەبەرامبەر مەچکۆ و جارجارەش لەمەچکۆ و شەوانی هەولێر لەگەڵ نووسەرە گەورەکانی هەولێر دادەنیشتین.

کاکەزیاد ماڵیان لەگەڕەکی سەیداوە بوو مام قادری باوکی بەدەسگێڕیی خێزانەکەی خۆی بەخێو دەکرد، کاکەزیاد لەبەر هەژاری لەبەشی ناوخۆیی دەخەوت، ئەو کاتە بەشی ناوخۆییەکەشیان لەنزیک ماڵی ئێمە بوو، کەوتبووە سەرەتای ترافیکی شەقامی ئیسکان، ئێمەش ماڵمان بەرامبەر مزگەوتی حاجی بەکری زێڕینگەر بوو (مەسعوود پەرێشان)یش باوکی مەلای مزگەوتی حاجی بەکر بوو، ماڵیان لەناو مزگەوت بوو، بۆیە زیاتر من و پەرێشان لە کاکەزیاد نزیک بووین و بەردەوام یەکترمان دەبینی، خۆ ئەگەر ئازاد عەبدولواحید، یان مەوجوود سامان، یان کەمال سەعدی، یان شێرزاد ڕەنجەڕۆ کە ماڵیان لەئیسکان بوو بچوونایەتە بازاڕ ئەوا بەلای ئێمەدا دەهاتن و پێکەوە دەچووینە بازاڕ و لەچایخانە برادەرانی ترمان دەبینی.

ساڵی ١٩٧٦ – ١٩٧٧ من لەکۆلیجی یاسا و رامیاری زانکۆی بەغدا وەرگیرام، ساڵی یەکەم لەبەشی ناوخۆیی وەرنەگیراین، بۆیە وارێککەوت من و حاکم عەبدولباسیت فەرهادی و پارێزەر و حاکمی شۆڕش عەبدوڵڵا سەلیم گردەسۆری لەحەیدەرخانە نزیک پەیکەری ڕەسافی و لای مام نادر کە وەستای پانکە و کارەباییات بوو و ژوورەکانی خانووەکەشی بەکرێ دەدا، ئێمە لەوێ ژوورێکمان گرتبوو و بەپاس دەچووینە کۆلیج.

ئەو ساڵە واتە ساڵی ١٩٧٧ بوو ڕۆژێکیان کاکەزیاد هاتە بەغدا و بەپرسیار ئێمەی دۆزیەوە، خەریکی مامەڵەی چوونی بوو بۆ نەمسا، حەفتەیەک زیاتر لای ئێمە مایەوە، مێوانداریمان کرد و ئێواران لەبەغدا دەگەڕاین و پیاسەمان دەکرد، بەیانیانیش ئێمە دەچووینە کۆلیج و ئەویش خەریکی مامەڵەی خۆی بوو، تا کاروبارەکانی چوونی بۆ (نەمسا) تەواو کرد و لەکۆلیجی پزیشکی وەرگیرا و ڤیزا و پاسەپۆرتی تەواو کرد، ئێمەش واتە من و فەرهادی و گردەسۆری لەگەڵیدا چووینە فڕۆکەخانەی بەغدا و بەڕێمان کرد، کە گەیشتە نەمسا و بوو بەقوتابی کۆلیجی پزیشکی ناوە ناوە نامەی بۆ دەناردم، منیش هەر بەپۆستە نامەم بۆ دەناردەوە.

لەنەمسا بۆ بژێوی خۆی و سەختی ئەرکی خوێندن، لەلایەک خوێندن و لەلایەکی تریش لەکارگەیەکدا کاری دەکرد. لەوێ لەگەڵ کچێکی نەمسایی کە ناوی (پیترا) بووە، دەبن بەهاوڕێ و دواییش پێوەندی سۆزدارییان لەگەڵ یەکتردا پەیدا دەبێت، کاکەزیاد وەک کەسێکی ڕۆژهەڵاتی عاشقی ئەو کچە دەبێت، بەڵام ئەو دیارە هەروەک گێرل فرێند لەگەڵیدا بووە، چونکە دوای ئەوەی دەبێتە دۆستی کوڕێکی دیکەی کورد کە خەڵکی سلێمانی بوو، ناوی (تۆفیق) بوو، وردە وردە لەکاکەزیاد دوور دەکەوێتەوە، ئەو کوڕە ئەگەرچی لەبەشی ناوخۆیی و کۆلیجیش لەگەڵ کاکەزیاد بووە، بەڵام داوا لەپیترا دەکات بەئاشکرا بە کاکەزیاد بڵێت تۆم خۆشناوێت و ئیتر وازم لێبێنە، ئەویش ئەگەرچی ئەم هەڵوێستە لای ڕۆژئاواییەکاندا نییە، بەڵام بەپێداگری تۆفیق بە کاکەزیاد دەڵێ، ئیتر کاکەزیاد دوای ئەم هەڵسوکەوتەی خۆشەویستەکەی و تۆفیقی هاوڕێی، تووشی شۆک دەبێت و دەبێتە هۆی داڕووخانی ئەو، ئیتر نەخۆش دەکەوێ و تووشی شڵەژانی دەروونیی دەبێت و ئاگای لەخوێندن نامێنێ، هەرئەوەندە خۆی لەنەخۆشخانەی دەروونیی دەبینێتەوە و بەدەرزی و هێورکەرەوە تۆزێک دێتەوە سەرخۆی.

کاکەزیاد دوای تێکچوونی باری دەروونیی، برادەرانی کوردی نەمسا بیر لەوە دەکەنەوە، کە بۆ ناردنەوەی کاکەزیاد پێوەندی بەسەفارەتی عێراق بکەن لەنەمسا، ئیتر دەزانن ئەو کوڕە چیتر کەڵکی مانەوەی نەماوە لەنەمسا، نەخوێندنی پێدەکرێت و نە کار و ژیانیش لەوێ، بۆیە هەوڵەکەیان سەردەگرێ و لەڕێگای سەفارەتەوە دەیگەڕێننەوە عێراق.

پایزی ١٩٨٦ کە دەگاتە فڕۆکەخانە دەزگاکانی ئیستخباراتی عەسکەری عێراقی دەیگرن و بەکەلەپچەوە دەیبەن بۆ زیندانێکی خۆیان لەبەغدا و ئەوەندە ماوەی لەزیندان دەمێنێتەوە ئەشکەنجەی دەدەن، دوایی کە بۆیان دەردەکەوێ باری دەروونیی تێکچووە دەینێرن بۆ مەوقیعی ئینزیباتی عەسکەری لەهەولێر، دوایی بەلێژنەی پزیشکی لەبەر باری دەروونیی سەربازی لەسەر نامێنێ و دەینێرنەوە بۆ لای

**“ لە نەمسا لە کۆلیجی پزیشکی وەرگیرا و لەگەڵ کچێکی نەمسایی بە ناوی (پیترا)، دەبن بەهاوڕێ و پێوەندی سۆزدارییان لەنێواندا دروست دەبێت ”**



سابیر ڕەشید، محەمەد گوران و کاکەزیاد لادێی



**سابیر ڕەشید و کاکەزیاد لادێی**

کەسوکاری.

کاکەزیاد لەهەولێریش ناگەڕێتەوە سەر دۆخی ئاسایی جارانی خۆی، بۆیە وەکوو فریشتەیەک بەرگی سپی دەپۆشێ (کلاوێکی سپی، قەمسەلەیەکی سپی، دەستەوانەیەکی سپی، قایشی پشتی سپی، گۆرەوی سپی) تەنیا پێڵاوەکانی سپی نەبوو و ڕێبەنەکەی واتە ڕیباتەکەی ملی شین بوو.

> **لەدوای تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کچە، کاکە زیاد باری دەروونی تێکدەچێ و دەگەڕێتەوە عێراق و دەبێتە کەسێکی سپی پۆش**

لەسالانی دوو هەزارەکان بوو، ئەوکاتە من لەدوکانەکانی جێی چاپخانەی عەبۆ دوکانی پێڵاوفرۆشتنی جوملەم هەبوو، پێڵاوی لاستیکی کارگەکانی هەولێرم دەفرۆشت کە لەکۆنە پێڵاو دروست دەکران، کاکەزیاد هاتەلام، سڵاوی کرد و دانیشت، منیش بەخێرهاتنم کرد و چایەم بۆ بانگ کرد، چەند برادەرێکی نووسەریش ئەوکاتە لەلام بوون گوتی:

– سابیر ڕەشید هەمووشتم سپییە تەنیا پێویستم بەجزمەیەکی سپی هەیە بۆم پەیدا بکە.

منیش گوتم:

– سەرچاوان کاکەزیاد هیچی ترت پێویست نییە؟

– نەخێر.

برادەرێک ئەوکاتە لەوێ بوو وتی کاکەزیاد دەڵێن تۆ دکتۆری؟

گوتی: بەڵێ چیت دەوێ.

گوتی: دەرمانێکم بۆ بنووسە گەدەم تەواو نییە.

کاغەزێکی لەدوکان دەستدایێ و وەک ڕەچێتە دەرمانی بۆ نووسی.

ئەو کاتە (خالید شەیدا) لەلام بوو، تازە لەئەڵمانیا هاتبووەوە، لەگەڵ کاکەزیاد دەستیان کرد بەقسەکردن بەزمانی ئەڵمانی و ئێمەیان لەبیرکرد.

ئێمە ئەوکاتە لەچەند شوێنێک پێڵاوەکانی کارگەی هەولێر، بەتایبەتیش نەعلمان سبوغ دەکرد و لەناو نایلۆنی سلیفۆن جوان دەکرا و دەماننارد بۆ موسڵ و بەغدا و خوارووی عێراق، بۆ جزمەی کاکەزیادیش کە تەنیا جزمەی ڕەش دروست دەکرا لەکارگەکانی هەولێر، برادەرێکم لەو سبوغچیانەی خۆمان ڕاسپارد جزمەیەکیان بەژمارەی پێی کاکەزیاد بۆ سپی کرد و دوایی چەند ڕۆژێکی دیکە هاتەوە و هەر ئەو ڕۆژە لەپێی کرد و پێڵاوەکانی خۆی جێهێشت و گوتی: بیدە بەکەسێکی بێ پێڵاو.

ڕۆژێکی دیکە هەر لەم ساڵانە بوو کە سپی پۆش بوو پۆلیس لەجادە گرتبووی و ئەویش پێی گوتبوون کە نە شێتە و نە جاسووسە، بۆ کەفالەت و ناسینی لەلایەن پۆلیسەکەوە هێنابووی بۆ لای من، ئەوکاتە چەند نووسەرێکیش لەدوکانەکەم دانیشتبوون، هەموومان داکۆکیمان لە کاکەزیاد کرد و وەکوو نووسەرێکی ئەم شارە بەپۆلیسەکەمان ناساند و قەرزاریشمان کردەوە.

ساڵی ٢٠١٣ دوکانم لەتەنیشت بازاڕی سیروان بوو، دەمێکبوو کاکەزیادم لەبازاڕ نەدەبینی، ڕۆژێکیان بێئیش بووم لەسەر شەقامی نزیک بازاڕی سیروان ڕاوەستابووم، کاکەزیاد بەوێدا هات، بەڵام ئەمجارە جلی سپی فڕێدابوو و جلی ئاسایی لەبەر بوو، لەگەڵ ئافرەتێک بوو، کە گەیشتە لای من، سڵاوێکی کرد و تەوقەیەکی لەگەڵدا کردم و گوتی: سابیر ڕەشید چۆنی؟

گوتم: سوپاس کاکەزیاد تۆ چۆنی ئەوە چۆنە پەیدابوویتەوە لەکوێ بووی؟

گوتی: وەڵا لەماڵی خوشکم دەژیم، ئەوەش خوشکەکەمە، بەڵام نایەمە دەرەوە و هەر لەماڵەوەم.

وتم: خۆشحاڵم توخوا خوشکێ کاکەزیاد چۆنە زۆر ئاگات لێی بێت.

خوشکەکەی گوتی: وەڵڵا مامۆستا وەکوو چاوی خۆم پاراستوومە و ئاگام لێیەتی.

گوتم: وەرن دانیشن چایەک بخۆنەوە، توخوا هیچتان پێناوێ؟

هەدووکیان گوتیان: نەخێر... زۆر سوپاس.

ئیدی لەو جارە بەدواوە کاکەزیاد شوێنی دوکانەکەی منی پێدەزانی و ناوە ناوە بەتەنیا دەهات، بەڵام کە دەهات

> **کاکە زیاد وەک کەسێکی ڕۆژهەڵاتی عاشقی ئەو کچە دەبێت**

بەدەست بەتاڵی نەدەهات، پرتەقاڵ و سێو و شەربەت و کێکی لەگەڵ خۆی دەهێنا و ئەوەی لەوێ بووایە دەبووایە لەگەڵیدا بیخوات، زۆریش دڵی پێی خۆش بوو.


ساڵی ٢٠١٣ دوکانم لەوێ نەما گواستمەوە بەرامبەر ساردەمەنی هەولێر کە دوو کۆڵان ئەولاتر بوو، دیسان ماوەیەک نەمدیتەوە، بەڵام خۆشبەختانە هەر ئەو ساڵە شاگردەکەم کە ناوی بێستوون بوو ماڵیان لەدارەتوو بوو، دەیزانی من بەدوای شوێنی کاکەزیاد دەگەڕێم، چونکە پێیان گوتبووم کە چۆتە ماڵی ئەبوبەکر قادر (بەکۆ)ی برای لەدارەتوو، ڕۆژێکیان بێستوون ماڵی (بەکۆ)ی دۆزیەوە و ئێوارەیەکیان لەگەڵ (خالید شەیدا) چووینە ماڵیان.

کە چووین ئێمەی بە (دایکی و بەکۆی برای و ڕاژان)ی کوڕی بەکۆ ناساند و میواندارییەکی جوانی کردین و ناوە ناوە داوای لەبراژنەکەی دەکرد کە پەقلاوە و میوەجاتمان بۆ بێنێ، لەبەر دڵی ئەو من نەخۆشی شەکرەشم هەبوو پاقلاوە و شەربەت و میوەشم لەگەڵیدا خوارد، خالید شەیداش هەروەها لەبەر دڵی ئەو چی ئەو گوتی خواردی، ئیتر وێنەمان گرت و هاتینەوە، بەڵام بەبینینی ئێمە زۆر دڵخۆش بوو، هەر ناوە ناوە بەدایکی دەگوت: دایە ئەوانە برادەری کۆنی منن، دایکی و بەکۆ و ڕاژانیش بەردەوام دەیانگوت: یاخوا بەخێربێن، کاکەزیاد زۆر بەهاتنتان دڵخۆش بووە.

لەساڵی ٢٠١٥دا لەگەڵ خالید شەیدا چووینە تازیەی دایکی و چەند ڕۆژێکیش دوای تازیە دیسان چووینەوە لای لە ماڵی بەکۆی برای، ئەوکاتە مردنی دایکی زۆر کاری لێکردبوو.



ڤییەنا – نەمسا ١٩٧٧



سەیداوە – هەولێر ٢٠٠٧

کاکەزیاد تا مانگی ئاداری ساڵی ٢٠١٨ هەفتەی جارێک دەهاتە لام لەدوکان، چونکە خۆیشی دەوامی هەبوو لەدائیرەیەکی غابات دامەزرابوو، ئەو هەمووجار دەیگوت: لەدارستان کار دەکەم، دوای ئەوە چەند مانگێک دیار نەما، بەبێستوون سۆراخیم کرد، گوتیان نەخۆشە، چاوەڕێی هاتنەوەی خالید شەیدام دەکرد بێتەوە سەردانی بکەین، بەڵام بەداخەوە، مخابن لە ٢٠١٨/٨/٣١ هەواڵی مردنی ڕاگەیەنرا.

لەگەڵ (سەباح ڕەنجدەر)ی هاوڕێم چووینە تازیەی، کە ڕەنجدەرم بە بەکۆی برای ناساند، بەکۆ بەچاوی پڕ لەگریان و حەسرەتەوە بەڕەنجدەری گوت: سوپاست دەکەم برام، تۆ من ناناسی، بەڵام دەزانم لەبەر خاتری ڕەحمەتی هاتوویتە تازیەکەمان، ڕەنجدەریش گوتی: کاکەزیاد برای هەموومان بوو، باشترین ساتەکانی ژیانی تەرخانکرد بۆ نووسینی کوردی. بۆیە هەموومان خۆشماندەوێت و بۆی پەرۆشین.

کاکەزیاد لەدایکبووی ١٩٥٧/٧/١ بوو، برادەرێکی بەوەفا و بەئەمەک بوو، لەوەتەی ناسیومە برادەری خۆی لەبیر نەدەکرد، لەگەنجیشدا، لاوێکی جوان و قسە خۆش و خۆش مەشرەب بوو و زۆریش ڕووخۆش و قسەخۆش بوو، لەدانیشتنی برادەرانەشدا گۆرانی بۆ دەگوتین و دەنگی خۆشبوو، خاک و نیشتمانی خۆیشی زۆر خۆش دەویست، نووسەرێکی بوێر و بەهەڵوێست بوو. خوا لێی خۆشبێت، یادی بەخێر، هەقی ئەوەی هەیە پەیکەری بۆ بکرێ و شەقامێکی گەڕەکی سەیداوەی جێی منداڵیی بەناو بکرێت و لەوەش زیاتر بایەخی پێبدرێ.



خالید شەیدا، سابیر ڕەشید، کاکەزیاد لادێی،
ئەبوبەکر قادر (بەکۆ) و ڕاژانی کوڕی (بەکۆ)

# چیرۆکی شیعری (کۆچ و یادی) ئەکرەم خامۆش

سالار گوشار

لەهەموو بارودۆخ و سەردەمەکاندا، هونەر هەمیشە دیوێکی دیکەی دەربڕینی خەم و ئازارەکان بووە، گۆرانی و موزیکیش ئاوێتە بووە بەخۆشی و ناخۆشی و ماتەم و شادییەکان، بەواتایەکی دی موزیک و گۆرانی ئاهێک بووە بە بەر مەشەقەتییەکانی ژیان و ماندووبوونییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هاتووە، لەزۆرکاری ڕۆژانەشدا، گۆرانی و حەیران و دەنگبێژی و بەستەکان ئاوێتەکراوە بەکارەکان، هەروەها گۆرانییەکان بوونەتە مۆرکی ناسینەوەی زام و برینەکان، کارەساتەکان و هەتا ڕووداوە مێژووییەکان بەگۆرانییەکان، یان بەستەکان ناسراونەتەوە.

زۆر گۆرانی هەیە چیرۆکێکی لەپشتە. برینێکی قەتماغەگرتووی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، واتە ئەو هونەرمەندە توانیوویەتی چیرۆکێکی تراژیدی، یان دڵداری و نیشتمانی، لەناو گۆرانییەکەیدا بپارێزێ و حەشاریدا، دیوی ناوەوەی ئەم چیرۆکە چییە و چۆن ڕوویداوە؟ گوێگر، یان بینەر بەوە نازانێ و پەی پێنابا. زۆرن ئەو چیرۆکانەش، کە لەپشتی گۆرانییەکاندا خۆیان حەشار داوە.


ئەو گۆرانیانەی ڕووداوێکی لەپشتەوە بووە، یان چیرۆکێکی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە ئەو گۆرانیانە هەمیشە نەمر بوونە، ئەگەر سەردەمەکەشی بەسەرچووبێ، چیرۆکی ئەم گۆرانییە، یان ئاواز و شیعر و ئەدا و موزیکەکەی هەر زیندوو دەبێ، یان لەچیرۆکی پشتی ئەم گۆرانییە، دەتواندرێ، درامایەک، یان فیلمێکی سینەمایی لێ هەڵێنجرێ .

لەم باسەدا چیرۆکی پشتی گۆرانیەکتان بۆباس دەکەم، کەسەردەمانێک گۆرانی بێژەکەی لەسەری گیراوە و شاعیرەکەشیان بانگکردۆتە دائیرەی ئەمن، کە بەگۆرانییەکی سیاسی لەقەڵەمدرابوو، لە کاتێکدا سیاسیش نەبووە .

بەحوکمی ئەوەی وەکوو ڕۆژنامەنووسێک ساڵانێکە لەبواری گۆرانی و موزیکی کوردی کاردەکەم و بەرنامە و چاوپێکەوتنی زۆرم لەگەڵ هونەرمەند و ئەدیب و شاعیر ئەنجامداوە، لەبەرئەوەی خۆشم زۆر حەزم بەو گۆرانییە کردووە، چونکە دەمزانی چیرۆکێکی لەپشتە،



نووسەر لەگەڵ ئەکرەم خامۆشی شاعیر




لەکێ پرسیاربکەم؟ چۆن سەرەداوی ئەم چیرۆکە بدۆزمەوە؟ زۆری پێچوو، لێ بێ هیوا نەبووم، شاعیرەکەم دۆزییەوە. هەرئەم گۆرانییەش بوو منی بەدوای ئەم شاعیرەدا دێوانەکردبوو.

ئەم شاعیرەش سالآنێکی دووروودرێژ لەهەندەران نیشتەجێبوو دواجار پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان چاوم پێیکەوت نووسەر و شاعیر (ئەکرەم خامۆش) میوانداری بەرنامەیەکی خۆم کرد. لەناو بەرنامەکەدا باسی زۆر وێستگەی ژیانی (ئەکرەم خامۆش)ی شاعیرمان کرد، تەواوی بەرنامەکەش لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر هەیە، دەتوانن سەیری بکەن. ئەوەی بۆمن گرنگ بوو لەدەمی خاوەنی شیعری (کۆچ و یادی) بەتەواوی لەچیرۆکی پشتی ئەم گۆرانییە بگەم.

گۆرانی، کۆچ و یادی

شیعری : ئەکرەم خامۆش

ئاواز و دابەشکردنی مۆسیقا: تەڵعەت عارف عوزێری

گوتنی: حەمەجەزا

لەتیپی هونەری هەولێر تۆمارکراوە

ساڵی ١٩٧٩ لەتەلەفزیۆنی کەرکوک پەخشکراوە

## چیرۆکی پشت گۆرانییەکە:

بەیانییەک، لەبەیانییەکانی ساڵی ١٩٧٩ هونەرمەند و مامۆستا تەڵعەت عارف، پێش ئەوەی بچێت بۆ دەوام لەگەڵ خێزانەکەی عادزی دروست دەبێ، کە بەخۆشەویستیش هاوسەرگیریان کردبوو، هەر بەو تووڕەبوونەی کە لەنێوانیان دروستدەبێ، مامۆستا تەڵعەت دەچێتە دەوام، خێزانەکەشی لەپاش دەرچوونی مامۆستا تەڵعەت دەچێتەوە ماڵی باوکی، لەمامۆستا تەڵعەت وایە خێزانەکەی تۆراوە و ئیدی نایەتەوە، بەڵام خێزانەکەی هەرکە ئێوارە دادێ، لەماڵی باوکی دێتەدەرێ بچێتەوە ماڵەکەی خۆی، لای ماڵی باوکیشی نەی گوتبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی عادزیان بووە، لێ جەخار لەڕێی گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی تووشی ڕووداوێک دەبێت، تادەیگەیێننە خەستەخانە، تەواودەبێ. مامۆستا تەڵعەت ئاگاداری ئەو ڕووداوە نابێ، درەنگانی شەو، لەلایەن ماڵی باوکییەوە، هەواڵ بە مامۆستا تەڵعەت دەدەن، کە خێزانەکەی گیانی لەدەست داوە.

ئیدی ئەوە دەبێتە کۆست و کەسەرێک لەدڵی مامۆستا تەڵعەت. ئەم ئاوازەی بۆدادەنێ و دەچێتە لای مامۆستا (ئەکرەم خامۆش) ی شاعیر چیرۆکەکەی بۆدەگێڕێتەوە کە چۆن خێزانەکەی لەدەستداوە شیعرێکی لەسەر ئەم بەسەرهاتە بۆ بنووسێ.

کەسەرەکەش لێرەدابوو، کە بەیانییەکەی لەماڵی خۆیان لێک تووڕەبوونە، بەڵام ئەم بەیانییە دواجاریش بووە کە یەکدی ببینن.

مامۆستا (ئەکەرەم خامۆش)ی شاعیریش زۆرلێهاتووانە تەواوی ڕووداوەکە و ئەو خۆشەویستییەی لەنێوانیاندا بووە و ڕۆیشتنی ئەو بەیانییەی وێناکردووە و تەواوی ڕووداوەکەی لەشیعرێکدا کۆکردۆتەوە و دایڕشتووە، شیعرەکەش بووە ئەم ئاوازە نەمرە کەتائێستاش لەهزری هونەری کوردیدا هەرزیندووە.



# کۆچ و یادی

وا ئەڕۆی و جێم ئەهێڵی بۆسبەی
ئەم دڵە دیلەش لەگەڵ خۆتا ئەبەی
چی ئەمێنێ بۆمنیش دەردەسەری
چۆن ئیتر ناگریم لەبەربێ هاوسەری
ئەی پەری
هەرشیوەن و ئاخ و ژانە یادگاریم
ئاخ چەند تاڵبوو ژینی کورتی دڵداریم
لەگەڵ کۆچت شیوەن بۆمن بەجێما
ماڵ ئاوایت کرد لەئاسۆی گەنجیما
ئەی پەری
هەرشیوەن وئاخ و ژانە یادگاریم
ئاخ چەند تاڵبوو ژینی کورتی دڵداریم
کە ڕۆیشتی بەجێت هێشتم کەڕەنجای
لەهێلانەی خۆشەویستیم نەگونجای
ئەی پەری
لەپاش کۆچت، وەک غەریبێ ئەگەڕێم
هەرئەڕۆم و ناشارەزای سەرە ڕێم
تۆش پەیامی ڕاستەقینەی دڵداری
بنێرە بۆگەرووی ئاگر، بەدیاری
ئەی پەری
هەرشیوەن و ئاخ و ژانە یادگاریم
ئاخ چەند تاڵ بوو ژینی عومری دڵداریم

محەمەد جەزا لە کاتی گوتنی گۆرانی کۆچ و یادی

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار

- ناوی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)

حەمەکەریم هەورامی

- مامۆستای گەورەم .. کۆچی دواییت زامێکە و ساریژ نابێ


کامەران حاجی ئەلیاس

- بۆچی نازناوم (ئاوارە)یە؟

موحسین ئاوارە




# نۆڤلێتی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان ژنێکی منگن) بۆ شەش ساڵی خایاند؟



شێرزاد حەسەن

کورتە چیرۆکێک بوو هەرجارێ ڕستەیەکم لێدەنووسی، من هەندێ دەقم هەیە ١٧ ساڵ خەریک بوومە، وەکوو شەوی دابەزینی عیسا و پێدەشتی کارمامزەکان.

ئەگەر تەماشا بکەیت، کەم بەرهەمم هەیە، هەمەنگواش پیرەمێرد و زەریای، زۆر لامایەوە، دواتر کردی بە نۆڤلێت، ئەوە ڕەوایە، لەبەر ئەوەی من لەوبەینەدا کاری دیکە دەکەم، فەرمانبەر بوومە لەوەزارەتی پەروەردە، کاتم نەبووە، خۆمن نووسەرنیم لەسەر کتێبەکانم بژیم، بۆیە لەماوەی ٣٦ ساڵدا ئەگەر تەماشا بکەیت هەر ٣٦ چیرۆکم نووسیوە، واتە هەر ساڵەی چیرۆکێک ٧ نۆڤلێت و ڕۆمانی کورت و درێژم هەیە ٣ی کورت و ٤ درێژ لەکاتێکدا ٥٠ ساڵی خایاندوە لەبەر ئەوەی کەم دەنووسم، پتر دەخوێنمەوە لەسەدا (نەوەت) دەخوێنمە لەسەدا (دە) دەنووسم.

هۆکاریش ئەوە بووە جارێک خەونێکی ئیرۆتیکیم بینی بەیانییەکەی هەستام لەگەڵ کەژال(مەبەستی کەژاڵی خێزانێتی) قسەمان دەکرد، خەندەلێو بوو گوتی چییە؟ گوتم: ئەم شەو خەونێکی سۆزداریم بینی، پەیوەست بوو بە گەنجێتیم، وەکوو حەز لەکچێکی دراوسێ، خەونەکەش کاڵوکرچ بوو. بەڵام هەستم کرد لەدۆخێکی ئیرۆتیکی غەریبم، ئەویش تۆزیک مات و مەلول غەمگین بوو گوتی بۆ خەونی وادەبینی.

گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد، دوای ئەو گفتوگۆیە، بیرم کردەوە کە پەیوەندی نێوان نێرومێ زۆر ئاڵۆزە، گومان و گیروگرفت لەبەینی مرۆڤەکان بەردەوامە. ئەمە وایکرد ببێ بەو چیرۆکەی باسم کرد، بۆیە دەکرێ ئێمە هەتا لەبواری سۆزداریمان، لەخەونیش بترسین، دواجار تۆ خەونت دیوە، نێر بێ، یان مێ.




باوەڕناکەم هیچ خانمێک، خەونێک ببینێ بە مێردەکەی بڵێ ئەو خەونە سۆزدارییەم بینیوە، بێتاقەت نەبێ، وەک چۆن پێچەوانەکەشی هەرڕاستە، هەرپیاوێک بڵێ من خەونم بەخانمێکی دی دیوە.

ئەو پرسیاری کرد، پرسیارەکەی زۆر جوان بوو، گوتی: کەسێک بوو دەتناسی؟ بەوردەکاریەوە بۆم باسکرد، گوتم: بەڵێ لەگەڵ کچێک لەهەمان تەمەندا بووین بالق بووین، بەڵام بەڕاستی ئەوە پەیوەست نییە بەمنەوە. ئەوەی پەیوەست بێ بەمنەوە، بیرم لەوە کردەوە، بەڕاستی ئەو پەیوەندییەی بەینی نێرومێ زۆر ئاڵۆزە.

بۆیە ئەگەر تەماشا بکەیت، ئەو چیرۆکە سایکۆلۆژییە، دواتریش نەچووەوە سەر خەون بەپێچەوانەوە گەڕامەوە بۆ ڕەحم، گەڕانەوە بۆ منداڵدانی دایک، ئەوە کێشەیەکی سایکۆلۆژییە مرۆڤ بەردەوام هەست دەکات تەنیا ئەو (٩) مانگە لەناو منداڵدانی دایکیدا ئارام بووە، دواتر کە دێتە دەروە، بە زریکەوە دێتە دەرەوە، بەڵام ژیانێکی کوولەمەرگی و زۆر تراژیدی دەژییێت.

پەیڤێک

# دەربارەی ناوی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)



حەمەکەریم هەورامی

> ژمارە (سفر)ی کوردستانی نوێ لەرۆژی یەکشەممەی (١٩٩٢/١/١٢ دەرچوو، ژمارە یەکیشی لە (٢٦)ی هەمان مانگدا بوو

کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەژێر فشاری میللەتاندا بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی لەرێکەوتی (١٩٩١/٤/٥)دا سەبارەت بەمیللەتی کورد دەرکرد، بڕیارەکە داوای لەحکومەتی بەعس کردبوو کە دەست لەچەوسانەوەی کورد هەڵبگرێ و ڕێز لەمافی مرۆڤ بگرێ، پاش دەرچوونی ئەو بڕیارە، هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاتە سەر سنووری کوردستانی باشوور، سوپا نەگریسەکەی عێراقی ناچارکرد کوردستان بەجێ بێڵێ، لەهەمان کاتدا فڕینی فڕۆکەی عێراقی لەسەر ناوچەی کوردستان قەدەغەکرا و ناونرا (ناوچەی ئارام) بۆ ئەو مەبەستە لەسەر داوای حکومەتی بەریتانیا (هێزی چەکۆچی ئامادەکراو) پێک هێنرا، بۆ ئەوەی بڕیارەکە بباتە واری پراکتیکەوە.

کوردستان دوای نەمانی ڕژێمی بەعس هەناسەیەکی قووڵی داو بەخۆیدا هاتەوە، مەترسی ڕاونان و گرتن و ڕفاندن و سێدارە و بگرە و بکوتە و سەرنگومکردن نەما، پێشمەرگە شاخیان بەجێهێشت و هاتنەوە، ڕووبەڕووی واقیعێکی دیکە بوونەوە کە لەخەباتی شاخ سەختتر بوو، گەڕانەوە ناو ئەو گوندو شارانەی کە لەناو خوێندا گەوزا بوون.

هاتنەوە ناو شاری پڕ لەکەلاوەوە و ژێرخان و سەرخانی ڕووخاو، هاتنەوە بۆ لای دێهاتی کاولکراو، کانیاوی وشک و وێرانکراو، بۆلای دار و درەختی بڕاو و کێڵگەی پڕ لەخوێن شێوێنراو.

گەڕانەوە بۆ لای ئەو جەماوەرە کۆڵنەدەرە کە بەتاسەوەی ئەو ڕۆژە بوو ئەوان بەسەرفرازی بگەڕێنەوە و پێیان شادببنەوە، لەو باوەڕەدا بوون بەهاتنەوەی ئەوان گیانی ڕۆڵە شەهیدەکانیان شاد و ئاسوودە دەبێ.

بەڵێ هاتنەوە، هەموو بەیەکەوە هاتنەوە، هەموو پێشمەرگەی ناو شاخ بوون، بەڵێ ئەو ڕۆژە کە هاتنەوە گیانی پاکی سەدان هەزار ئەنفالکراو و خنکاوانی کیمیاوی باران پەپوولەی هەمەڕەنگ بوون پێشوازی هاتنەوەکەیان کرد، باڵا گەردانیان بوون، بەزمانی حاڵ پێیان دەگوتن لەئەمڕۆ بەدواوە سەرەتای خەباتی بنیاتنانی نیشتمانە، یەکبن، تەبابن، حەواندنەوە و تەسەلبوون لەخشتەتان نەبا.

کە هاتنەوە یەکبوون، بەڵام گەردی ئەو کۆنە قینە کە ناو لۆچەکانی دیوی ناوەوەیاندا خۆی مەڵاس دابوو لەکاتی حەواندنەوەو بەخۆدا هاتنەوەدا سەری هەڵدایەوەو کردنی بەدوو لەتەوە، هەر لەتێ دەیویست خۆی سەر پشکی بێ، بەو لەتبوونە جەماوەر لەت نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی دڵخۆشکەریان نا، پەرلەمانیان هەڵبژارد، حکومەتیان دامەزراند، دامودەزگای کارگوزارییان دانان، دەزگاو دامەزراوەکانی گەشەپێکردنی کەلتوور و ئەدەب و هونەر و بایەخدان بەمێژووی کوردیان بەگەڕخستەوە؛ دەرگای قوتابخانەکانیان کردەوە، هەر لایەنێک لەبارەی خۆیەوە هەوڵی دەدا بنکەی ڕۆشنبیری و میدیای ڕاگەیاندنی هەبێ، هەر یەک لەو دوو بەرەییە کۆمەڵێ نووسەر و ڕۆشنبیری بۆ لای خۆی ڕاکێشاو پەلەی دەکرد لەدەرچواندنی گۆڤار و ڕۆژنامەدا پێش لایەنەکەی دی بکەوێ.

ئەو ڕۆژە کە ڕێکەوتی (١٩٩١/١١/١٠) بوو، نم نم وردە باران دەباری، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە، لە تەلارەکەی کرێکاراندا کە دەکەوێتە تەنیشت شارەوانی و بەرامبەر بەشیراتۆنە، لەو ڕۆژەدا نووسەرانی هەولێر کۆببووبوونەوە بۆ ئەوەی شوێنێک بۆ کۆبوونەوەکانی نووسەرانی لقی هەولێر دیاری بکەن، لەکاتی ڕاوێژکردندا بوو، یەکێک هات نامەیەکی لەکاک کۆسرەت ڕەسووڵەوە دایە دەستم، کە خوێندمەوە، داوای لێکردبووم بەو نووسەرانە کە لەوێ بوون ڕابگەیەنم؛ کە پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بڕۆین بۆ لای سەندیکای دکتۆران کە ئەو کات لەگەڕەکی سەیداوە بوو.

منیش کات و شوێنە دیاریکراوەکەی ناو نامەکەم بە نووسەرەکان ڕاگەیاند، بەتایبەت بەوانەی کە ناویان لەنامەکەدا هاتبوو، پاش نیوەڕۆ کە بۆ ئەو شوێنە چووم، دیم گەلێ نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند، لەوانە کە ناویان لەنامەکەدا هەبوو، یان نەبوو لەوێ لەناو هۆدەیەکی پان و بەریندا بەچوار چمکی لەدەوری کاک کۆسرەت دانیشتبوون،


کوردستانی نوێ

NEW KURDISTAN

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

یەک شەممە / ١٢ی کانوونی دووەم ١٩٩٢ ـ ژمارە [ ٠ ] ساڵی یەکەم ARBIL - KURDISTAN - IRAQ (No.0) [1 -

یەکدوو ژنیشم بەدی کردن لەوێ بوون، یەکێک لەوانە (سەرفراز نەقشبەندی) بوو، کە چووم کاک کۆسرەت بەچوونەکەم خۆشحاڵ بوو، ڕێزی لێگرتم و لەتەنیشت خۆی دایناَم و وتی: دەمانەوێ ڕۆژنامەیەک دەربێنین، بەڵام هێشتا ناومان نەناوە، بۆ ناوێک دەگەڕێین لێ بووەشێتەوە، ئەو کەسانەی لەوێ بوون هەر یەک ناوێکی پێشنیاز کردبوو، کەسێک لەتەنیشت کاک کۆسرەت دانیشتبوو، ئەوەی ناوێکی

**«من لەباسکردنی ئەو بابەتەدا تەنیا دەرخستنی ڕاستیم مەبەستە، دەنا هیچ مەبەستێکم نییە، لەدڵەوە شانازی پێوەدەکەم، بەڵام خۆمم پێی هەڵنەکێشاوە»**

دەووت کە هەندێ پەسەند بوایە لەدەفتەرەکەی بەردەسیدا تۆماری دەکرد، دیاربوو گەلێ ناوی تۆمار کردبوون، دەفتەردارەکە گەنجێکی قژسووری دەموچاو سپی و نیگار کراوەبوو، لەدوای ماوەیێک بۆم دەرکەوت ئەو گەنجە ناوی (حاکم جەمال)ە هەر لەو ساڵەدا دەستێکی چەپەڵ شەهیدی کرد.

من کە ناوی (کوردستانی نوێ) م پێشنیازکرد شەهیدی ناوبراو دەفتەرەکەی کردەوەو گوتی: ئەمەیە ناوی وەشاوە، کاک کۆسرەت پێی گوت: بیکە بەسەر دەفتەری هەموو ناوەکانی دی، سەرفراز نەقشبەندی ڕووی لەمن کردوو گوتی: بۆ کوردستان کۆن و نوێی هەیە؟

لە وەڵامیدا گوتم: کوردستان یەکە، بەڵام کوردستانی پێش ڕزگاربوون و پاش ڕزگاربوون دەبێ جیاواز بن، جگە لەوەش ئەم ڕۆژنامەی کوردستانە لەڕۆژنامەی کوردستانی دایک کە لەقاهیرە لەساڵی (١٨٩٨) دەرچوو جیاوازە، جگە لەوەش ڕۆژنامەی دیکە کە جاران بەناوی کوردستانەوە دەردەچوون بەراورد بەڕۆژنامەی کوردستانێک کە لەمەوپاش دەردەچێ کۆن و نوێیان هەیە، یان کوردستانێکی وێرانکراوی بەردەستی بەعس لەگەڵ ئەوەی کە لەمەودوا ئاوەدانی دەکەینەوە دەبێ کۆن و نوێی هەبێ، کە وامگوت کاک کۆسرەت گوتی: بۆ ناوێکی شایستەی وەها دەگەڕاین و دۆزیمانەوە، پاش قسەکەی کاک کۆسرەت، ناوەکە کرا بەسەردەفتەری گشت ناوەکانی دیکە و ئیدی ناوی (کوردستانی نوێ) بوو بەسەر قەپاغی هەموو ناوە پێشنیازکراوەکان و هیچ ناوێکی دی بەدوایدا نەهات وەکوو بڵێی هەر لەوێدا کاک کۆسرەت بڕیاری فەرمی لەسەر ناوەکەدا.

ژمارە (سفر)ی کوردستانی نوێ لەڕۆژی یەکشەممەی (١٩٩٢/١/١٢) دا دەرچوو، ژمارە یەکیشی لە (٢٦)ی هەمان مانگدا بوو، لەڕۆژی دامەزراندن و دانانی بەشەکانیدا نەچووم، خۆم نەخستە بەردەستی کەس، پێم وابوو خۆخەریک کردنم لەو مەیدانانەدا لەخۆ تەرخانکردنم بۆ نووسینێ کە خۆم گەرەکم بێ پەکم دەخات و خامەکەم بەلایەکی تردا دەبات، من ڕستەیەکی کوردی ڕەوان بنووسم و بیخەمە سەر نووسینی ناو هەگبە تایبەتییەکەی خۆم بەتەختی جەمشیدی ناگۆڕمەوە، بەڵام خۆشم لەنووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بەدوور نەگرتووە، کە زانیبێتم نووسینێکم پێویستە لەگۆڤارەکاندا بڵاوبکرێتەوە وامکردووە.

پاش دەرچوونی ژمارە یێکی کوردستانی نوێ زنجیرە نووسینێکم بەناوونیشانی (عاجباتییەکانی حزبی بەعس) تێدا بڵاوکردەوە، لەسەرەتای دەرچوونی کوردستانی نوێدا وتارنووسەکان وتارەکانیان بەناوی خوازراوەوە بڵاودەکردەوە، بەخۆهەڵکێشان نەبێ ئەز یەکەم کەس بووم بۆ یەکەمجار بەئاشکراو بەناوی خۆمەوە نووسینەکانم تێیدا بڵاودەکردەوە، ئەوەی دەیەوێ لەم وتانەم دڵنیابێ با ژمارە سەرەتاییەکانی کوردستانی نوێ بخوێنێتەوە.

لەیادی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەرچوونی کوردستانی نوێدا، گوتیان مشتومڕێک لەسەر ناو لێنانەکەی ڕوویداوە، هەر یەک بەلایەکدا ڕایکێشابوو، یەک دوو نووسەری شاهید حاڵی یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەی ناولێنانەکەی دەنگیان هەڵبڕی بوو، گوتبوویان: ئێمە شاهیدین ئەو ناوە (حەمەکەریم هەورامی) ناویەتی، لەیادی تێپەڕبوونی سێ ساڵەیدا داوام لێکرا لەو بارەوە شتێ بنووسم، نووسیم، کوردستانی نوێ نووسینەکەمی وەکوو خۆی بەو بۆنەوە بڵاوکردەوە، من لەباسکردنی ئەو بابەتەدا تەنیا دەرخستنی ڕاستیم مەبەستە، دەنا هیچ مەبەستێکم نییە، لەدڵەوە شانازی پێوەدەکەم، بەڵام خۆمم پێی هەڵنەکێشاوە.

# ماموٚستای گەورەم .. کۆچی دواییت زامێکە و سارێژ نابێ

کامەران حاجی ئەلیاس

لەکوێ دەست پێبکەم، لەقوتابخانەی پاشای گەورە، یان لەبارەگای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، یان لەپیاسەیەکی ئێوارانی شار؟ یان لەدوکانەی هونەرمەند تەیب معتەسەم؟ یان لەژوورە کلتوورییەکەی ماڵەوەت دەست پێبکەم؟ نازانم نا، ماموٚستای گەورەم.

لەقوتابخانەی پاشای گەورە نیگارگایەکەت (مەرسەم) تەنیا نیگارگا نەبوو، بەڵکوو ژووری خوولی موزیک، خوولی خۆشنووسی، خوولی شانۆ بوو، خوولی وانەی ئینگلیزی بوو، ژووری خۆشەویستی خاک و نەتەوە بوو، پەیمانگایەکی گەورەی ئەدەب و هونەر و کوردایەتی بوو.

ماموٚستای گەورەم، ئەدی تەلەفۆنت بۆنەکردم، گوتت» کامەران کتێبەکەی شانۆشم تەواو کردووە. تەنیا پاکنووسی ماوە، بەڵام لەئێستادا بەجارێک چاوەکانم کزبوون نووسین و خوێندنەوەم زۆر ئەستم بووە، بۆیە کتێبەکەم داوەتە دەست برادەرێک، تاتەواوی بکات» ئەدی ئەم کۆچە ئەبەدیت لەپای چی بوو ماموٚستای گەورەم، بەڵێ منیش دەزانم تۆ هێشتا زۆر زۆرت لەهەگبەدا بوو، ئاخر لەدوای کۆچی تۆ کێ خوولی هونەری موزیک بکاتەوە، کێ کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەری کات. لەبیرتە کاتێ لەفیستڤاڵی شانۆی دهۆک ساڵی ١٩٨٨، شانۆگەری «ئەو پیاوەی مەرگ لێی سڵیمەوە»مان پێشکەش کرد و لەسەر ئاستی کوردستان وەکوو ڕواندز توانیمان پلەی نایاب بەدەست بهێنین، ببووینە مایەی تێڕامانی هەموو لایەک دەیان گووت: چۆن شارێکی وەکوو ڕواندز، لەشارەکانی دی (سلێمانی، دهۆک، هەولێر) باشتر بێت هەموویان تووشی شۆک ببوون، دەیان گوت: ئەوانە ئەکادیمین، لەو کاتەش لەئێمەمانان کەسمان لەبواری شانۆدا ئەکادیمی نەبووین.

ماموٚستای گەورەم، زۆر بەباشی لەبیرمە کاتێ من و هونەرمەند ئەحمەد شێخە لەساڵی ١٩٨٩ چووینە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لەبەشی شانۆ لەنێو هەموو فێرخوازاندا تەنیا من کورد بووم، بەڵام لەکاتێ تاقیکردنەوەی پراکتیکی، یەکەم کەس بووم، چوومە بەردەم لیژنەیەکی ٧ کەسی هونەرمەندی عەرەب، ئەو بوێرییەم لەتۆوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بەبێ ترس بچمە بەردەم لیژنەکە، بێ شڵەژان و دڵەراوکێ. ئەوەی سەیر بوو، بە لیژنەکەم گوت: من لەسەر دەستی ماموٚستا (زرار محەمەد مستەفا) بەشداری چەندین کاری شانۆییم کردووە، ئەلفوبێی شانۆ دەزانم، یەکێک لەئەندامانی لیژنەکە گوتی: «ناوی ماموٚستا زرارم لەلا غەریب نییە» کاتێ گوێم لەم قسەیە بوو زۆر شانازیم بەگەورەیی تۆوە کرد، دوایی ئەوەی دیمەنێک لەشانۆگەری (ئەو پیاوەی لێی سڵیمەوە) بەزمانی کوردی پێشکەش بە لیژنەکە کرد گوتیان: «ئێمە هیچ لەدیالۆژەکان نەگەیشتن، بەڵام لەرێگەی نواندنەکەتەوە لەشانۆگەرییەکە گەیشتین. دواجار گوتیان: کێ پرۆڤەی پێکردووی گوتم: ماموٚستا زرار. ئای کە دڵخۆش و بەختەوەر بووم کاتێ گوتیان: (ممتاز)

ماموٚستای گەورەم. نەخەرەندی ڕواندزێ و نەگەری خارەڕەش و نەپێپڕ و نەهەورازنشێوی ڕواندزێ، نەیان توانی بارەتەقای تۆ بکەن. تۆ زۆر لەچیای هەندرێن و کۆڕەک بەهێز تر بووی. کاتێ لەدوا دیدارماندا لەرۆژی پێنجشەممە ٢٨-١١-٢٠٢١ لەهۆڵی بۆنەکان لەسۆران یەکترمان بینی، هەر بە زردەخەنەکەی جاران چاک و چۆنیمان کرد و باسی شانۆی شارمان لەساڵانی هەشتاکان کرد، کەچۆن هۆڵەکان جمەیان دەهات لەبینەران .

لە ١/٧/١٩٧٧ لەسەر دەستی ماموٚستای پایەبەرز هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا) تیپی مۆسیقای پاشای گەورە دامەزرا و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەخزمەتکردنی هونەری ڕەسەنی مۆسیقا لەشاری ڕواندز و تەواوی کوردستان .

ئەم هونەرمەندە بە توانای خۆی بێ ئەوەی کەسێک، یان لایەنێک هاوکاری بکات، توانی پۆلێ لەهونەرمەندانی موزیک پێپگەێنێت، کەئێستا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەگۆرپانی هونەری موزیکی کوردستان، بەڵێ ٤١ ساڵ بەر لەئەمڕۆ ئەم تیپە دامەزارا لەوماوەیەدا چەندین هونەرمەندی وەکوو (سیروان سیرینی، چەتۆ نەورۆز، ئامانج غازی، سەید ئەحمەد ڕواندزی، شێرزاد حەیدەری، فاروق باپیر، زینل خیری، ئەحمەد شێخە) و چەندانی دی لەسەردەستی هونەرمەندی پایەبەرز (زرار محەمەد مستەفا) پێگەیشتن هەروەها ئەم تیپە لەماوەی تەمەنی خۆیدا، توانی چەندین کاری هونەری ئەکادیمی پێشکەش بکات و چەندین موزیکی جیهانی وەکوو ئۆرکێسترا پێشکەش بەهەودارانی موزیک بکەن و چەندین گۆرانی بێژیش لەم تیپە کارەکانیان بڵاو بکەنەوە وەکوو (وەلی دۆسکی، ئەحمەد مەندانە، هاوتا ئەسعەد، کاڵێ، بکری لزگی، ناسڕی ڕەزازی، سامان و سەلام...) و چەندانی دی.

ماموٚستا زرار محەمەد مستەفای لەساڵی ١٩٣٧ لەڕواندز لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لەڕواندز و باتاس و هەولێر و پەیمانگەی ماموٚستایانی لەبەعقوبە تەواوکردووە .

ساڵی ١٩٥٨ قوتابخانەی دەربەندی ڕایات دەکاتەوە و ساڵی ١٩٦١ دەگوازرێتەوە قوتابخانەی پاشای گەورە.



نووسەر لە گەڵ ماموٚستا زرار

ساڵی ١٩٧٢ بە پێشکەشکردنی موسیقا و شانۆی پاڵەپەستۆ لەنووسینی سەعید ناکام بەشداری لەکۆنگرەی یەکێتی ماموٚستایانی کوردستان لەناوپردان کردووە .

ساڵی ١٩٧٤ لەئاوارەییدا لەئۆردوگای زێوە لەقوتابخانەی زمناکۆ ماموٚستا بووە.

ساڵی ١٩٧٨ بناغەی تیپی مۆسیقای پاشای گەورەی داناوە و لەسەر دەستی ماموٚستا زرار، چەندین هونەرمەندی دیاری بواری میوزیک پێگەیشتوون.

ماموٚستای گەورەم، ڕاستە تۆ بەجەستە لەلاما نیت، بەڵام دڵنیابە تۆ هەر بەزیندوویی لەناو دڵ و دەروومانندا دەمێنێتەوە، کۆچی دوایی تۆ زامێکە و سارێژ بوونی زۆر ئەستەمە. سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەر گلکۆی دادەنوێنم. ڕۆحت شاد ماموٚستای گەورەم.


# بۆچی نازناوم (ئاوارە)یە؟

هەڵبەت هەر نازناوێک کە شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتیەکان هەڵگرینە، یان لەبەر ئەوەیە کەسەکە بەونازناوەیەوە شاراوە دەبێت لە نەیار و دوژمنانی، کە پەیوەست بووە بەکاری سیاسی و نەتەوایەتیی یان لەبەر حاڵەتی تایبەتی دەروونی کەسەکەوە ئەو نازناوەی هەڵبژاردووە.

چیرۆکی (ئاوارە)یی من دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٦٩ کە تەمەنم (١٧) ساڵان بوو، چوومە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان، لە چۆمان بووم لەدەورەی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕش، ئێواران دەچوومە سەر ڕووباری چۆمان لەژێر دار کرۆسێک دادەنیشتم کتێبم دەخوێندەوە، کە خۆر ئاوا دەبوو غوربەتێکی هەبووغەریبی دایک و باوک و خوشک و براکانم دەکرد، ئەم وشەیە (ئاوارە) لەفەرهەنگ بەرچاوم کەوتبوو بەمانای (غوربەت) و (دەربەدەری) دێت شیعرێکم لەژێر ئەو دار کرۆسکە نووسی بەناوی سرودی پێشمەرگە نیشانی خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاک و بارزان مەلا خالیدم دا کە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان لەمەمی خەلان بێژەر بوون، لەو بەرزاییە جارجار دەهاتنەخوار لەچایخانەی فاتح ئالتونچی لەنزیک پردی چۆمان دادەنیشتن پاشان نیشانی مام هەژار موکریانیم دا تارەزامەندی لەسەر بنووسێ لەئێزگەدا بیخوێنمەوە، ئەویش پێی گوتم شیعرێکی سەقەتە بەڵام گەنجی و مادام حەزدەکەی بیخوێنەوە دەستکاریەکت بۆ دەکەم بیخوێنەوە، جادوای ئەوەی ئەو شیعرەم خوێندەوە لەئێزگە، لەماڵەوەمان گوێیان لەدەنگم بووە و دڵخۆش بوون بە سەلامەتیم، خاڵە گرنگەکە لێرەدایە، کەدوای ئەوەی هەر پێشمەرگە و کەسێکی ناو چۆمان منی ئەدی ئەو پرسیارەیان لێم دەکرد (ئاوارە) بە مانای چی یە، دەبووایە بۆیان ڕوون بکەمەوە چونکە ئەم وشەیە وەک ئێستا ئاوا باو نەبوو جا من بەمانای (غوربەت) هەڵمبژاردبوو و تائێستاش هەر بە موحسین ئاوارە بابەتەکانم بڵاودەکەمەوە.



موحسین ئاوارە




بۆچی نازناوم (ئاوارە)یە

هەڵبەتە هەر نازناوێک کە شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتییەکان
هەڵگرینە، یان لە بەر ئەوەیە کەسەکە بەو نازناوەیەوە شاراوە دەبێت
لە نەیار و دوژمنانی کە پەیوەستە بووە بە کاری سیاسی و نەتەوایێتیی یان
لە بەر حاڵەتی تایبەتی دەروونی کەسەکەوە ئەو نازناوەی هەڵبژاردووە.
چیرۆکی (ئاوارە)یی من دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٦٩ کە تەمەنم (١٧) ساڵان بوو،
چوومە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان، لە چۆمان بووم لە دەورەی پێگەیاندنی
مامۆستایانی شۆڕش، ئێوان دەچوومە سەر ڕووباری چۆمان لە ژێر دار کرۆسێک،
دادەنیشتم کتێبم دەخوێندەوە، کە خۆر ئاوا دەبوو غوربەتێکی هەبوو
غەریبی دایک و باوک و خوشک و براکانم دەکرد، ئەم وشەیە (ئاوارە)
لە فەرهەنگ بەرچاوم کەوتبوو بە مانای (غوربەت) و (دەربەدەری) دێت
شیعرێکم لە ژێر ئەم دار کرۆسکە نووسی بە ناوی سروودی پێشمەرگە
نیشانی خوالێخۆشبوان ڕەفیق چالاک و بارزان مەلا خالیدم دا کە لە ئێزگەی
دەنگی کوردستان لە مەمی خەلان بێژەر بوو، لەو بەرزاییەوە جارجار
دەهاتنە خوار لە چایخانەی فاتح ئالتونچی لە نزیک پردی چۆمان دادەنیشتن
پاشان نیشانی مام هەژار موکریانیم دا تا ڕەزامەندی لە سەر بنووسێ لە ئێزگە دا
بیخوێنمەوە، ئەویش پێی گوتم شیعرێکی سەقەتە بەڵام گەنجی و مادام
حەز دەکەی بیخوێنییە دەستکاریەکت بۆ دەکەم بیخوێنیتەوە، جا دوای
ئەوەی ئەو شیعرەم خوێندەوە لە ئێزگە، لە ماڵەوەمان گوێیان لە دەنگم
بووە و دڵخۆش بوونە بە سەلامەتیم، خاڵە گرنگەکە لێرە دایە، کە
دوای ئەوەی هەر پێشمەرگە و کەسێکی ناو چۆمان منی ئەدی ئەو
پرسیاریان لێم دەکرد (ئاوارە) بە مانای چی یە، دەبووایە
بۆیان ڕوون بکەمەوە چونکە ئەم وشەیە وەک ئێستا ئاوا باو نەبوو
جا من بە مانای (غوربەت) هەڵمبژارد بوو و تا ئێستاش هەر
بە موحسین ئاوارە بابەتەکانم بڵاو دەکەمەوە.
موحسین ئاوارە
٢٠٢٢/١/٢١

**ئیمزا**
**موحسین ئاوارە**
**٢٠٢٢/١/٢١**


# باخچەی دیوان




## شەممە ٢٠٢٢/١/٨

کۆڕێک بۆ کەمال محیەدین و ستار محەمەد ئەمین ئامادەکاری کتێبی (بۆئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن لەزاری کەمال محیەدین) کە بریتییە لەهەشتەم کتێبی بڵاوکراوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن.






## شەممە ٢٠٢٢/١/١٥

کتێبی (بارودۆخی سیاسیی باشووری کوردستان- لەماوەی دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا ، ١٩٨٣-١٩٨٥) نووسینی دکتۆر ئەحمەد حەمەدئەمین، کە بریتییە لەحەوتەم کتێبی بڵاوکراوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن.








## ٢٠٢٢/١/٢٢

لەدرێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن مەراسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (خانی لەپ زێرین و شەڕی شەش مانگەی قەڵای دمدم) لەنووسینی نوسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد گۆران ساز کرد.

# ماڵاوا ..حەمید ڕەشاش

# ١٩٣١ - ٢٠٢٢/١/٢١



کوڕە فەلاحەکی ناوچەی خۆشناوەتی گوندی بالیسانم, لە بەرەبابی )میر وسوو( ناوم (حەمید حوسێن تەها مەولود)ە بە (حەمید ڕەشاش) ناسراوم.

لەکاتی خۆی لەگوندی بالیسان باپیرم لەناوبڕی شەڕێکدا کوژراوە (٤) کوڕی لەپاش بەجێ دەمێنن، کوڕەکانی لەجیاتی تۆڵەکردنەوە بالیسان بەجێدێڵن و دێینە وڵاتی کۆیە. باوکم دەچێتە گوندی (قەیباشێ)ی خوار شارۆچکەی پردێ، هەرلەوێش ژن دەهێنێ. من لەساڵی ١٩٣١ لەگوندی قەیباشی لەدایک دەبم، پاشان باردەکەن و دەچنە گوندی قەرەبەگ، لەگوندی قەرەبەگ دنیام وەبیردێت، من هەریەک برا و یەک خوشکم هەبوو لە(قەرەباگ) بارمان کرد، چووینە گوندی (قووچەبرباس) ئەو کاتە من تەمەنم حەفت ساڵان دەبوو.

دایکم نەخۆش کەوت و کۆچی دوایی کرد. من لەگەڵ باوکم بووم، تەمەنم ٩ ساڵان بوو باوکیشم کۆچی دوایی کرد. باوکم پێش مردنی دەتگۆ دەیزانی، زۆرجار بەمنی دەگۆت لەپاشەمن تۆ تووشی دەردەسەری دەبی.

لەتەمەنی ١٠ ساڵان دەربەدەربووم لەو ماوە دوروودرێژەی دەربەدەربوونم، زۆر لەناوچەکانی کوردستان گەڕام بە ڕەنجبەری و کاسبی، هەموو جۆرە کاسبیەکم لەژیانی دەربەدەریدا کردووە، جاروباریش دەهاتمەوە ناو شار، لەناو شاریش کاسبیم دەکرد، تا ساڵی ١٩٥٣ لەکاتی هەرای فەلاح و ئاغاکانی دەشتی هەولێر لەگوندی (شەعەل)ی سەپان بووم لەگەڵ کوڕی فەلاحەکان گیرام و بوومە عەسکەر، هەرچەندە لەو گیرانەم من ناوم لەناو ناوان نەبوو، بەڵام خۆم حەزم دەکرد ببمە عەسکەر و لەکۆڵ ڕەنجبەری ببمەوە، ئەوەبوو بوومە عەسکەر لەساڵی ١٩٥٥ عەسکەریم تەواوکرد هاتمەوە هەولێر، بەڵام ئەو ساڵە ئەوەندە ساڵەکی کەم باران و نەهات بوو ئیشوکار نەبوو، بەناچاری گەڕامەوە و بوومەوە عەسکەر، مووچەکەم (٥) دینار بوو هەر لە عەسکەری لە ساڵی ١٩٥٦ بیروباوەڕی کوردایەتی وای لێکردم چوومە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٧ ژنم هێنا، لەساڵی ١٩٥٩ گوزرامەوە بۆ هەولێر، لەفەوجی سێی لیوای سێ بووم لە ١٩٦١/٩/١٦ یەکەم سەربازی لیوای هەولێر بووم، بەخۆم و رەشاشەکەمەوە چوومە ناو هێزی پێشمەرگە



لەبەر ئەو هەموو گەڕان و سوڕان و دەربەدەری و چەرمەسەری و بێکەسی و هەژاریە، نەمتوانی بخوێنم. بەهەوڵ و کۆششی خۆم، خۆمم فێری ئەو خوێندەواریە خۆڕسکییە کردیە.

بوومە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیم ساڵەک لەئێران (هەمەدان) بووین، لەپاش گەڕانەوەمان بەردەوام بووین لە پێشمەرگایەتی تا ساڵی ١٩٧٠ پاشان بەیانەکەی ١١ ئادار بە فەرمانی حزب گەڕامەوە سەر کاری پێشووم و لەساڵی ١٩٨١ لەعەسکەری خانەنیشین بووم.



پاش ئازادکردنی هەولێر بوومە فەرماندەی کەرتی سێ لەهێزەکانی بروسک، لەساڵی ٢٠٠٤ بوومە کارگێڕ لەناوەندی کۆمەڵایەتی هەولێر

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

(پەندی کوردی لەساڵی ٢٠١٠) (ژیانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠١١) (هەوارگەی وشە و کەلەپووری کوردەواری ساڵی ٢٠١٢) (هەگبەی زارەوە ڕەسنەکان).

(توولە ڕێگاکانی کوردایەتی) کە بریتییە لە بیرەوەرییەکانی، خوالێخۆشبوو،چاوەڕوان دەکرێ بۆ ڕۆژی چلەکەی چاپ و بڵاوبکرێتەوە.





# گەڕانەوە بۆ خۆشەویستی

دەتوانن گوڵەکان بپچڕن، بەڵام
هەرگیز ناتوانن هاتنی بەهار ڕابگرن
**«پابلۆ نیرۆدا»**

لاپەڕە ١٤٤



سمکۆ عەبدولکەریم

هەموو ئەوانەی بیر لەتوندوتیژی دەکەنەوە، ڕۆژێک لەڕۆژان بەدەم خۆشەویستییەوە پیاسەیەکیان نەکردووە، سەریان بە کۆڵانێکدا نەکردووە، بۆنی بارانی لێبێت، هەناسەیەکیان هەڵنەکێشاوە بۆنی خۆشەویستی لێبێت، مەولانای ڕۆم-یان نەناسیوە، ئەم قسەیەی شەمسی تەوریزیان نەخوێندۆتەوە کە دەڵێ: (کە منداڵ بووم خودام بینی، فریشتەکانم بینی، ڕازەکانی هەردوو دونیای سەر و ژێریم بینی، پێموابوو ئەوەی من دیتوومە، هەموو ئەوانیش بینیوویانە، وەلێ هەرزوو تێگەیشتم کە ئەوان هیچیان نەبینیووە) ئەوانەی نایانهەوێ ببنە بەشێک لەخۆشەویستی و خۆشەویستی ببینن ناتوانن لەوەتێبگەن کە هیچ تێنەگەیون، ناتوانن، ناوێرن سەر بەماڵی خۆشەویستیدا بکەن و لەمانای ئەو شیعرە جوانەی (پابلۆ نیرۆدا) تێبگەن:

**(تۆ ئازادی لەبەردەم خۆری ڕۆژدا**
**تۆ ئازادی لەبەردەم مانگی شەو و هەسارەکانی**
**تۆ ئازادی کاتێک نەخۆر و نەمانگ و نەهەسارەکان هەن**
**هەروەها تۆ ئازادی کاتێک چاوەکانت لەگەردوون دەنوقێنی**
**بەڵام تۆ کۆیلەی ئەوەی کە خۆشت دەوێ، چونکە خۆشت دەوێ**
**تۆ کۆیلەی ئەوەی کە خۆشی دەوێی، چونکە خۆشی دەوێی)**

بۆیە کاتێک بەدوای خۆماندا دەگەڕێن، کە خۆشەویستییە، پێی ناگەین، ئەوان بە ڕێگایێکی دیکەماندا دەبەن، بە ڕێگایێکدا، کە هەموو شتێکمان لێ ون دەکات، خۆشمان لێ ون دەبێ، وەکوو چۆن خوداشمان لێ ون کراوە. کاتێک دەمانەوێ (خودا) بدۆزینەوە، دەمانکوژن، بەر لەگەڕانەوەمان دەمانخنکێنن، ئەودەمەش تەرمەکەمان دێننەوە وڵات، وەکوو نەفرەت لێکراوێک لێناگەڕێن لەگۆڕستانیش بنێژرێین، دوای خۆرئاوابوون، دەماننێژن و بەر لەخۆرهەڵاتیش گۆڕەکانمان ون دەکەن.

کاتێک نیکۆس کازانتزاکیس خۆی دۆزییەوە، بەرنەفرەتی کەنیسە کەوت و نەیانهێشت لەگۆڕستان بنێژرێ و لەوڵاتی خۆیدا ڕوحەکەی ئارام بگرێ، بۆیە لەسەر کێلی گڵکۆکەیدا نووسرا (هیوام بەهیچ نییە و هیچیشم ناوێ، من ئازادم)

ئۆشۆ دەمەو ئێوارەیەکی خۆرنشین، کاتێک باڵندەکان بەرەو لانەکانیان دەگەڕانەوە، لەمنداڵە بچکۆلانەکەی پرسی: دەزانیت تۆ کێیت؟ گوتی: پرسیارێکی قورسە، گوتم: بۆ؟

گوتی: چونکە من تاقانەی دایک و باوکمم، هەرکە میوانمان دێت، یەکێکیان دەڵێت: چاوت لەچاوی باوکت دەچێت، یەکێکی دیکەیان دەڵێت: لووتت لەلووتی دایکت دەچێت، یەکێکی دی دەڵێ: دەموچاوت چووەتەوە سەر دەموچاوی مامت، لەبەر ئەوە نازانم من کێم، چونکە کەس پێی نەگووتووم تۆ لەخۆت دەچێت.

ئێمە هەموومان دەگەڕێینەوە سەر ئەژدادی کۆنمان، فرچکمان بە خوێن و شمشێر و کوشتن و بڕین گرتووە، وابەئاسانی ناتوانین ئاوڕ لەخۆشەویستی بدەینەوە، ئاوڕ لەژیان بدەینەوە.

بۆیە هەردەبێ ئەو هیوایانە چەندبارە بکەینەوە و بڵێین با لەجیاتی ترس و توندوتیژی و گوتنەوەی وانەکانی دۆزەخ و ملپەڕاندن، تۆزێک دەرگا بەڕووی خۆشەویستیدا بکەینەوە، ئەو خۆشەویستییەی کە مەسیح خودای تێدا بینیوە، ئەو خۆشەویستییەی منیش لە(خودا)دا دەیبینمەوە.

خەیام گوتەنی: باخۆمان بین و چیتر گوێ لەئامۆژگارییەکانی پیاوانی ئایینی و واعیزان ڕانەگرین، لەبەر ئەوەی بڕوام وایە کە خۆشەویستی (خودا) بەسە، بۆ ئەوەی لەهەموو گوناهەکان پاکبینەوە، بۆ ئەوەی بۆهەمیشە بەسەر ئاسمانی ئەو بەهەشتەدا بخولێینەوە، کە لێمان کراوە بەئەفسانە. من هیچ گوناهێک ناکەم گەورەتربێت لەخۆشەویستی، دەستەکانمان بچکۆلەن، گوناهەکانمان بچکۆلەن، ئەوشتانەی دەستمان پێیان دەگات بچکۆلەن: چۆن دەتوانین گوناهی وابکەین کە خودا لێیخۆش نەبێت.

بۆیە هەموو ئەوانەی هەمیشە لەبیری ئەوەدان ببنە قارەمانێکی چوارشانە، دەکرێ ببنە خۆشەویستێکی ناودار، دەکرێ هەمیشە گۆرانی بڵێن، دەکرێ هەمیشە سەما بکەن، دەکرێ وەکوو پەپوولە هەمیشە بەدەوری شەمدا بسووڕێنەوە، دەکرێ وەکوو بیکاسۆ ببن بە نیگارکێشێکی ناودار.

بیکاسۆ لەزاری دایکی دیگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەو ڕۆژە دایکم پێیگوتم:

(ئەگەر بوویتە سەرباز، دەبیتە جەنەڕاڵ
ئەگەریش بویتە ڕاهیب، ئەوە دەبیتە پاپای ڤاتیکان
لەجیاتی هەموو ئەمانە، بووم بە نیگارکێش، بۆیە بوومە بیکاسۆ)